# ئایینناسی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

ژمارە( ٥ )ساڵی دووەم، کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

- فەتوا و پشێوی فەزای ئایینی
- فەتوا و فەتوادان لە ئیسلامدا
- ڕۆڵی فەتوای دەستەجەمعی لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و تیرۆردا
- د. ئەحمەد شافیعی: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شوێنی فەتوادان نین
- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، گەوهەرێک لە حوجرەکانی کوردستان
- ئایین و دەوڵەت جێبەجێکردنی شەریعەت

فەتــــوا لـــە نێـــــوان واقیــــع و زانستــــدا
گفتوگۆیەك لەبارەی دۆخی فەتوا لە هەرێمی کوردستان



# وەرزنامەی ئایینناسی

CFS
Center for Future Studies

**گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات**
**سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.**

ژمارە (٥)، ساڵی دووەم، کانوونی دووەمی ٢٠٢٤

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
سەرنووسەر: ئیدریس سیوەیلی
بەڕێوەبەری نووسین:
ئارام مەحموود

بۆردی ڕاوێژکاران:
د.یوسف گۆران
د.ئومێد ڕەفیق فتاح
د.عابد خالد رسول
د.هەردی مەهدی میکە
د.فاروق عبدول

نەخشەسازی: شاهۆ عەبدوڕەحمان

شوێن:
عێراق-هەرێمی کوردستان-سلێمانی
Address: Iraq - Kurdistan-Slemani
Tel: +٩٦٤ (٠) ٧٧٣ ٨٣٦ ٣٧٥٨ - +٩٦٤ (٠) ٧٥١ ٨٣٣ ٩١٣٥

ناونیشانی ئەلیکترۆنی
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Twitter: center_fs
Email: info@center.org

# ئایینناسی

ئایینناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە.

تەرخانکردنی گۆڤارێکی تایبەت بەم بوارە لە ئێستادا، چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە وڵاتانی تری ناوچەکە و جیهان، جێی بایەخ و گرنگیپێدانی فراوانە و ئێستای کۆمەڵگای کوردستانیش زۆرتر لە جاران پێویستی پێیەتی.

گۆڤاری ئایینناسی تایبەتمەند نییە بە لێکۆڵینەوە لە ئایینێك، یان ئایینزایەکی دیاریکراو، هەروەها پرسی ئیمان، باوەڕی ئایینی، خودی ئایینەکان، جێگا و بواری لێکۆڵینەوەی ئەم گۆڤارە نین. ئەم گۆڤارە هەوڵ دەدات زیاتر لەو دیاردە و کایانە بکۆڵێتەوە کە بەناوی ئایینەوە دەردەکەون، یان لەبەر هەر هۆیەك بێت بەرگی ئایینی لەخۆدەگرن، یان کاریگەی ئایینیان پێوە دیارە بە هەردوو ڕەهەندی ئەرێنی و نەرێنییەوە.

ئەم گۆڤارە گرنگی بە خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژوویی و سیاسیی بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی دەدات.

# ناوەڕۆك

سەروتار

◇ **فەتوا و پشێوی فەزای ئایینی**......................................................ئیدریس سیوەیلی | ٥

توێژینەوە

◇ **فەتوا و فەتوادان لە ئیسلامدا**................................................د. ئومێد مەلا عوسمان کوردی | ٩
◇ **شرۆڤەیەکی کتێبی 'الصارم المسلول'ی ئیبن تەیمیە**..................................................نەوزاد جەمال | ٢١

وەرگێڕان

◇ **بوونیادگەرایی ئیسلامی و چەمکە جێگرەوەکانی**........................وەرگێڕانی: ئەرخەوان سەیفور ئەسکەندەر | ٤٥
◇ **ڕۆڵی فەتوای دەستەجەمعی لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و تیرۆردا**............................و: عومەر ڕەشید | ٧٥

گفتوگۆ

◇ **د. ئەحمەد شافیعی: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شوێنی فەتوادان نین**........................گفتوگۆی: ئیدریس سیوەیلی | ١٠١

مێزگرد

◇ **فەتوا لە نێوان واقیع و زانستدا، گفتوگۆیەك لەبارەی دۆخی فەتوا لە هەرێمی کوردستان**..ئامادەکردن: ئایینناسی | ١١٥

بیرمەندان

◇ **مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس گەوهەرێك لە حوجرەکانی کوردستان**....د. عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد ئەحمەدئاوا | ١٣١

ڕانانی کتێب

◇ **ئایین و دەوڵەت جێبەجێکردنی شەریعەت**..........................................................ئیبراهیم میکە عەلی | ١٤٧

زاراوەناسی

◇ **فەتوا**...............................................................................................ئامادەکردنی: ئایینناسی | ١٦٣

# فەتوا و پشێوی فەزای ئایینی



ئیدریس سیوەیلی

فەزای ئایینی لە هەر قۆناغێکدا لەژێر کۆمەڵێك کارتێکەردایە، کە زۆرجار ڕەنگرێژی ئاراستەی ئاییندارى گشتیی دەکەن، یەکێك لەو کارتێکەرانە فەتوایە، کە وەك بەشێك لە ئەرکی ئایینی و وەڵامدەرەوەی پێشهاتە نوێیەکان هەژمار دەکرێت.

فەتوا لە هەناوی خۆیدا وابەستەیە بە دیدگا و جۆری تێگەیشتنی فەتوادەر بۆ ئایین و ئاییندارى، لەلایەکی تریشەوە پێگەی زانستی و ئایینی کەسی فەتوادەر کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر ئاییندااران، ئەمەش جێکەوتەی فەتواکەی لە فەزای ئایینی دیاری دەکات، کەم نین ئەو وێستگە مێژووییانەی کە بەهۆی فەتوایەکی ئایینی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی و جەوهەری بەخۆیەوە بینیوە، لە مێژووی هاوچەرخدا نموونەمان لەو بارەوە زۆرە، فەتوای ڕەوایەتیدان بە کاری خۆکوژی جێکەوتەی لەسەر کاری ژمارەیەك لە گرووپە ئیسلامییەکان جێهێشت و لەسەر ئەو بنەمایە دەیان کاری خۆکوژییان ئەنجام دا، بەجۆرێك کەسانی مەدەنیش بوونە قوربانی، هەروەك فەتوای ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق بە جیهادی کەفائی دژی داعش دروستبوونی حەشدی شەعبی لێکەوتەوە، کە ئەو هێزە لە ئێستای عێراق و ناوچەکە کاریگەرییەکی زۆریان هەیە و بەشێکی سەرەکی جومگەکانی حوکمڕانی عێراقیان لە بندەستە.

فەزای ئایینی هەرێمی کوردستانیش بێبەش نییە لەو دۆخەی بەهۆی فەتواوە دروستبووە، فەتوای هاوردە و ڕاستەوخۆی تیڤی و سۆشیال میدیا بوونەتە دیاردە و لە حاڵەت تێپەڕیوە، جۆرێك لە پشێوی لە ڕەوشی ئاییندار دروست کردووە، جێکەوتەی لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتیش هەبووە، ئەمەش دەخوازێت لەسەر ئەو دیاردەیە بوەستین، تا چی تر فەزای ئایینی بەو پاشاگەردانییەی فەتوادان سواخ نەدرێت، بێگومان لێرەدا دەرفەت نییە باس لە هۆکارەکانی بکرێت، بەڵام دەکرێت بۆ بەرگرتن لە پەرەگرتنی ئەو دیاردەیە سێ پێشنیار بە هەند وەربگیرێت:

**یەکەم:** دروستکردنی دەزگایەکی فەتوای کارا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە کەسانی پسپۆڕ و دیدگا جیاوازەکان، بە جۆرێك کە بەدوور بێت لە قۆرخکاری و پشکپشکێنەی حزبی و نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی ئاییندارانی موسڵمانی کوردستان بکات، لەمەشدا دەبێت وەزارەتی ئەوقاف، یەکێتیی زانایانی ئایینی، کۆلێجەکانی شەریعەت، قوتابخانە ئایینییەکان، ئاڕاستە ئیسلامییەکە و تەریقەتەکان ڕۆڵ ببینن و پێکهاتەی دەزگاکە بەجۆرێك بێت کە هەموان بە نوێنەر و مەرجەعی خۆیانی بزانن.

**دووەم:** دروستکرنی دەستەی ڕاوێژکاری و هەماهەنگی لە نێوان دەزگای فەتوا و ناوەندەکانی دیکەی تایبەت بە بوارەکانی یاسا، مافی مرۆڤ، کۆمەڵناسی، پەروەردە، تەندروستی، ژنان و ... تاد، لەپێناو ئەوەی فەتواکان لەسەر بنەمایەکی دروست و بە ڕەچاوکردنی جێکەوتەکانی لەسەر کۆمەڵگە دەربکرێن.

**سێیەم:** ڕێگریکردن لە فەتوای تاکەکەسی، بەرنامەی ڕاستەوخۆ و سۆشیال میدیا، هەروەك هۆشیاری ئەوەش لەناو بانگخوازان و زانایانی ئایینی بڵاو بکرێتەوە کە ئەرکی ئەوان بانگەوازە، نەك فەتوادان، ئەمەش دوو کاری تەواو لێکجودایە.

ئەوەی پێشنیار کرا بە ئەگەری زۆر بەشێك لەو پشێوییەی فەزای ئایینی لە هەرێمی کوردستان کەمدەکاتەوە، کە فەتوادانی جیاواز و بێ ڕەچاوکردنی دۆخ و تایبەتمەندی هەرێم. یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی.

توێژینەوەکان

ئایینناسی

# فەتوا و فەتوادان لە ئیسلامدا

د. ئومێد مەلا عوسمان کوردی

بابەتی فەتوا و فەتوادان لە ئیسلامدا بابەتێکی زۆر هەستیار و مەترسیدارە، ئەگەر بە عاقڵانە و بابەتیانە و واقیعییانە مامەڵەی لە تەکدا نەکرێت، وابەستەی مەبەست و بنەما سەرەکییەکانی شەریعەت نەبێت، ئەنجام و کاردانەوەکانی لەبەرچاو نەگیرێت، مەرجە سەرەکییەکانی نەهاتبێتە دی، دوور نییەماڵوێرانی و کارەساتی گەورەی لێ بکەوێتەوە.

دەگێڕنەوە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، کاتێک تۆمەتباری سەرەکی تیرۆرکردنی (فەرەج فۆدە) لەبەردەم دادوەردا پرسیاری لێ کرا، کە بۆ کوشتت؟ تۆمەتبار وتی: ئەو کافر بووە، دادوەر وتی: لە کام لە کتێبەکانیدا بەڵگەی کافربوونی ئەوت بینیوە؟ تۆمەتبار وتی: من نەدەخوێنمەوە، نەدەنووسم، تەنیا گوێبیستی فەتوای کافرکردنی ئەو بووم لە هەندێک لە مینبەرەکانەوە، کافریش حوکمی کوشتنە.

دوور نەڕۆین هەر لەم ناوچەی خۆماندا ئەوەی تیرۆریستانی داعش کردیان لە گرتن و کوشتن و ڕاوەدوونان و بەتاڵانبردنی سەروماڵی ئێزدییەکانی شنگال و دەوروبەری، سەرچاوەکەی تەنیا فەتوایەک بوو، کە ئەوانە شەیتانپەرست و کافرن، سەر و ماڵیان حەڵاڵە.

یاخود دەبینین بەردەوام لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە، لە مینبەری مزگەوتەکانەوە، لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانەوە، چەندین فەتوای هەڵە و دژ یەک دەردەچێت، وای

لێهاتووە هەر کەسێک مێزەرێک، یان کڵاوێکی سپی لە سەر نا، یان چوار کتێبی شەرعی خوێندەوە، یان وتارێکی هەینی دا، یان لە کەناڵێکی ئاسمانییەوە دوو جار چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کرا، یان بڕوانامەیەکی زانکۆیی لە بوارێکی شەریعەتدا بە دەست هێنا، یان چەند جارێک ئامادەی دەرس و وتاری فڵان مامۆستا بوو... ئیتر ئەمانە هەریەکە و لای خۆیەوە دەبێتە موفتی و بەناوی خوا و پێغەمبەرەوە فەتوا دەدات.

لەلایەکی ترەوە سیاسییەکان چۆن ئاڕاستەی بیرکردنەوەی میللەتیان لە پێشکەوتن و داهێنان و قسەکردن لە مەسەلە چارەنوسساز و هەستیارەکانەوە گۆڕیوە بۆ سەرقاڵبوونیان بە شتە زۆر بچووک و بێمانا و داواکاری مافە زۆر سەرەتاییەکانەوە، بە هەمان شێوە بەشێک لە مەلا و بانگخواز و موفتی و وتاربێژەکانیش فیکر و عەقڵ و ڕۆحیان مراندووە، مەبەستە سەرەکییەکانی شەریعەتیان وەلا ناوە، یەکڕیزیی و برایەتی موسڵمانانیان شێواندووە، لە ڕێگەی فەتوا دژیەکەکانەوە موسڵمانانیان سەرقاڵ کردووە بە کۆمەڵێک مەسەلە و بابەتی بچووک و لاوەکییەوە، ڕەمەزان دێت، گەورەترین گرفتی خەڵک لە ماڵ و مزگەوت و بازاڕدا لەوەدایە سەرفیترەکەی بە پارە بدات، یان بە گەنم و جۆ و کەشک و برنج...، مانگی ڕەبیعی یەکەم دێت، مەولوود بیدعەیە! نەخێر واجبە! نا کارێکی باشە! نەخێر مەکروهە...، وەرزی سەرما دێت، دروستە جەمع بکەیت لەنێوان دوو نوێژدا؟ نەخێر! بەڵێ! سەری ساڵی زایینی دێت، نابێت خۆشی دەربڕیت، لاساییکردنەوەی کافرانە! کەسێک دەمرێت هێشتا بەباشی نەخراوەتە ناو گۆڕەوە، شەڕە لەسەر ئەوەی ئایا فاتیحەی بۆ دەچێت، یان نا؟ بانگ دەدات دەتەوێت لە مزگەوتێکدا نوێژ بکەیت، نەخێر دروست نییە لەو مزگەوتەدا، چونکە گۆڕی تێدایە، نا زیانی نییە گۆڕەکان لە دوای نوێژخوێنانەوەن، ئەو مزگەوتەی تریشیان مەلاکەی گۆڕپەرستە، ڕیش دەتاشێت، شەرواڵەکەی درێژە، نوێژی لە دواوە دروست نییە ..... تاد، ئەمانە و چەندین بابەتی تری لاوەکی و سادە، ڕۆژانە دەوروژێنرێن، عەقڵ و بیری خەڵک سەرقاڵ و ماندوو دەکەن، تواناکان دەکوژن، کاتێکی زۆر دەبەن، یەکڕیزی و برایەتی تێکدەدەن، سەرچاوەکەشیان تەنها وتار و فەتوای ئەم مەلا و ئەو مەلایە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوانەی بە ناوی خوا و پێغەمبەرەوە، قسە دەکەن، حوکم دەدەن، ئەم و ئەو تەکفیر و تەبدیع و تەفسیق دەکەن، خەڵک دەنێرن بۆ بەهەشت، بۆ جەهەننەم، ڕێپێدراوەکان، حەرام دەکەن، زۆربەیان کەسانی هەڵەشە و نەشارەزا و ناکامڵن، شیاوی ئەو پایەی فەتوادانە نین، ئەگەر تاقیکردنەوەیەکی گشتیی بکرێن

لە زمانی عەرەبی و سەرەتاکانی زانستە شەرعییەکاندا لەوانەیە ژمارەیەکی بەرچاویان دەرنەچن.

فەتوادان لە ئیسلامدا پایە و پێگەیەکی هەستیار و مەترسیداری هەیە، چونکە خودی فەتوادان قسەکردن و واژۆکردن و حوکمدانە بە ناوی خواوە، لەم بارەوە گەورە زانای مالیکی، قەرافی (لە ٦٨٤ک مردووە) بە دەستەواژەی (وەرگێڕ لە خواوە) موفتی ناو بردووە.(١)

یان ئیبنولقەیم (لە٧٥١ک مردووە) وتویەتی "ئەگەر پێگەی حوکمدان و واژۆکردن بەناوی پاشایانەوە بەو گەورەیی و هەستیارییە بێت، کە تێبینی دەکرێت، ئەی باشە دەبێت پێگەی حوکمدان و واژۆکردن بە ناوی خوای زەوی و ئاسمانەوە چۆن بێت".(٢)

یان ئەبو ئیسحاقی شاتیبی (لە ٧٩٠ک مردووە) دەڵێت "موفتی جێنشین و میراتگری پێغەمبەرە لە گەیاندن و ڕوونکردنەوەی حوکمی شەرعیدا".(٣)

بەپێچەوانەی ئەوەی ئەمڕۆ بەدی دەکرێت لە هەڵەشەیی و خێرا فەتوادان و دەمدان لە هەموو شتێک، هاوەڵانی پێغەمبەر و زانایانی پێشین زۆر بە ئاگایی و ترس و خۆپارێزییەوە لە فەتوا و فەتوادانیان ڕوانیوە، هەتا پێغەمبەر(د. خ.) کە گەیەنەری شەریعەت بووە لە خواوە، چەندین جار پرسیاری لێکراوە، وەڵامی نەداوەتەوە چاوەڕوانی هاتنە خوارەوەی وەحی کردووە، هەر بۆیە کەم نین ئەو ئایەتە قورئانییانەی دەربڕینی (یسألونک، یستفتونک)یان لەخۆگرتووە.

یان دەبینین لە ئەدەبیاتی پێشەوایانی پێشینی وەک ڕەبیعەی ڕەئی (لە ١٣٦ک مردووە)، ئیمام مالیک (لە ١٧٩ک مردووە)، شافیعی (لە٢٠٤ک مردووە)، ئەحمەد (لە ٢٤١ک مردووە) و ئەوانی تردا دەستەواژەی نازانم (لا أدری) زۆر بەکار هاتووە، کە لەوانەیە لە ئەمڕۆدا زۆر لە موفتی و مامۆستایانی ئایینی بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە بە لایانەوە نەنگیی بێت.

ئیبنو ئەبی لەیلا (لە ١٤٨ک مردووە) دەڵێت "گەیشتووم بە چەندین هاوەڵی پێغەمبەر (د. خ.)، کاتێک پرسیارێکی شەرعی لە یەکێکیان دەکرا، دەینارد بۆ لای یەکێکی تر، ئەویش بۆ لای کەسێکی تر، تا لە کۆتاییدا دەگەڕاوە بۆ لای کەسی یەکەم".(٤)

هەر لە هەمان باسدا ئیبنو عەبدولبەر (لە ٤٦٣ک مردووە) دەیگێڕێتەوە "جارێکیان پیاوێک هاتە لای پێشەوا قاسمی کوڕی محەممەدی کوڕی ئەبی بەکر، پرسیارێکی لێ کرد. ئەویش وتی: نایزانم، پیاوەکە وتی: من نێردراوم بۆ لای تۆ، کەسی تر ناناسم. قاسم وتی: مەڕوانە بۆ درێژیی ڕیشم و زۆری خەڵک لە دەورم، سوێند بە خوا نایزانم".(٥)

بە هەمان شێوە ڕەبیعەی ڕەئی، مامۆستای ئیمام مالیک، وتویەتی: "هەندێک لەوانەی لەم دەوروبەرەدا فەتوا دەدەن، لە دزەکان زیاتر شایانی

بەندکردنن".(٦)
یاخود ئیمام مالیک وتویەتی "فەتوام نەدا هەتا حەفتا کەسی زانا شایەتیان دا کە من شیاوی فەتوادانم".(٧)
زانایانی ئوسوولی فیقهـ لە باسەکانی تایبەت بە فەتوا و ئیجتیهاددا زۆر بە وردی و زانستییانە هێڵە گشتی و بنەما سەرەکییەکانی فەتوا و فەتوادانیان دەستنیشان کردووە، چەندین فلتەری ورد و زانستییانەیان دیاری کردووە کە دەبێت کەسی موفتی و پرۆسەی فەتوادانی پێدا تێپەڕێت، چەندین مەرج لەبەرچاو بگیرێت، ئەگەر نا، پرۆسەکە ڕێڕەوی ڕاست و دروستی خۆی لە دەست دەدات و کارەسات و ڕووداوی نەخوازراو و گرفتی لێ دەبێتەوە.
هەربۆیە هەوڵدەدەین لە چەند خاڵێکدا ئاماژە بدەین بە گرنگترین ئەو بنەما و مەرج و تیۆرە سەرەکییانەی کە دەبێت پرۆسەی فەتوادانی لەسەر بوونیاد بنرێت، ئەو کات خوێنەر خۆی حوکم بدات، کە ئایا لەسەدا چەندی ئەوانەی فەتوا دەدەن شیاوی ئەو پایەی فەتوادانەن؟ وتەکانیان لێ وەردەگیرێت؟لەوانەیە لەسەدا سفر، یان یەک، دوو...نازانم.
١. دەبێت کەسی فەتوادەر کەسێکی لە خوا ترس، ڕاستگۆ، متمانە پێکراو، هەقبێژ و دەروون تەندروست بێت، جیاوازی لە ڕەفتار و گوفتاریدا نەبێت، بە دوور بێت لە هەر شێوازێکی فێڵبازی و ساختەچێتی و بەرژەوەندیخوازی و لە هەرهەڵسوکەوتێکی نەشیاو و ناشایستە و لەکەدارکەری کەسایەتی.
بەداخەوە ئەوانەی ئەمڕۆ فەتوا دەدەن و لایەنی دروستی و نادروستی ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە دیاری دەکەن، زۆریان کەسانی ناڕاست و فێڵباز و دەروون نەخۆش و بەرژەوەندیخوازن.
کەم نین ئەو مەلا و موفتییانەی سەرقاڵی گەوجاندنی خەڵکن، خۆیان شاهانە ژیان دەگوزەرێنن، خاوەنی دوو سێ خێزانن، چەندین باخ و ڤێلا و خانوویان هەیە، ئۆتۆمبێلی گرانبەها و مۆدێل بەرز لێ دەخوڕن، سەرقاڵی گەڕان و گەشتی وڵاتانن.. لەم لاشەوە لە ڕێگەی وتار و فەتوا و ئامۆژگارییەکانیانەوە بانگەشەی هیچێتی دونیا دەکەن، داوای ئارامگرتن دەکەن لەسەر هەژاری و ڕازیبوون بە ژیانی کولەمەرگی، هاوکات بێدەنگ بوون لە بەرامبەر هەر گەندەڵی و زوڵم و ستەمێکی دەسەڵات بە بەشێک لە ئایین و ئایینداری پەسند دەکەن.
٢. لە مەرجەکانی فەتوادان کە زۆربەی زانایان لە سەرەتای قسەکردنیان لەسەر ئیجتیهاد و فەتواداندا ئاماژەیان پێداوە، شارەزابوون و بە ئاگایی کەسی فەتوادەرە لە یاسا و ڕێساکانی زمانی عەرەبیدا.(٨)
٣. یەکێکی تر لە مەرجە زۆر گرنگ و سەرەکییەکانی فەتوادان، شارەزابوونی تەواوی کەسی فەتوادەرە لە یاسا و بنەماکانی زانستی ئوسوولی فیقهـ ، ئەم زانستە زانستێکی مەنهەجی و

تیۆرییە بۆ تێگەیشتنی دروست لە دەقە شەرعییەکانی قورئان و سوننەت و هەڵگۆزینی حوکمە شەرعییەکان لێیان و ڕێکخستن و پۆلێنکردنی بەڵگە شەرعییەکان و دەستنیشانکردنی کات و شوێن و چۆنێتی کارپێکردنیان، هاوکات ڕوونکردنەوەی پەیوەندی و ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان دەلالەتی دەقەکاندا(٩).

**بەشێك لە مەلا و بانگخواز و موفتی و وتاربێژەکانیش فیکر و عەقڵ و ڕۆحیان مر اندووە، مەبەستە سەرەکییەکانی شەریعەتیان وەلا ناوە، یەکڕیزی و بر ایەتی موسڵمانانیان شێو اندووە**

لەوانەیە لە ئەمڕۆدا زۆر بن ئەو فەتوادەرانەی شارەزان لە زمانی عەرەبیدا، هەموو قورئان و هەزاران فەرموودەی پێغەمبەریشیان (د. خ.) لەبەرە، بەڵام بەهۆی ئاشنا نەبوونیان بە زانستی ئوسووڵی فیقهـ، دەکەونە چەندین هەڵەوە لە فەتوادانەدا.

٤. شارەزایی تەواوی کەسی فەتوادەر لە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودە ڕاست و دروستەکانی تایبەت بە حوکمە شەرعییە کردەییەکان، هاوکات بە ئاگابوونی لە هۆکارەکانی دابەزین و هاتنی دەقەکان، چونکە زۆرجار لە ڕێگەی زانینی هۆکارەکانی دابەزین و هاتنی دەقەکانەوە دەردەکەوێت، کە واتا و حوکمی دەقەکە گشتگیرە، یاخود تایبەتە بە حاڵەت و زروف و بارودۆخ و هۆکارێک، یان کەسایەتییەک.(١٠)

لەبەر ئەوە بە ئاگا نەبوون لەم مەرجە، یان لەبەرچاونەگرتنی، هەندێجار زانا گەورەکانیشی خستووەتە هەڵەوە، بۆ نموونە پێغەمبەر (د. خ.) فەرموویەتی: "کارێکی باش نییە ڕۆژوو گرتن لە سەفەردا).(١١)

ئەم فەرموودەیە ئەگەر بە پێی واتا دەرەکییەکەی ڕاڤە بکرێت، دژایەتی لەگەڵ چەندین فەرموودەی تردا هەیە، کە ئاماژە بە دروستی ڕۆژوو دەدەن لە سەفەردا، بەڵام بە زانینی هۆکاری هاتنی دەقەکە، واتای دروستی دەقەکەمان بۆ دەردەکەوێت، دەڵێن پێغەمبەر (د. خ.) لە سەفەرێکدا قەرەباڵغییەکی بینی پرسیاری کرد ئەوە چییە؟ وتیان کەسێکە ڕۆژوو زۆر ماندووی کردووە، لەم کاتەدا فەرمووی: "کارێکی باش نییە ڕۆژوو گرتن لە سەفەردا"(١٢)، واتا ڕۆژوو گرتن لە سەفەردا کارێکی باش نییە بۆ ئەو جۆرە کەسانە کە بەرگەی ناگرن، بەڵام ئەگەر کەسێک بەهێز بێت، دەتوانێت بەڕۆژوو بێت، هەربۆیە لێرەدا ئیبن حەزم کەوتووەتە هەڵەوە کە دەڵێت: ڕۆژوو گرتن لە سەفەردا وەکو بەڕۆژوو نەبوونە لە نشینگەدا.(١٣)

٥. یەکێکی تر لە مەرجە جەوهەرییەکانی ئیجتیهاد و فەتوادان بریتییە لە شارەزایی لە مەبەستە سەرەکییەکانی شەریعەت و بەتوانایی لە جێبەجێکردنی یاساو ڕێسا ئوسووڵییەکان بەپێی مەبەستەکان، کە ئەم خاڵە چەندین لقی لێ دەبێتەوە:

أ- کارکردن بە بنەمای لە پێشینەیی (مبدأ الأولوية) لە کاتی فەتوا و دەرکردنی حوکمدا(١٤)، وەک: لە پێشینەیی واجب لە بەرامبەر سوننەتدا، مافی کەسەکان لەبەرامبەر مافی خوادا، مەبەستە زەروورییەکان لەبەرامبەر مەبەستە نازەروورییەکاندا... بەداخەوە زۆر لە مەلا و موفتییەکان ئەوەی ئاگایان لێ نەبێت ئەم خاڵە گرنگەیە، دەیان واجب پێشێل دەکەن لە پێناوی سوننەتێکدا، خۆزگە شەرعزان و موفتییەکان لەبری سەرقاڵییان بە هەندێک بابەتی لاوەکی و بچووکەوە، بهاتنایە لەبەر ڕۆشنایی ئەم خاڵەدا و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخە ئابوورییە نالەبار و دژوارەی ئەمڕۆ، فەتوایان بدایە کە دەستگرۆیی هەژاران، هەتیوان، بێوەژنان و بێلانەکان لەم زروفەدا لە پێشترە لە چوون بۆ عومرە و حەجی دووبارە و دروستکردنی مزگەوتی زیادە.

ب- کارکردن بە بنەمای هۆکارێتی، گومانی تێدا نییە کە جێبەجێکردنی زۆرێک لە حوکمە شەرعییەکان پەیوەستن بە هاتنەدی هۆکارەکانیان، واتە ئەگەر هۆکار نەما، یان گۆڕانی بەسەردا هات، حوکمەکەش بە هەمان شێوە نامێنێت، یان گۆڕانی بەسەردا دێت.(١٥)

لەوانەیە هەڵە نەبین ئەگەر بڵێین زۆربەی ئەو فەرموودانەی نادروستی هەندێک هەڵسوکەوت و شتی سادە دەدەن بەدەستەوە، وەک نادروستیی هەرکام لە درێژی جلوبەرگ، خواردن و خواردنەوە بە پێوە، یان بە پاڵکەوتنەوە، بەکارهێنانی ئاڵتوون و ئاوریشم و جلوبەرگی ڕەنگکراو بە سوور بۆ پیاوان و هاوشێوەیان، ئەمانە وەکو خۆیان نادروست نین، بەڵکو نادروستن ئەگەر مەبەست لێیان فیزلێدان و لەخۆباییبوون و جیاکاری و منیەتی (الأنانية) بێت.

لەم بارەوە گەورە فەقیهی توونسی ئیبن عاشور (لە ١٩٧٣ز مردووە) پێیوایە ئەو فەرموودانەی سەبارەت بە نادروستیی جوانکاریی دەموچاوی ئافرەت هاتوون لە برۆ هەڵگرتن و موو لابردن و هاوشێوەیان، هۆکاری نادروستییەکە بۆ خودی کارەکان ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەو کارانە ئەو کات لە تایبەتمەندی و سیمای ئافرەتی داوێنپیس و خراپ بوون، پێغەمبەریش (د. خ.) بۆیە ڕێگری لەو کارانە کرد، تا ئافرەتی موسڵمان و بەڕەوشت تێکەڵ ئەو جۆرە ئافرەتانەی تر نەبن لە سیما و ڕووکەشیاندا.(١٦)

شایانی باسە ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە لە کاتی نەمانی هۆکاری نادروستیاندا، دەبنەوە بە هەڵسوکەوتی سادە و سروشتی.

ج- لەبەرچاوگرتنی ئەنجامی فەتوا و حوکمدانەکان، کە ئایا سەر دەکێشێت بۆ خراپتر، یان باشتر. بۆ نموونە: جارێک پیاوێک دێتە لای ئیبن عەباس لێی دەپرسێت کە ئایا کەسێک بە ئەنقەست کەسێکی تر بکوژێت، تۆبەی لێ وەردەگیرێت؟ ئیبن عەباس دەڵێت: نەخێر شوێنی ئاگرە، لەپاش ڕۆیشتنی کەسەکە، بە ئیبن عەباس دەڵێن: تۆ پێشتر بەو شێوە فەتوات بۆ ئێمە نەداوە، هەمیشە وتوتە بکوژ تۆبەی لێ وەردەگیرێت، ئەویش دەڵێت: هەستم کرد ئەو کەسێکی هەڵەشە و تووڕە بوو، دەیویست کەسێک بکوژێت، گێڕەرەوەی ئەم باسە دەڵێت: بەشوێن پیاوەکەدا چوون، بۆیان دەرکەوت قسەکەی ئیبن عەباس ڕاست بوو.(١٧)

یان لە ئیبن تەیمیەوە گێڕدراوەتەوە وتویەتی: لە سەردەمی دەسەڵاتی تەتەرەکاندا لەگەڵ هەندێک لە هاوەڵانمدا بەلای کۆمەڵێکدا ڕۆیشتین سەرقاڵی مەیخواردنەوە بوون و سەرخۆش بوون، هاوەڵەکانم ویستیان لەسەر بنەمای فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بچن ئاگاداریان بکەنەوە، منیش نەمهێشت و وتم: خوا مەی حەرام کردووە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بێئاگا دەکات لە نوێژ و یادی خوا، بەڵام ئەوانە مەیخواردنەوە و سەرخۆشبوونیان لانی کەم لەو کاتەدا دەیانگێڕێتەوە لە کوشتن و تاڵانکردنی سەر وماڵی خەڵک، وازیان لێ بهێنن با سەرخۆش بن(١٨)

د- کارکردن بە بنەمای ئاسانکاری و دوورخستنەوەی نارەحەتی و قورسی، هەروەک لە قورئاندا هاتووە (يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ} (البقرة: ١٨٥)، (لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا) (البقرة: ٢٨٦)، ( وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ )(الحج: ٧٨)، (فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ وَاسْمَعُوا وَأَطِيعُوا ) (التغابن: ١٦).

یاخود پێغەمبەر (د. خ.) فەرموویەتی: "هەرکەس پێشنوێژیی کرد با درێژەی پێ نەدات و بە سووکی بیکات، چونکە کەسی نەخۆش و لاواز و خاوەنکار لە جەماعەتەکەدا هەن".(١٩)

**ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوانەی بە ناوی خوا و پێغەمبەرەوە قسە دەکەن، حوکم دەدەن، ئەم و ئەو تەکفیر و تەبدیع و تەفسیق دەکەن، خەڵك دەنێرن بۆ بەهەشت، بۆ جەهەننەم، ڕێپێدراوەکان حەرام دەکەن، زۆربەیان کەسانی هەڵەشە و نەشارەزا و ناکامڵن**

بە هەمان شێوە دایکی ئیمانداران عائیشە وتویەتی: "ئەگەر پێغەمبەر (د. خ.) سەرپشک بکرایە لە نێوان دوو شتدا، هەمیشە ئاسانەکەیانی هەڵدەبژارد بە

مەرجێک تاوان نەبوایە".(٢٠)
ە- تێگەیشتنی هەمەلایەنەی ئەو واقیعەی فەتواکەی تێدا دەدرێت، یاخود حوکمی دەقێکی تێدا جێبەجێ دەکرێت، لەم بارەوە ئیمامی شافیعی وتویەتی: "دروست نییە فەقیهێک قسە لە نرخی درهەمێکدا بکات و ئاگاداری بازاڕ نەبێت".(٢١)
یان ئیبنولقەیم وتویەتی: "هەرکام لە موفتی و دادوەر ناتوانن حوکم و فەتوای دروست بدەن، لەڕێگەی دوو جۆر تێگەیشتنەوە نەبێت، یەکەم: تێگەیشتنی ورد و چڕوپڕی واقیعی خەڵک، دووەم: زانینی حوکمی خوا و پێغەمبەر (د. خ.)... زانا ئەو کەسەیە لە ڕێگەی تێگەیشتنی وردی بۆ واقیع دەگات بە زانینی حوکمی خوا و پێغەمبەر (د. خ.) لە مەسەلەکاندا(٢٢).
و- جیاوازی کردن لەنێوان ئەو گوفتار و ڕەفتارانەی پێغەمبەر (د. خ.) کە لەسەر بنەمای بەهرە و تاقیکردنەوە و تەجروبەن، یاخود زادەی سروشتی مرۆڤن، لەگەڵ ئەوانەی هەڵقوڵاوی سیفەتی پەیامبەریین.
زۆرێک لە زانایانی ئوسووڵ جەختیان لەوە کردووەتەوە کە گوتار و ڕەفتارەکانی پێغەمبەر (د. خ.) کاتێک بەڵگەن، کە لە کاروباری شەرعدا هاتبن، بەپێچەوانەی ئەو گوتار و ڕەفتارانەی لە بەرژەوەندی و کاروبارە دونیاییەکانی وەکو ئامادەکردنی سوپا و ڕێکخستنی شەڕەکان و ئاوەدانکردنەوە و کشتوکاڵ و چارەسەری مادی نەخۆشیدا هاتوون، کە ناکرێت موفتی لە ڕوانگەیانەوە فەتوا بدات.(٢٣)
٦. ئاگاداربوون لە گۆڕانی بارودۆخ و زروف و داب و نەریتە جیاوازەکان یەکێکی ترە لە مەرجە سەرەکییەکانی ئیجتیهاد و فەتوادان، گەورە زانای مالیکی (قەرافی) دەڵێت: "هەرچەندە گۆڕان لە دابونەریتەکاندا ڕوویدا لەبەرچاوی بگرە، نەکەیت بە درێژایی تەمەنت چەقبەستوو بیت لەناو دێڕی کتێبدا، ئەگەر کەسێکی نامۆ هاتە لات داوای فەتوای کرد، یان پرسیاری هەبوو، نەکەیت بەپێی دابونەریتی ناوچەکەی خۆت وەڵامی بدەیتەوە، یان بەپێی ئەوەی لە کتێبەکەی بەردەستتدایە، بەڵکو بەپێی دابونەریتی وڵات و ناوچەی خۆی وەڵامی بدەرەوە"(٢٤).
هەروەها دەگێڕنەوە گەورە شەرعزانی مالیکی ئیبنو ئەبی زەیدی قەیرەوانی (لە٣٨٦ک مردووە) دیواری حەوشەکەی ڕووخابوو، لە ترسی هەندێک پیاوخراپ سەگێکی ڕاگرتبوو بۆ پاسەوانی، پێیان وت: چۆن سەگ ڕادەگریت لە کاتێکدا ئیمام مالیک بەکارێکی نەشیاوی داناوە، لە وەڵامدا وتی: "ئەگەر ئیمام مالیک لەم سەردەمەدا بوایە، نەک سەگ، بەڵکو شێرێکی دڕی ڕادەگرت".(٢٥)
بە هەمان شێوە ئیبن عابدین زانای دیاری دواییی حەنەفییەکان (لە١٢٥٢ک مردووە) کتێبێکی هەیە بەناوی (نشر العرف فی بناء بعض الأحكام على العرف)

تێیدا هاتووە: "زۆرێک لە حوکمەکان دەگۆڕێن بە جیاوازی کات، یان بەهۆی گۆڕانی دابونەریتەوە، یان بەهۆی هاتنەکایەی پێویستییەکەوە، یان بەهۆی خراپبوونی ڕەفتاری خەڵکەوە، بە جۆرێک ئەگەر حوکمەکە وەک خۆی بهێڵیتەوە، سەر دەکێشێت بۆ هێنانی ئازار و ناڕەحەتی و بارگرانی، ئەمەش پێچەوانەی یاسا و بنەماکانی شەریعەتە، کە لەسەر ئاسانکاری و بارسووکی و دوورخستنەوەی ئازار و ناڕەحەتی بوونیاد نراوە... هەربۆیە دەبینین گەورە زانایانی مەزهەب لە زۆر مەسەلە و بابەتدا بەپێچەوانەی ئیمام ئەبی حەنیفەوە فەتوایان داوە، چونکە لەو باوەڕەدا بوون ئەگەر ئیمامیش لە سەردەمی ئەواندا بوایە بە هەمان شێوەی ئەوان فەتوای دەدا".(٢٦)

٧. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشکەوتن و گەشەسەندن و گۆڕانکارییانەی لە زۆربەی بوارەکاندا هاتووەتە کایەوە لەم سەردەمەدا، زۆر زەرووره ناوەندێکی گەورەی ئەنجومەنی فەتوادان هەبێت، بەم مەرجانەی خوارەوە:

أ- ژمارەیەکی بەرچاو لە شەرعزانان و کەسانی ئەکادیمی و پسپۆڕ لە بوار و لایەنە جیاوازەکانی شەریعەت لە خۆ بگرێت، چونکە ئەم سەردەمە سەردەمی پسپۆڕی وردە، نەک مەوسوعی بوون، زۆر پێویستە ئیجتیهاد و فەتوادان بەرهەمی کۆمەڵێک عەقڵ و بیرکردنەوە بێت، نەک بیرکردنەوەی تاکە کەسێک.

ب- پێویستە ناوەندی فەتوادانەکە کۆمەڵێک ڕاوێژکاری ئەکادیمی و پسپۆڕی هەبێت لە بوارەکانی یاسا، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، پزیشکیی، ئەندازیاری، ئابووری، هونەر، وەرزش، مافی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی لەم سەردەمی پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیادا، چەندین مەسەلە و کێشە و پرسیار پێویستی بە وەڵام و تێڕوانینی ئایینی هەیە، کە مەلا و شەرعزان لە ماهیەت و چۆنێتی زۆربەیان تێناگات.

**ئەوەی ئەمرۆ بەدی دەکرێت لە هەڵەشەیی و خێرا فەتوادان و دەمدان لە هەمووشتێك، هاوەڵانی پێغەمبەر و زانایانی پێشین زۆربەئاگایی و ترس و خۆپارێزییەوە لە فەتوا و فەتوادانیان ڕوانیوە**

یاخود بە سەدان کێشەی خێزانی ڕوو دەکاتە مەلا و موفتی و شەرعزانەکان، ئەگەر ناوەندێکی لەو جۆرە هەبێت و کەسانی پسپۆڕی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و یاساییش لە خۆ بگرێت، لەوانەیە کێشەکان زۆر تۆکمەتر و وردتر چارەسەر بن، وەک لەوەی مەلایەک بە تەنیا گرنگی بە لایەنێکی کێشەکە بدات، کە لایەنە شەرعییەکەیەتی.

ج- کار بکرێت بۆ شەن و کەوکردنی زۆرێک

لەو فەتوا و ئیجتیهادە مەزهەبییانەی پێشوو، بەتایبەت ئەو ڕا و بۆچوونانەی لەبەر ڕۆشنایی سەلمێنراوە زانستییەکانی ئەمڕۆدا یەکناگرنەوە.

د- ناوەندی فەتوادان دەبێت خۆی بە دوور بگرێت لە هەر دەمارگیرییەکی مەزهەبی و بەرتەسککردنەوەی حوکم و فەتوادان لە مەزهەب و ئاڕاستەیەکی دیاریکراودا... کەلەپووری فیقهی ئیسلامی دەوڵەمەندە بە چەندین قوتابخانە و ڕێبازو مەزهەب، لەوانەیە فەتوا و بۆچوونێک لە سەردەمێکدا لاواز بووبێت بە هۆی بارودۆخ و نەریتەوە، بەڵام لە سەردەمێکی تردا بووبێتە ڕایەکی بەهێز لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخ و نەریتەکەدا.

لەم بارەوە قەرزاوی دەڵێت: "ئەوەی لای هیچ کەسێک مایەی مشتومڕ نییە ئەوەیە سەردەمەکەمان گۆڕانی زۆر گەورە و فراوانی بە خۆوە دیوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیریدا، ئەمەش دەخوازێت شەرعزان، یان موفتی لە هەندێک لەو وتە و بۆچوونانەی پێشوو لا بدات، کە نەساز و ناتەبان لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆدا، لەبریان هەندێک بۆچوونی تر هەڵبژێرێت کە لەوانەیە لە کات و سەردەمی خۆیاندا بۆچوونی بێهێز، یان وەلانراو بووبن".(٢٧)

بۆ نموونە زانایانی مەزهەبی حەنەفی، مالیکی، شافیعی، حەنبەلی، زاهیری، شیعەی زەیدی و ئیمامی ڕێگەیان بە بەشوودانی کچ داوە ئەگەر تەمەنی لە خوار دە ساڵیشەوە بێت، هەتا هەندێکیان پێیانوایە ئەم مەسەلە کۆدەنگیی زانایانی لەسەرە و شایانی قسە لەسەر کردن نییە، یان هەندێکی تریان وتویانە کچ لە بێشکەشدا بێت مارە دەکرێت، بەڵام تا تەمەنی حەوت ساڵان ناگوازرێتەوە.(٢٨)

## زانایانی ئوسووڵی فیقه لە باسەکانی تایبەت بە فەتوا و ئیجتیهاددا زۆر بە وردی و زانستییانە هێڵە گشتی و بنەما سەرەکییەکانی فەتوا و فەتوادانیان دەستنیشان کردووە

لەبەرامبەر ئەم ڕایەدا هەندێک لە زانایانی پێشینی وەک: عوسمانی بەتی (لە ١٤٣ک مردووە)، ئیبنو شوبرومە (لە ١٤٤ک مردووە)، ئەبووبەکری ئەسەم (لە ٢٧٩ک مردووە)، باڵغبوونی کچیان بە مەرجی سەرەکیی بەشوودانی داناوە.(٢٩) ئەم بۆچوونەی دوایی بە درێژایی سەدان ساڵی مێژووی ئیسلامی بۆچوونێکی لاواز و وەلانراو بووە، بەڵکو بە شکێنەری کۆدەنگیی لە قەڵەم دراوە، بەڵام لە ئەمڕۆدا بەهۆی گۆڕانی شێوازی ژیان و دابونەریت و ئاڵۆزیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، دەکرێت هاوکێشەکە پێچەوانە بێتەوە و بۆچوونی دووەم گونجاو و بەهێزتر بێت لە بۆچوونی

یەکەم.

هـ- ئەندامانی ناوەندی فەتوا دەبێت کەسانی ڕاستگۆو دادپەروەر و هەقبێژ بن، خۆ بە دوور بگرن لە هەر ئینتیمایەکی حزبی و سیاسی، ناوەندەکە بپارێزن لە دەستوەردان و ململانێ سیاسییەکان، تەنیا مەبەستیان ڕەزامەندی خوا و خێر و خۆشی کۆمەڵگە بێت.

بەڵام بە داخەوە لە ئەمڕۆدا زۆربەی مەلا و شەرعزانان بەکار دەهێنرێن و بوونەتە بەشێک لە ململانێ سیاسییەکان، هەر حزب و کۆمەڵێک مەلا و موفتی و زانای ئایینی خۆی هەیە، هیچیشیان حیساب بۆ ئەوی تریان ناکات.

## سەرچاوەو پەراوێز

١- بڕوانە: القرافي: الإحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام وتصرفات القاضي والإمام، تحقيق عبد الفتاح أبو غدة، مكتب المطبوعات الإسلامية، حلب، ط٢، ١٩٩٥، ص ٤٣.

٢- ابن قيم الجوزية: أعلام الموقعين عن رب العالمين، تقديم وتصحيح: محمد عز الدين خطاب، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط١، ٢٠٠١، ٢٧/١.

٣- الشاطبي: الموافقات في أصول الشريعة، المكتبة التوفيقية، القاهرة، د.ت، ٢٠١/٤.

٤- بڕوانە: النووي: آداب الفتوى والمفتي والمستفتي، تحقيق: بسام عبد الوهاب الجابي، دار الفكر، دمشق، ط١، ١٩٨٨، ص ١٤.

٥- بڕوانە: ابن عبد البر: جامع بيان العلم وفضله، تحقيق: أبو الأشبال الزهيري، دار ابن الجوزي، المملكة العربية السعودية، ط١، ١٩٩٤، ٨٣٧/٢.

٦- ابن عبد البر: سەرچاوەی پێشوو٢ /١٢٢٥.

٧ - بڕوانە: النووي: سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨.

٨- بڕوانە: الجويني: البرهان في أصول الفقه، تحقيق: د. عبد العظيم الديب، مطابع الدوحة الحديثة، قطر، ط١، ١٩٨٠، ١٣٣٠/٢.

٩- بڕوانە: الجويني: سەرچاوەی پێشوو ١٣٣٢/٢. النووي: سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٢. الزركشي: البحر المحيط في أصول الفقه، تحقيق: محمد محمد تامر، دار الكتب العلمية، بيروت، ط٢، ٢٠٠٧، ٤٩٤/٤.

١٠- بڕوانە: الشاطبي: الموافقات في أصول الشريعة، مع تعليقات الشيخ عبد الله دراز، المكتبة التوفيقية، القاهرة، ٢٠٠٣، ٢٩٩/٣. الزحيلي، وهبة: الوجيز في أصول الفقه، دار الفكر، دمشق، إعادة الطبعة الأولى، ١٩٩٩، ص ٢٣٤.

١١- أخرجه البخاري في صحيحه (١٩٤٣) ومسلم في صحيحه (١١٢١).

١٢- هەمان سەرچاوەکانی پێشوو.

١٣- بڕوانە: ابن حزم: المحلى شرح المجلى، طبع على النسخة الأصلية بتحقيق: أحمد محمد شاكر، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط٢، ٢٠٠١، ١٧٢/٦.

١٤- القرضاوي: في فقه الأولويات، دراسة جديدة في ضوء القرآن والسنة، مكتبة وهبة، القاهرة،ط٢، ١٩٩٦، ص ٨١.

١٥- بڕوانە: ابن قيم الجوزية: سەرچاوەی پێشوو ٨٩/٤.

١٦- بڕوانە: ابن عاشور: مقاصد الشريعة الإسلامية، تحقيق: محمد الطاهر الميساوي، دار النفائس، الأردن، ط١، ٢٠٠٢، ٣٢٣/٢.

١٧- أخرجه ابن أبي شيبة في المصنف (٢٨٢٠٤) وأورده القرطبي في تفسيره ٤١/٧. والسيوطي في الدر المنثور ٦٠٥/٤.

١٨- بڕوانە: ابن قيم الجوزية: سەرچاوەی پێشوو ، ٦/٣.
١٩- أخرجه البخاري في صحيحه (٩٠) ومسلم في صحيحه (٤٦٦).
٢٠- أخرجه البخاري في صحيحه (٣٥٦٠) ومسلم في صحيحه (٢٣٢٧).
٢١- الشافعي: الرسالة، تحقيق: أحمد محمد شاكر، بيروت، دار الكتب العلمية، د. ت، ص٥١١.
٢٢- ابن قيم الجوزية: سەرچاوەی پێشوو ٩١/١.
٢٣- بڕوانە: ابن السمعاني: قواطع الأدلة في أصول الفقه، تحقيق: د. عبد الله بن حافظ بن أحمد الحكمي، مكتبة، التوبة، الرياض، ط١٩٩٨،١، ٢٥٩/٣. الدهلوي، ولي الله: حجة الله البالغة، راجعه وعلق عليه: محمود طعمه حلبي، دار المعرفة، بيروت، ط١، ١٩٩٧، ٢٩٤/١. شلتوت، محمود: الإسلام عقيدة وشريعة، دار الشروق، القاهرة، ، ط٢٠٠١،١٨، ص ٥٠٠.
٢٤- القرافي: الفروق، ضبط وتصحيح: خليل المنصور، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٩٨، ٣٢٢/١ .
٢٥- بڕوانە: النفراوي،: الفواكه الدواني على رسالة ابن أبي زيد القيرواني، تحقيق: عبد الوارث محمد علي، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١٩٩٧،١، ٥٥٦/٢.
٢٦- ابن عابدين: نشر العرف في بناء بعض الأحكام على العرف، مطبوع ضمن مجموعة رسائل ابن عابدين، شركت صحافية عثمانية، د. ط، ١٣٢١هـ، ١٢٥/٢.
٢٧- القرضاوي: الاجتهاد في الشريعة الإسلامية،مع نظرات تحليلية في الاجتهاد المعاصر،دار القلم، الكويت، ط١٩٩٦،١، ص ١٢٠.
٢٨- بڕوانە: ابن جزي: القوانين الفقهية، الدار العربية للكتاب، ليبيا- تونس، ١٩٨٢، ص٢٠٣. الشربيني: مغني المحتاج إلى معرفة معاني ألفاظ المنهاج، اعتنى به: محمد خليل عيتاني، دارالمعرفة، بيروت، ط٢٠٠٤،٢، ٢٠٠/٣. ابن قدامة: المغني، تحقيق:د.محمد شرف الدين خطاب، د. السيد محمد السيد، دار الحديث، القاهرة،ط١، ٢٠٠٤، ١٦٩/٩، ابن حزم : سەرچاوەی پێشوو ٢٠/١١.
٢٩- بڕوانە: ابن حزم: سەرچاوەی پێشوو ٢٠/١١، ابن الهمام: شرح فتح القديرعلى الهداية، علق عليه وخرج آياته وأحاديثه: عبد الرزاق غالب المهدي، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٩٥، ٢٦٥/٣.. الشوكاني: نيل الأوطار شرح منتقى الأخبار من أحاديث سيد الأخيار، تحقيق: د.نصر فريد محمد واصل، المكتبة التوفيقية، القاهرة، د.ط، ١٦٩/٦.

# شرۆڤەیەکی کتێبی 'الصارم المسلول'ی ئیبن تەیمیە

نەوزاد جەمال

"مرۆڤ خوایەک دەپەرستێ کە لەگەڵ ئەو وێنەی لە ناخیدایە هەماهەنگ بێت"؛ مرۆڤی دڵڕەق خوایەکی بە زەبروزەنگ و بێبەزەیی دەپەرستێت، باوەڕەکەشی وەک پاساوێک بۆ دڵڕەقی خۆی بەکاردێنێ. تەنیا مرۆڤی بەسۆز باوەڕی بەخوایەکی میهرەبانە و لە هەموو حاڵەتێکیشدا بە دلۆڤانی دەمێنێتەوە" بێرتراند ڕاسڵ[١]

## پوختە

لەگەڵ ئەوەی "کوشتن" جێی گومانکردن نییە (چونکە یاسا مرۆییەکان و تەنانەت ئایینییەکانیش لەسەر نارەوایەتی ڕێککەوتوون)، بەڵام چۆنێتی بڕیاردانی کوشتن پرسیارەکەیە. یەکێک لەو کتێبە فیقهیانەی باس لە حوکمی کوشتن دەکات دەقی 'الصارم المسلول'ی 'تەیمیە'یە. بە وردبوونەوە لە پرۆسەی ئەنجامگیریکردن، توانستی کوشتن، پاساوی توندوتیژی دراوەتەوە. چۆن لە دەقەکەوە لە پاڵنەرەکانی گوتاری تەیمیە تێبگەین و ڕەهەندە نەوتراوەکانی بدۆزینەوە؟ ئەم پرسیارە هێڵی سەرەکی

توێژینەوەکەیە، بە میتۆدی 'شرۆڤەی گوتار' ناوەرۆک و پەیامی دەقەکە، ستراتیژی و ئایدۆلۆژی و پاڵنەرە سیاسی و خۆیی (زاتی) نووسەر تاوتوێ دەکرێت. بە ئامانجی دەستنیشانکردنی ئەو ڕاستییەی لە ناواخنی دەقە شەرعییەکانەوە، تەیمیە دەقێک بەرهەم بهێنێت کە لەگەڵ ڕوانگە و هەڵوێستی خۆیدا کۆک بێت.

### پێشەکی

بەپێی هەواڵەکان پاڵنەری کوشتنی گەنجەکەی 'چەمچەماڵ' بەدەستی هاوتەمەنێکی وەک فەیسبووکی تاوانبارەکە پێش کوشتنەکە بڵاوی کردووەتەوە "ناهێڵم سوکایەتی بەپێغەمبەر بکرێت"[٢] . ئەگەرچی تاوانەکە بە کاردانەوەیەکی دەمارگیرانە لێکبدرێتەوە، کارێکی ڕەمەکی نەبووە. ڕووداوی تیرۆکردنی ڕووناکبیر و نووسەر لە میسر و وڵاتانی تری ئیسلامی تا ڕۆژنامەی 'چارلی ئیبدۆ' بەرمەبنەمای ڕاڤەیەکی تایبەتی هەندێک دەق بووە.
بە پاساوی داکۆکیکردن لە "پیرۆزییەکان" وەک ئەرکی باوەڕدار (فەرمانکردن بەچاکە و ڕێگری لە خراپە) دەکرێتە پاڵنەرێکی ڕەوا. لێرەوە دەقێکی ناسراوی 'ئیبن تەیمیە' شرۆڤە دەکرێت و خاڵێکی لێکچوونی ئەو جۆرە ڕووداوانە لەگەڵیدا دەستنیشان دەکرێت. هەڵبەت، مەرج نییە تیرۆریستەکان خوێندەوارییان لە ئاستی کتێبێکی وادا بێت و پاساوی کردەوەکانیان پێ بدەنەوە. ئاستی خوێندەواری تیرۆریستە ئاساییەکان ئەوانەی نووسەری وەک نەجیب مەحفوز، فەرەج فودە و سەلمان ڕوشدی' بە ئامانج گرتبوو، لە کاتێکدا هیچی ئەوانیان نەخوێندبووەوە. بۆیە لەلایەن خوێندەوارە پەڕگیرەکانەوە ئاڕاستە کرابوون.
لە هەرێمی کوردستان، فیگەری توندڕەو بەناوی بانگەواز و فێرکردنی زانستییەوە، کاریگەری ئاشکرایان لە تۆڕەکان و مزگەوتەکاندا هەیە. ئەوەیەکی تازە پێگەیشتوو بە ئاسانی ئاڕاستە دەکەن. ئەوان بانگەشەی گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان و بەڵگەی سەلمێنەر گەنجان بەو گوتارە بارگاوی دەکەن.

### پرسیارەکانی توێژینەوەکە

لێرەدا پرسیارەکە ئەوە نییە؛ ئایا ئیبن تەیمیە لە ڕووی ئایینییەوە ڕاستە، یان هەڵە، بەڵکو بە میتۆدی 'شرۆڤەی گوتار' شێوازی بەکارهێنانی زمان، دووبارەبوونەوەی وشەکان و گرێدانەوەیان بەستێنێکی مێژوویی، ئەو گوتارە بەرهەم دەهێنرێت. ئەو ڕاستییەش ڕوون دەکرێتەوە؛ چۆن نووسەر دەقێکی لەناو دەقێکدا بەرهەمهێنانەوە کە بەرەنجامی هەڵبژاردنی کۆمەڵێک ڕووداو و کەسایەتییە، کە بوونەتە کەرەستەی بانگەشەی توندوتیژی پەڕگیرانە.

**کەسێتی ناجێگیریی تەیمیە**

مەرج نییە بۆ تێگەیشتن لە دەقێک، ژیانی نووسەرەکەی بکرێتە شایەتحاڵی پاڵنەرەکانی نووسینەکەی. بەڵام لە حاڵەتی تەیمیەدا ئاسان نییە لە هەڵویستە جیاواز و دژیەکەکانی لە کۆی بەرهەمەکانیدا، بێ کاراکتەری خۆی تێبگەین. تەیمیە حەرانی (١٢٦٣ -١٣٢٨) کەسێتییەکی بزێو و سەرکێش و نائۆقرەی هەبووە. پێنج جار لە ژیانیدا بەند کراوە. یەکەمجار لەسەرئەوەی گوایا کابرایەکی 'کریستیان' جوێنی بە پێغەمبەر داوە و ئەمیش خەڵکی لێهانداوە و بە هۆیەوە پشێوی دروستبووە، بەند کراوە[٣] . بەڵام دواتر ئەم کتێبەی بەو هۆیەوە نووسیوە! لەبەرئەوەی زیرەک و زرنگ بووە، هەر لە نۆزدە ساڵییەوە فەتوای داوە و کتێبی داناوە و جێی باوکی لە مزگەوتی گەورەی دیمەشق وەک مامۆستایەتی گرتووەتەوە. یەکێک لە خەسڵەتەکانی نووسین و بیرکردنەوەی دژیەکییە و بەوە ناسراوە کە "خاوەنی گوتارێکی دووسەرەی دژیەکە، کە وادەکات لەبەردەم دوو کەسێتی جیاوازدا بین، کە لە قۆناغی جیاجیادا دەقی لە یەکتر جیاوازی نووسیوە. زمانێکی دوو دانەیی لە نووسیندا هەبووە"[٤] .

هەر خۆی جیی پرسیارە چۆن کتێبی 'الصارم المسلول' لەگەڵ 'درء التعارض العقال والنقل'ەکەیدا دێتەوە؟ ڕاستە، یەکەمیانی لە تافی لاوێتیدا نووسیوە و کەم ئەزموون بووە. بەڵام بەدرێژایی تەمەنی هەڵبەز و دابەز لە هەڵوێست و کاردانەوەکانیدا بەپێی بارودۆخەکان دەبینرێت.

دوای '١١ی سێپتەمبەر'، ناوی تەیمیە لە وڵاتە خۆرئاوایی و ئەورپییەکان جێی مشتومڕ بوو. وەک باوکێکی فیقهی جیهادی سەیر دەکرا. لەو سەروبەندەدا بە هۆڵەندی کتێبێک بەناوی 'فەلسەفەی ئیسلامی' لەلایەن کوردناس 'میخایل لەیزنبێرخ' کە پرفرۆشترین کتێبەکانی ساڵەکەیە دەرچــوو[٥] . پارادۆکسی بەرهەمەکە لە هەڵبژاردنی چەند فیگەری وەک غەزالی و تەیمیە، مەودودی و سەید قوتب-دا بوو، کە خرابوونە لیستی فەیلەسوفە مسوڵمانە کاریگەرەکان!

بەڕای 'ئەجهەر' لەگەڵ ئەو بۆچوونە باوەی لەسەر کەسێتی تەیمیە هەیە، چونکە پتر 'فەقیهە' نەک کەلامی-تیۆلۆجیست (لاهوت)ی، یان فەیلەسوف، تەنانەت کاتێک بیروبۆچوونەکانی لەسەر بنەمایەکی کەلامی، یان فەلسەفیی تاوتوێ دەکرێت، پتر وەک نەیارێکی ناکۆک بە بیری عەقڵانی لە ئیسلامدا دەبینرێت[٦] . ئەم دەستنیشانکردنە بۆ گوتار و کەسێتی تەیمییە ڕاستە، بەڵام نیوەی ڕاستییەکە، بەڵکو چارەکیکێشێتی[٧] . چونکە گوتاری فەلسەفیی جارێکی تر لە تەیمیەوە بە ئاڕاستەیکی جیاوازتر لە پێش خۆی سەرهەڵدەداتەوە[٨] .

لە کاتێکدا 'غەزالی' و 'تەیمیە' بە فەتوای دژەفەلسەفە و کەلام و لۆژیک ناسراون،

غەزالی دژ بە فەلسەفە "داڕووخانی فەیلەسوفەکان[٩] ' و 'تەیمیە'ش کتێبی 'رد علی المنطقین' نووسیوە؛ چۆن بخرێنە ئەو لیستەوە؟ لەوەش گرنگتره پرسیارێکە: ئایا ڕێی تێدەچێ بە فەتوایەک دژ بە فەیلەسوفەکان لە جیهانی ئیسلامییدا زەبریان لە کۆشکی فەلسەفە دابێت؟ چۆن سەردەمی پرشنگداری سەدەگەلێک لە وەرگێڕان و نووسینی فەلسەفی و کەلامی، فەلسەفە بە تەواوەتی شوێنبزر و بەرەو ئاوابوون بچێت؟

بەپێچەوانەوە 'ئەجهەر' پێیوایە کە 'تەیمیە' فەلسەفەیەکی سەر ڕێ خست کە لەلایەک ڕێسای "هۆیەکی-هۆکارەکی(السببیة)- ناچارەکی" بە بنەمایەکی گشتگیر لە ڕاڤەکردنی گەردووندا دابمەزرێنێت. هەروەها 'بنەمای ویست' (مبدأ الإرادة) کە کارایی خوای لەلایەکی ترەوە دەگرتەوە، خستەڕوو[١٠].

ئاشکرایە کە بنەمای هۆیەکی لەلایەن ئەشعەرییەکانەوە زەبرێکی گەورەی بەرکەوت و کاریگەری نەرێنی لەسەر زانست و بەدواچوون لە سروشت دانا. کاتێک بنەمای هۆیەکی پەکدەخرێت و هەموو هۆکارەکان بۆ دەرەوەی سروشت/ مرۆڤ دەگێڕدرێتەوە، ئیتر مرۆڤ جگە لە قبوڵکردن هیچی تری لەبەردەمدا نامێنێتەوە. بەڵام 'تەیمیە' بنەمای هۆیەکی نەک هەر دەسەلمێنێت، بەڵکو نکۆڵیکردنیش لێی، بە سەرلێشێوان و لادان لە ئایین دادەنێت[١١] ! بەڕای 'جۆرج تامەر' تەیمیە فەیلەسوفێکی گرنگە و ڕاکانی دژی فەیلەسوفەکانە، نەک فەلسەفە خۆی. لە کاتێکدا فەیلەسوفەکانی پێش خۆی نەیانتوانیوە ڕەخنە لە تێزی فەیلەسوفە یۆنانیەکان بگرن، تەیمیە سیستمی مێتافیزیکی خۆی دامەزراندووە[١٢].

## مەرج نییە تیرۆریستەکان خوێندەوارییان لە ئاستی کتێبێکی وادا بێت و پاساوی کردەوەکانیانی پێ بدەنەوە

### ١-لێکدانەوەی وشەکان و ناوەرۆکی کتێبەکە

لە(٦٩٣) کتێبەکە لە دیمەشق دانراوە، پاش مشتومڕی جنێودانەکەش بڵاوبووەتەوە[١٣]. ناونیشانی کتێبەکە شایەتە کە بە ئەنقەست بیرلێکراوەتەوە. وشەی 'الصارم'[١٤] - توند، بەهێز، بەخاوەن بڕیارێک دەوترێت کە بە توندی و توڕەییەوە قسە بکات. هەروەها 'المسلول'[١٥] - ڕاوەشانی شمێرێکی هەڵکێشراو بە ئاسماندا دەگرێتەوە. هەڵسوڕاندن، ڕاوەشاندنی بۆ یاریکردن نییە. بەڵکو هەڕەشە و گوڕەشەیەکە ترس و دڵەراوکێ بخاتە دڵەوە.

جنێودان "[١٦]یش لە پێناسەی 'تەیمیە'دا: وتەیەکە بە مەبەستی لێ کەم کردنەوە، سوکایەتی، یان وەک ئەوەی لای خەڵکی هەیە، نەفرەتکردن، ناشیرینکردن، بریندارکردن و لەو جۆرەیە [١٧]. ئیتر هەر کەسێک جنێو بە پێغەمبەر و ژنەکانی بدات کوفرە، یان بە هاوەڵەکانی و شوێنەکەوتەکانی پێغەمبەر بدات سزای لێدان و تەمێکردنە[١٨] .

ئاشکرایە واتای فەرهەنگی زاراوەکان لە 'فەرهەنگەکان'دا بە جۆرێکی بێلایەنن، بەڵام کە ڕوو دەنێرینە دەقێکەوە، بە جۆرێک دادەڕێژرێتەوە کە بچێتە ژێرباری ستراتیژ و تاکتیکی نووسینەوە. ئامانجەکەش کارتێکردن و دەسەڵات دانانە لەسەر خوێنەر.

ناوەرۆکی کتێبەکە لە پێشەکییەک پێکدێت کە لە مانیفێستی گوتارێک دەچێت. بڕگەکانیشی بەسەر ئەم پرسانەدا دابەشبوون:

١)مەسەلەی یەکەم؛ هەرکەسێکی مسوڵمان، یان کافر جنێو بە پێغەمبەر بدات، دەبێت بکوژرێت.

٢)دەبێت بکوژرێت و نابێت بە کوێلە بکرێت، یان فدیە و سزای مادی لێ وەرگیرێت.

٣)دەکوژرێت و تۆبەی پێناکرێت، جا مسوڵمان، یان کافریش بێت.

٤)ڕوونکردنەوەی جنێو و جیاکردنەوەی لە کوفری ڕووت.

تەیمیە بە مەبەست تاقە بژاردەیەک لەبەردەم ئەوانەی وەک خۆی بیرناکەنەوە لە شمشێردا چڕکردووەتەوە. تەنانەت وتەی زانایەکی وەک 'عەسقەلانی' دەهێنێتەوە کە 'ملپەڕاندنی کەسێک تاوانبار بێت بە جنێودان هیچ بەڵگەی سەلمێنەر لە قورئان، یان سووننەدا نییە'، بەڵام هەر لەسەر قایلبوونەکەی مکوڕە! پێدەچێ تووڕەبوونی تەیمیە لە پاش گیران بە تاوانی گێرەشێوێنی و هاندانی خەڵک، لە دەقەکەدا ڕەنگ بداتەوە.

لەوانەشە بە قەناعەتی خۆی، یان هاوبیرەکانی بڵێین، لە سۆنگەی سووربوونیەتی لەسەر فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپەکاری، بەڵام وەک 'ئیبن جەوزی' لە 'تلبیس إبلیس'دا دەڵێت "دەکرێت مرۆڤ لەپاڵ فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگری لە خراپە، بکەوێتە داوی ئیبلیسەوە و قورسایی تووڕەبوونی خۆی بخاتە سەر بابەتەکە (کارەکە)"[١٩] .

فەرمان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە دووڕێی لە بەردەمدایە: -فریودانی کەسەکەیە بە ڕازاندنەوەی پرۆسەکە لەپێناو خۆدەرخستن و پۆز لێدان. -تووڕەبوونێکە لە پێناو خۆیدا. بابەتەکە دەبێتە شەخسی. هەر بۆیە لە 'عومەری عەبدولعەزیز'ەوە دەگێڕنەوە کە بە کابرایەکی وتووە، ئەگەر تووڕە نەبوومایە سزام دەدایت. تووڕەت کردم، ترسام تووڕەبوونی من لەگەڵ هی خوا تێکەڵ بێت . لێرەوە تەیمیەش تووڕەبوونی خۆی و

پەرۆشی لە ڕادەبەری بە سەر فەتواکەیدا زاڵبووە. چونکە 'میزاجێکی تووڕەی پێوەدیارە'[21].

## ٢-چۆن لە دەقەکە تێبگەین تا بزانین لە پشتییەوە چی دەگوزەرێت؟

دەق لەڕووی سێمانتیک-واتاسازی- پراگماتیک-بەکارهێنان- و سیمۆلۆژی- ئاماژەناسییەوە، ڕاڤە دەکرێت. هەموو ڕاڤەیەکی دیاردە، یان دەقێکی ئایینی، ئەو گریمانە دەدات بەدەستەوە کە لەپێناو شیکردنەوە و شرۆڤەکردنە[22] . بەڵام 'ئەو ئەنگیزەیەی بۆ ڕاڤەکردن هەیە، دەکرێت دەق بە جۆرێک بخاتە دۆخێکەوە شتێک بڵێت کە لە بنەڕەتدا نەیوتووە'[23]. ڕاڤەی دەقی ئایینی (قورئان/حەدیس) لە گرنگترین ئامرازەکانی گوتاری ئایینین... ڕاڤەی ڕاست ئەوەیە کە دەلالەت لە ڕێی شرۆڤەی ئاستەکانی 'بەستێنە'وە بێت. بەڵام گوتاری ئایینی لە گەرمەی گەڕان بە دوای دەلالەتێک، کە پێشوەختە دیاری کردووە خۆی لەم ئاستانە نەبان دەکات[24]. ئیتر چۆن لە دەقەکەی تەیمیە تێبگەین؟ هەڵبەت بۆ تێگەیشتن لە دەق، دەبێت سەیری ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ جیهاندا هەیەتی بکەیت. بۆ لێکدانەوەی ئەو پەیوەندییەش چەمکی 'پێکەوەگرێدان'[25] -نووسان- لە نێوان بەشەکانی دەق لەلایەک و لە نێوان بەشەکانی دەقەکە و جیهان لەلاکەی تەرەوە هاوکاریمان دەکات. چونکە ئەم ڕایەڵە (پێکەوە گرێدان) شتێکە کە ئێمە وەک ڕاڤەکاری دەق دروستی دەکەین، نەک ئەوەی دەق خۆی دروستی بکات[26].

دەکرێت لە ڕێی 'شرۆڤەی دەق'ەوە بکرێت، کە ئەویش بەشێکە لە 'شرۆڤەی گوتار'. توخمەکانی گوتار بریتین لە 'دەق و کارلێک و بەستێنی کۆمەڵایەتی'. لەبەرئەوە شرۆڤەی گوتار بە سێ قۆناغدا دەڕوات: وەسفی دەق، لێکدانەوە و ڕاڤەی نێوان دەق و کارلێکەکانی، شرۆڤەکردن کارلێکی لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیشدا[27]. ئەرکی 'شرۆڤەی گوتار' جەختکردنە لە پەیکەرسازی، یان پرۆسەی درکاندن و پێکەوە گرێدان لە داڕشتن و سازکردنی دەقدا. هەمیشە دەقەکان لەڕێی دەقێکی ترەوە بوونیاد دەنرێن کە بە جۆرێک دەدرکێنرێن کە بە شێوازێکی دیاریکراو پشتبەستوو بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی پێکەوە گرێدراون. دواجار بە گۆڕانی بارودۆخ ئەویش دەگۆڕێت[28].

لەم سۆنگەوە، 'تەیمیە' بە پێکەوە گرێدانەوەی دەقەکان (حەدیس/ قورئان) لەگەڵ دەقەکەی خۆیدا گوتارێکی بەرهەمهێناوە. 'گوتار' بە واتای شێوازی بەکارهێنانی زمان و ئاخاوتن، یان ئەدای زارەکی دێت[29] . گوتاریش لە سێ ڕەهەندەوە شوێنەوار دادەنێت:- ناسنامەی کۆمەڵایەتی و ئەو جۆرە خۆ-خودە- کۆمەڵایەتی و دەروونییە. - دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان خەڵکیدا. — لە سازکردنی سیستمی

مەعریفی و عەقایدی-باوەڕدا. ئەمەش لە 'سارم مەسلول'دا ڕەنگی داوەتەوە. چونکە ئەم شوێنەوارانەی گوتار لەگەڵ ئەرکی زمان و ڕەهەندە سیاسییەکانی واتادا ڕێکدێتەوە و لە هەموو گوتارێکدا کارلێک دەکەن[٣٠].

بۆیە گوتار پیادەکردنی دەسەڵاتە بە سەر وەرگر/خوێنەردا. کتێبەکەی تەیمیە گوتارێکە بە ئامانجی پیادەکردنی هێز-کاریگەری- بە سەر خوێنەردا نووسراوە. بە ڕای 'ڤان دایک' لە گوتاردا (سیاسی) هەمیشە سێکوچکەی 'گوتار' و 'تێگەیشتن' و 'کۆمەڵگە' بە ڕوونی پێکەوە گرێدراون. لەم حاڵەتەشدا جگەلە گەمە/ یاریکردن بە مێشکی وەرگر هیچی تر نییە[٣١]. دواجار دارشتن و ڕیزکردنی وشە و زاراوە و ڕووداو و بەڵگەکان لە گەمەیەکی زمانی پوختەوە، بۆ ئامرازی داگیرکردنی مێشکی وەرگر دەگۆڕێن[٣٢]. کەواتە دەبێت شرۆڤەی گوتار/ پرۆسەی یاریکردنە لەسێ لاییدا بخاتەڕوو: - زۆربەی یاریکردن لە دەق و ئاخاوتندا ڕوودەدات. - ئەوانەی یاریان پێدەکرێت مێشکی مرۆڤەکانە - لەبەرئەوەی یاریکردن جۆرێکە لە جۆرەکانی کارلێکی ئاخاوتن[٣٣].

بەردەوام لە دەقەکەی تەیمیەدا بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانی، باسی ئیجماع، قورئان، سوونە کراوە. لە پشت ئەو پەرێزەوە، ئامانجێک هەیە: سەرخستنی ڕاوبۆچوونی خۆی لە ڕەوایەتیدان بە کوشتن وەک باشترین ڕێچارە. لە کاتێکدا ئەو نایەوێ ڕاستەوخۆ بڵێت، وتراوەکان بۆچوونی خۆیین. بەرمەبنەمای ڕاڤەی ڕووداێکی بەراورد کراوە بە وتراوگەلێک لە ڕابووردوودا. بەمەش خواستی خۆی لە پشت دەقەکانەوە حەشار داوە تا گومانی نەخرێتەسەر.

بە ستنەوەی ڕووداوێک بە حوکمێکی هاوشێوە لە دەقێکی سەردەمی پێشوو و جیاوازدا، دەستچنێکی نووسەرە. لە مێشکی خۆیدا بەراورد و لێکچوونی کردووە تا دەرئەنجامێکی پێشوەختە بڕیار لەسەر دراو بگەیەنێت. هەموو ئەمانەی بە پاساوی هەبوون "دەقی ڕاشکاو"[٣٤] کردووە. ئەوە دەشارێتەوە کە خۆی لە سەردم و ڕووداوێکی جیاوازتردا، پرسەکە بە حوکمێک دەبەستێتەوە کە لە زەمینەیەکی تردا بووە. ئەم ئاڵوگۆڕکردن و تێکەڵکردنی کارتەکە، وەک ئەوەیە ڕووداوێکی ئێستا بخەیتە چوارچێوەی دەقێکی سەردەمێکی تەواو جیاوازەوە. نەک هەر هەرئەوەش، بڕیارێکی قورس و هەستیاریشی لێ هەڵهێنجێت.

**لە هەرێمی کوردستان، فیگەری توندڕەو بە ناوی بانگەواز و فێرکردنی زانستییەوە، کاریگەری ئاشکرایان لە تۆڕەکان و مزگەوتەکاندا هەیە**

ئـەمـەش گـەمـەیـەکی ئـاشـکـرایـە. گەمەکردنیش 'بریتییە لە سازکردنی کارلێکێکی پەیوەندئاسا کە تێیدا گەمەکار توانای زاڵبوونی بەسەر گەمەپێکراودا بێت. گەمەکردن لە دەرەوەی ویستی خەڵکە. بۆیە یاریکردن بە مێشک هەر دەسەڵات ناگرێتەوە، بەڵکو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات- دەق- یش دەگرێتەوە [٣٥]. دەقەکەی تەیمیەش تەونێکی پڕ گەمەیە. کارلێکی دەق/ وەرگر لە بەستێنێکدا ڕوودەدات. دوو ئاستی بەستێنیش هەیە: بەستێنێکی بچووک کە کارلێکی ڕاستەوخۆی ڕووبەڕووە (دەقەکەی تەیمیە و خوێنەرە). بەستێنی گەورەش بارودۆخێکی تری ژینگەیی کارتێکەری (باوردۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی) هەیە [٣٦].

تەیمیە لە دەقەکەیدا دەیەوێت بیسەلمێنێت کە 'لۆژیکی دروست و ساغ' یەک ئەنجامی لێ دەکەوێتەوە: دەبێت جنێودەر بکوژرێت. بەمەش کردارێک بەسەر خوێنەردا ساغ دەکاتەوە کە چارەسەری لۆژیکی ڕاست و دروستی کێشەکەی هەر ئەوەیە. بەڵام لۆژیکی ڕاست و دروست جگە لە ئایدۆلۆژیا هیچی تر نییە [٣٧]. چونکە فاکت و ڕاستییەکی خۆبەخۆ و بێلایەن و بابەتیی و زانستییانە نییە، بەڵکو بژاردەیەکی ئایدۆلۆژییە. تەیمیە ڕەوانبێژانە -ریتۆریک- کۆمەڵە گریمانە و لێکدانەوەیەک وەک ڕاستی حاشاهەڵنەگر دەخاتە بەرچاو. جەختکردنەوەش لەوەی شکۆی پیرۆزییەکان وەک لۆژیکی دروستی ژیان بپارێزرێت. پێچەوانەکەشی بە نەخۆشی و لادانێک دەزانێت کە جگە لە ملپەڕاندن چارەسەری تری نییە!

لەم پێشەکییانەوە، ئەنجامگیرییەک دەکات. لە کاتیکدا پێشەکییەکان وەک 'ڕاستیگەلی بەڵگەنەویست' جگە لە دەستەواژەی ڕەوانبێژانە هیچی تر نین. ئەو گریمانەیەشی کە پشتی پێدەبەستێت، دەیکاتە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر؛ یەک "پیرۆزی" و یەک جۆر لە ڕێزگرتن هەیە کە ملکەچیکردنە. بەمەش پیرۆزی دەکەوێتە سەرووی بەهای خوێنی مرۆڤیشەوە. ڕاگرتنی شکۆی پیرۆزیش جگە لە پەرژینێک بە دەوری عەقڵ و زمان و بیرکردنەوەدا هیچی تر نییە.

بە ڕای 'کریستیڤا' ئەگەر ڕاست بێت دەق بە پیرۆز ناوبرێت، ئەوا قسە لەسەر چەند حاڵەتێک دەکات کە تا ئەوپەڕیان زاتین (بە تایبەت بۆ ئەو مەبەستە هەڵاوێردراون) [٣٨]. ئەو حاڵەتە دینامیکیەتی ناوخۆ- ژێرەوەی- دەقەکە دەردەخات. لە کاتێکدا ڕاڤەکردنی دەق پشت بە پانتاییەکی نوێ دەبەستێت، کە حاڵەتە تایبەتەکانی 'ئاخێوەر'-گێڕەرەوە، نووسەرە [٣٩].

کتێب، دەقێکە کە "ئاخاوتنەکانی بە بزربوونی من تێیدا' نقومم دەکات. بۆ ئەوەی بتوانم بەرەو ڕووی ببمەوە، دەبێت ئاخاوتن لەگەڵدا بکەم" [٤٠]. بەهای دەقێکی

بە پیرۆز دانراو لەمەدایە: پێدانی واتایەک لە ڕێیەوە بە قەیرانە ناخەکییەکانم [٤١].
لێرەوە تەیمیە وەک 'فەتوادەر' نا بەڵکو وەک باوکێکی ڕۆحی ڕێنمایی و ڕێگریمان لێدەکات. لەپشت دەقەکەیەوە، خۆی خاوەن قسەی یەکلاکەرەوە و بڕیاردەری ڕەهایە. هیچ بواری چەندوچوون و ڕەتدانەوەش ناهێڵێتەوە. هەر بۆیە بە ڕای فرۆید 'هەمیشە شرۆڤەکردن تورەیی و ڕکی خەڵکی هەڵدەستێنێت. چونکە دەیانخاتە نێو دژیەکی و پرسیار و گومانەوە[٤٢].

## دوای '١١ی سێپتەمبەر'، ناوی تەیمیە لە وڵاتە خۆرئاوا ایی و ئەوروپییەکان جێی مشتومڕبوو. وەک باوکێکی فیقهی جیهادی سەیر دەکرا

### ٣-کتێبێکی سیاسی

مەرج نییە هەموو تیرۆریستێک ڕاستەوخۆ ئیلهامی لە 'تەیمیە'وە وەرگرتبێت. بەپێی ڕاپۆرتی دامەزراوەی ڕەند (RAND):' پرۆسەی دروستبوونی پەڕگیری لە ئەوروپا بەتایبەت لای مسوڵمانانی ئەوروپی، بەشێوەیەکی تاکەکەسی ڕوودەدات. واعیزە ڕادیکاڵ و ئەو جەنگاوەرانەی لە شەڕەکانەوە گەڕاونەتەوە، ئەوانەی سەرپەرشتیاری سایتە ڕادیکاڵەکانن، هۆکاری دروستبوونی پەڕگیرین. بۆیە میکانیزمێکی تۆکمەی پێبەستکردنی (تەجنید) تیرۆریست چ لەناو ئیسلامی، یان ڕاستڕەوەکاندا نییە. تاک تەوەری سەرەکی پرۆسەی بەرهەمهێنانی پەڕگیرییە. جگە لەوەش بە پاڵپشتی تەکنەلۆژیا نوێ و خوێندنەوەی سەرپێی دەقەکان، کوشتوبڕی بە کۆمەڵ پاساو دەدرێتەوە" [٤٣].
لە گێڕانەوە مێژووییەکانی گرووپی 'هەڵگەڕاوەکان'(الردة)، 'خەوارج' روونە کە پاڵنەری سیاسی و ناکۆکی دەسەڵاتخوازی هۆکارێکی ئاشکرای سەرهەڵدانیانە. تەنانەت لە مێژوودا ناوبردنیشیان بە جۆرێکە هەر کەس و گرووپێک دژ بە'دەسەڵاتی ئایینی' وەستابێتەوە، بە 'لە ئایین دەرچوو' پێناسە کراوە. لێرەوە "تەکفیر" نەک هەر ڕەهەندێکی سیاسی، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەی ململانێی سیاسی تێدایە، کە پاساوی ئایینی بۆ دراوەتەوە. چیرۆکی هەڵگەڕاوەکان لە سەردەمی 'ئەبوبەکر'دا بە نەدانی زەکات ناسێنراوە، کە لە ڕاستیدا ڕەتکردنەوەی خیلافەتەکەی بووە، بۆیە زەکاتیان نەداوە. خەوارج لە دیدی 'عەلی کوڕی تالیب'دا دوو ڕەهەندی هەیە: بە خەڵکی نەهرەوان و دەستوپێوەندەکانی معاویە وتراوە. چونکە هەر دوولایان دژی عەلی وەستانەوە [٤٤].
لێرەوە ڕوونە بەکارهێنانی وشەکە خەوارج وەک ستراتیژێک لای هەر گرووپێک بەپێی ئەجێندای بەرژەوەندی سیاسی

خۆی بەکارهێنراوە[٤٥] . دواتر واتای وشەی 'خارج' نزیکە لە 'مارق' (لە دین دەرچوو)، بۆیە لەلایەن ئومەوییەکانەوە وەک زەمکردن و ناوزڕاندنیان بەکارهێنراوە[٤٦]. حوکمدان، ناونان و تەکفیرکردن لە بنەڕەتدا بڕیارێکی سەد لەسەد فیقهی نییە بە ئەندازەی ئەوەی بارودۆخی ناکۆکی سیاسی و بەرژەوەندی دەسەڵات ئاڕاستەی دەکەن. لەگەڵ ئەوەی مەرج نییە ئەوانەی تیرۆریست و پەرگیرن، ئەهلی تێوری و خوێندنەوەی قووڵ بن و کتێبەکەی تەیمیەیان لەبەردەمدا بێت، بەڵام ئەو جۆرە نووسینە لە ناوەرۆکدا ئامانجی سیاسی تێدایە، دەبێتە مۆدێلێک بۆ بیرکردنەوە، یان ڕەفتارکردن.

**٤-تەوبە ئەستۆپاکی نابەخشێت لای تەیمیە**

تەیمیە تا ئەو ڕاددەیە پێداگیرە لە بڕیارەکانی کە هەر کەسێک قسەیەک بە پێغەمبەر، یاران و شوێنکەوتوانیشی بڵێت، وەک ئەوەی مافی کەسێکی بردبێت، دەبێت بیگێڕێتەوە. مافی خەڵک (حق الناس) تۆبە نایگرێتەوە و تەنیا قەرەبووکردنەوە هەیە، ئینجا تەوبەکردن. لەبەرئەوەی تەوبەکردن هی خوایە (لە نێوان خوا و مرۆڤدایە) قەرەبووکردنەوەش هی مرۆڤە[٤٧].

بۆیە، ئەو جیاکارییەک لەنێوان جنێودان/ سوکایەتی بە خوا لەلایەک و پێغەمبەر لەلایەکی ترەوە کردووە. سوکایەتیکردن بە خوا، مافێکی پوختی خوا خۆیەتی و لەسەر خۆیەتی وەریبگرێتەوە. وەک کەسێکی داوێنپیس بە تەوبەکردن مافەکەی لەسەر لادەچێت. بەڵام جنێودان بە پیغەمبەر دوو مافی تێدایە: هی خوا و هی بەندە. مافی مرۆڤ بە تەوبە ناکەوێت-لاناچێت[٤٩] . جگە لەوەی سوکایەتی بە پێغەمبەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤێکە کە لە ژیاندا نییە و نازانرێت ئاخۆ لە مافی خۆی خۆش دەبێت . هەر کەس لە بەردەم دەربارى سوڵتان و دادگادا بە بەڵگە جنێودانەکەی بەسەردا ساغ بووەوە، پاشان تەوبەی پێکرا، حەدی کوشتنی لەسەر لاناچێت[٥٠]. لەبەرئەوەی جنێودان جیاوازە لە کوفری پوخت[٥١].

سەیر لەوەدایە پاش (٣٩٠) لاپەڕە، ئینجا ئەو دێتە سەر حوکمی جنێودان بە خوا. لە (٤١٥) پەڕەدا (٣٩٠-٤٠٠) بە (١٠) لاپەڕە حوکمی جنێودان بە خوا دەبڕێنێتەوە! پاساوی نەبەخشینی کەسێک پاش تەوبەکردن لەجنێو ئەوەیە مافی مرۆڤێک کە پێغەمبەرە پێشێل کراوە، بەڵام یەکێک جنێو بە خوا بدات، تۆڵەکەی لەسەر خوایە. ئەگەر تۆبەی کرد ناکوژرێت[٥٢]. بەو پێیەش، کەسێکی وەک 'سەلوان مۆمیکا' سووتاندنی قورئان، حەقەکەی لەسەر خوایە و ئەگەر تۆبەی کرد ناکوژرێت. بەڵام ئەگەر جنێوی بە پێغەمبەر بدایە، پاش تۆبەکردنیشی هەر دەکوژرێت!

لێرەوە، گوتارێک بەناوی بێ ڕێزیکردن، ڕێخۆشکەری پێشێلکردنی گیانی مرۆڤە. بیانوی کوشتن لەو گوتارەدا پەرچەکرداری بەوەی کە بێ ڕێزی و سوکایەتیکردن دانراوە. چ ڕێزێک لە کوشتن و تۆڵەکردنەوەدایە؟ ئەگەر ڕێزگرتن بنەمایەکی گەردوونی هەمەکییە، دەبێ بۆ هەموو باوەڕ و ئایین و بیرکردنەوەیەک یەکسان بێت. ئەگەر ئەو بنەمایە بووە پێوەرێکی گشتی گەردوونی، ئەوەیە لەبەرئەوە بێت ڕێزگرتن لە خۆیدا بنەمایەکی هاوبەشە، نەک ئامرازێکە بۆ باوەڕێک بەرامبەر ئەوی تر بەکاربهێنرێت. ڕێزگرتن لە بنەماکە ئامانجە، نەک ترسان لێی. هێزی ڕێزگرتن لە بەرز ڕاگرتنی بنەمایەکی شارستانی هاوبەشە، نەک پاکتاوکردنی جەستەیی. کە دەوترێت، ڕێز بگرە، دەبێت لە لۆژیکی هێزی تۆقاندن و سەپاند خاڵی بێت. دەبێت لۆژیکی ڕێزگرتن، خاوەن هێز و بڕیار بێت.

### بەڕای 'جۆرج تامەر' تەیمیە فەیلەسوفێکی گرنگە و ڕاکانی دژی فەیلەسوفەکانە، نەک فەلسەفە خۆی

### ٥-ستراتیژی ڕەوایەتیدان بە توندوتیژیی

تەیمیە هەنگاو بە هەنگاو لە هەر پێدراو-پێشەکییەوە- بڕیارێکەوە، ئەنجامگیریی دەکات و بەرەو ئەو جێگەیەی خۆی دەیەوێت، بگات. یەکەمجار دەڵێت: ڕێ پێ نەدراوە، ئازاردانە، حەرامە، کوفرە و دواجار سزاکەی کوشتنە. لە پێکەوە گرێدانی پێشەکییەکەدا، دۆخەکەی وا وێناکردووە وەک ئەوەی لە هاوکێشەیەکی ماتماتیکیدا بێت. هەر کە چوویتە هەنگاوی یەکەم، ئیتر ڕاستەوخۆ بەرەو کوشتن دەخزێت. ئەم ستراتیژە مەترسیدارە بڕیار و قەناعەتی پێشوەختەی وەک مرۆڤ و موفتیەکە. کتێبەکە تەنیا فەتوایەک نییە بە دیاریکراو لەسەر بنەمای حوکمی شەرعی، بەڵکو ڕەنگڕشتنی ئایدۆلۆژیایەکی گشتگیرە، کە پێچەوانەی ئامانج و پەیامی ئایین خۆیەتی. فەتوا دەبێتە پیشەسازییەک لە بواری ئاییندا و ئەو ستراتیژەی لەسەری بەندە، ئامانج بەپێی قابیلوونی هێزێکی بناژۆخواز و ئەو ڕاستییە دەشارێتەوە کە هەوڵ و کۆششی-ئیجتیهادێکی مرۆییە و خۆی دەخاتە سەروو ڕەخنە و ڕەتکردنەوە[٥٣].

بە ڕای نووسەر، پشەسازی توندوتییژی لەو کتێبەدا بە جۆریکە تەنیا گواستنەوە و هێنانەوە بەڵگەی وەرگیراو نییە، بەڵکو لەو میکانیزمەوە دەقێک، گوتارێکی تر بەهەم دەهێنێت کە تێگەشتن و کاریگەری سەردەم و دۆخی دەروونی نووسەرەکەی پێوە دیارە. ئەگەرچی ناوەرۆکی وەرگرتنی دەق و هێنانەوە شاهیدی مێژوو و نموونەن، بەڵام ئەو لە هۆنینەوەی بەڵگە و پاساودانی ڕاکانیدا، ئەنجامگیرییەکەی کردووە، کە لەگەڵ میزاج و خواستی ناخی

خۆیدا دێتەوە[٥٤].
بۆ نموونە، ئەگەر 'ئازاردانی پێغەمبەر، ئازاری خوا دەدات'، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا خوا وەک مرۆڤ و بەو جۆرەی مرۆڤ ئازاری پێدەگات[٥٥] ؟ لەم دەربڕینەدا بە جۆرێک یەکسانکردنی خوا و پێگەی پێغەمبەر هەیە. خوا چۆن ئازار دەدرێت، ئەگەر لەو ڕاڤە ناڕاستەوخۆدا لێکچواندنی خوا نییە بە مرۆڤ؟ واتای ئەوەشی کە مرۆڤ بە وشەیەک دەتوانێت ئازار بە خوا بگەیەنێت. ئەم دەربڕینە چەندە نیازێکی ئایینی لە پشتەوە بێت، سادەکردنەوەیەکی پێناسەی "خوا" و "پێغەمبەر"ە.
ئەگەر ترساندن لە خراپە و هاندانی چاکە تاکە ئامڕازێک بن لە سەردەمێکی وەک ئەمڕۆدا، ئاخۆ مرۆڤ ڕۆبۆتە هەر بە هاندان و دەمچەورکردن، یان بە تۆقان و ترساندن بخرێتە سەر ڕێڕەوی گونجاو؟ ئەی کوا خۆشەویستی، تێگەیشتن و لێکدانەوە بۆ بەهایەکی ئایینی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسی لای مرۆڤەکان گرنگن. ناتوانی منداڵەکەت بە تۆقاندن فێری ڕێزگرتن و بە قسەت بکات. لەبەر چاوتدا بەو جۆرەیە کە تۆ دەتەوێت، بەڵام لە شوێنی تر کەسێکی ترە کە تۆ ناتەوێت و دوو ڕوویی دەخاتەوە. تەنانەت دڵرەقی حوکمدان کاتێک دەگاتە چڵەپۆپە: کە پەشیمانبوونەوە، تۆبەی تاوانکارەکە (ئازاردەری پێغەمبەر) وەرناگیرێت[٥٦] ؟ ئایا ئەم ئەنجامگیریکردنەوە پێچەوانەی دەقێکی تر نییە کە دەڵێت "وما أرسلناک الا رحمة للعالمین"؟ ئەو گوتارە بێبەزەییە، چەندان پرسیار دەخاتەوە: کافر کە سزای ئەو دونیا چاوەڕێیەتی، ئیتر بۆ دەبێت لە ژیاندا بکوژرێت؟ ئەگەریش لەم دونیایە سزا درا، بۆ لەو دونیاش هەمان سزا دووبارە بکرێتەوە؟ یان ئەوە گوتاری تۆڵەیە کە یەکەمجار لەم جیهانەدا لە ژیان بێ بەش دەکرێت و لە جیهانێکی تریش دەخرێتە دۆزەخەوە؟ کوا دیالۆگ و هاندانی ڕێزگرتنی هاوبەش و نزیکبوونەوە؟
دیدی یەکلایەنەی نووسەر ڕوونە. مادام ئەوانەی پەیمان لێوەرگیراون (ئەهلی زیمە) لەژێر قەڵەمڕەوەی خیلافەتدان، نابێت سنوور ببەزێنن. ئایا بە هەمان شێوەی مسوڵمانان مافی ئەوەیان دراوەتێ بێ ڕێزیکردن بە ئایین و ڕابەرەکانیان نەکرێت[٥٧] . تەیمیە تەنیا لایەکی جەمسەری هاوکێشەی پەیمانەکە جەخت لێ دەکاتەوە. دەسەڵاتی مافی مسوڵمانانە و ئەوانی تر ژیانیان بەو مەرجە پارێزراوە لە سایەی خیلافەتدا. بەڵام گەرەنتی لەکەدارنەکردنی شکۆی ئایینەکانیان نا!
سزای جنێودان، کوشتنە، بە کۆیلەش وەرناگیرێت، نە کەفارەت دەکرێت، نە فدیەشی لێ وەردەگیرێت . ئەم لێکدانەوەیە بەرهەمی ئایدۆلۆژیایەکە کە دانەر و نەخشەکێشی تەیمیە خۆیەتی کە لە چەندان جێگادا دووبارەی دەکاتەوە[٥٩].

کۆی ئەم بڕیارانە بە ناوی خوا و دەقەوە دەدرێن. تەنانەت نووسەر دەڵێت: هەندێک ڕا هەیە تەوبەی پێ دەکرێت، بەڵام هەر دەبێت بکوژرێت، چونکە تەوبە کوشتنی لە کۆڵ ناکاتەوە[٦٠]! بە درێژایی (٤٠٠) پەڕە پتر لە (٥-٤٢١) ئەو مکوڕە لە ملپەڕاندن. ئەم درێژەپێدان و وردەکارییە بە هێنانەوەی ئایەت و فەرموودە و پێکەوە گرێدانەوەی ڕووداوێک بە دەقەوە، بڕیار لێدراوێکە کە پاساوی تۆقاندنی بۆ هێناوەتەوە.

### ٦-دڵێک بە بێ خوێنڕشتن ئاو ناخواتەوە: شمشێروەشاندن بنەمای مامەڵەکردنە

لەوێوە، تۆڵەکردنەوە بە کوشتن دەبێتە بنەمایەک و هاوکات ڕێگەیەک کە مسوڵمان دڵی ئاو بخواتەوە[٦١]! بۆ ئەوەی ڕق و کینە و توڕەیی مسوڵمانان بڕەوێتەوە:
١-یان تەمێکردن؛ تەنیا ئەگەر جنێو بە مسوڵمانێک بدرێت. بەڵام ئەگەر بە پێغەمبەر بدرێت و تەمێکردنی وەک ئەوەی جنێو بە کەسێکی ئاسایی دابێت، بەتاڵە.
٢-جنێودان مەزنترە. کەواتە باشترە ئەگەر بە کوشتن دڵی ئاو بخواتەوە و توڕەیی دامبرکێتەوە.
٣-کوشتن و جەنگان هۆکاری شیفا و دڵنەوایی مسوڵمانانە!
نووسەر چەندان ئایەت دەهێنێتەوە کە بە ڕاستەوخۆیی و ڕاشکاوی باسی کوشتنی نەکردووە. بەڵام وا ڕاڤەیان دەکات کە ئامانجەکەی بپێکێت. ڕاستە ئایەتی نەفرەتکردن و توڕەیی خوا خستنە دۆزەخ هەن، بەڵام ڕاستەوخۆ حوکمی کوشتنیان تێدا نییە[٦٢]. بە ڕوونی دیارە ئەو دەستکاری واتای دەقەکان دەکات. چونکە هێزی شمشێری کردووە بە لۆژیکی دەسەڵات. کۆمەڵگا بریتییە لەو سنوورەی شمشیر هێڵی پەیوەندییەکانی کێشاوە، نەک پێکەوەژیان، پێکەوەهەڵکردن. هێڵێکی جیاکەرەوەی دۆست/دوژمن باشترین بژاردەیەتی.

### 'تەیمیە' بە پێکەوە گرێدانەوەی دەقەکان (حەدیس/قورئان) لەگەڵ دەقەکەی خۆیدا گوتارێکی بەرهەمهێناوە

گرفتەکە لەوەدا نییە ئەو کتێبە هەڵگری فەتوایەکی ئایینییە، بەڵکو دەبێتە ژێرخانی ئایدۆلۆژیایەکی توندوتیژانە لە بەرامبەر ئەوی تری جیاوازدا[٦٣]. هەڵبژاردنی "دۆخی جەنگ" بە سەر ئاشتیدا تاکە دەروازەیەکە لە یەکلاکردنەوەی کێشە و مشتومڕەکان. هیچ دەنگێک لە سەروو شمشێرەوە نییە. دواجار شمشێرێک تەنیا گەردنی بێباوەڕ و نەسرانی ناپەڕێنێت، بەڵکو تەنانەت گەردنی ئەو مسوڵمانانەی کە لێکدانەوەی جیاوازی

سیفەتەکانی خوا و ڕۆڵی پێغەمبەر و هاوەڵانیشی دەکەن دەگرێتەوە. ئەو گرووپە مسوڵمانانەشی بە پاساوی لادان لە چوارچێوە تەسکەکەی تەیمیە گومڕان، پارێزراو نابن.

پارادۆکسێکی دەقەکە لەوەدایە چەندە لەسەر پێگەی پێغەمبەر هاتووەتە دەنگ بە هۆی کەسێک جنێوی پێداوە، سەردانیکردنی گۆڕەکەی بە حەرام دادەنێت! وێناکردنی ئایین- شەرع- وەک قەسابخانەیەکی گەورە، کورتکردنەوەی ئوممەت لەو ئەرکەدا دۆخێکی دەمارگیرانەیە. دەقەکەی تەیمیە تەنیا تۆماکردنی فەرموودەکان و ئایەت نییە، بەڵکو دۆزینەوەی بەهانەی بەکارهێنانیەتی. چونکە لە ڕیکخستن و کۆکردنەوە و داڕشتنەوەیاندا و بیانووی هەڵوێستەکانی داناوە. دۆزینەوەی بەستێنی بۆ بەکارهێنانی کۆنتێکست- دەقەکان، دەنگ و هەست و هەڵوێستی توندئاژۆی خۆی بە قورئان و فەرموودە پاساو دەداتەوە.

ئەم ستراتیژە کە ڕەچاوی کردووە، تەنیا کارێکی تەکنیکی گواستنەوە و دانانەوەیان نییە، بەڵکو دانانەوەی دەقەکانە بەرامبەر ڕووداوێک کە خۆی هەر شایەتحاڵیشی نەبووە. چونکە، لە بکەرەوە (عیساف) جنێوەکەی نەبیستووە[٦٤]. هەر بۆیە تەیمیە خۆی سزا دەدرێت، چونکە لە داگاییکردنی تۆمەتبارەکەدا دەردەکەوێت، ئەوانەی بوختانیان پێکردووە، لەبەرئەوەی کێشەی قەرز و دارایی لەنێوانیدا هەبووە!

هەر بۆیە، وتراوە تەیمیە "زانستی لە عەقڵی زیاتر بووە"! هەڵوێستەکانی لای هاوسەردەمەکانیە پەسەند نەبووە، چونکە پەڕگیر و سەرکێش بووە و بەردەوام بەئاژاوەنانەوە و گێرەشێوێن و حەزی خۆدەرخستن تاوانبار کراوە. ڕەنگە ئێرەییان پێ بردبێت، بەڵام نووسینی کتێبەکەی پاش ڕووداوەکە، خواستی دانەمرکاوی پێ دەمەزەرد بکاتەوە و ئەو ناونیشانە هەڵدەبژێرێت. کەواتە کارەکەی هەر کتێبێک نییە، بەڵکو گوتارێکی پاساودانی ئایدۆلۆژیای توندوتیژانەیە. چونکە لە گرێچن و هۆنینەوەی توخمەکانی پەیامەکەیدا لە پەنای (قورئان/فەرموودە)دا گوتارێکی بەرهەمهێناوە. واتە کتێبەکەی دەقێکە لەناو دەقی با بڵێن دایکدا (بەڵگە شەرعیەکان)ا. دەقەکە لە دایک بووە، هەمان دەقی دایک نییە. نیاز و ئامانج و خواستی بەکارهێنانی تری هەیە. پێکەوە گرێدانی ڕووداوێک بە فەرموودە، قورئان تەنیا ڕەوایەتی دانە بە توندوتیژیی. هەروەها لە خوێندنەوەی کتێبەکەیدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە بەکارهێنانی توندوتیژی و زەبروزەنگ، نەک هەر ئاساییە، بەڵکو پەیامێکی داواکراوە.

**٧-گوتاری ئایینی جێگەی ئایینەکە دەگرێتەوە**

وەک چۆن دیاردەی ئایین (دەق، مێژوو) لەنێو گرووپە توندوتیژەکاندا گۆڕاوێکن، بەڵام گوتاریی ئایینی جەوهەرییە. گوتاری بە 'ئایین زاخاودراو' کتومت دەلالەت لە کرۆکی ئایین ناکات، بە ئەندازەی ئەوەی خوێندنەوەیەکی هەڵاوێردراوە بە خواستنی کەرەستەی پێویست بۆ دامەزراندنی گوتارێکی سیاسی. ئەو گوتارەش بەپێی ڕۆژگار و پێکهاتەی بیرکردنەوەی کەسانی توندوتیژی دەگۆڕێت. جگە لەوەش خواستی گۆڕینی واقیع بەپێی ئامانجی گوتارەکە، دەبێتە ستراتیژ.

توندوتیژی/ تیرۆر بریتییە لە زۆرکردن لە گۆڕینی واقیع، یان هێنانە ژێرباری خواستی ئایدۆلۆژیا و بۆچوونێک. گۆڕین و چاککردنی بارودۆخ، دیوێکی تری توندوتیژی و پەرگیرییە. خواستی گۆڕین و چاکسازی لە خۆیدا ئەرێنییە. بەڵام ئەگەر بە ئاراستەی خواست و پێداویستییەکانی سەردەم نەبوو، جگە لە گێڕانەوەی بۆ چەندان سەدەی ڕابردوو بە زەبری هێز هیچی تر نییە. واقیعێک خراپە نەک لەبەرئەوەی وەڵامدەرەوەی خواستە گۆڕاوەکانی سەردەمەکە نییە، بەڵکو لەبەرئەوەی لەگەڵ چوارچێوەی "نموونەیەکی باڵا" کە لە ڕابردوودایە، نایەتەوە. ئەمەش هەڵەیەکی لۆژیکییە لە بیری توندوتیژخوازەکاندا. قەناعەتی ڕەها بەوەی کە باشترین مۆدێلی ژیان و حوکمڕانی ئەوەیە کە سەدەگەلێک لەمەوبەر ئەزموون کراوە.

لێرەوە، دوو بژاردە دەکەوێتەوە:

١- یان لاساییکردنەوە و کۆپیکردنەوەی ئەزموونی ڕابردوو بە گواستنەوەی بۆ واقیعی ئێستایە، داسەپاندنی ئەمەش بەبێ هێز و زەبروزەنگ ئاسان نییە. وەک ئەوەی جلێکی جوان و نموونەیی کۆن بێ دەستکاریکردنی بکەیتە بەری کەسێکی ئێستا. لە جیاتی جلەکە بگونجێنرێت، جەستەکە-واقیع- دەشێوێنرێت!

٢- گێڕانەوەی 'ئێستا' بۆ ڕابردووە لە ڕووی بیرکردنەوە، قایلبوون، تێگەیشتن و جیهانبینی دابڕانێکە لە سەردەمەکە. ئایدۆلۆژیستەکان (ئایینی/نائایینی) کاتێک بە ناوی شۆڕشەوە واقیع لەگەڵ دەق و ئایدۆلۆژیا یۆتۆپیاکانیان ڕێکدەکەنەوە، توندوتیژی دەخنەوە.

**بەردەوام لە دەقەکەی تەیمیەدا بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانی، باسی ئیجماع، قورئان، سوننە کراوە. لە پشت ئەو پەرێزەوە، ئامانجێک هەیە: سەرخستنی ڕاوبۆچوونی خۆی لە ڕەو ایەتیدان بە کوشتن وەک باشترین ڕێچارە**

**٨-نووسەری دەق بیرمان بۆ دەکاتەوە**

تێمای (پرسگر) سەرەکی تەیمیە کە دەبێتە پێشترین بابەتی نووسینەکەی، بریتییە لە سزای تاوانبار بە جنێودان. بەڵام دارشتنەوەی بۆ حوکم و دیاردە و ڕووداو و تێماکە، هەر جارەی بەشێوازێکی جیاواز، لە خۆیدا بریتییە لە بەرهەمێنانی بوونیادێکی وتراو-لەفزی-نوێ[٦٥] . چونکە لە گوتاری ئایینیدا نەک هەر دەق خۆی، بەڵکو گێڕانەوە و کەسێتییە نموونەییەکانی ناوی، جێی بیرکردنەوەی وەرگری ئێستایی دەگرنەوە. لەجیاتی فێربوونی وانەیەک لە گێڕانەوە، بۆچوونی ڕابەرێک بە پێودانگی باش و خراپەی دادەنێن. واقیع بە خواست و جیهانبینی ڕابەرێک لە مێژوودا دەگۆڕن.

ئەگەر بوترێت 'ئیسلام' وەک ئایین لەبنەڕەتدا یەک گوتارە، بەڵام پرۆسەیەکی مێژووکردە کە (٢٣) ساڵی خایاندووە. لە قۆناغی مەکیدا (٨٢) سوورەتن گوتارێکی دیالۆگئامێزە، لە (٨) مەدینەدا لۆژیکی هێزی دەوڵەتداریی پێوە دیارە. پاشتریش لە کێشمەکێشی دەستنیشانکردنی جێگرەوە-خەلیفە-دا تا خەواریج و جەنگی سەفین هتد... ڕوونە هەر قۆناغێک گوتارێکی تایبەت بە خۆی هەبووە. ڕاڤە و لێکدانەوە و هەڵێنجانی حوکمی شەرعی لە دەقەکانەوە بە ئاراستەی بەرژەوەندی دژیەک کراوە.

دواجار، گوتاری 'عەلی' شیعەگەری و گوتاری 'موعاویە' دەسەڵاتی ئومەوی لێدەکەوێتەوە، بەڵام گوتاری 'خەواریج' پرپشکی سەرهەڵدانی گرووپە ناڕازی و کەلامییەکان و هاوکات پەرچەکرداری ڕێچکەی حەدیسگەراش وەهابیزم و سەلەفیزمی لێدەکەوێتەوە. هەریەکەیان خۆی بە ئیسلامی ڕاست دادەنێت. ئیتر گوتار لەجێی دەقیی دایک/ ئایین دادەنیشێت. یەک ئیسلام وەک مێژوو و دەق هەیە، بەڵام وەک گوتار یەک ئیسلام ئەستەمە. بەپێی سەردەم و هەلومەرج و خواستی ڕابەرەکانی، پەیام و ڕاڤەی جیاواز هەبوون و دەبن.

لێرەوە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە تەیمیە سەرگەرمی 'دەقئاوێزان[٦٦]' لە بەرهەمهێنانی گوتارەکەیدا. هەر دەقێکی دیاریکراو، لە خۆیدا وەڵامدانەوەی ئەوەیە کە پێشتر بە دیاریکراوی، یان نادیارکراوی نووسراوە'[٦٧] . بە دەربڕینێکی تر لە نێوان دەقێک و دەقێکی تردا پەیوەندییەکی دەقئامێزانە وەک بنەمایەکی ڕاڤەکردن هەیە. بە ڕای 'کریستیڤا' ئەو زاراوەیە یەکەمجار بە واتای: 'ئاوێتەکردنی مێژوو (کۆمەڵگە) بە دەق و ئاوێتەکردنی ئەو دەقەش بەمێژوو'[٦٨] . هەمیشە دەق وەڵامدەرەوەی دەقەکانی پێش خۆیەتی و هەوڵدەدات لە ڕێی وێناکردنەوە جارێکی تر دایبرێژێتەوە[٦٩]. بەمەش 'بەشداری لە دارشتنەوەی مێژوو و لە پرۆسەی گۆرانکاری فراواندا دەکات. هاوکات پێشڕەوی لە دەقی پاشتر لەخۆی دەکات و هەوڵی فۆرمەڵەکردنی دەدات'[٧٠].

لەو ڕوانگەوە دەق "دیالۆگێکە لە نێوان پێش و پاش خۆیدا. هەر وتراوێک لە ئاخاوتندا وەڵامدانەوەی ئەوی پێشخۆیەتی و دەستپێشخەری ئەوانەشی کە پاشتر دێن"[٧١]. لەم سۆنگەوە، دەقەکەی تەیمیە لە گفتوگۆدایە لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆی و دەسپێشخەریشە بۆ ئەوانەی دوای خۆی دێن.

**٩-پارادۆکسی پاراستنی شکۆ و لێدانیش**

یەکێک لە ستراتیژ و ئامانجی تەیمیە لە پاراستنی شکۆی ڕابەری ئایین لە بەرامبەر جنێو و سوکایەتیدایە، بەڵام لە هەڵبژاردنی میکانیزم پاراستندا، کورت دەهێنێت. لەلایەک پێگەی پەیامبەر و شوێنکەوتوانی وەک مرۆڤن و حەقیان بەسەر هاومرۆڤەکانیانەوە هەیە، بەڵام تا پلەی ئیمتیاز بەرزیان دەکاتەوە. نەک هەر جنێو، بەڵکو نابێت ڕەخنەشیان لێبگیرێت. بەناوی داکۆکیکردن لێیان، کوشتن دەبێتە ڕێچارەکە. بەڵام بێ ئەوەی بزانێت کە کەسی یەکەم ئایینەکە، بۆ ئاستی مرۆڤێکی ئاسایی کۆمەڵگا کە لە پەرچەکرداری ڕق و کینە و تووڕەیی و تۆڵەکردنەوەدا بێت. وەک خەڵکی ئاسایی، تینووی تۆڵەکردنەوەی جەستەیی بێت.

ئایا؛ ڕێز بە زەبری شمشێر تۆقاندنە و ناچارکردنی بە ڕواڵەت نییە؟ ئەی کوا ئەو بەها و پەیام و خەسڵەتە ڕەوشتییە باڵایەنەی لە خەڵکانی تر جیای دەکاتەوە؟ تەیمیە دەڵێت، ئەگەر کەسێک جنێو بدات و مسوڵمان بێت، بەڵام ناپرسێت چۆن مسوڵمان جنێو بەپێشەواکەی دەدات؟ یان لەبەرئەوەی بە ترس، یان بەرژەوەندی ڕێزگرتن سەپێنراوە؟

ئەگەر هەر کوشتن بنەمای تۆڵەکردنەوە بێت، ڕێسای شمشێر بەرامبەر شمشێر و وشە بەرامبەر وشە ڕەچاو بکرێت. ئیتر ئەو مکوڕە لەسەر حوکمی جنێودان، ڕاستەخۆ بڕیارەکە بەوە دەچەسپێنێت کە کۆدەنگی لەسەرە. هەروەها بۆچوونی 'حەنیفە نوعمان' کە بە شێرکی گەورە ناوی بردووە ڕەتدەکاتەوە[٧٢]. دەبێت حەد لەوەی جنێو بە هاوەڵ و شوێنکەوتوان بدرێت و تەنانەت ئەو مسوڵمانەی گومانی لەو فەرمانە بێت کافرە[٧٣]. ئیتر نووسەر دەکەوێتە گێژاوی 'تەقدیسکردن'ی کەسێتییەکانەوە!

**تەیمیە لە دەقەکەیدا دەیەوێت بیسەلمێنێت کە 'لۆژیکی دروست و ساغ' یەک ئەنجامی لێ دەکەوێتەوە: دەبێت جنێودەر بکوژرێت**

**١٠-ئایا کتێبەکەی تەیمیە تەنیا هاندەری کوشتن و تیرۆرە؟**

ئایا زاڵبوونی توندوتیژی بەسەر ڕایگشتی و گرووپەتیرۆریستەکان لە ئەستۆی تەیمیەیە؟ کەسێتی تەیمە جێی پرسیار و

مشتومڕە. هاوکات ناوبانگی لای گرووپە توندئاژۆکان لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامدا زەقە. ئەو کتێبەشی خوێنەر و شوێنکەوتووی هەیە، بەڵام ئایا دەکرێت تەنیا یەک کتێب ئەوەندە کاریگەر بێت لەسەر جیهانبینی هەموو باوەڕداران لە سەرتاسەری جیهاندا؟ بە ڕای 'لوسیان جوم' پرسیارێک دەبێت بکرێت: دەکرێت کتێبێک بە تەنیا هەموو جیهان بگۆڕێت؟ وەک باوە دەوترێت کۆمەڵێک کتێب وەک 'مانیفێستی کۆمۆنیزم'، 'پەیمانی کۆمەڵایەتی ڕۆسۆ'، 'تویژینەوەیەکی ئەنیشتاین' ڕێڕەوی مێژوویان گۆڕیوە[٧٤] ؟ وەڵامی ئەو لە نموونەی ئەنیشتاین'دایە کە ١٩٠٥ تیۆری گوێرەیی (ڕێژەیی) دانا. ناوەرۆکەکەی لە ڕووی میتۆد و زانستییەوە شۆڕشێکی زانستی بوو. بەڵام بە هێواشی بڵاوبووەوە. تەنانەت پێش ئەوەی شۆڕشێک لە فیزیادا بەرپا بکات بەرەوڕووی چەند ئاستەنگێک بووەوە[٧٥].
بۆ ئەوەی کتێبێک، تیۆرێکی فەلسەفی، زانستی شۆڕشێکی کاریگەر بێت، دەبێت دابڕانێک لەگەڵ پێش خۆیدا بخاتەوە. ٢- لە پشتیەوە هێزگەلێک کەخواستی دەسەڵات گرتنەدەستیان هەبێت.
٣- پێچەوانەی شەرعیەتی ئەوەی لە ئارادا بێت. ٤- سیستمێکی نوێ کە جێی پێش خۆی بگرێتەوە[٧٦].
نکۆڵی لەوە ناکرێت کە 'تەیمیە' ئیلهامبەخشی گەورە تیرۆریستەکانی جیهانە. بە ڕای 'بەلقیز' لەگەڵ ئەوەی تەیمیە پتر وەک زانای ئایینی، نەک سیاسەتکار ناسراوە، بەڵام گرووپە پەڕگیرەکان سوورن لەسەر شوێنکەوتنی ڕێبازە زانستی و کردارەکانی. چونکە وەک پرۆگرامێکی سیاسی سەرکەوتوو دایدەنێن،[٧٧] . 'سالح سریە' بە جۆرێک ستایشی تەیمیە دەکات، کە پێیوایە بیروباوەڕی ئەو و قوتابییەکان لەم سەردەمەدا باشترینی جیهانی ئیسلامییە و شانازیش دەکات بەوەی لەسەر ڕێبازی ئەو دەڕوات[٧٨].
'محەممەد عەبدولسەلام فەرەج' لە (١٠) جێدا ئاماژەی بە تەیمیە کردووە و بە جۆرێک کە باس لە هەڵگەڕاوەکان لە ئایین دەکات بۆچوونەکەی کە لە کافر خراپترە دووبارە دەکاتەوە[٧٩]. بۆیە لە هەموو حاڵەتێکدا دەکوژرێ و نە جزیەی لێ وەردەگیرێت، نە پەیمان و بەڵێن بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە بنەڕەتدا کافرە! هەروەها ئەبو مەسعەبی زەرقاوی لە "نامە و گوتارەکانیدا" (٣٢) جار دەگەڕێتەوە سەر ڕاکانی تەیمیە، چوار جار ئاماژە بە 'سارم' دەکات[٨٠]. هەڵبەت هەر ئەیمەن زەواهیری خۆی نزیکە (٢٩) جار گەڕاوەتەوە سەر فەتواکانی تەیمیە و سێ جاریش چۆتەوە سەر 'سارم'[٨١].

**دەرئەنجامەکان**

لەگەڵ ئەوەی تەیمیە زانایەکی ئایینی خوێندەوار و سەردەرچوو بووە لە بوارە جیاکاندا، کەسێتییەکی تایبەت و

جیاوازی بەپێی قۆناغ و کتێبەکانی هەیە. لەلایەک وەک ڕابەری فیقهی تیرۆریستە جیهانییەکان بووە، لەلاکەی تریشەوە بەشێوازی لۆژیکی خەریکی هەڵێناجی فەتوا، یان هەڵویستە بەرامبەر پرسە کەلامی و لۆژیکییەکان.

جەختکردنەوەی تەیمیە لەسەر کێشەیەک کە جنێودان/بێ ڕێزیکردنە بە پیرۆزیی، تارماییەکی دروستکردووە و بێ پرسیار ماوەتەوە: بۆ بە گشتی جنێو دەدرێت و پاڵنەرەکەی چییە، بە تایبەت ئەگەر بکەرەکە مسوڵمان بێ؟ ئەو لەسەر ئەم پرسە ناوەستێت و بە کێشەی نازانێت. بۆمان ساغ ناکاتەوە ئاخۆ جنێودان ئەنجامێکە، یان خۆی هۆکارە؟ پێداگیری ئەو تەنیا لەسەر سزایە.

**تەیمیە وەک 'فەتوادەر' نا، بەڵکو وەک باوکێکی ڕۆحی ڕێنمایی و ڕێگریمان لێدەکات. لەپشت دەقەکەیەوە، خۆی خاوەن قسەی یەکلاکەرەوە و بڕیاردەری ڕەهایە**

تەسککردنەوەی کێشەکە لە یەک ڕوانین، یەک ڕەهەندی چارەسەری خستووەتەوە. لەبارەی پەیوەندی مرۆڤ بە پیرۆزییەکانیش، پێگەی مرۆڤ تەسککراوەتەوە. مافی لێکدانەوەی جیاواز و تێگەیشتنی تری لێ سەندراوەتەوە. ستراتیژی نووسەر کۆنترۆڵکرنی هزر و بیری خەڵک و داشۆرینی مێشکە بە ڕەوانبێژییەکی ئاخنراو بە ئایدۆلۆژیا. خستنەڕووی کێشەکە لە دوو پێشەکی جێگیردا، هەر یەک ئەنجامی ناچارەکی لێبکەوێتەوە، ئەنجامی پێکەوەبەستنەوەی ڕووداو بە دەقەوە. بە ڕواڵەت ئەمە لۆژیکی ڕاست و دروستی عەقڵە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ستراتیژی نووسینێکی ئایدۆلۆژیانەیە کە هەموو ڕاڤەکانی تر ڕەتدەکاتەوە.

---

١- In "The Faith of a Rationalist," broadcast by the BBC in ١٩٥٣, Bertrand Russell - Freedom From Religion Foundation (ffrf.org). Annie Laurie Gaylor. پێشتریش بیرمەندی ئازادیخواز 'تۆماس پەین' وتویەتی: باوەڕکردن بە خوایەکی بێبەزەیی، مرۆڤی دڵڕەق دروست دەکات.

٢-https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=13184

٣-http://www.sunna.info/wahabies/harrani.htm

٤- د. عبدالكريم أجهر: إبن تيمية وإستئناف القول الفلسفي في الإسلام. المركز الثقافي العربي. المغرب ٢٠٠٤. ل ٢٢-٣.

٥- نەوزد جەمال چاودێر ٢٠٠٧ ژمارە

٦- أجهر. ١٣.

٧- هـ.س.

٨- هـ.س. ١٣

٩- 'تهافت الفلاسفة'.

١٠- هـ.س. ل١٤

١١- هـ.س. ٢٢٢

١٢-Tamer, Georges. "The Curse of Philosophy: Ibn Taymiyya as a Philosopher in Contemporary Islamic Thought". Islamic Theology, Philosophy and Law: Debating Ibn Taymiyya and Ibn Qayyim al-Jawziyya, edited by Birgit Krawietz and Georges Tamer, Berlin, Boston: De Gruyter, 2013, pp. 329-374. https://doirg/10.1515/9783110285406.329

١٣-https://www.aljazeera.net/encyclopedia/2022/9/23/%D8%AA%D9%82%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%8A%D9%86%D8%A3%D8%AD%D9%85%D8%AF-%D8%A7%D8%A8%D9%86%D8%AA%D9%8A%D9%85%D9%8A%D8%A9-%D8%B4%D9%8A%D8%AE%D8%A7%D9%84%D8%A5%D8%B3%D9%84%D8%A7%D9%85

١٤- اسم فاعل من صرَمَ وصرُمَ. ٢ - متشدِّد، قـويٌّ ماضٍ في أمرِه :-رجلٌ صارمٌ، - كلّمه بلهجة صارمةٍ. له منجد قاس شديد٨٣٣.

١٥- [س ل ل]. (مفع مِنْ سَلَّ) يَلُوحُ بِسَيْفِهِ الْمَسْلُولِ فِي الْهَوَاءِ.

١٦- شاتم

١٧-إبـن تيمية 'الـصـارم المسلـول على شـاتم الرسول' دار الكتب العلمية. بيروت لبنان ط٢ ٢٠٠٩.ل ٤٠١

١٨-هه. س. ٤٠٥

١٩- ابن الجوزي: تلبيس إبليس. دار الخير- بيروت ط٢ ٢٠٠٠.ل ١٦٦

٢٠-ه.س.

٢١-أجهر ل ٣٩

٢٢-جوليا كريستيفا: قراءة الكتاب المقدس. مؤ،نون بلاحدود. ٢٠١٢١/١٢/٢١.

٢٣-ه. س.

٢٤-نـصـر حـامـد أبـوزيـد: الـنـص، الـسـلـطـة، الحقيقة. المركز الثقافي العربي. دار البيضاء ١٩٩٥.ل ٩١

٢٥-Coherence

٢٦-نورمان فيركليف كتێبی : اللغة والسلطة. المركز القومي للترجمة ٢٠١٦ . ل ١١٢

٢٧-ڤيركليف ٢٠١٦. ١٥١

٢٨-نـۆرمـان فـيركـليـف؛ الخـطـاب والـتـغـير الإجـتـمـاعي. المركز الـقـومي للـترجـمـة. الـقـاهـرة ٢٠١٥ .ل٢٢

٢٩- ه. س. ٨٦

٣٠-ه. س. ٨٧

٣١- توين فان دايک: الخطاب والسلطة. المركز القومي للترجمة. القاهرة ٢١٤.ل ٤٢٩

٣٢-ه. س.

٣٣-ه. س. ٤٢٩

٣٤-نص صريح

٣٥-ه.س ٤٣١

٣٦-ه. س. ٤٨٨

٣٧-ه. س. ١١٩

٣٨-جوليا كريستيفا: قراءة الكتاب المقدس. مؤمنون بلاحدود. ٢٠١٢١/١٢/٢١.

٣٩- ه.س.

٤٠-ه.س.

٤١-ه.س.

٤٢-ه.س.

٤٣- الارهـاب و التطرف في أوروبـا لـعـام٢٠٢١ وشكل الارهاب ٢٠٢٢ - المركز الأوروبي لدراسات مكافحة الإرهاب والاستخبارات (europarabct.com)

٤٤-عـطـا عـبـدالـرحـمـن محي الـديـن. حـركـات الـخـوارج في بـلاد الـكـورد و مـا جـاورهـا(٦٦١-٨٣٣م). مركز الدراسات الكردية –كوردولوجي- ٢٠٠٧.ل ١٣٩

٤٥-ه.س. ١٤٢

٤٦-ه.س.

٤٧-تيمية: الصارم ٣٥١

٤٨-ه.س. ٣٥٤

٤٩-ه.س. ٣٥٥، ٣٩٢

٥٠-ه.س. ٣٦٤

٥١-هـ.س. ٣٦٦
٥٢-هـ.س. ٤٠٠
٥٣-أمعارش.
٥٤-هـ.س.
٥٥-هـ.س. ٣٣
٥٦-هـ.س. ٣٨
٥٧-هـ.س. ١٥٢
٥٨-هـ.س. ١٨١
٥٩-هـ.س. ٢١٦
٦٠-هـ.س. ٢٥٥
٦١-هـ.س ١٥
٦٢-هـ.س. ٢٤
٦٣-محمد أمعارش، الذي أعد دراسة حوله بعنوان "تفكيك أصول خطاب العنف الدموي: قراءة نقدية لكتاب ابن تيمية "الصارم المسلول على شاتم الرسول". مؤسسة مؤمنون بلاحدود للدراسات و الأبحاث. ٢٠١٥. www.mominoun.com.
٦٤-هـ. س.
٦٥-نۆرمان ڤیرکلیف ٢٣٥
٦٦-Intertextuality. التناص.
٦٧-Intertextuality Definition & Meaning - Merriam-Webster.
٦٨-نۆرمان فیرکلیف؛ الخطاب والتغير الإجتماعي. المركز القومي للترجمة. القاهرة ٢٠١٥. ل ١٣٠
٦٩-هـ. س.
٧٠-هـ. س.
٧١-هـ. س. ١٣١
٧٢-تەیمیە ٧
٧٣-هـ. س.
٧٤-لوسیان جوم: هل يمكن لنص أى يغير العالم؟ ت. عبدالله المتوكل. مؤسسة مؤمنون بلاحدود ٢٠١٥
٧٥هـ.س.
٧٦-هـ.س.
٧٧-عبد الإله بلقزيز: السياسة ل ١٠٠-٣
٧٨-صالح سرية: 'رسالة الإيمان'.٥. ساڵح ئەردەنیەکی بە ڕەچەڵەک فەلەستینیە و لە شاری 'حەیفا' لەدایکبووە و خوێندنی سەرەتای تێدا تەواوکردووە. لە دوای کارەساتی (١٩٤٨) بەیاوەری خێزانەکەی بەرەو ئێراق هاتووە و پاشان ناوەندی و کۆلیێجی شەریعەی لە بەغدا تەواوکردووە. دامەزرێنەری گروپی 'بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستین'ە و لەسەروبەندی حوکمی 'قاسم' کە نێوانی ئیخوانی ئێراق و حکومەت تێکچوو، پەنایانبردە بەرکاری نهێنیی و ساڵح بە کەسێ ناسراوە کە چەندان هێرش و پەلاماری بۆ سەر جووەکان ئەنجامداوە: http://www.elismaily.tv
٧٩-الفريضة الغائبة: محمد عبدالسلام فرج، مكتبة فلسطين المصورة. ١٤. بێ سال.
٨٠-كلمات رويت بالدماء والكتاب الجامع و خطابات ورسائل الشيخ المجاهد أبي مصعب الزرقاوي. ط ٢ مضيئة. أمير تنظيم القاعدة في بلاد الرافدين. پاش کوشتنی بڵاوکراوتەوە. ئەوەی جێی پەشۆکانە، لە لاپەڕە ١٤١ دا ئەڵێ "ئەبو مەسعەب وا ئەمریکیەک بەنایو 'ئارمسترۆنگ' لە ١٠ ئۆکتۆبەر ٢٠٠٤ دا سەرئەبڕێت! لەو وتارەدا کردەوەکەی وەک تۆڵەسەندنەوە لە "سەلیبیەک" پاساودراوە و هەروەها جوێنی وەک سەگ و هتد... بەرامبەر بەکارهێنراوە. تۆماری دەنگ و ڕەنگی ئەو ڕێوڕەسمە(سەربڕین) بە "نەحر" ناوبراوە. دیسان لە ڕێوڕەسمی سەربڕین 'نیکلاس بیرج' لە١١ مەی ٢٠٠٤ دانراوە! گاڵتەجاڕییەکیش لە پێشەکی کتێبەکەدایە کە بەم ڕستیە دەستپێدەکات: الحمدلله القوى المتن، والصلاة والسلام على مَن بُعِث بالسيف رحمة للعالمن. واتە، سپاس بۆ خوای بەهێز و سڵاوات لەسەر ئەوەی بەشمشیر وەک بەزەیی بۆ جیهان نێردراوە.
٨١-أيمن الظواهري: التبرئة رسالة في تبرئة أمة القلم والسيف من منقصة تهمة الخبر والضعف السحاب للانتاج الأعلامي. بێ ساڵ.

وەرگێڕان

ئایینناسی

# بوونیادگەرایی ئیسلامی و چەمکە جێگرەوەکانی

نووسینی: هادی دەروێشی و سارا شەریعەتی
وەرگێڕانی: ئەرخەوان سەیفور ئەسکەندەر

**کورتەیەک**

هەندێک جار هەندێک لە چەمکەکان لەبەر بەکارهێنانی زۆریان لە بوارە جیاوازەکاندا، شێوەیەکی لاستیکییان وەرگرتووە و توانای ڕوونکردنەوەی خۆیان لە دەست داوە و لە جیاتی ڕوونکردنەوەی ڕاستی خۆیان، دەبنە بەربەست لە بەردەم ڕاستیدا. سەبارەت بە چەمکی بوونیادگەرایی دەتوانرێت چی بوترێت؟ ئایا ئەم چەمکە ڕوونکەرەوەی ئەوەیە کە بوونیادگەرایی پێ دەناسرێت، یان دەبێت سوود لە چەمکە جێگرەوەکان وەربگرین؟ ئایا دەتوانرێت چەمکی بوونیادگەرایی لە دەرەوەی شوێنی سەرهەڵدانی خۆی کە ئەمریکای پرۆتستانتی سەدەی بیستەمە بەکار بێت؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا، دوو گرووپی هاوڕا (هاوڕایانی گونجاویی چەمکی بوونیادگەرایی) و دژ (هاوڕایانی نەگونجاویی) بوون. لارنس، ڕیزبروت، ئاڵتمیر، سامرز، شوارتز و ليندلی بەشێکن لە گرووپی یەکەم و لەوانەن کە باوەڕیان بە پێناسەی

بوونیادگەرایی لەسەر بنەمای لێکچوون لە نێوان ئایین و کولتوورەکاندا هەیە. لە بەرامبەردا، هاوڕایانی نەگونجاویی وەک ڕۆتون، هانتر، سەعید، بروینسن و فریدمەن و ڕەخنەگرانی بەکارهێنانی بوونیادگەراین لە کولتوورەکان و ئایینەکانی تردا و بە دوای داتاشینی هاووتان بۆ ئەم چەمکە.

یەکێک لەم کولتوور و ئایینانە، جیهانی ئیسلام و ئایینی ئیسلامە. بەکارهێنانی زاراوەی بوونیادگەرایی لە بواری ئیسلامیدا چۆن هەڵدەسەنگێنرێت؟ و چ هاوواتایەک بۆ بووندیادگەرایی لە جیهانی ئیسلامدا دەتوانرێت پێشنیار بکرێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە چاوپێکەوتن لەگەڵ ١٨ پسپۆڕ کراوە و لە ڕێگەی شیکاری ناوەرۆکی ئەم چاوپێکەوتنانەوە کۆمەڵە چەمکێکی وەک: دەقگەرایی، توندڕەویی، فەندەمێنتاڵیزم، ئیسلامیزم، ڕادیکالیزم، دۆگماتیزم وەک هاوواتای بووندیادگەرایی بە دەست هاتوون.

کە دوای ڕەخنەلێگرتن و تاوتوێکردنی سێ چەمکی سەلەفی جیهادی، دەقگەرایی جیهادی، دەقگەرایی تەکفیری، وەک هاوواتایەکی کەم تا زۆر نزیک لە بووندیادگەرایی ئیسلامی پێشنیار کراوە.

کلیلە وشەکان: بووندیادگەرایی، بووندیادگەرایی ئیسلامی، سەلەفی جیهادی، دەقگەرایی جیهادی، دەقگەرایی تەکفیری.

**خستنەڕووی کێشەکە: ناکۆکی ناولێنان**

زیاتر لە دەیەیەکە پێویستی توێژینەوە تیۆرییەکان سەبارەت بە چەمکەکان لە نێوان کۆمەڵناساندا بەرجەستە بووە. یەکێک لە فاکتەرەکانی پێویستی تێڕامان لە چەمکەکان، وەرگێڕانی چەمکەکانە، بەڵام وادیارە هەندێک لەم چەمکانە وەک سیکۆلاریزەیشن، ئایدۆلۆژی، مۆدرنیتە و... سەبارەت بە کولتووری ئیسلامی، لێڵ و ناڕوونن و پێویستییان بە تێڕامان و دووبارە بیرلێکردنەوە هەیە.

بووندیادگەراییش لە جۆری ئەو چەمکە باسکراوانەیە. ئایا لەم بارەیەوە، پێویستە سوود لە چەمکە جێگرەوەکان وەربگیرێت؟ ئایا ئەم چەمکە، تایبەتە بە بواری کۆمەڵایەتی و کولتووری دەیەی دووەمی سەدەی نۆزدەی ئەمریکا، کە بووندیادگەرایی لەوێ سەری هەڵدا، یان دەکرێت لە هەر بوار و هەلومەرجێکی تردا سوودی لێ وەربگیرێت؟ بۆ نموونە ئایا لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا دەتوانرێت باسی بووندیادگەرایی ئیسلامی بکەین، یان پێویستە بیر لە کۆمەڵێک چەمکی جێگرەوەی گونجاو لەگەڵ کولتووری ئیسلامیدا بکەینەوە؟

بووندیادگەرایی زاراوەیەک بووە لە سەرەتادا لە مەسیحی و پرۆتستانتدا بەکار هێنراوە، بەڵام وردە وردە بۆ تێکڕای جۆرەکانی توندڕەوی و ڕادیکالیزم لە هەموو ئایین و ئایینزاکاندا بەکار هاتووە. ئەم چەمکە لەمڕۆدا لە بوارگەلێکی تردا سوودی

لێوەردەگیرێت کە نائایینین. بە شێوەیەک کە لە بوونیادگەرایی بازاڕ (ڕۆتۆن ٤٦:١٣٨٩ و گرێبێنز[1] و ڤێندنبێرگ[2]، ٢٠١١ :١٠٦) و بوونیادگەرایی زانستی (دیویس، ١٣٨٥: ٥٧) باس دەکرێت. لەم ڕووەوە سەرەڕای جیاوازی کولتوور و ئایینەکان، بیرکردنەوە لە کۆمەڵە جێگرەوەیەک بۆ بوونیادگەرایی بە هۆی سوودوەرگرتن لێی لە بوارەکانی تردا زیاتر پێویستە، لەبەرئەوەی وا دەردەکەوێت بە هۆی سوودوەرگرتن لە بوونیادگەرایی لە بوارە جیاوازەکاندا و لاستیکی بوونی، ئەم چەمکە توانای ڕوونکردنەوەی خۆی لە دەست داوە و لە جیاتی ڕوونکردنەوەی ڕاستی، بووەتە بەربەست لەبەردەمیدا.

ئەمڕۆ زاراوەی بوونیادگەرایی گۆڕاوە بۆ یەکێک لە زاراوە زۆر دووبارەبووەکانی ئەم سەدەیە (برگر، ١٣٨٠) و بەتایبەتی سەبارەت بە جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتە ئیسلامییەکان بە فراوانی بەکار دەهێنرێت. لەم سۆنگەیەوە چارەسەرکردنی ئەم بابەتە پێویستە و یەکەم هەنگاو لەم بوارەدا گفتوگۆی چەمکییە سەبارەت بە ناولێنانی و بەشداریکردن لەم مشتومڕەدا. ئامانجی ئێمە لەم نووسینەدا دۆزینەوەی چەمکێکە سەبارەت بە هاوواتاکانی بوونیادگەرایی ئیسلامی لە ئەدەبیاتی لێکۆڵینەوەیی و لە ڕوانگەی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بتوانین بگەینە کۆمەڵێک هاوواتای وردتر. کەواتە پرسیارە سەرەکییەکە ئەمەیە، کە دەکرێت چ هاوواتایەک لە جیاتی بوونیادگەرایی ئیسلامی پێشنیار بکرێت؟ شایەنی باسە سەرەڕای پێناسەگەلێکی فرەچەشن و هەندێک کات دژ لەگەڵ بوونیادگەرایی ئیسلامی، پێناسەی ئێمە بۆ ئەم چەمکە ئەمەیە "هەر تاک، یان گرووپێکی دەقگەرای دژە دونیای مۆدێرن کە خوازیاری بوونیادنانی کۆمەڵگەیە لە سەر بنەمای شەریعەت و لە ڕێگای گەیشتن بەم ئامانجەدا، توندڕەوی بەکاردەهێنێت". (دەروێشی و ڕەزایی، ١٣٩٩). دەرەنجام، چوار پێوەری گرنگی بوونیادگەرایی ئیسلامی بریتین لە (دەقگەرایی[3] ، بەکارهێنانی توندڕەوی، بوونیادنانی کۆمەڵگە لە سەر بنەمای شەریعەت، دژایەتی و شەڕ لەگەڵ دونیای مۆدێرن).

## پاشخانی لێکۆڵینەوە

ئەنجامە بەدەستهاتووەکان دەکرێن بە سێ بەشەوە: بەشی یەکەم، ئەو لێکۆڵینەوانەی سەرقاڵی تاوتوێکردنی بوونیادگرایی بوون لە وڵاتانی سوننە مەهەبدا (هەروری ١٣٩٦؛ شاکری ١٣٨٥، مۆهاجرانی ١٣٨٧، ئەفشاگەری ١٣٩١)، بەشی دووەمیش ئەو لێکۆڵینەوانەن کە پەیوەستن بە توێژینەوەی بوونیادگەرایی سەبارەت بە ئایینزای سوننی لە کۆمەڵگەی ئێراندا( بەقالی، ١٣٨٩) و بەشی سێهەم

لە توێژینەوەکانیش پەیوەستن بە تاوتوێکردنی بوونیادگەرایی لە نێوان شیعەکانی ئێراندا (قەجەری ١٣٨٧، حاجی هاشمی ١٣٩٣ و زەرجینی ١٣٩٥ ).

لە هیچ یەکێک لە لێکۆڵینەوە باسکراوەکاندا پرسی سەرەکی توێژینەوەکە شیکاری بوونیادگەرایی نەبووە، بەڵکو بە پرژانە سەر نموونەکانی بوونیادگەرایی، پرسیارگەلێکی تر خراونەتە ڕوو. هەروەها زۆربەی توێژینەوەکان پەیوەستبوون بە بوونیادگەرایی لە وڵاتە سوننە مەزهەبەکاندا و توێژینەوەی ئەنجامدراو لە لایەن ( زەرجینی)یەوە هەرچەندە هەندێک لە ناوەندەکانی پرسەگێڕی وەک نموونەکانی بوونیادگەرایی لە ئێرانی شیعیدا لەبەرچاو گرتووە, بەڵام سەبارت بە چەمکی بوونیادگەرایی باسێکی نەخستووەتەڕوو. قەجەری، ئیسلامی پیرۆز لە شۆڕشی ئێراندا بە بوونیادگەرایی شیعە دادەنێت و بەدیهاتن و هەژموونی لە شۆڕشی ١٩٧٨دا بەرجەستە دەبێت. حاجی هاشمی بە پێچەوانەی قەجەری، سەرچاوەی خۆراکی تیۆری ئیسلام لە شۆڕشدا بە تازەگەری دەزانێت. ئەو شێخ فەزڵوڵڵا نوری، سەید موجتەبای نەواب سەفەوی، مورتەزای حائیری و محەممەد تەقی مسباح یەزدی وەک نموونەی بوونیادگەرایی شیعە ناو دەبات.

سەبارەت بە لێکۆڵینەوە درەکییەکانیش دەکرێت بوترێت کە ئەدەبیاتی گەشەسەندووی بوونیادگرایی لە سالەکانی ڕابردوودا، زیاتر پەیوەندییەکانی نێوان بوونیادگەرایی و ژیانی کۆمەڵایەتی، تاوتوێ دەکات تا توێژینەوەکردن لەبارەی سەرهەڵدانی. هەندێک لە لێکۆڵینەوەکان دەپرژێنە سەر پێکهاتەی نەژادی، چینایەتی، ڕەگەزی، خێزان، فێرکاری و نەوەکان لە بوونیادگەراییدا.(کۆورینۆ[٤] ٢٠٠٢؛ دکتۆر[٥] ٢٠٠٢؛ لێرر[٦] ١٩٩٩، سرینیڤاسان[٧] ٢٠٠٤ و تەوز[٨] ٢٠٠٣ ) لە کاتێکدا هەندێکی تر، لە تێڕوانینەکان لە کاریگەری بوونیادگەراکان لە سەر ئەم چەمکانە دەکۆڵنەوە. (هودفار[٩] ١٩٩٦، ئێڵسن[١٠] و هاوکاران[١١] ١٩٩٦، فریدمەن[١٢] ١٩٩٦، فۆڵتن[١٢] و هاوکاران ١٩٩٩، بێندرز[١٣] ١٩٩٩ دارنێڵ[١٤] و شێرکات[١٥] ١٩٩٩، ئێمێرسن[١٦] و سمیث[١٧] ٢٠٠٠، ئەپل[١٨] ٢٠٠١، ١٩٩٩ گەڵەگر[١٩]، ٢٠٠٣). بەشێکی تر لە لێکۆڵینەوەکان تاوتوێی نەریتە بەهێزەکان لە بواری خێزان و ڕەگەزدا وەک باوکسالاری و ڕۆڵی ژنان و پیاوان لە نێوان بوونیادگەراکاندا دەکەن. (ریزبروت، ١٩٩٣؛ مارتی و ئەپلبی، ١٩٩١؛ بێندرز، ١٩٩٩؛ ئانتۆن، ٢٠٠٨ و بارتوفسکی[٢٠]، ٢٠٠٤ ). لە بواری لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵناسیشدا دەکرێت ئاماژە بە لیت[٢١] ( ٢٠٠٢ )، گرێبێنز و ڤێندنبێرگ (٢٠١١ )، کاشیاب[٢٢] ( ٢٠١٢ )، مەعدەل و کارەبێنیک (٢٠١٩ )، قۆربانی و هاوکاران (٢٠١٩ ) و ڕەزاقی و هاوکاران ( ٢٠٢٠ ) بکەین.

وادیارە کە لە سالانی ڕابردوودا،

لە ڕێگای کردەوە توندوتیژییەکانی بوونیادگەراکانەوە لە ئاستی جیهاندا، دامەزراوە زانکۆیی و لێکۆڵینەوەییەکان زیاتر ڕوویان کردووەتە لێکۆڵینەوە چەندێتییەکان لە بواری بوونیادگەراییدا و ژیان و ڕەفتاری بوونیادگەراکان، یان تێڕوانینی تاکەکانی کۆمەڵگە سەبارەت بەوان لە بوارە جیاوازەکاندا، زیاتر لە خودی بوونیادگەرایی پێشوازی لێ کراوە.

**بوونیادگەرایی زاراوەیەک بووە لە سەرەتادا لە مەسیحی و پرۆتستانتدا بەکارهێنراوە، بەڵام وردە وردە بۆ تێکڕای جۆرەکانی توندڕەوی و ڕادیکالیزم لە هەموو ئایین و ئایینزاکاندا بەکارهاتووە**

### پاشخانی چەمکی

بە تێڕوانینێک لە ئەدەبیاتی بوونیادگەرایی، ڕوانگەکان سەبارەت بە گونجاوی بەکارهێنان، یان نەگونجاوی بەکارهێنانی بوونیادگەرایی دەتوانرێت بۆ دوو گرووپی گشتی هاوڕاکان و دژەکان دابەش بکرێت. گرووپی هاوڕاکان بۆچوونیان وایە کە دەتوانرێت ئەم چەمکە لە دەرەوەی شوێنی سەرهەڵدانی بوونیادگەرایی، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئەمریکای مەسیحی پرۆتستانتی سەری هەڵداوە بەکار بهێنرێت. ئەم گرووپە هاوکات لەگەڵ دانپێدانان بە جیاوازی بوونیادگەراکان لە کولتوور و ئایینە جیاوازەکاندا[ایاسا]بەخت لە خاڵە هاوبەشەکانیشیان دەکەنەوە. بەم ئاراستەیە سوود لە چەمکی (لێکچوونی خێزانی[٢٣]) ویتگنشتاین وەردەگیرێت. لە ڕوانگەی ئەم گرووپەوە، لەگەڵ هەموو ڕەخنەکاندا، بوونیادگەرایی هێشتاش لە بەرامبەر هاوواتاکانی ئەم چەمکەدا کارامەتر و تەواوترە.

لارنس لەو کەسانەیە کە باوەڕی وایە دەتوانرێت چەمکی بوونیادگەرایی بۆ جگە لە گرووپە مەسیحییەکانیش بەکار بهێنرێت.(لارنس، ١٩٨٩: ٢٥) بەم ئاراستەیە (ڕیزبروت)یش باوەڕی وایە کە بووژانەوەی بزووتنەوە کۆنەپارێزە مەزهەبییەکان، زۆر تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە و سەرەڕای جیاوازییە گرنگەکانی نێوان ئەم بزووتنەوانە، کۆمەڵناسی دەتوانێت بە لەبەرچاوگرتنی بوونیادگەرایی وەک بابەتی کۆمەڵناسی، بە شێوەی تیۆری و پراکتیکی پەرەی پێ بدات(ڕیزبروت، ٢٠٠٠). لە ڕاستیدا دەتوانرێت لارنس و ڕیزبروت لەگەڵ لێکۆڵەرەکانی وەک (ئاڵتمێر[٢٤] ٢٠٠٣، ئاڵتمێر و هانسبێرگر[٢٥] ٢٠٠٤، مەعدەل و کارابنیك ٢٠٠٨، ٢٠١٣، ٢٠١٨، سامرز[٢٦] ٢٠٠٦، شوارترز[٢٧] و لێندڵی[٢٨] ٢٠٠٥) لەو کەسانەی کە باوەڕیان بە پێناسەی بوونیادگەرایی لە سەربنەمای

لێکچوونەکان (لێکچوونی خێزانی) هەیە لە بەرچاو بگیرێن.

گرووپی دووەم، بە پێچەوانەی گرووپی یەکەمەوە باوەڕیان وایە کە بوونیادگەرایی، پەیوەستە بە شوێنی سەرهەڵدانییەوە و ناتوانرێت سوود لەم چەمکە وەربگیرێت بۆ کولتوورەکان و ئایینەکانی تر، لەبەرئەوەی جیاوازی بوونیادگەراکان ئەوەندە زۆرە، کە جەختکردنەوە لە لێکچوون و خاڵە هاوبەشەکانیان، دەبێتە هۆی تێکەڵبوونی چەمکی بوونیادگەرایی و جیاوازییەکان لەبەر چاو ناگیرێت. لە ئەنجامدا پێویستە هاوواتاکان، یان جێگرەوەکان بۆ ئەم چەمکە سوودی لێ وەربگیرێت. لە هاوڕاکانی ئەم ڕوانگەیە دەتوانرێت ئاماژە بە ڕۆتۆن، هانتر[29]، برڤێنسن، سەعید و فریدمەن بکرێت.

لەبەر ئەم فاکتەرەیە کە ڕۆتۆن بەکارهێنانی بوونیادگەرایی لەودیو سنوورە سەرەکییەکەیەوە بە کێشەئامێز دەزانێت و بنەڕەتەکەی بۆ بواری ئیلاهیاتی تایبەت بە ئەمریکای پرۆتستانتی سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێنێتەوە(ڕۆتۆن، ١٣٨٩: ١١) هانتریش باوەڕی وایە کە بە بێ سەرنجدان لە زەمینەی ناوەوەی ئەم چەمکە، هەروەها مێژووی تایبەتی ئەو ئایینە، ئەگەر چی ئەو ئایینە زاڵ بێت، یان لە کەمینە بێت و کۆمەڵە فاکتەرێکی تر، بەکارهێنانی بەرفراوانی لە پێوانەی جیهانیدا ڕێ پێ نەدراوە(هانتر ، ١٩٨٦:٣٢). فریدمەنیش دەڵێت، لەوێوە کە چەمکی بوونیادگەرایی لە باردۆخی مێژووی مەسیحییەتدا دروست بووە، ناتوانرێت بەردەوام ئەم زاراوەیە لەم چوارچێوەیەدا سەبارەت بە ئایینەکانی بێجگە لە مەسیحی وەک یەهودی و ئیسلام بەکار ببرێت( فریدمەن[30] ، ١٩٩٦: ٩٨٧). (برڤێنسن)یش باوەڕی وایە کە زاراوەی بوونیادگەرایی لە بارودۆخێکی کولتووری و ئایینی جیاوازدا سەرهەڵدەدات. شوێنێک کە واتایەکی وردتری هەبێت (و هەیە)، کەواتە لە جیهانی ئیسلامدا، خاوەنی پاشخانی هزری و سیاسی جیاوازن و سوودوەرگرتن لە هەمان زاراوە بۆیان بۆ تێگەیشتنی باشتر، مەرج نییە سوودی هەبێت(برڤێنسن، ١٩٩٥: ١٥٩).

(بابی سەعید)یش ئەم ڕەخنەیە دەخاتە ڕوو کە ناتوانرێت چەمکی بوونیادگەرایی وەک بنەمایەک بۆ بەراوردێکی واتادار لە نێوان بۆ نموونە حزبی باراتیا جاناتا، لیکۆد، ئیخوان موسلمین، هاوپەیمانی مەسیحییەکان و هتد بەکار بهێنرێت(بابی سەعید، ١٣٧٩:١٩) هەرچەندە ڕوونە لە نەریتە ئایینییە جیاوازەکاندا، لێکچوونی بڕاوە لە نێوان بوونیادگەراییە ئایینیەکاندا هەیە. بن دۆر و پێدازێر تەنانەت بوونیادگەرایی ئیسلامی بە یەکەیەکی شیکاری زۆر گەورە دەزانن(بین دۆر و پێدازێر، ٢٠٠٤: ٧٤) لە ئەنجامدا،

ودبێری[٣١] و سمیس[٣٢] چەمکسازییەکی ڕوونتر و پێوانەکردنێکی وردتری ئەم زاراوەیە بۆ تێگەیشتنی باشتری بابەتەکە بە پێویست دەزانن(ودبێری و سمیس ، ١٩٩٨)، هەرچەندە کە لەم بوارەدا مەعدەل و کارەبێنیک جیاوازی بوونیادگەراکان لە ڕووی مێژوویییەوە لە ئایینەکاندا بە یەکێک لە فاکتەرەکانی نەگشتاندنی زانستی و ئەبستراکتی تیۆری سەبارەت بە بوونیادگەرایی دەزانن(مەعدەل[٣٣] و کارەبێنیک[٣٤] ٢٠١٩: ١) و بین دور[٣٥] و پێدازێر[٣٦] باوەڕیان وایە بە هەبوونی ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەند سەبارەت بە بوونیادگەرایی، بەڵام ڕاستی ئەم دیاردەیە هێشتا ڕوون نییە و ئەم ئەدەبیاتە هێشتا نەیتوانیوە پێناسەگەلێکی باش و جیهانی ڕەزامەندی بەخش پێشکەش بکات.( بین دۆر و پێدازێر، ٢٠٠٤ : ٧٤)

## گرووپی هاوڕاکان بۆچوونیان وایە کە دەتوانرێت ئەم چەمکە لە دەرەوەی شوێنی سەرهەڵدانی بوونیادگەرایی، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئەمریکای مەسیحی پرۆتستانتی سەری هەڵداوە بەکاربهێنرێت

هاوڕایانی نەگونجاوی چەمکی بوونیادگەرایی، هاوواتای گونجاویان لەگەڵ کولتوورەکان و ئایینە جیاوازەکان خستووەتەڕوو، ئەم کارە سەبارەت بە بوونیادگەرایی ئیسلامیش ئەنجام دراوە. بە بەدواداگەڕان لە ئەدەبیای بوونیادگەرایی لە بواری ئیسلامیدا دەتوانرێت کۆمەڵێک هاوواتای وەک ئوسوولگەرایی (عەنایەت ١٣٦٢؛ فەراسەتخاه ١٣٧٣: ٢٤٤)، ڕادیکالیزم (زیلبرشتاین، ١٣٨٩: ٥، هانتر، ١٩٨٦)، دەمارگیری ئایینی (زیلبرشتاین، ١٣٨٩: ٥)، بوونیادگەرایی نوێ (ئولیویە ڕوا، ١٣٨٧)، بوونیادگەرایی ڕەسەنی ئیسلامی و شیعی (حسێن غەفاری، ١٣٩٥: ٧٨)، بوونیادگەرایی ڕەسەنی ئیسلامی (نەجەف عەلی غولامی، ١٣٩٣: ٢١)، ئیسلامگەرایی (هێشام شەرابی ١٣٨٠: ١٢٠؛ ئولیویە ڕوا ١٣٧٨: بابی سەعید ١٣٧٩: ٢٠؛ عەبدول مەجید شەرەفی ١٣٧٩: ١٧٧ و هەرایر دەکمەجیان، ١٣٦٦: ٩٥)، بزووتنەوەی ئیسلامی (ژیل کپڵ ١٣٦٦:٢٧٤)، ئیسلامی سیاسی (جان سپوزیتو، ١٣٩٣ و دەمنت ١٣٩٠: ١٥٠)، توندڕەوی ئایینی (فەرید ئەلعەتاس ١٣٨٨؛ زیلبرشتاین ١٣٨٩: ٥ دەمنت ١٣٩٠: ١٥٢ و ڕافە ٥١:١٣٩٠)، زیندووگەرا ( هی وود ١٣٨٦: ٤٩٦؛ هانتر ١٩٨٦: ٣٢، ١٣٩٠ دەمنت ١٣٩٠: ١٥٢)، ئایینی ڕاستەقینەی ئەرتەدۆکس (هی وود، ١٣٨٦: ٤٩٦)، سەلەفی سیاسی دەقگەرا ( تارق ڕەمەزان، ١٣٨٦: ٣٤)، ئیسلامی شەریعەتگەرایی (حەنایی کاشانی ١٣٨١: ١١)مان دەست بکەوێت.

شایەنی باسە چەمکەکانی ڕادیکالیزم، دەمارگیری ئایینی، بوونیادگەرایی نوێ، توندڕەوی ئایینی، زیندووگەرا و ئایینی ڕاستی ئەرتەدۆکس بۆ بوونیادگەرایی بە شێوەیەکی گشتی (بوونیادگەرایی ئیسلامی و بوونیادگەراکانی تر) و چەمکەکانی تر بۆ بوونیادگەرایی ئیسلامی بە شێوەیەکی تایبەت داتاشراوە.

**میتۆدۆلۆجی**

میتۆدی ئەم لێکۆڵینەوەیە، چۆنێتی و ئامرازی کۆکردنەوەی داتاکان، چاوپێکەوتنی قوڵ بووە لەگەڵ پسپۆڕان و دەرەنجامەکان لە ڕێگەی شیکاری ناوەرۆکی چۆنێتییەوە بووە. سەرەتا لەگەڵ ٨ کەس لە مامۆستایانی زانکۆ لە وانەی "مێژووی هزری کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا" لە ئاستی زانکۆکانی تاران (سارا شەریعەتی، سەید مەحمود نەجاتی حسێنی، حەسەن موحەددێسی، سەید حسێن سەراج زادە، حەمید پارسانیا، یونس نوربەخش، غولام ڕەزا جەمشیدیها و سەید مەهدی ئیعتیمادی فەرد) بە پرسیارگەلێکی تایبەت، چاوپێکەوتنێکی قوڵ کراوە. لە کاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەدا، لیستی ناوی کۆمەڵێک پسپۆڕ و مامۆستای تری زانکۆ لە بواری بوونیادگەراییدا بە پێڕست گەلێکی وەک دانانی کتێب، نووسینی وتار و ڕەخنەی وتاربێژی بەدەست هاتوون و لە چاوپێکەوتنەکەدا ڕاوێژ بە مامۆستایانی وانەی مێژووی هزری کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا سەبارەت بەم لیستە کراوە. لە کۆتاییدا لەسەر بنەمای بۆچوونەکانی ئەم مامۆستایانە و لەسەر بنەمای دەستڕاگەیشتن و وەڵامی ئەرێنی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە موحسین کەدیوەر، ئەحمەد پاکەتچی، مستەفا مەلەکیان، داود فیرحی، هاشم ئاغاجەری، عمادەدین باقی، ئیبراهیم فەیاز، تەقی ئازاد ئەرمکی، سەید محەممەد سەقەفی و عەلیڕەزا شوجاعی زەند بۆ چاوپێکەوتنەکە هەڵبژێردران.

لە کۆی ١٨ کەس لەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، ٨ کەس، خوێندکاری زانکۆ و ١٠ کەس خوێندکاری ناوەندی ئایینی زانکۆ بوون. هەروەها ١٣ کەس کۆمەڵناس و ٥ کەسی تریان بێجگە لە کۆمەڵناس (یەک کەسیان فەیلەسوف [مەلەکیان]، دوو کەس مامۆستای زانستە سیاسییەکان [فیرحی و کەدیوەر]، یەک کەس مامۆستای مێژوو [ئاغاجەری] یەک کەس مامۆستای ئاییناسی [پاکەتچی] بوون.

**شیکاری چاوپێکەوتنەکان**

بە هەمان شێوە کە وترا، یەکەم خاڵ دەربارەی بوونیادگەرایی، ناکۆکی و شەڕی ناولێنانیەتی، بە سەرنجدان لە وەڵامدانەوەی ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، ئەم بەشە لە دوو تەوەردا "سەبارەت بە گونجاوی چەمکی بوونیادگەرایی" و "هاوواتاکانی

بوونیادگەرایی" باسی کراوە.

## سەبارەت بە گونجاوی چەمکی بوونیادگەرایی

سەبارەت بە گونجاوی چەمکی بوونیادگەرایی، ڕاوبۆچوونی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە بە گشتی دەتوانرێت دابەش بکرێت بۆ سێ بەش:

١- هاوڕاکانی کەم و کورتی چەمکی بوونیادگەرایی

٢- هاوڕاکانی جێگرەوەی چەمکی بوونیادگەرایی

٣- هاوڕاکانی گونجاوی چەمکی بوونیادگەرایی

**لارنس لەو کەسانەیە کە باوەڕی وایە دەتوانرێت چەمکی بوونیادگەرایی بۆ جگە لە گرووپە مەسیحییەکانیش بەکاربهێنرێت**

## هاوڕاکانی کەم و کورتی چەمکی بوونیادگەرایی

ئەم گرووپە لەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە ڕایان وایە کە چەمکی بوونیادگەرایی کۆمەڵێک کەم و کورتی هەیە، بەڵام لە بەرامبەر جێگرەوەکانی تر بە سوودترە.

موحسین کەدیوەر هاوکات لەگەڵ دانپێدانان بە کەم و کورتییەکانی چەمکی بوونیادگەرایی بۆ بەکارهێنانی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، لە بەرامبەر جێگرەوەکانی تردا بە گونجاوتری دەزانێت. "ئەوەندە بە دوای داتاشینی زاراوەوە نیم" (کەدیوەر).

مستەفا مەلەکیان باوەڕی وایە وشەی بوونیادگەرایی لەژێر کاریگەری گوماندایە و باوەڕی بە هەڵبژاردنی وشەیەکی ترە، بەڵام بە هۆی زاڵبوونی واتای بوونیادگەرایی بە سەر واتاکانی تردا، بە بێ توانای نازانێت.

"[من چەمکی بووونیادگەرا] بە بێ توانا نازانم، بەڵام هاوڕام لەگەڵ ئەوەی کە بووونیادگەرایانێکی تر هەن کەمێک ئەم وشەیە دەخەنە ژێرکاریگەری واتایەکی تر (ژێرکاریگەری گومان). بەڵام بە ڕای من ئەوەندە واتای بووونیادگەرایی بە سەر واتاکانی تردا زاڵە خۆی سەردەخات، بەڵام ئەگەر بمانویستایە کە گومان بوونی نەبێت، بە ڕای من دەبوایە وشەیەکی ترمان هەڵبژاردایە"(مەلەکیان).

حەسەن موحەددیسی هاوکات لەگەڵ جەختکردنەوە لە جیاوازی مێژوویی ئایینەکان و پەیوەستبوونی چەمکەکان بە هەلومەرج و جیهانە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان وای بە باش دەزانێت دەمارگیری بۆ وشەکە نەبێت، کەواتە بەکارهێنانی وشەی بووونیادگەرایی لە بەرامبەر وشەکانی تردا بە گونجاوتر دەزانێت.

"من وا بیر دەکەمەوە کە پێویستە بە

ئاسایی باس لە جیاوازی مێژوویی، ئایینەکان بکەین و کاتێک وشەیەک لە بوارێکی تردا بەکار دەهێنین، جیاوازییەکان ببینین، چونکە جیهانە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیان هەیە و دەتوانن لە کۆمەڵە ئاراستەیەکەوە تایبەتمەندی خۆیان هەبێت و لەوانەیە نەتوانین چەمکێک لە زۆربەی بوارەکاندا بەکار بهێنین. تێڕوانینی من ئەمەیە کە سەرەتا دەمارگیریمان بۆ وشەکە نەبێت و تەرکیز بخەینە سەر تایبەتمەندییەکانی، دووەم ئەوەی کە بیر بکەینەوە کە لە ئاییندا چ تایبەتمەندی، یان تایبەتمەندی گەلێک بوونی هەیە کە بە شێوەیەکی ئاسایی لە ژێر ناوی بوونیادگەرادا باسی دەکرێت کە لە مەسیحییەت، یەهودیەت و ئیسلامدا هەبووە، لە بودیزمدا هەبووە، تەنانەت من بینیومە لە ئایینی (شینتو)یشدا هەبووە... بەڵام وادەزانم خودی وشەی بوونیادگەرا گونجاوترە".(موحەددیسی)

یونس نوربەخش لەگەڵ ئەوەی بە دوای هاوواتایەکدا دەگەڕێت بۆ بوونیادگەرایی، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم زاراوەیە بە لۆژیکی دەزانێت.

"بنەمای فەندەمێنتالیزم لە ڕۆژئاواوە سەری هەڵداوە و ئێمە هاوواتایەکی نوێمان بۆ دیاردەکانی خۆمان دانەناوە، بەڵام بە ڕای من بە ڕوونکردنەوەگەلێک، زاراوەی بوونیادگەرایی، زاراوەیەکی لۆژیکییە".(نوربەخش)

## هاوڕایانی جێگرەوەی چەمکی بوونیادگەرایی

ژمارەیەک لەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، چەمکی بوونیادگەرایی بە چەمکێکی تەواو و گونجاو نازانن لەگەڵ کولتووری شیعی و ناوچەیی ئێراندا و باوەڕیان وایە کە هاوواتا، یان جێگرەوەکەی پێویستە نزیکایەتییەکی لەگەڵ مێژوو، کولتوور، ناوچە و ئایینی کۆمەڵگەی ئێراندا هەبێت.

سارا شەریعەتی بە دانپێدانانی ئەوەی کە بوونیادگەرایی، چەمکێکی مەسیحییە، ناولێنانی بۆ بواری ئیسلامی پێ پەسەند نییە و باوەڕی وایە کە لە ئیسلامدا، زاراوەیەکی وەک بوونیادگەرایی بوونی نییە. بە تێڕوانینی ئەو بوونیادگەرایی ئیسلامی لە لایەن ڕۆژنامەنووسانەوە گشتێنراوە. هەروەها بە هۆی ئەو تایبەتمەندییە خودییەی کۆمەڵگەی ئێران کە تێیدا، ڕابەرایەتی، هێزی سیاسی و مەرجەعیەتی ئایینی پەیوەندییان پێکەوە هەیە، پێویستە ناو و چەمکێکی نوێ بۆ دیاردە نوێیەکانی کۆمەڵگەی ئێران بەکار بهێنین. "من بەردەوام زاراوەی بوونیادگەرایی دەخەمە دوو کەوانەوە و بە دڵفراوانییەوە بە هۆی ئەوەی کە ئەم چەمکە بووە بە باو بەکاری دەهێنم، بەڵام ناولێنانی ئەم وشەیەم لا پەسەند نییە بۆ بواری ئیسلامی بە هۆی ئەوەی کە من وابیر

دەکەمەوە ئەم وشەیەمان لە مێژووی ئیسلامدا نییە، فەندەمێنتالیزم کە وەرگێڕدراوە بە بوونیادگەرایی، پەیوەستە بە پرۆتستانتیزم یەکێک لە ڕەوتە ئایینیەکان لە مەسیحییەتدا. لە ئیسلامدا شتیکمان نییە بە ناوی بوونیادگەرایی. ڕۆژنامەنووسەکان ئەم ڕەوتانەیان وەک بوونیادگەرایی ئیسلامی ناونا و لە ڕاستیدا ڕۆژنامەگەری لە بڵاوکردنەوە و گشتاندنیدا ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەبوو، چونکە ئێران تایبەتمەندییەکی تایبەت بە خۆی هەیە کە ڕابەرایەتی، دەسەڵاتی سیاسی و مەرجەعیەتی ئاینی پەیوەندییان پێکەوە هەیە و ئەم دیاردەیە، تایبەتە بە ئێران. کەواتە پێویستە ئێمە ناوێکی نوێ بۆ ئەم دیاردە نوێیە بدۆزینەوە "( شەریعەتی ).

## هاوڕایانی نەگونجاوی چەمکی بوونیادگەرایی، هاوو اتای گونجاویان لەگەڵ کولتوورەکان و ئایینە جیاوازەکان خستووەتەڕوو، ئەم کارە سەبارەت بە بوونیادگەرایی ئیسلامیش ئەنجام دراوە

حەمید پارسانیا بوونیادگەرایی بە ورد نازانێت، چونکە باوەڕی وایە ئەم ناونیشانە هی ڕۆژئاواییەکانە و سەرچاوەکەی مەسیحییەتە و لە کۆمەڵگەی ئێراندا ناتوانێت وەڵامدەرەوەی دیاردەکان بێت. "بە ڕای من ئەم وشەیە [بوونیادگەرایی]، ورد (دەقیق) نییە، کەواتە ناچمە ژێرباری ئەم ناونیشانەوە، ئەم ناونیشانە بۆ ئێمە نییە... ڕۆژئاواییەکان چەمکێک بە ناوی بوونیادگەراییەوە دروست دەکەن، بە فاکتەرگەلێک لەوانەیە سەرچاوەکەی، نموونەیەکی مەسیحییەتیش بووبێت، چ جای کە باپتیستەکان و ئامیشەکان بوونیان هەبووە، کە لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا، ناوی بوونیادگەرایان لێ دەنرێت، بەڵام هاتنی ئەم چەمکە لێرەدا ناتوانێت وەڵامدەرەوە بێت، من ئەم چەمکە بە ناتەواو دەزانم" (پارسانیا).

(محەممەد سەقەفی)ش ئەمریکا بە شوێنی سەرهەڵدانی بوونیادگەرایی دەزانێت و باوەڕی وایە بۆ ڕوونکردنەوەی بوونیادگەرایی پێویستە سوود لە چەمکەکانی کولتووری خۆمان وەربگرین. "لەو باوەڕەدام کە نابێت ڕێک هەمان ئەو زاراوانەی کە لە ئەمریکا باس کراون، لە کۆمەڵگەی خۆماندا بەکاری بهێنین، لەبەرئەوەی هەر چەمکێک شوێنی سەرهەڵدانی تایبەت بە خۆی هەیە، ئێمە نابێت هەوڵ بدەین ڕێک ئەوەی لە ڕۆژئاوا باس کراوە، لێرە باسی بکەین"(سەقەفی).

(ئەحمەد پاکەتچی)ش وای بە باش دەزانێت سوود لە زاراوەی بوونیادگەرایی وەرنەگرێت بە هۆی سوودوەرگرتنی لە ڕادەبەدەری ئەم چەمکە لە بوارە جیاوازەکاندا، ئەم چەمکە لە بواری

لێکۆڵینەوە کولتوورییەکاندا مانا و کارامەیی نییە، لە لایەکی ترەوە لە ڕوانگەی ئەوەوە بوونیادگەرایی دوای ١١ی سێپتەمبەر وەک تەوەرێکی جددی گۆڕاوە بۆ بۆمبارانی هزری و ڕاگەیاندنی ڕەوتە ئیسلامگەراکان و ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێمە بە ڕاستی نازانین ئەوان بە چی دەڵێن بوونیادگەرایی( فەندەمێنتالیزم).

"من وادەزانم ئەم چەمکە وەک چەمکێکی ئاییناسی و وەک چەمکێک لە بواری لێکۆڵینەوە کولتوورییەکاندا، چەمکێکی کارامە نییە... بە تێپەڕینی نزیکەی یەک سەدەی ڕابردوو، ئەوەندە قسە کردن لە سەر فەندەمێنتالیزمی یەهودی، فەندەمێنتالیزمی بودایی و لە ئیسلامدا، دوای ١١ی سێپتەمبەر کە فەندەمێنتالیزم وەک تەوەرێکی جددی گۆڕا بۆ بۆمبارانی هزری و ڕاگەیاندنی ڕەوتە ئیسلامگەراکان، بۆ ئەوان شۆڕشی ئێران وەک دەرکەوتن و بەهێزبوونی فەندەمێنتالیزمە، بەڵام بە ڕاستی ئێمە نازانین ئەوان بە چ شتێک دەڵێن فەندەمێنتالیزم، کەواتە هاوڕام لەگەڵ تێڕوانینێک کە دژی سوودوەرگرتنە لەم زاراوەیە، بەڵام دەکرێت کار بە پێوەرەکان بکرێت"( پاکەتچی ).

داوود فیرحی لەو بڕوایەدایە کە زاراوەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە شوێنی سەرهەڵدانیانەوە هەیە و زاراوەی بوونیادگەراییش یەکێکە لەو زاراوانەیە. "من لە لایەنی میتۆدۆلۆژییەوە، لەو بڕوایەدام کە پێویستە وشەکان بە سەرنجدان لە شوێنی سەرهەڵدانیان پێناسە و شی بکەینەوە" (فیرحی ).

(مەهدی ئیعتمادیفەرد) هاوڕایە لەگەڵ چەند هاوواتایەک بۆ بوونیادگەرایی، بەڵام بڕوای وایە کە مەبەستی ئەو لێکۆڵەرانەی کە سوود لە بوونیادگەرایی وەردەگرن بە هۆی ئەوەی کە بووە بە باو، واتای حەرفی نییە.

"وشەی بوونیادگەرایی بووە بە باو و مەبەستی زۆرێک لەو کەسانەی کە سەبارەت بەم وشەیە قسە دەکەن، واتا حەرفیەکەی نییە"(ئیعتمادی فەرد).

عیمادەدین باقی بە دانپێدانانی ئەوەی کە ناونانەکان گریمانەیین، لە ڕووی گوێ پێ نەدان و بەهۆی بوون بە باو و ناسراوی ئەوانی ترەوە، زاراوەی بوونیادگەرایی بە کار دەبات هەرچەندە باوەڕی وایە کە پێویستە هاوواتای تر بۆ ئەم زاراوەیە دەستنیشان بکرێت.

"بوونیادگەراییان لە بەرامبەر فەندەمێنتالیزم داناوە، چونکە (بوونیاد) لە زماندا هاوواتای (فەندەمێنتاڵ) ە و لەبەرئەوەی کە ئەم هاوواتایە لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕاست بووە، بە خێرایی پەسەند کراوە و کەمتر سەرنجی لایەنەکانی لێ تێگەیشتنیان داوە. ئەم پرسە لە کێشە دیارەکانی وەرگێڕانە لە ئێراندا کە زیاتر تیشک دەخاتە سەر وەرگێڕانی زاراوەکان تا تێگەیشتن لێی... منیش لەمە بەدوا لە هەر جێیەک

بوونیادگەرایی بەکار دەهێنم لە ڕووی گوێ پێ نەدان و بە هۆی بوون بە باو و ناسراویی لای خەڵک، ئەگەرنا مەبەستم لێی هەمان ئەو شتەیە کە بە دۆگماتیزمی دەزانم"(باقی).

(شوجاعی زەند) هاوڕا نییە لەگەڵ سوودوەرگرتن لە زاراوەی بوونیادگەرایی بۆ ڕەوتە ئیسلامییەکان، چونکە بە ڕای ئەو ئەم زاراوەیە، پەیوەستە بە ئەزموونێکی مێژووی مەسیحییەت لە بارودۆخێکی تایبەتدا کە ئەم ئەزموونە سەبارەت بە ئیسلام دەقاودەق نییە.

"من کێشەم لەگەڵ دەقاودەق بوونی ئەم وشە باوە لەگەڵ واقیعەکانی کۆمەڵگەی ئێراندا هەیە... ئەم زاراوەیە پەیوەستە بە جیهانی مەسیحی و ئەزمونی مێژووی مەسیحییەت لە قۆناغ و بارودۆخێکی تایبەتدا... لە ڕاستیدا ئەمانە کەسانێکن کە پشتگوێخستنی دنیایان واز لێ هێناوە، واتە پشتگوێخستن بنەمایەک بووە، گریمانەیەک و چوارچێوەیەکی سەرەکی بووە، ئەمانە ڕەوتێکی سەرەکی[٣٧] بوون، فەندەمێنتاڵەکان لق گەلێکی بچوک بوون کە ئەم پشتگوێ خستنەیان سەبارەت بە دنیا واز لێ هێناوە. ئەمە سەبارەت بە ئیسلام وا نییە... کەواتە نابێت بە ئاسانی لێرەدا بەو تێگەیشتنەوە و بەو پاشخانەوە و بەو واتایانەی لەبەرچاون سوودی لێ وەربگیرێت"(شوجاعی زەند).

دەکرێت (نەجاتی حسێنی) لەم پۆلێنبەندییەدا دابنێین، هەر چەندە ئەو نەگەیشتووەتە هاوواتایەکی ورد بۆ بوونیادگەرایی، بەڵام لەو کەسانەیە کە هاوڕای دۆزینەوەی هاوواتایەکە بۆ بوونیادگەرایی.

"لە لێکۆڵینەوەکانمدا، ئیسلامی سیاسیم خستووەتە سەنتەر و چەمکەکانی بوونیادگەرایی، سەلەفیزم، تەکفیری، توندڕەوی ڕادیکاڵم خستووەتە چواردەوری، بەڵام ئەمەی کە وەک نموونە، سەلەفیزم ڕێک وەک بوونیادگەراییە، یان لقێکە لە بوونیادگەرایی، یان خوێندنەوەیەکە لە بوونیادگەرایی، هێشتا بۆ من ڕوون نەبووەتەوە"(نەجاتی حسێنی).

**پێویستە بە ئاسایی باس لە جیاوازی مێژوویی، ئایینەکان بکەین و کاتێک وشەیەک لە بوارێکی تردا بەکار دەهێنین، جیاوازییەکان ببینین**

### هاوڕایانی گونجانی چەمکی بوونیادگەری

ئەم گرووپە لەو بڕوایەدان کە چەمکی بوونیادگەرایی تەواوە و گونجاوە.

دەکرێت سەراج زادە، ئازاد ئەرمەکی و فەیازیش بخرێتە ئەم گرووپەوە، کە بوونیادگەرایی بە چەمکێک بۆ هەموو تەوژمە لێکچووەکان لە هەموو ئایینەکاندا دەزانن.

سەراج زادە باوەڕی وایە کە "وشە

پێشنیارکراوەکان زۆر لۆژیکی نین و ئەگەر ئەم وشانە بەکار بهێنین دیسانەوە دووبارە دەبێت بەم تایبەتمەندییانەی وترا، ڕوونیان بکەینەوە. بۆ نموونە دژایەتی لەگەڵ جیهانی مۆدێرن، پەیوەستە بە قۆناغە نوێیەکانەوە و لە نەریتی ئایینی ئەو سەردەمەی کە جیهان مۆدێرن نەبووە تا بتوانین قسە لە دژایەتی بکەین... لە ئەنجامدا وا دەزانم ئەو چەمکانەی لە نەریتی ئایینیدا هەن، ناتوانن بە باشی تایبەتمەندییەکانی بوونیادگەرایی لەخۆبگرن و بەم تێگەیشتنەوە لە بوونیادگەرایی پێویستە وەک چەمکێکی نوێ و دیاردەیەکی نوێ قسەی لە سەر بکەین، وەک سیکۆلاریزم"(سەراج زادە).

ئازاد ئەرمەکی بە سەرنجدان لەو پێناسەیەی کە بۆ بوونیادگەرایی دەیکات، بەکارهێنانی ئەم چەمکە لە هەموو ئایینەکاندا بە ڕێپێدراو دەزانێت.
"بوونیادگەرایی بە واتایەک ئەرتەدۆکسێک ڕوون دەکاتەوە و شتێکی تر نییە بێجگە لەمە، واتە گەڕانەوە بۆ بنەماگەلێکی توندی کۆنکرێتی فەرامۆشکراو کە زنجیرە کەسێک دۆزەرەوەی بوون، واتە لە بەرامبەردا ئەو کەسانەی کە ئەرتەدۆکسی وەلا دەنێن، گوزارشتی بوونیادگەرا بەکار دەهێنین... بە ڕای من بوونیادگەرایی، چەمکێکی پێوانەییە بۆ هەموو تەوژمەکان لە هەموو ئایینەکاندا"(ئازاد ئەرمەکی).

**کورتەی دابەشکاری و ڕوونکردنەوەکان لەو خشتەیەی خوارەوەدا دانراون:**

خشتەی ١: سێ بۆچوون سەبارەت بە گونجاوی چەمکی بوونیادگەری

| گرووپ | ناوی گرووپ | لێکۆڵەرانی تایبەت بە گرووپ |
|---|---|---|
| ١ | هاوڕایان لەگەڵ کەموکوڕی چەمکی بوونیادگەری | کەدیوەر، مەلەکیان، موحەددێسی، نوربەخش |
| ٢ | هاوڕایانی جێگرەوەی چەمکی بوونیادگەری | شەریعەتی، پارسانیا، سەقەفی، فیرحی، ئیعتمادی فەرد، باقی، شوجاعی زەند، ئاغاجەری، نەجاتی حسێنی |
| ٣ | هاوڕایانی گونجانی چەمکی بوونیادگەری | سەراج زادە، ئازاد ئەرمەکی، فەیاز |

**هاووا تاکانی چەمکی بوونیادگەری**

لە بەشی پێشوودا ڕوونکرایەوە کە ژمارەیەک لەو توێژەرانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە سەبارەت بە چەمکی بوونیادگەرایی لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا، ڕەخنەگەلێکیان سەبارەت بەم چەمکە هەیە و هاوڕان لەگەڵ دانانی جێگرەوە، یان هاوواتا بۆ بوونیادگەری. لە درێژەی باسەکەدا، هاوواتا پێشنیار کراوەکان، باسیان لێ کراوە و تاوتوێکراون و لە کۆتاییدا، وشەیەکی پێشنیارکراو لەم بوارەدا خراوەتەڕوو.

سارا شەریعەتی توندڕەوی و ڕادیکالیزم وەک هاوواتای بوونیادگەرایی باس دەکات. یەکێک لە پێوەرەکانی ئەو لە هاوواتاکردنیدا، سوود وەرگرتنە لە وشەگەلێک کە نزیک بێت لە مێژوو، کولتوور، شوێن و ئاییني کۆمەڵگەکە.

"هاوواتای زۆر هەیە بۆ بوونیادگەرایی، کە یەکێک لەوانە توندڕەوییە، هاوواتایەکی تر ڕادیکالیزمە، کە هەر یەکێکیان شایەنی قسە لە سەر کردنن... پێویستە یەکێک لە پێوەرەکان بۆ هاوواتاکە ئەمە بێت کە ئەم وشەیە، نزیکایەتییەکی لەگەڵ مێژوو، کولتوور، ئایین و ناوچەی ئێمەدا هەبێت"(شەریعەتی).

لەم هەلومەرجەدا، ئەو پێشنیاری چەمکەکانی "خەواریج" ،"غالیان" دەکات بۆ بیرلێکردنەوە و تاتوێکردن، کە دوو چەمکن لە چەمکەکانی مێژووی شیعەکان، هەرچەندە ئەوانە بە هاوواتای بوونیادگەرایی دانانێت.

"باشتروایە لە چەمکە مێژوویەکانی خۆمان، وەک "چوونەدەرەوە"، "خەواریج" "زیادەڕۆیی"، "زیادەڕۆکاران" و"تەکفیر" بکۆڵینەوە و بزانین کە ئەم چەمکانە، ئەمڕۆ بە چ شێوەیەکن و بەم کارە هەنگاو بۆ دروستکردنی چەمکی نوێ بنێین"(شەریعەتی).

حەمیدی پارسانیا وشەی ڕواڵەتگەرایی پێشنیار دەکات، بەڵام بە هاوواتای دانانێت. بەڵام بە بۆچوونی ئەو ڕواڵەتگەرایی و دەقگەرایی، تاڕادەیەک نزیکن لە بوونیادگەراییەوە.

"بەندە، پێشنیاری ڕواڵەتگەرایی دەکەم، بەڵام بە هاوواتای دانانێم. واتە ڕواڵەتگەرایی، هاوواتای بوونیادگەرایی نییە، بەڵام هەندێک لەو نموونانەی کە ئەوان باسی دەکەن وەک تاڵیبان، دەکەوێتە پەراوێزی ئەم ناونیشانەوە... بە ڕای من شتێک کە لە جیهانی ئیسلامدا، کەمێک نزیک دەبێتەوە لێیان، هەر ئەم ئەهلی حەدیس، دەقگەرایی و ڕواڵەتگەراییەیە"(پارسانیا).

هاوواتای جێ سەرنجی سەقەفی بۆ بوونیادگەرایی لە جیهانی ئیسلامدا، ئوسووڵگەراییە.

**سارا شەریعەتی بە دانپێدانانی ئەوەی کە بوونیادگەرایی، چەمکێکی مەسیحییە، ناولێنانی بۆ بواری ئیسلامی پێ پەسەند نییە و باوەڕی وایە کە لە ئیسلامدا، زاراوەیەکی وەک بوونیادگەرایی بوونی نییە**

"من باوەڕم بەو بوونیادگەراییە نییە کە لە جیهانی مەسیحیدا دژی سەردەمی داروینیزمە و دواتریش، ئوسووڵ واتە تەنانەت بیرکردنەوە ئایینیەکانیش لە سەروو ئەقڵەوە دادەنێت، لە جیهانی ئیسلامیدا باوەڕم پێی نییە، بەڵام باوەڕم

بە ئوسووڵگەرایی هەیە، کەواتە بە ڕای من بوونیادگەرایی شتێکە جیایە لە ئوسووڵگەرایی. ئوسووڵگەرایی واتە هەڵسوکەوتکردنی پارێزکارانە و هەبوونی مێشکێکی کراوە لە هەر ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام بوونیادگەراکان، جورێک لە خورافە و چەقبەستن لە ئاییندا بە باشتر دەزانن لە ئەقڵ"(سەقەفی).

(ئیعتمادی فەرد)یش هاوتەریب لەگەڵ هەندێک لەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، هاوواتای توندڕەوی دەستنیشان دەکات، بەڵام لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە سەیری دەکات. لە تێروانینی ئەودا توندڕەوی نەک بە واتای زیادەڕەوی لە بەرامبەر کەمڕەویدا، بەڵکو زیادەڕەوی لە کارێکدا کە هیچ کاتێک ناتوانرێت بخوازرێت، مەگەر بە وەها زیادەڕەوییەک. ئەو بوونیاد لە بوونیادگەراییدا نەک بە بنەمایەکی قورس، بەڵکو بە کارێکی نامومکینی دەزانێت، کارێک کە بە شێوەیەکی بوونیادی لەگەڵ ڕێکخستنی هاوچەرخدا جیاوازە.

"بە بۆچوونی من وشەی توندڕەوی هاوواتایەکی باشترە لە بوونیادگەرایی بۆ فەندەمێنتالیزم...

توندڕەوی نەک بە مانای زیادەڕەوی لە بەرامبەر کەمڕەویدا، بەڵکو زیادەڕەویکردن لە کارێکدا کە هیچ کاتێک ناتوانرێت بخوازرێت مەگەر بە وەها زیادەڕۆییەک... بوونیادگەرایی دەگەڕێتەوە بۆ کارێکی نەکردە (نامومکین) کە لە ڕووی بوونیادییەوە، جیاوازە. بوونیادی نەک بە مانای بنەمای بوونیادی کە ئێمە لایەنگری دەکەین، بەڵکو ڕێکخستنێک کە بە شێوەیەکی بوونیادی جیاوازە لەگەڵ ڕێکخستنی هاوچەرخدا"(ئیعتمادی فەرد).

عیمادەدین باقی، دۆگما و دۆگماتیزم پێشنیار دەکات بۆ بوونیادگەرایی. ئەو"بێگانەگەرایی" لە کولتووری شیعەدا بە هاوواتای دۆگمایی دادەنێت، بەڵام بە هۆی پشتبەستن بە وشەی بێگانەگەرایی بە تەوژمێکی دیاریکراو لە مێژووی ئیسلامدا، بە شایەنی گشتاندنی نازانێت، بەم هۆیەوە لە چەمکێکی گشتی تری وەک دۆگما سوود وەردەگرێت.

**داوود فیرحی لەو برو ایەدایە کە زاراوەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە شوێنی سەرهەڵدانیانەوە هەیە و زاراوەی بوونیادگەر اییش یەکیکە لەو زاراو انە.**

"هاوواتای لاتینی دۆگما و دۆگماگەرایی، دۆگماتیزم بوو، لە کولتووری شیعەدا پێیان دەوت بێگانەگەرایی، بەڵام لەبەرئەوەی کە زاراوەی بێگانەگەرایی، پەیوەست بوو بە تەوژمێکی تایبەت لە

مێژووی ئیسلامدا کە هەمان تایبەتمەندی هەبوو، لە ڕووی زانستییەوە بۆ گشتاندن گونجاو نەبوو و باشتروایە وشەیەکی گشتی تر دەستنیشان بکرێت"(باقی).

عەلیڕەزا شوجاعی زەند، هاوواتای ئیسلامیزم (ئیسلامگەرایی) وەک هاوواتایەک دەستنیشان دەکات، لەبەرئەوەی لە ڕوانگەی ئەوەوە ئایین وەکو ئایدۆلۆژیایە، (ئیزم)ی ئیسلامیزم لە ڕاستیدا پێناسەی ئایدۆلۆژیای ئایینی ئیسلامە. هەرچەندە شوجاعی زەند پێی باشە کە سوود لە هاوواتاگەلێک وەربگیرێت کە خودی گرووپەکانی ناسراو بە بوونیادگرایی بۆ ناساندنی خۆیان سوودی لێ وەردەگرن، بەڵام ئەم زاراوە و چەمکانە بە هۆی نۆرمەکەیانەوە لە لایەن ئەکادیمییەکانەوە سوودی لێ وەرناگیرێت.

"بە واتایەکی تر هاوڕاییەکی زیاترم لەگەڵ ئیسلامیزم (ئیسلامگەرایی)دا هەیە، هەرچەندە ئەویش کەم و کورتی خۆی هەیە... ئەمانە کەسانێکن کە ئایینیان وەک ئایدیۆلۆژیایەک وەرگرتووە. بەم شێوەیە، بە بۆچوونی من ئیسلامیزم باشترە لە ئیسلامی سیاسی... هیچ یەکێک لەم هاوواتایانە، هاوواتای گونجاو نین. بڕوام وایە پێویستە لە ئەدەبیاتی خۆماندا بە دوای ئەم ڕەوتانەدا بگەڕێین و بزانین ئەمانە چ ناوێک لە خۆیان دەنێن. وا بزانم یەکێک لەو گوزارشتانەی کە بەکاری دەهێنن قوتابخانەیی بوونە... بەڵام کاتێک دەیانەوێت گوزارشتی قوتابخانەیی بکەنە جێگرەوەی، دیسانەوە توشی کێشەگەلێک لە جۆری برەوپێدانی نۆرمی دەبنەوە، لەبەرئەوە ئەکادیمیەکان خۆیان لە بەکارهێنانی کۆمەڵەگوزارشتێک کە مۆرکی نۆرمیان هەیە دووردەخەنەوە. هەر بۆیە وای بە باش دەزانن زاراوەیەکی نەناسراوی لاتینی بەکار بهێنن"(شوجاعی زەند).

هاشم ئاغاجەری گوزارشتی سەلەفی نوێی جیهادی بۆ بوونیادگەرایی ئیسلامی بە کار دەهێنێت، بەکارهێنانی وشەی "نوێ" بۆ پیشاندانی جیاوازی سەلەفییەکانی نەوەکانی ڕابردوو و ئێستایە. پێشینگەرایی نوێ کە پێکهاتنەکەی پەیوەستە بە فاکتەرەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم.

"دەتوانم بۆ بوونیادگەرایانی موسڵمان (هەم شیعە و هەم سوننە ) گوزارشتی سەلەفی نوێی جیهادی بەکار بهێنم کە جیاوازە لەگەڵ سەلەفییەکانی نەوەکانی پێشوو، تاڕادەیەکیش ڕیزبەندی و دژایەتیان هەیە. لە بنەڕەتدا دروستبوونی پێشینگەرایی نوێی جیهادی، پەیوەندی بە فاکتەرەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە هەیە. فاکتەرگەلێکی وەک دامەزراندنی ئیسرائیل، هێرشی یەکێتیی سۆڤیێت بۆ ئەفغانستان، هێرشی ئەمریکا بۆ عێراق و دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی واتە دواکەوتن، هەژاری و نایەکسانی، قەیرانی ناسنامە و هەروەها جێبەجێکردنی مۆدێلەکان و شێوازەکانی

مۆدێرنیزاسیۆنی فەرماندەرانە و بە بێ مۆدێرنیتە لە لایەن دیکتاتۆرە سەربازییەکانەوە، یان دەسەڵاتە زۆردارەکانەوە لە پەیوەندی لەگەڵ سیستەمی جیهانیدا، بووەتە هۆی نایەکسانی و هەژاری و جۆرێک گەشەپێدانی ناهاوسەنگی دروست کرد. پێویستە ئاماژەش بە شکستەکانی جیهانی ئیسلام لە لایەن ئیسرائیلەوە بکەین کە ویژدانی جیهانی ئیسلامی بریندار کرد و بیرخەرەوەی گەورەیی ڕابردووی ئیسلام و جۆرێک هەستی نۆستالیژی بۆیان و بووە هۆی یۆتۆپیانیزم"(ئاغاجەری).

(مەحمود نەجاتی حسێنی)یش هاوواتای توندوتیژی ئیسلامی بۆ ڕەوتەکانی وەک قاعیدە و تاڵیبان بەکاردەهێنێت.

"[لە توێژینەوەکانم]دا ڕەوتەکانی وەک قاعیدە و تاڵیبانم وەک توندڕەوی ئیسلامی ناو بردووە"(نەجاتی حسێنی).

لە نێوان هاوڕایانی جێگرەوە بۆ چەمکی بوونیادگەرایی تەنیا داود فیرحی ئەو هاوواتا خواستراوە ناخاتە ڕوو و تەنیا خەریکی ڕەخنەگرتنە لە هاوواتا پێشنیارکراوەکان لە لایەن ئەوانی ترەوە.

هاوواتا وتراوەکانی ئەوکەسانەی چاپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە لە خشتەی ٢ دا هاتووە.

**خشتەی ٢: هاوو اتا پێشنیارکراوەکانی ئەوکەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە**

| ناوی ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە | هاوواتا پێشنیارکراوەکان |
|---|---|
| **سارا شەریعەتی** | ڕادیکالیزم و توندڕەوی |
| **حەمید پارسانیا** | دەقگەرایی/ ڕواڵەتگەرایی/ ئەهلی حدیث |
| **محەممەد سەقەفی** | ئوسوولگەرایی |
| **مەهدی ئیعتمادی فەرد** | توندڕەوی |
| **عیمادەدین باقی** | دۆگمایی/ دۆگماتیزم |
| **عەلی ڕەزا شوجاعی زەند** | ئیسلامیزم (ئیسلامگەرایی) |
| **هاشم ئاغاجەری** | سەلەفی نوێی جیهادی |
| **مەحمود نەجاتی حسێنی** | توندڕەوی |

## ڕەخنە و شیکاری هاوواتا پێشنیارکراوەکان

بە سەرنجدانی هاوواتاکان لە ئەدەبیاتی چەمکی و هاوواتا پێشنیارکراوەکان لە لایەن چاوپێکەوتن لەگەڵ کراوەوەکانەوە تێدەگەین کە لێکچوون گەلێکی زۆر لە نێوان هاوواتاکاندا هەیە، بە جۆرێک کە دەتوانرێت باس لە هاوواتاکانی دەقگەرایی (ئایینی ئەرتەدۆکس، زیندووگەرایی و شەریعەتگەرایی)، توندڕەوی ئایینی، ئوسوولگەرایی (بنەماگەرایی)، ئیسلامیزم و ڕادیکالیزم بکرێت، کە لە کۆتاییدا، شیکراونەتەوە و ڕەخنەیان لێ گیراوە.

## دەقگەرایی/ ڕواڵەتگەرایی

دەقگەرایی واتە گەڕانەوە بۆ کتێب و سوننەت بە بێ بەکارهێنانی ژیری، پێشخستنی گێڕانەوە بە سەر ژیریدا لە ناکۆکی ژیری و گێڕانەوەدا(عەلەوی،١٣٨٥). لایەنگرانی ئەم تیۆرە دەڵێن "پرسە ئیلاهییەکان هەموویان ئاسمانین و هەواڵی ئاسمان پێویستە تەنیا لە خودی ئاسمانەوە ببیسترێت"(موتەهەری،١٣٩٦: ٨٧٨).

دەقگەرایی یەکێک بووە لە تەوژمە سەرەکییە هزری و کەلامییەکان بە درێژایی مێژووی ئیسلام و پەیوەستە بە چیرۆکی دێرینی نزیکایەتی عەقڵ ونەقڵ، بە جۆرێک کە دوو کۆمەڵەی موعتەزیلە و ئەشعەری لە مەزهەبی سوننیدا و دوو کۆمەڵەی ئوسووڵییەکان و ئەخبارییەکان لە تەشەیوعدا لە هەمان چوارچێوەدا دروستبوون. بێگومان کە هەموو گرووپەکان و کۆمەڵە ئیسلامییەکان پشت بە دەق دەبەستن، بەڵام جیاوازی لە گرنگی و پێگەی دەق لە بەرامبەر ژیریدایە. ئەشعەرییەکان لە مەزهەبی سوونیدا و ئەخبارییەکان لە مەزهەبی شیعەدا، پێگەیەکی زۆر گرنگ بۆ دەق لە بەرامبەر ژیریدا دیاری دەکەن، لە کاتێکدا کە موعتەزیلە و ئوسووڵییەکان وەها باوەڕێکیان سەبارەت بە گرنگی و پێگەی دەق نییە. بە واتایەکی تر جیاوازی ئەم گرووپانە لە بارەی ڕاڤەکردنی دەقەوەیە، موعتەزیلە و ئوسووڵییەکان هاوڕان بە ڕاڤەکردنی دەق، بەڵام ئەشعەرییەکان و هەواڵگرەکان هاوڕای ڕاڤەکردنی دەق نین.

**(شوجاعی زەند) هاوڕا نییە لەگەڵ سوودوەرگرتن لە زاراوەی بوونیادگەرایی بۆ ڕەوتە ئیسلامییەکان، چونکە بە ڕای ئەو ئەم زاراوەیە، پەیوەستە بە ئەزموونێکی مێژووی مەسیحییەت لە بارودۆخێکی تایبەتدا**

ئەگەر ڕواڵەتگەراکان/دەقگەراکان باوەڕیان بە کردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەبووە و تەنیا شێوازی تاکگەرایی و

باوەرداری لە بەرچاو بگرن، ناتوانین بە هاوواتای بوونیادگەراییان دابنێین. وەها ڕواڵەتگەرایانێک بە درێژایی مێژووی ئیسلام بوونیان هەبووە و هەیە، کە دەتوانن بە تەواوی تاکێکی نەریتی بن و دینداری نەریتی خۆیان درێژە پێ بدەن، لە ئەنجامدا ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ مۆدێرنیتە قورس نییە، یان بە واتایەکی تر، ئەوان ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ مۆدێرنیتە نییە، لە کاتێکدا کە لە پێناسەی بوونیادگەراییدا باس لە دەقگەرایی دەکرێت کە باوەڕدارانی، دژی مۆدێرنیتەن و توندوتیژی بەکار دەهێنن، بە کورتی ئەوەی کە هەرچەندە ڕواڵەتگەراکان لەگەڵ بوونیادگەراکان لە دەقگەراییدا هاوبەشن، کە فاکتەرێکی گرنگە بەڵام ئەم فاکتەرە ناتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی کە ڕواڵەتگەرایی وەک هاوواتا لەبری بوونیادگەرایی دابنرێت. دەقگەرایی/ ڕواڵەتگەرایی یەکێکە لە پێوەرەکانی بوونیادگەرایی، نەک هەمووی، کەواتە ناتوانرێت ئەم زاراوەیە وەک هاوواتای بوونیادگەرایی بەکار بهێنرێت.

**توندڕەوی**

سەبارەت بە دانانی توندڕەی وەک هاوواتای بوونیادگەرایی ئەم خاڵانە شایانی باسن:

١)یەکێک لە ڕەخنەکان لە زاراوەی بوونیادگەرایی و پێویستی بە بیرکردنەوە بۆ جێگرەوە ئەمەیە کە لە پانتاییەکی گشتگیردا ئەم وشەیە زۆر بڵاوبووەتەوە و لە بواری ئایینی و سیاسییەوە ڕۆیشتووە بۆ بواری تری وەک ئابووری و زانستیش تا ئەو شوێنەی کە ئەمڕۆ قسە لە سەر بوونیادگەرایی بازاڕ (لیبرالیزمی توندڕەو)، یان بوونیادگەرایی زانستیش دەکرێت، بە واتایەکی تر سوودوەرگرتن لە بوونیادگەرایی لە بواری ئایینی و سیاسیدا لە ئاستی سوودوەرگرتنندا داڕووخاوە، لەم ڕووەوە هەر ئەم ڕەخنەیەش بۆ توندڕەوی گونجاوە، لەبەرئەوەی کە توندڕەویش هەر وەک وشەی بوونیادگەرایی لە بواری ئایینی دەرچووە، بە شێوەیەک کە دەتوانرێت قسە لە توندڕەوی ئایینی و نائایینیش بکرێت، لە ئەنجامدا ئەو کێشە باسکراوە بە هەڵبژاردنی وشەی توندڕەوی چارەسەر نابێت.

**"هاوواتای زۆر هەیە بۆ بوونیادگەرایی، کە یەکێک لەوانە توندڕەوییە، هاوواتایەکی تر ڕادیکالیزمە، کە هەریەکێکیان شایەنی قسە لە سەرکردنن**

بە واتایەکی تر، کاتێک وشەی توندڕەوی بەکاردەهێنین، ڕاستەوخۆ ئەم پرسیارە سەرنجمان ڕادەکێشێت کە توندڕەوی لە چیدا؟ بۆ نموونە بەو کەسانەش کە ڕووەکخۆرن دەوترێت توندڕەو و بە

هەندێک لەو کەسانەش کە لایەنگری ژینگەی سروشتین و دژی سوودوەرگرتنن لە ئامێرە کشتوکاڵییەکان و پەینە کیمیاییەکانیش دەوترێت توندڕەو، لە کاتێکدا کە مەبەست لە توندڕەوی لە ئایین و سیاسەتدا زۆر جیاوازە، کەواتە وشەی توندڕەوی لەو ڕوانگە باسکراوەدا، هاوواتایەکی گونجاو نییە بۆ بوونیادگەرایی.

٢)ئەگەر چاوپۆشی لەو خاڵەی پێشوو بکەین کە لە بواری توندڕەویدا باسکرا و لە بواری ئایینیدا لەبەرچاوی بگرین، بەو واتایە کە "توندڕەوی زیاتر بە واتای سیاسی، یان ئایینی بۆ ئایدۆلۆژیاگەلێک بەکار دێت کە بە ئاراستەی تەوژمە سەرەکییەکانی (پەسەندکراو)ی کۆمەڵگە، زۆر دوور بێت"(وێبستەر[38]، ٢٠١٥) و ناوی توندڕەوی ئیسلامی لێ بنێین کێشەیەکی تر سەرهەڵدەدا و ئەویش ئەوەیە کە لە ناو هەر ئایینێکدا ڕووبەڕووی گرووپ گەلێکی توندڕەو دەبینەوە کە کەس بە بوونیادگەرایان نازانێت، بۆ نموونە تاکەکان، یان گرووپە سەلەفییەکان کە "دوو تایبەتمەندی بنەڕەتییان هەیە، یەکێک گەڕانەوە بۆ شێوەی ژیان و ئامانجەکانی سەلەفی ساڵح و لە کۆتاییدا نەریتی حیجاز و بە تایبەت نەریتەکانی مەدینە لە ١٤٠٠ ساڵی ڕابردوودا، دووەمیش شەڕ لەگەڵ بیدعە، واتە هەر شتێک کە سەلەفییەکان بە نوێ و دژی سوننەتی دەزانن"(لازێر[39]، ٢٠١٠: ٣٧١). لەوانەیە کردەی کۆمەڵایەتی و سیاسییان نەبێت، یان کەسانێک کە لە ئەنجامدانی پەرستشەکاندا زیادەڕەویی دەکەن، یان ناوەندی پرسەگێڕان لە هەندێک لە شارەکانی ئێراندا وەک کاشان کە لە ئەنجامی سروتی پرسەگێڕانەکانیاندا کاری زیادەڕۆیی ئەنجام دەدەن، بەم کەس و گرووپانە دەوترێت توندڕەو، بەڵام کەس بە بوونیادگەرا هەژماریان ناکات لەبەرئەوەی کە بوونیادگەرایی ئایینی بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان، توندڕەوی بە کار دەهێنن و کردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەنجام دەدەن، لە ئەنجامدا بە سوودوەرگرتن لە وشەی توندڕەوی ئایینی، یان توندڕەوی ئیسلامی جیاوازیی گرووپە دژوە باسکراوەکان لەگەڵ گرووپەکانی وەک داعش و قاعیدە بە شاراوەیی دەمێنێتەوە. لە کاتێکدا کە ئامانجی ئێمە لە دۆزینەوەی هاوواتا بۆ بوونیادگەرایی، ڕوونیە لە تێگەیشتندا و دەربازبوونە لە ناڕوونی و وشەی توندڕەوی لەم بوارەدا، یارمەتییەکی وەهامان نادات. بە واتایەکی تر وشەی توندڕەوی لە باشترین حاڵەتدا، ڕوونکەرەوەی بەشێکە لە وشەی بوونیادگەرایی، نەک هەمووی. لە کاتێکدا کە وشەی هاوواتا دەبێت تاڕادەیەکی باش ڕوونکەرەوەیەکی تەواوی وشەی بوونیادگەرایی بێت. توندڕەوی نە پەیوەستە بە کولتووری ئیسلامی بە شێوەیەک کە لە هەموو کولتوورەکاندا

بەکار دێت، نە ڕوونکەرەوەی کردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی شاراوەیە لە بوونیادگەراییدا.

بەکارهێنانی وشەی زیادەڕۆییش هەمان کێشەی ئاماژەپێکراوی هەیە. ئەم وشەیە کە لە کولتووری شیعە وەرگیراوە، پەیوەستە بە پانتایی بیروباوەڕی شیعەوە و بە واتای ئەولەویەت دانە بە ئیمامەکانی شیعە. لە ئەنجامدا لەم وشەیەدا، زیاتر لە بەرامبەر شێوەی تێۆری و بیروباوەڕیداین و توندڕەوی کردەیی کە هەمان کردەی کۆمەڵایەتی و سیاسییە تێیدا نادیارە، تەنانەت ئەگەر بە چاوپۆشیەوە توندڕەوی بە زیادەڕەوی وەربگێڕین، هەرچەندە ئەو لایەنە باشەی هەیە کە لە کولتووری ئیسلامی و شیعە وەرگیراوە، بەڵام لەوێدا کە پێشینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پێش مۆدێرنیتە و یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی، دژایەتی کردنی مۆدێرنیتەیە وشەی زیادەڕۆیی دەرخەری ئەو ڕووەی بوونیادگەرایی نییە، کەواتە زیادەڕۆیی بێتوانایە لە گەیاندنی واتای توندڕەویدا و بە ڕێگای یەکەم، بێتواناترە لە بە هاوواتادانانی بوونیادگەراییدا.

٣)ئەگەر توندڕەوی بە هاوواتای بوونیادگەرایی دابنێین وەک ئەوەی مەبەستی (ئیعتمادی فەرد)ە کە جیاوازە لەگەڵ پێناسە ئاماژەپێکراوەکانی خاڵەکانی پێشوو و توندڕەوی بە واتای زیادەڕەوی لە بەرامبەر شلگیری دانەنێین، بەڵکو بە واتای زیادەڕۆیی کردن لە کارێکی نەکردەییدا دابنێین، ئەگەر ئەم پێناسەیەی بوونیادگەرایی بە دڵ فراوانییەوە پەسەند بکەین لە هەمبەر دانانی هاوواتای توندڕەوی لە بەرامبەر بوونیادگەراییدا پێویستە بڵێین کە ئامانجی ئێمە لە هەڵبژاردنی هاوواتایەک، جێگرەوەی وشەیەکی گونجاوترە لە جیاتی بوونیادگەرایی. تێگەیشتنی گشتی لە وشەی توندڕەوی هەمان دژی شلگیرییە (کەمڕەوییە) کە ئیعتمادی فەرد مەبەستێکی وەهای لەم وشەیە نییە، بەڵام کاتێک وشەی توندڕەوی بەکاردەهێنین، یەکەمین واتای لە لای بیسەر، هەمان واتای بەربڵاو و باوە لە وشەی زیادەڕۆیی. کەواتە مەبەستێکی وەها لە توندڕوەی نەک کێشەی بەکارهێنانی دەستەواژەی بوونیادگەرایی چارەسەر ناکات دیوە ناڕوون و شاراوەکانیشی زیاتر دەکات. بە واتایەکتر، بەکارهێنانی ئەو توندڕوییەی کە مەبەستمانە، سەرەڕای ئەوەی کە کێشەکانی پێشوو کە لە خاڵەکانی پێشوودا ئاماژەی پێکراوە کێشەی دەستخستنی هاوواتا دانانیشی دێتە سەر.

**دەقگەرایی یەکێک بووە لە تەوژمە سەرەکییە هزری و کەلامییەکان بە درێژایی مێژووی ئیسلام و پەیوەستە بە چیرۆکی دێرینی نزیکایەتی عەقڵ ونەقڵ**

**ئوسووڵگەرایی**

بوونیادگەرایی لە واتای یەکەم و ڕەسەنی خۆیدا لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستەمدا لە ئەمریکا بە واتای گەڕانەوە بۆ بوونیادەکان (ئوسووڵ) بوو، ئەو بوونیادانەی کە لە کتێبی پیرۆزدا هاتبوون، هەرچەندە ئەم گەڕانەوەیە بە بێ سەرنجدانی کات (مێژوو) و شوێن (جوگرافیا) بووە. لە جیهانی ئیسلامییدا، بوونیادگەرایی سەرەڕای گەڕانەوە بۆ کتێبی پیرۆز (قورئان)، گەڕانەوە بووە بۆ پێشینانی چاکەکار، کە لای سوننیەکان بە واتای سەرنجدان و بە سەرمەشقکردنیان لە ژیاندا و گێڕانەوەکانی پێغەمبەریش و لەلای شیعەکان سەرەڕای پێغەمبەر، ژیان و گێڕانەوەکانی ئیمامەکانی شیعەش لە خۆدەگرێت.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دەتوانرێت ئوسووڵگەرا بیت و قورئان و سوننەت بکەیتە سەرمەشق، بەڵام بوونیادگەرا نەبیت، بە هەمان شێوە کە (نەریتی) یەکان لە جیهانی ئیسلامدا وان. ئەوەی کە دەتوانێت ئوسووڵگەرایەک سەرەڕای ئوسووڵگەرایی بکاتە بوونیادگەرا، دژایەتی مۆدێرنیتە و بەکارهێنانی توندڕەوەییە واتە هەبوونی کردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی. بە واتایەکتر، هەر بوونیادگەرایەک بێگومان ئوسووڵگەرایە بەڵام هەر ئوسووڵگەرایەک، بوونیادگەرا نییە. بۆ نموونە کەسێک کە ژیانی وەک فێرکاریەکانی قورئان و پێغەمبەر و ئیمامانی شیعەیە لە ناوەندی زانستی قوم سەرقاڵی وانەوتنەوە و ژیانی خۆیەتی بەڵام کردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی نییە، هەرچەندە ئوسووڵگەرایە، بەڵام بوونیادگەرا نییە.

خاڵی هاوبەشی ئوسووڵگەرایەک و بوونیادگەرایەک دەکرێت دەقگەرایی بێت، بەڵام بە هەمان شێوە کە وترا دەقگەرایی تەنیا یەکێکە لە پێوەرەکانی بوونیادگەرایی، نەک هەموو پێوەرەکانی.

لە کۆمەڵگەی ئێراندا وشەی ئوسووڵگەرایی وەک هاوواتای بوونیادگەرایی کەموکوڕیەکی تری هەیە و ئەوەش ڕەنگ و بۆنی سیاسی وشەکەیە لە پانتایی سیاسی ئێراندا. لەم ساڵانەی دواییدا یەکێک لە تەوژمە سیاسییەکانی ناو کۆماری ئیسلامی ئێران، خۆی بە ئوسووڵگەرا ناساند، کە لە بەرامبەر ڕیفۆرمیستەکان لە ناو حکومەتدا دروستبوون. بەکارهێنانی ئوسووڵگەرایی لە جیاتی بوونیادگەرایی لە کۆمەڵگەی ئێراندا لە دەستپێکی کاردا، هزر ئاڕاستەی ئەو ڕەوتە سیاسییە دەکات و دەبێتە هۆی نادیاری لە تێگەیشتنی بوونیادگەرایی لە واتا سەرەکییەکەیدا.

لە ئەنجامدا بەکارهێنانی ئوسووڵگەرایی وەک هاوواتای بوونیادگەرایی لە بەر ئەم دوو هۆکارە گونجاو نییە:

١)ئوسووڵگەرایی بە پێوەری دەقگەرایی زۆر نزیکە لە بوونیادگەرایی و پێوەری تری نییە.

٢)ئوسوولگەرایی یەکێکە لە ڕەوتە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەکارهێنانی وەک هاوواتای بوونیادگەری، ناڕوونییەکەی دوو هێندە دەکات.

**ئیسلامیزم (ئیسلامگەرایی)**

وشەی ئیسلامیزم یەکێکە لە وشە کێشە لە سەرەکانی ئەم چەند دەیەی کۆتایی لە پانتایی توێژینەوە بوونیادگەراییەکاندا. وشەیەک کە بە تایبەت دوای سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی و بۆ ناساندنی بوونیادگەرایی زۆر سوودی لێ وەردەگیرێت. گرنگترین تایبەتمەندی ئیسلامیزم، هەوڵدانی گرووپە ئیسلامییەکانە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی. "ئیسلامگەراکان جیاوازن لە موسڵمانەکان، بە واتایەکی تر، ئیسلامگەراکان موسڵمانن، بەڵام هەموو موسڵمانێک، ئیسلامگەرا نییە. ئیسلامگەرایی واتە گۆڕینی ئایینی ئیسلام بۆ ئایدۆلۆجی"(شەرەفی، ١٣٩٧: ١٧٧)، بە واتایەکی تر ئیسلامگەراکان لەسەر بنەمای گوزارشتەکەی بورهان غلیون، جیاوازی ناکات لە نێوان ئیسلام وەک کۆمەڵێک و ئایینێک و لە نێوان بزووتنەوەی ئیسلامی وەک ڕکابەرێکی سیاسی کە هەوڵ دەدات نەریتە ئایینیەکان ڕاڤە بکات و بە ڕێوشوێنی سیاسی خۆی لێکی بداتەوە(ئەبوزەید، ١٣٩٤: ٤٦). هەرچەندە ئەم وشەیەش وەک وشەکانی تر لە لایەن گرووپەکانی تری ناسراو بە بوونیادگەرا بۆ ناونانی خۆیان، سوودی لێ وەرنەگیراوە، بەڵام جیاوازی گرنگی ئەم وشەیە لەگەڵ هاوواتاکانی تری ئاماژەپێکراودا ئەمەیە کە لێکۆڵەرانی ڕۆژئاوایی لە داتاشین و جێگیرکردنیدا ڕۆڵێکی زیاتریان هەبووە.

ئایا دەکرێت هەر گرووپێکی ئیسلامی کە بە دوای بەدەستهێنانی دەسەڵاتەوەیە ناوی بوونیادگەرای لێ بنێین؟ ئەم پرسیارە لەو ڕووەوە دەخرێتەڕوو کە ئاماژە بە جیاوازی وردی نێوان بوونیادگەرا و ئیسلامیزم بکرێت. ئەگەر گرووپێکی ئیسلامی بە دوای بە دەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسییەوە بێت و بە پێویستییەکی گرنگی جێبەجێکردنی شەریعەتی بزانێت و و لەم ڕێگەیەدا پەنا بباتە بەر توندوتیژی کە واتا ناوەکییەکەی، دژایەتی مۆدێرنیتەیە، ئەم گرووپە ئیسلامییە هەموو تایبەتمەندییەکانی بوونیادگەرایی هەیە و لە ڕاستیدا گرووپێکی بوونیادگەرایە، بەڵام ئەگەر بارودۆخی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی لەبەرچاو بگرین کە گرووپێکی ئیسلامی لە چوارچێوەی ڕکابەرایەتییەکانی هەڵبژاردندا دێتە گۆڕەپانەکەوە و دەیەوێت دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست تا لە ڕێگەیەوە شەریعەت لە کۆمەڵگەدا پیادە بکات، ئایا دیسانەوە دەکرێت بەم گرووپە بوترێت بوونیادگەرا؟ پێموایە نەخێر، لەبەئەوەی کە ئەم گرووپە لە ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانیان توندوتیژییان

بەکارنەهێناوە و لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەیەوێت ببێتە خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی، هەروەها ئەم گرووپە ئیسلامییە بە سوودوەرگرتن لە سندووقی دەنگدان بە جۆرێک هاوڕایە لەگەڵ دەستکەوتەکانی مۆدێرنیتە لە ئەنجامدا، ناولێنانی ئیسلامیزم لەم گرووپانە بە هۆی بەدەستهێنانی هێز ئەگەر ڕاست بێت، ناولێنانی بوونیادگەرا هاوشێوەی ئەو پێناسانەی خرانە ڕوو، لۆژیکی نییە. نموونەیەکی ڕوون لەم بارەیەوە، بەشداری ئیخوان موسلمین لە میسر لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماردا لە ساڵی ٢٠١٢ بوو، کە محەممەد مورسی نوێنەری ئیخوان بۆ یەکەم جار لە مێژووی میسردا بە شێوەی دیموکراتی وەک سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا. دەزگای هەڵبژاردن وەک یەکێک لە دیاردەکانی جیهانی مۆدێرن، بووە جێگە پەسەندی ئیخوان و ئەمە لە کاتێکدا بوو کە یەکێک لە ئامانجەکانی ئیخوانەکان لە کاتی گەیشتن بە دەسەڵات، جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام بوو. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا محەممەد مورسی و ئیخوان موسلیمینی میسر کە پێیان دەوترێت ئیسلامی، بوونیادگەرا بوون؟ بەم شێوەیە سەبارەت بە گرووپەکانی داعش و ئەلقاعیدە دەتوانین بڵێین چی کە بە هیچ شێوەیەک و لە ژێر هیچ ناونیشانێکدا، هەڵبژاردنەکانیان لاپەسەند نییە و بە دژی ئیسلامی دەزانن؟ لە ئەنجامدا ناولێنانی بوونیادگەرا بۆ دوو گرووپی ئیسلامی بە کۆمەڵە جیاوازییەکی زۆرەوە لۆژیکی نییە، هەروەها ئەگەر ئیخوان موسلیمینی ئێستای میسر، یان حیزبی بزووتنەوەی تونس بە ئیسلامی دابنێین، ئەو کاتە ناتوانین دانانی هاوواتای بوونیادگەرا بۆ ئیسلامیزم پەسەند بکەین.

خاڵێکی تری بەکارهێنانی وشەی ئیسلامیزم ئەوەیە کە کاتێک "ئیزم" دەخەینەڕوو لە ڕاستیدا دەستەبەندییەکی ڕۆژئاوایی بۆ دیاردەیەکی ئیسلامی دەخەینە ڕوو، ڕەخنەیەکە کە بۆ سوودوەرگرتن لە بوونیادگەراییش گونجاوە. بە کورتی ئەوەی کە سەرەڕای لێکچوونە زۆرەکانی ئیسلامیزم لەگەڵ بوونیادگەرایی لەسەر بنەمای ئەو هۆکارانەی ئاماژەی پێکراوە، دانانی ئەم دوو وشەیە، بە هاوواتا ڕێگەپێدراو نییە.

**هەرچەندە ڕواڵەتگەراکان لەگەڵ بوونیادگەراکان لە دەقگەراییدا هاوبەشن، کە فاکتەرێکی گرنگە بەڵام ئەم فاکتەرە ناتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی کە ڕواڵەتگەرایی وەک هاوواتا لەبری بوونیادگەرایی دابنرێت**

### ڕادیکالیزم

"ڕادیکالیزم بە واتای لایەنگری لە گۆڕانکارییە بوونیادییەکانی کۆمەڵگە و

قەوارە کۆمەڵایەتیەکان دێت، لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا بەو بیرکردنەوانە دەڵێن کە خوازیاری هەنگاوگەلێکی توند و قورس و ڕیشەییین لە چاکسازی کۆمەڵگە و خوازیاری گۆڕانکارییە بوونیادییەکانن لە کاروبارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا"(ئاشوری، ١٣٩٧:٧٨). ئەم وشەیە کە لە ڕۆژئاوا سەریهەڵداوە زیاتر سەبارەت بە بیرکردنەوەی گرووپە چەپە توندڕەوەکان بەکاردێت، کە خوازیارن کۆمەڵگە لە ڕەگەوە بگۆڕێت هەر چەندە کە لەمڕۆدا باس لە ڕادیکاڵە ڕاستڕەوەکانیش دەکرێت.

ڕادیکالیزم چ وەک قوتابخانەیەکی هزری و چ وەک ئایدیۆلۆژیایەک نزیکایەتی هەیە لەگەڵ شوێنی سەرهەڵدانی کە ڕۆژئاوایە. لە ئەنجامدا، بە کارهێنانی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بە تایبەتمەندییەکانیەوە، کێشە ئاماژەپێدراوەکانی پێشوو بە دوای خۆیدا دەهێنێت، لەبەرئەوەی کە یەکێک لە ئامانجەکانی دۆزینەوەی هاووواتا بۆ بوونیادگەرایی، داتاشینی چەمکێکی گونجاوە لەگەڵ خودی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی کە ڕادیکالیزم ئەم مەبەستە ناهێنێتەدی. هەروەک توندڕەوی، ڕادیکالیزمیش دەتوانێت ئایینی، یان نائایینی بێت، هەمان ئەو تایبەتمەندییەی بوونیادگەرایی کە ڕەخنەی لێ دەگیرێت. ئێمە بە دوای وشەیەکدا دەگەڕێین کە سەرەتا ئایینی بێت و دووەم پەیوەست بێت بە تایبەتمەندی ئایینی ئیسلام، یان کولتووری موسڵمانان کە ڕادیکالیزم لەم بوارەشدا داخوازی ئێمە بەدی ناهێنێت.

هەرچەندە ڕادیکالیزم وەک بوونیادگەرایی دژی قەوارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆیە و بە دوای گۆڕانکاری ڕیشەییەوەیە تێیدا، بەڵام دەبێت سەرنج لەوە بدەین کە ڕادیکالیزم دژی مۆدێرنیتە نییە و دوابەدوای ئامانجەکانی مۆدێرنیتە بە دوای گۆڕانکاری ڕیشەییەوەیە لە کاتێکدا بوونیادگەرایی بە گشتی دژی مۆدێرنیتەیە، لە ئەنجامدا ڕادیکالیزم دژایەتی قەوارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ دەکات و خوازیاری چاکسازی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەیە لە سەر بنەمای داهاتووە لە کاتێکدا چاکسازی کۆمەڵگە لە ڕوانگەی بوونیادگەراکانەوە، لە سەر بنەمای ڕابردووە، ڕابردوویەک کە دەق دەیخاتە بەردەستیان، لە کاتێکدا کە لە ڕوانگەی ڕادیکاڵەکانەوە ڕابردوو و گەڕانەوە بۆی، بووەتە هۆی دروستکردنی ئەم کۆمەڵگەیەی ئێستا و دامەزراوەکانی، کەواتە دەبێت دژایەتی بکرێت. بە کورتی خاڵی هاوبەشی ڕادیکالیزمەکان لەگەڵ بوونیادگەراکان، دژایەتی کردنی هەردووکیانە بۆ دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا، بە جیاوازی ئەوەی کە ڕادیکاڵەکان بە پێچەوانەی بوونیادگەراکانەوە، دژی مۆدێرنیتە نین. لە هەندێک لە بابەتەکاندا

دەکرێت بەکارهێنانی توندوتیژی بە خاڵی هاوبەشیان دابنرێت.
بە سەرنجدانی ڕوونکردنەوەکانی پێشوو، ڕادیکالیزم ناتوانێت ڕەنگدانەوەی هەموو تایبەتمەندییەکانی بوونیادگەرایی بێت و لە ئەنجامدا، ناتوانرێت وەک هاوواتای بوونیادگەرایی لەبەرچاو بگیرێت.

## بوونیادگەرایی ئایینی بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان، توندڕەوی بە کاردەهێنن و کردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەنجام دەدەن

### دۆگماتیزم

دۆگماتیزم[٤٠] (شوێنکەوتنی کوێرانە) بریتییە لە شێوەیەک لە بیرکردنەوەیەکی بێ ڕەخنەیی و نامێژوویی و مێتافیزیکی کە لە سەر بنەمای باوەڕگەلێکی دۆگما (کوێرانە) دەگێڕدرێتەوە، واتە بیروباوەڕە جێگرەکان وەک ڕاستی هەر ئەوەیە و لە هەموو شوێنێکیش بەڕاستی دەزانێت، بێ ئەوەی لە ڕەوتە مێژوویە ناسراوەکاندا، خستبێتیە ژێر ئەزموون و تاقیکردنەوەوە و سەرقاڵی بوونیادی زانیارییە تازەکان و ئەزموونە کردارییە نوێیەکان بێت بە پێداچوونەوەی ناوەڕۆکی ڕاستیەکانیان و بەهای زانیارییەکانیان(تلوعی، ١٣٩٠:٤٥٩)
سوود وەرگرتن لە وشەی دۆگماتیزم وەک هاوواتای بوونیادگەرایی تێروتەسەل نییە، لەبەرئەوەی بەهەمان شێوە کە چەند جار ئاماژەی پێکرا یەکێک لە ڕەخنەکانی بوونیادگەرایی ئەمەیە کە ناوەندی لەخۆگرتنی زۆر فراوان و هەمەلایەنەیە و تایبەتمەندییەکەی لە گرووپە ناولێنراوەکانی بوونیادگەرایی لە ئایینە جیاوازەکاندا، ڕوونکەرەوە نییە. چونکە لاستیکییە، هەر ئەم ڕخنەیەش لە ڕەهەندی بەربڵاوتردا بۆ وشەی دۆگماتیزم بوونی هەیە. دۆگماتیزم، وشەیەکی زۆر گشتگیرترە و لە سەرووئایینەوەیە کە دەتوانێت بیروباوەڕ و قوتابخانە ماددییە نائایینیەکانیش لە خۆ بگرێت، بۆ نموونە دەتوانرێ مارکسیستەکان یان نازیستەکانیش وەک دۆگماتیزم یان یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی بخەینە ڕوو. لە ئەنجامدا، ئامانجی ئێمە لە دۆزینەوەی هاوواتا بۆ بوونیادگەرایی کە ئاماژەیە بۆ تایبەتمەندییە فێرکاریی و کۆمەڵایەتیەکانی جیهانی ئیسلام و جیاوازییەکانی لەگەڵ شوێنی سەرهەڵدانی بوونیادگەرایی لە مەسیحییەتدا و جەخت کردنەوەیە لە خودی تایبەتمەندییەکانی ئیسلام و موسڵمانان بە هەڵبژادرنی دۆگماتیزم نایەتە دی.
بە واتایەکی تر، وشەی دۆگماتیزم، نە جیاکەرەوەی ئایین و نائایین و نە جیاکەرەوەی ئایینی ئیسلامە لە ئایینی مەسیحی و ئایینەکانی تر. لە لایەکی

تـــرەوە، وشـــەی دۆگـمـاتـیـزم تـوانـای هـاوواتـابـوونی لـەگـەڵ بـوونـیـادگـەرایی نییە لـەبـەرئـەوەی کـە لـەم وشـەیـەدا، مەبەستی دژایەتی کردنی مۆدێرنیتە و پێکهێنانی کۆمەڵگە لـە سـەر بنەمای شەریعەت بەدنیایەت و ئێمە دەتوانین کۆمەڵە دۆگماتیزمێک لە جیهانی مۆدێرندا بـدۆزیـنـەوە کـە دژی مـۆدێـرنـیـتـە نین و خـوازیـاری جێبـەجێ کـردنی شـەریعـەتیش نین. هـەروەهـا دەتـوانـرێ دۆگـمـاتـیزم بێت لـە نـاوەنـدی ڕادەربـڕیـنـدا نـەوەکـولـە کـــرداردا کـە دەرەنـجـام بـە تـونـدوتـیژی کۆتـایی پێ بێـت. تـەنـیا تـایـبـەتـمـەنـدی یان جیاکەرەوەی بوونیادگەرایی کە بە جۆرێک دەتـوانێت لـەگـەڵ دۆگمـاتیزمـدا بـە یـەک ئـاڕاسـتـە بـڕوات تـایـبـەتـمـەنـدی دەقـگـەراییـە هـەرچـەنـدە کـە دۆگـمـاتـیزم دەتوانێت یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دەقـگـەرایی بـە واتـا ڕوونـکـراوەکـەی لـە ڕوانگەی بوونیادگەراکانەوە بێت نەوەکو ڕوونکەرەوەی هەموو واتاکانی دەقگەرایی.

بـە سـەرنـجـدانی ڕوونـکـردنـەوەکـانی پێـشـوو، وشـەی دۆگـمـاتـیـزم نـاتـوانێـت وەک هـاوواتـای بـوونـیـادگـەرایی بخرێتە بەرچاو و لـە گەشبینانەترین حاڵەتدا دەتـوانـێـت ڕوونـکـــەرەوەی یـەکـێـک لـە تایبەتمەندییەکانی بوونیادگەرایی بێت.

**دەرەنجام**

"سـەلـەفی جـیـهـادی"، "دەقـگـەرایـی" و "دەقـگـەرایی تـەکـفیری"، وەک کـۆمـەڵـە هـاوواتـایـەکی پێـشـنـیـارکـراو بـۆ وشـەی بوونیادگەرایی.

وادەردەکــــەوێــــت چـەمـکـەکـان و و بەکارهێنانیان لـەهـەلـومەرج و نـاوەنـدە جـیـاوازەکـانـدا و بـە شـوێـنـکـەوتـەیی مـشـتـومـڕی ئـەو چـەمـکـانـە، پرسـێـکی گرنگە کە پێویستە بیری لێ بکرێتەوە، بوونیادگەرایش یەکێکە لەم چەمکەکانە و بـۆ ئـەوەی کـە بـتـوانـین ئـەدەبـیـاتی تـوێـژیـنـەوەی خـۆمـان کـە لـە مـێژوو و کولـتـووری کۆمەڵگە ئیسلامییەکانەوە گەشە دەکات، بوونیاد بنێین پێویستمان بـە هـەلـومـەرجی تـایـبـەت و سـەرچـاوەی ئەدەبیاتی خۆمان هەیە.

## لە جیهانی ئیسلامییدا، بوونیادگەرایی سەرەڕای گەڕانەوە بۆ کتێبی پیرۆز (قورئان)، گەڕانەوە بووە بۆ پێشینانی چاکەکار

هـەر پێـشـنـیـارێـک وەک جـێـگـرەوە بۆ بوونـیـادگـەرایی، لـە سـەر پێناسـەکـردنی وەستاوە، پێناسەیەک کە پێویستە کۆتایی بێـت واتـە لـە ڕێـگـەی ئـامـاری نـمـوونـەی گـرووپـە بـوونـیـادگـەراکـان و ژمـاردنـی تایبەتمەندییە هاوبەشەکانیانەوە بکرێت. چوار جیاکەرەوەی گشتی بوونیادگەرایی بریتین لە: "دەقگەرایی"، "دژایەتی کردنی

جیهانی مۆدێرن"، "پێکهێنانی کۆمەڵگە لە سەر بنەمای شەریعەت" و "سوود وەرگرتن لە توندوتیژی بۆ گەیشتن بە ئامانج" بە واتایەکتر، ناولێنانی بوونیادگەرایی ئیسلامی هەر گرووپێکی دژ لەگەڵ جیهانی مۆدێرن لە خۆدەگرێت کە خوازیاری پێکهێنانی کۆمەڵگەیە لە سەر بنەمای شەریعەت و لە ڕێگای گەیشتن بەم ئامانجە سوود لە توندوتیژی وەردەگرێت.

لە چاوپێکەوتن لەگەڵ پسپۆڕاندا، کۆمەڵە جێگرەوەیەک پێشنیار کران. گرنگترین ئەو پێشنیارانە بریتی بوون لە: دەقگەرایی/ڕواڵەتگەرایی، ئیسلامیزم، ڕادیکالیزم، دۆگماتیزم کە شی کرانەوە و ڕەخنەیان لێ گیرا و بەو شێوەیەی کە ڕوونکرایەوە هەر یەکێک لەم هاوواتایانە هەندێک لە پێوەرەکانی چوارلایەنەکەی بوونیادگەرایی دەگرنەوە نەوەک هەمووی، بەڵام سوودوەرگرتن لێیان ناتوانێت ڕوونکەرەوەی بوونیادگەرایی بێت و بە هاوواتای بخرێتە ڕوو. لە ئەنجامدا، یان دەتوانرێ بە دڵفراوانی و بە هۆی قبوڵکردنی بیروڕاکان و سەرەڕای هەموو ڕەخنەکان و کەموکورتیەکانی سوود لە چەمکی "بوونیادگەرایی" وەربگیرێت یان ئەوەی کە بە سەرنجدانی لە پێناسەکانی بوونیادگەرایی، وادەردەکەوێ کە سێ چەمکی"سەلەفی جیهادی"، "دەقگەرایی جیهادی" و "دەقگەرایی تەکفیری" دەتوانن هاوواتای باشترین بۆی. کاتێک سوود لەم سێ هاوواتایە وەردەگرین، بە شێوەیەکی ناوەرۆکی ئاماژە بە هەر چوار پێوەرەکە دەکەین بە ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە سەلەفی، کەسێک یان گرووپێکە کە دەق گەرا و خوازیاری پێکهێنانی کۆمەڵگەیە لە سەر بنەمای شەریعەت و لە ئەنجامدا، دژی جیهانی مۆدێرنە، پاشگری جیهادیش دەرخەری کردەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و سوودوەرگرتنە لە توندوتیژی، تەکفیریش تایبەتمەندییەکانی توندوتیژی، پێکهێنانی کۆمەڵگە لە سەر بنەمای شەریعەت و دژایەتی لەخۆ دەگرێت. هەر سێ هاوواتا پێشنیارکراوەکان، ڕەگیان لە کولتوور و مێژووی کۆمەڵگە ئیسلامییەکانەوەیە و بە پێچەوانەی هاوواتا پێشنیارکراوەکانی پسپۆڕان، هەر چوار تایبەتمەندی یان پێوەری بوونیادگەرایی لەخۆ دەگرن. هەر چەندە تا گەیشتن بەهاوواتای پەسەندکراوی گشتی، ڕێگایەیەکی درێژمان لە بەرە و توێژینەوە گەلێکی فراوانمان پێویستە، بەڵام وادەردەکەوێ دەقگەرایی تەکفیری لە بەرامبەر دوو هاوواتاکەی تردا، گونجاوتر بێت، چونکە سوود وەرگرتن لە وشەی جیهاد، بە پێچەوانەی زۆربەی توێژینەوەکانی ڕۆژئاوا دەتوانێت واتاگەلێکی بێجگە لە توندوتیژی و تیرۆریش هەبێت.

1-Gribbins

2-Vandenberg

لە دەقگەراییدا, پشت بە " دەق " دەبەسرێت لەکاتێکدا لە ڕەوتی بەرامبەردا کە بە ڕەوتی ئیجتهادی دەناسرێت, جەخت لە " کات " دەکرێتەوە.

4-Coreno

5-doktor

6-Lehrer

7-srinivasan

8-Toth

9-Hoodfar

10-Ellison

11-Freedman

12-Fulton

13-Bendroth

14-Darnell

15-Sherkat

16-Emerson

17-Smith

18-Apple

19-Gallagher

20-Bartkowski

21-Laythe

22-Kashyap

23-Family resemblance

24-Altemeyer

25-Hunsberger

26-summers

27-Schwartz

28-Lindley

29-Hunter

30-Freedman

31-Woodberry

32-Smith

33-Moaddel

34-Karabenick

35-Ben-Dor

36-Pedahzur

37-Main Stream

38-Webster

39-Lauziere

40-Dogma

# ڕۆڵی فەتوای دەستەجەمعی لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و تیرۆردا

نووسینی: محەممەد عەلی سەلامە
وەرگێڕانی: عومەر ڕەشید

فەتوای دەستەجەمعی ئەو ڕێکارە گرنگەی فەتوایە کە داخوازی سروشتی سەردەمە، سوودوەرگرتنە لە تەواوی بوارە فیقهییە زانستییە جیاوازەکان لە پێناو پێشکەشکردنی فەتوایەکی شەرعی ڕێکوپێکی تەواو کە ڕەچاوی شوێن و کات و کەسەکە و حاڵی کەسەکەی تێیدا کرابێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵنگارییانەی بەرەوڕووی ئوممەتی ئیسلامی دەبێتەوە.

جیاوازی فەتوای دەستەجەمعی ئەوەیە کە وردتر و توانای زیاتری تێدا بە خەرج دەدرێت لەلایەن تایبەتمەندانی بوارە شەرعییەکانەوە، یان بوارێکی تایبەت کە داوای سەرنجی شەرعی لەبارەوە کرابێت. لەبەرئەوە فەتوایەکی وردتر دەردەچێت لە فەتوای تاک، کە ئەگەری زۆرە کێشە و هەڵەگەلێکی تێدا بێت، بە جۆرێک موفتییەکە هەستی پێ نەکات.

لێرەدا پەیوەندییەکی گرنگ هەست پێ دەکرێت لە نێوان فەتوای دەستەجەمعی و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و تیرۆر، چونکە بەڵایەکی گەورەیە بەرۆکی کۆمەڵگەی موسڵمان و ناموسڵمانی گرتووە، ئەمەش پێویستی بە هاودەنگی هەیە

بۆ بەرەنگاربوونەوەی. لەبەرئەوە بابەتی توندوتیژی و تیرۆر پێویستی بە بنکۆڵی فەتوایی دەستەجەمعی و بەردەوام هەیە لەپێناو دۆزینەوەی باشترین بژاردەی فیقهی و هاوڕا بە حوکمی خوای گەورە بۆ دەرچوون لەو بابەتە ترسناکە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی خەڵک و دواڕۆژ و نیشتمانیانەوە هەیە.

لەبەر ئەو هۆکارگەلە بڕیارمان دا بە نووسین لەسەر ئەم بابەتە گرنگە لەپێناو مەنهەجیەتی فەتوای دەستەجەمعی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و تیرۆر. لە ئێستادا دیاردەی توندوتیژی و تیرۆر بە هەموو شێوە و دەرکەوتەکانییەوە بووەتە ئەگەرێکی ترسناک بۆ تەواوی جیهان، چونکە دەرەنجامە کارەسەتبارەکەی لەسەر ئاستی دەوڵەت و گەل و کۆمەڵگەیە، بەتایبەت لەژێر سێبەری تەقینەوە ئایینی و سیاسی و بوارە گرگرتووەکان لە جیهاندا، وەک سوریا، یەمەن، عێراق، لیبیا، بۆرما و ئەفریقای ناوەڕاست، شوێنگەلێکی تریش کە مەیدانی ململانێکانن، ئەو شوێنانەی کە توندوتیژی زاڵ بووە بەسەر مەیدانی ململانێکاندا.

توندڕەوی و توندوتیژی ئەو هەڕەشە ترسناکەیە کە بەرۆکی جیهانی گرتووە، بەرۆکی ئەوانەی لە هەوڵی ئارامی و ئاسایش و پاراستنی کەرامەتی زۆرینەدان، ئەوانەی لە وڵاتانی پێگەیشتوو و تازە گەشەسەندوودان، هەروەها تێکدانی ڕێگەی ژیانی ئاشتیانە و بەردەوامیان، هەروەها دەبێتە ئاڵنگارییەکی جددی بۆ مافەکانی مرۆڤ.

سەرەتای ئەم توێژینەوەیە پێویستمان بە پێناسەی هەر یەک لە (فەتوای دەستەجەمعی) و (توندوتیژی) و (تیرۆر) دەبێت:

## بەشی یەکەم
## فەتوای دەستەجەمعی

فەتوا لەزمانەوانیدا: بە واتای ڕوونکردنەوەی کارێک و لابردنی تەمومژ لەسەری دێت.

فەتوا لە زاراوەدا: هەواڵدانە بە حوکمێکی شەرعی، بەبێ ناچارکردنی بەرامبەر.

- سوودی بەندی کۆتایی (بەبێ ناچارکردنی بەرامبەر) ئەوەیە کە جیای دەکاتەوە لە دادوەری، چونکە دیارترین جیاوازی نێوانیان ئەوەیە: فەتوای موفتی فەتوا بۆ دراو ناچار ناکات، بەپێچەوانەی بڕیاری دادوەرەوە، کە بڕیار بۆ دراو پابەند دەکات پێوەی.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت فەتوا تایبەتە بە ڕووداوێکی تایبەت و سنووردار. لەبەر ئەوە ناکرێت ئەم فەتوایە گشتگیر بکرێت بۆ هەموو ڕووداوە هاوشێوەکانی، بەڵکو دەبێت هەمان تایبەتمەندی و سنووری هەبێت.

جیاوازییەکی بنچینەییش هەیە لەنێوان فەتوا و ئیجتیهاددا، ئیجتیهاد واتا: ئەوپەڕی هەوڵدان و تێکۆشان بۆ

دەستکەوتنی حوکمێکی شەرعی دروست.
ئیجتیهاد پەیوەستە بە ڕوونکردنەوەی حوکمێکی شەرعی لە بابەتێکدا، بەبێ ڕەچاوکردنی واقیع و لێکچووەکانی چواردەوری، بەڵام فەتوا پەیوەستە بە واقیعێکی دیاریکراو بە ڕەچاوکردنی ژینگە و چۆنێتیی دابەزاندنی ئەو حوکمە شەرعییە بۆ واقیعەکە.
پێناسەی فەتوای دەستەجەمعی لە زاراوەدا: فەتوادانە بە شێوەیەکی دەستەجەمعی نەک تاکەکەسی.
فەتوای دەستەجەمعی ئامانجی دروستکردنی جۆرێکە لە هەماهەنگی و ڕێکەوتنی نێوان دامەزراوەکان بۆ تەواوی فەتواکانیان کە تایبەتن بە توندوتیژی و تیرۆرەوە، تا هێزێکی زانستی دروست بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیرۆکەی لاڕێ و گومڕاکەر. پاڵپشت بە بەڵگەی بەهێز و ڕوونکردنەوەی ئاشکرا و بوێری.
فەتوای دەستەجەمعی لە سەردەمی نوێدا چەند شێوازێکی هەیە، دیارترینیان سێ دانەن:

**١- دامەزراوەکانی فەتوا:**
دامەزراوە فەتواییەکان: بریتییە لە لایەنێکی گشتی هەڵگری سروشتێکی ئایینی تایبەتمەندە، لە چوارچێوەی کاری خۆیدا خزمەتی موسڵمانانی چواردەوری خۆی دەکات، هەندێک جار خزمەتەکەی فراوان دەبێت بۆ ئوممەتی ئیسلامی، بە شێوەیەک ئەم دامەزراوەیە کار دەکات بۆ دامەزراندنی فەتوای شەرعی، کە بگونجێت لەگەڵ ئایینی دروست و بەدیهێنانی مەبەستە بەرزەکانی شەریعەت، کە بریتین لە پارێزگاری ئایین و گیان، ئابڕوو، ئاوەز و ماڵ، هەروەک دەبێت فەتواکە بە ڕێگەیەکی ئاسان بدرێت بۆ کەسەکە، کە گونجاو بێت بە شێوازی ئاخافتنی نوێ. هەروەها کار دەکات بۆ ئەوەی ببێتە مەرجەعێکی ئایینی لەلای خەڵکی تا بۆ پرسیار و ئەگەرەکانی بەردەمیان بگەڕێنەوە بۆی.
بۆ گەیاندنی پەیامەکەی، دامەزراوەی فەتواکە هەڵدەستیت بە بەرەوپێشبردنی سەنتەری لێکۆڵینەوەکەی بەپێی دوایین داهێنراوە تەکنەلۆژییەکانی سەردەم، هەروەها هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی خزمەتی ڕاهێنان بە فێرخوازەکانی.
هەروەها هەڵدەستێت بە دیاریکردنی یەکەم ڕۆژی هەموو مانگێکی عەرەبی ئەویش بە هاوکاری لیژنەیەکی تایبەت بە بینینی مانگ لە ڕێگەی پیشکەوتووترین ئامێرەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ فەلەکییەکان.
لەگەڵ دەستکردن بە دامەزراندنی دامەزراوەی فەتوا بە شێوازی خول و دامودەزگا و شێوازی تر و بڵاوەپێکردنی بە ژمارەیەک لە دەوڵەتە ئیسلامییەکان، لێرەوە پیشەی موفتی لە کارێکی تاکەکەسی دەگوازرێتەوە بۆ کارێکی دامەزراوەیی، موفتییەک سەرۆکایەتی ئەو دەزگایە دەکات کە بە چەند کارێکی خزمەتگوزاری هەڵدەستیت، لەسەروو هەموویانەوە

فەتوادان.
لەگەڵ جیاوازی ڕۆڵی فەتوا بەپێی لایەنی مرۆیی و ماددی و جیاوازی پێکهاتە ئیداری و ڕێکخستنەکەی، وەزیفە و خزمەتەکەی جیاواز دەبێت بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتەی لە دەوڵەتەکاندا جێبەجێ دەکرێت، ئەم وەزیفە جیاوازانە جیاواز دەبن کە دامەزراوە فەتواییەکە پێیهەڵدەستێت لەنێوان وەزیفە ئایینییەکە و لایەنە کۆمەڵایەتییەکە، هەندێک جاریش لایەنە یاساییەکە.
دەکرێت ئەو وەزیفانەی دامەزراوە فەتواییەکان پێی هەڵدەستن بکرێتە سێ وەزیفەی سەرەکی:

**وەزیفەی یەکەم: وەزیفەی ئایینی**
ئەمەش وەزیفەی بنچینەییە لە ڕۆڵی دامەزراوە فەتواییەکان، دامەزراوە فەتواییەکە هەڵدەستیت بەم ڕۆڵە شەرعییە لە چوارچێوەی پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە:
أ- فەتوا: ئەمەش وەزیفەی سەرەکی ڕۆڵی فەتوایە، بە شێوەیەک دامەزراوە فەتواییەکە فەتوایەکی شەرعی دروست دەردەکات کە هاوڕا بێت لەگەڵ دروستی ئایین و بەدیهێنانی مەبەستە بەرزەکانی شەریعەت، لە پارێزگاری لە ئایین و گیان و ئابڕوو و ئاوەز و ماڵ، دەبێت بە شێوەیەک ئەو فەتوایە پێشکەشی داخوازیکارەکەی بکات کە زمانی سەردەم بێت، دامەزراوە فەتواییەکە لەم ڕووەوە دوو ڕێگە دەگرێتەبەر لە بەرامبەر داخوازیکاری فەتواکە:

- **فەتوای زارەکی:** دامەزراوەکە هەڵدەستێت بە ڕووبەڕووکردنەوەی فەتوادەر و ئەوانەی فەتواکە دەردەکەن، لەگەڵ داخوازیکاری فەتواکە، هەتا گوێ لە پرسیارەکەیان بگرن و وەڵامیان بدەنەوە.
دامەزراوە فەتواییەکە هەندێک جار لە چوارچێوەی فەتوای زارەکیدا کارئاسانی دەکات و ڕێگەی تری وەک تەلەفۆن و پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەگرێتەبەر، ئەگەر ئەوە بۆ داخوازیکاری فەتواکە و گەیاندنی فەتواکە ئاسانتر بوو.
- **فەتوای تەلەفۆنی:** دامەزراوەکە لە ڕێگەی کارگێڕی، یان بەشی تایبەتەوە پەیوەندی داخوازیکارانی فەتوا وەردەگرن و وەڵامی پرسیارەکانیان دەدەنەوە.
- **فەتوای نووسراو:** دامەزراوە فەتواییەکە خزمەتگوزاری خۆی لەڕێگەی نووسینەوە پێشکەش دەکات، یان لەڕێگەی فاکس و نامەی ئەلیکترۆنییەوە، یان لە ڕێگەی ماڵپەڕە فەرمییەکەیەوە، لەکاتێکدا داخوازیکاری فەتواکە هاتبێتە بنکەکە و پرسیارەکەی بە نووسین بەجێ هێشتبێت.
- فەتوای ئەلیکترۆنی: ئەمە لەکاتێکدایە کە پرسیارەکەیان لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە پێدەگات، جا نامەی ئەلیکترۆنی بێت، یان لەڕێگەی وەرگرتنی پرسیارەکان، یان پێگەی فەرمی دامەزراوەکە، یان بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

**ب- نووسینی توێژینەوەی شەرعی:** دامەزراوەی فەتوا دامەزراوەیەکی شەرعییە، کادرەکانی پێکهاتوون لە زانا و توێژەرە شەرعییەکان ئەوانەی

توانایان هەیە چالاکانە بەشداری نووسینی توێژینەوە شەرعییەکان بکەن، لەبەرئەوە یەکێک لە وەزیفەکانی دامەزراوە فەتواییەکە بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستییە بۆ پێشهاتەکان و قاڵبوونەوە لە بابەتە تێکەڵەکان، کە پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی بنچینەیی هەیە لە چوارچێوەی توێژینەوەی زانستی بڕواپێکراو.

**ج- بڕوانامە و ڕاهێنان:** ئەم وەزیفەیە لە گرنگترینی ئەو وەزیفانەن کە دەسپێردرێت بە دامەزراوە فەتواییەکە، بە شێوەیەک دامەزراوەکە هەڵدەستێت بە ڕاهێنانی هەوادارانی لەلایەن موفتی و توێژەرانی، تا فێری کاری هونەریان بکەن، بۆ ئەوەی مەعریفە و شارەزایی زانستیان زیاد بکەن، لەگەڵ وردبوونەوە لە لقە فیقهی و ڕێبازە بانگخوازییەکاندا، شارەزاکردنیان لە هەندێک لایەنی تردا وەک ئەوەی شارەزایی لە باش گوێگرتن و پەیوەندی چالاک و کار بە گرووپ و کار لەسەر نەخشە زیهنییەکان و ڕێکخستنی کات و بیرۆکەی ڕەخنەیی و داهێنەرانە.

**د- زیندووکردنەوەی بۆنە ئایینییەکان:** لەڕێگەی ڕێکخستنی ئاهەنگ و کۆڕبەندە شەرعییەکانەوە بۆ بیرخستنەوەی ئەو یادانە وەک لەدایکبوونی پێغەمبەر و پێشوازی لە مانگی ڕەمەزان و جەژنەکان، هەڵدەستێت بە باسکردنی واتاکانیان، ئەویش بە هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە ئیسلامییەکان.

**هـ- جەختکردنەوە لە کەلەپوور (التراث):** بە تێڕوانینی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لەنێوان کاری دامەزراوەیی لە ڕۆڵی فەتوا و نێوان توێژینەوەی زانستیدا هەیە، دامەزراوە فەتواییەکان دەتوانن لەڕێگەی بەش و کارگێڕییە زانستییەکەیانەوە کار بکات بۆ جەختکردنەوە لە کەلەپوور و دەستخەتەکان، بەتایبەت دەستخەتەکان لە بواری فەتوادا، ئەمەش لەڕێگەی ئەو کادرە زانستییانەی لە ئاستێکی بەرزدان لە دامەزراوەکەدا.

## دیاردەی توندوتیژی و تیرۆر بە هەموو شێوە و دەرکەوتەکانییەوە بووەتە ئەگەرێکی ترسناک بۆ تەواوی جیهان

و- ئاگایدان لە سەرەتای مانگە عەرەبییەکان: وەشاندنی بڵاوکراوەگەلێکی شەرعی بە دیاریکردنی یەکەم ڕۆژی هەموو مانگێکی عەرەبی، بە پشتبەستن بە لیژنەی بینینی مانگ بە ئامێری پێشکەوتووی بینینی مانگ بە هاوکاریی گەردووونناسەکان.

**ز- وەڵامدانەوەی ئەو گومانانەی ڕوو دەکەنە ئیسلام:** جا پەیوەست بێت بە بابەتە عەقیدییەکانەوە، یان حوکمە فیقهییەکان، یان ڕاڤەی دەقە شەرعییەکان، دامەزراوە فەتواییەکە لەڕێگەی بەش، یان کارگێڕی تایبەتمەند

هەڵدەستێت بە ڕەواندنەوەی ئەو گومانانە و وەڵامدانەوەیان.

**وەزیفەی دووەم: وەزیفەی کۆمەڵایەتی**
هەروەک چۆن دامەزراوە فەتواییەکە خزمەتگوزاری ئاینی پێشکەش دەکات، پێویستە پشکیشی هەبێت لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان لەم ڕێگانەوە:

**أ- خزمەتگوزاری ئامۆژگاری و ڕێنوێنی خێزانی بۆ چارەسەری کێشە خێزانییەکان:** لێرەدا دوو هاوسەرەکە بە ئامانج دەگیرێن، لایەنی تایبەتمەند لە خانەی فەتوا میوانداریان دەکات پاشان هەوڵ دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان لەڕێگەی ئامۆژگاری و ڕێنوێنی و ڕوونکردنەوەی ئەرک و مافی هەریەکەیان.

**ب - ڕاپرسی:** دەکرێت دامەزراوە فەتواییەکان ڕاپرسی بکەن لە ڕێگەی تایبەت بە دامەزراوەکەوە، یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پێگە ئەلیکترۆنییەکانی تایبەت بە خۆیان، ئەویش بە پێشکەشکرنی پرسیارێک دەربارەی بابەتێک تا بۆچوونی جەماوەری لەبارەوە بزانن، بەم شێوەیە دامەزراوە ئایینییەکە دەتوانیت لەلایەک متمانەی بە جەماوەرە موسڵمانەکە هەبێت و بۆچوونیان وەرگرێت، هەروەها باوەڕبوون بە دەرەنجامی ڕاپرسییەکە لەلایەکی تر.

**وەزیفەی سێیەم: وەزیفەی یاسایی**

**أ- بڕیاردان و ناوبژیوانی نێوان دوو هاوسەرە ناکۆکەکە:** دامەزراوە فەتواییەکە هەڵدەستێت بە بڕیاردان و ناوبژیوانی دوو لایەنە ناکۆکە خێزانییەکە، بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی دادوەری تایبەتمەند ئەگەر یاسای وڵات ڕێگەی بە وەها کارێک دابوو.

**ب- پێشکەشکردنی ڕاوێژی شەرعی بە دەزگا یاساییەکان:** وەک پێشکەشکردنی ڕاوێژ لەلایەن خانەی فەتوای میسری بە دادگا تایبەتمەندەکان دەربارەی لەسێدارەدان.

دامەزراوە فەتواییەکان (فەتوای دەستەجەمعی) کاتێک هاڵدەستن بەم کارە کە پێشنیاریان دەربارەی بابەتێک، یان ڕووداوێکی دیاریکراو بۆ بکرێت، بەتایبەت لەکاتێکدا پێویستی بە تێڕوانینێکی وردی فیقهی هەبێت.

لە نموونەی ئەو دامەزراوانە: خانەی فەتوای میسری، فەرمانگەی فەتوای ئوردنی، ئەنجومەنی زانایانی باڵا لە شانشینی عەرەبی سعودی.

**٢- سەنتەری ئیسلامیی و کۆڕبەندی فەتوا لە وڵاتە ناموسڵمانەکاندا**

دەکرێت بەم شێوازە پێناسە بکرێت: "چەند سەنتەرێکن دەوڵەتە ئیسلامییەکان، یان کەسایەتییە ئیسلامییەکان لە وڵاتە ناموسڵمانەکاندا دایدەمەزرێنن، ئەو وڵاتانەی موسڵمان

تێیاندا کەمینەن، ئەم سەنتەرانە گرنگی دەدەن بە تایبەتمەندییەکانی موسڵمانانی ئەو وڵاتانە".

**ئەم سەنتەرانە تایبەتن بە سێ وەزیفەی بنەڕەتی:**

**یەکەم: بانگەواز بۆ ئیسلام**

ئەم سەنتەرانە ئامانجیان ناساندنی حەقیقەتی لێبوردەیی ئیسلامە بە کۆمەڵگە ناموسڵمانەکان، لەگەڵ وەڵامدانەوەی گومانەکان لەدژی ئیسلام. لابردنی ئەو چاوبەستانەی تێکەڵ کراوە بە بابەتە ئیسلامییەکان، وەک بابەتەکانی ئافرەت و میرات و جیهاد و تیرۆر... هتد.

**دووەم: فەتوا**

ئەم سەنتەرە ئیسلامییانە هەوڵێکی زۆر دەدەن لە بواری فەتوادا بە تایبەت لەو بابەتانەی تایبەتن بە کەمایەتییە موسڵمانەکان لە وڵاتە ناموسڵمانەکاندا، لەچوارچێوەی ئەو ڕووداو و پێشهاتە زۆرانــــەی سروشتی ژیانکردنی ئەو کۆمەڵگانە دەیسەپێنێت بەسەریاندا.

**سێیەم: دادوەری**

ئەم سەنتەرە ئیسلامییانە شوێنگرەوەی دادگای شەرعی دەبن کە بوونیان نەبێت، پاش ئەوەی کە ڕێ و شوێنە یاساییەکان دەگیرێنەبەر لە وڵاتە ناموسڵمانەکاندا، بۆ نموونە پەنابردن بۆ یاسا دەستکردەکان لە جیابوونەوەی هاوسەرەکاندا بری بڕیارە شەرعییەکان ناکەوێت، پاش ئەوەی لەدادگا تەڵاق وەردەگرێت دەبێت سەر بدات لەو سەنتەرانە لەوێ لەلایەن خەڵکی شارەزا و تایبەتمەند و زاناوە لایەنە شەرعییەکەی تەواو بکرێت.

## فەتوای دەستەجەمعی قورسایی زۆر دەکەوێتە سەرشانی لە بەهێزکردنی هەستی نیشتمانپەروەری و بەهێزکردنی تێگەیشتنی ئایینی و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا

**٣- ئەکادیمیای فیقهی**

ئەکادیمیای فیقهی بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت: "دەستەیەکی زانستی ئیسلامییە خاوەن کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆیە، پێکهاتووە لە دەستەبژێری فەقیهـ و زانایانی ئوممەتی ئیسلامی، دەکۆڵنەوە لە ڕووداو و پێشهاتەکان، بڕیاری شرعیان بۆ دەردەکەن".

ئەم ئەکادیمیا فیقهییە بۆ فەتوا و بڕیارەکانی پشت دەبەستێت بە ئیجتیهادی دەستەجەمعی، دەستەی گشتی هەڵدەستێت بە دانانی ناونیشانی توێژینەوە هەڵبژێردراوەکان دەربارەی ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی بە شێوەیەکی گشتی بەرۆکی موسڵمانان دەگرنەوە، پاشان کۆمەڵێک زانای تایبەتمەند ڕادەسپێرن بە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە، دەبێت

تێیدا بنەماکانی لێکۆڵینەوە و بەڵگەکان ڕەچاو بکرێن، کەسە شارەزاکانیش لە زانستە جیاوازەکاندا یارمەتیان دەدەن بۆ وەسفکردن و وێناکردنی پێشهات، یان ڕووداوەکە بە شێوازە ڕاستەقینەکەی خۆی، بە سوودوەرگرتن لە تەواوی ئەو مەزهەبە ئیسلامییانەی کۆدەنگی هەیە لەسەر دروستیان، بەبێ دەمارگیری بۆ مەزهەبێک لەناو مەزهەبەکاندا، پاشان بە ئامادەبوونی زانا و شارەزاکان، پاش کەمکردن و زیادکردن و گفتوگۆ لەسەری، ئەکادیمیای فەتوا یان بە بڕیارێکی کۆدەنگی، یان بە ئامادەبوونی زۆرینە بڵاوی دەکەنەوە، پاشان لە پێگەو گۆڤاری فەرمی ئەکادیمیاکە بڵاو دەکرێتەوە، ئینجا بە تەواوی ئەکادیمیا و دەوڵەتەکاندا دابەش دەکرێت. ئەمە ڕێگەی پەیڕەو کراوە لە تەواوی ئەکادیمیا فیقهییەکاندا، لەگەڵ بوونی چەند جیاوازییەکی سادە.

ئێستا لەم جۆرە ئەکادیمییانە لە جیهانی ئیسلامیدا هەن، وەک: ئەکادیمیای توێژینەوەی ئیسلامی لە قاهیرە، ئەکادیمیای فیقهی ئیسلامی سەر بە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی لە مەککەی موکەڕڕەمە، ئەکادیمیای فیقهی سەر بە ڕێکخراوی کۆڕبەندی ئیسلامی لە جەدە، پەیمانگای فیقهی ئیسلامی لە هیندستان، پەیمانگای فیقهی ئیسلامی لە سوودان، پەیمانگای فیقهەکانی شەریعەت لە ئەمریکا، پەیمانگای فیقهی عێراقی بۆ گەورە زانایانی بانگەواز و فەتوا، ڕابیتەی زانایانی مەغریب.

لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە پەیمانگا فیقهییەکان بە شێوە دروستەکە کاریان فەتوای دەستەجەمعی نییە، بەڵکو کارەکەیان زیاتر نزیکە لە ئیجتیهادی دەستەجەمعی، چونکە کارەکەیان تایبەت نییە بە واقیعێکی دیاریکراوەوە، مەبەستەکەیان ڕوونکردنەوەی حوکمێکی شەرعییە، نەک دابەزاندنی بۆ واقیع.

**بەشی دووەم**

**توندوتیژی**

**دەروازەی یەکەم**

**فەتوای دەستەجەمعی و چۆنێتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و تیرۆر**

ڕۆڵی فەتوای دەستەجەمعی هەمەجۆرە و دەکەوێتە نێوان ڕوونکردنەوەی حوکمی خوا لە واقیعێکی دیاریکراو و چارەسەری کێشەیەک کە کەوتە ناو ئوممەتەوە، ڕۆڵی سەرەکی دەستەی فەتوای دەستەجەمعی و دامەزراوەکان کورت ناکرێنەوە تەنیا لە لایەنێکدا، بەڵکو واجبێکی ئایینییە کە تایبەتمەندەکانی ئەو بوارە نابێت ڕۆڵیان کورت بکەنەوە لە پاراستنی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە بیرۆکەی توند، بەڵکو دەبێت چارەسەری بۆ بدۆزنەوە و لە ڕەگەوە دەریبکێشن، دەبێت دەستپێشخەریش بکەن، ئەمەش بە هەمامەنگی دەبێت لەگەڵ

تەواوی ڕێکخراوەکانی ناو کۆمەڵگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی فکری توند و وێرانکار.
لێرەدا پرسیارێک دروست دەبێت: ڕۆڵی فەتوای دەستەجەمعی چییە لە حاڵەتێکی وەهادا ئەگەر توندوتیژی و تیرۆر بە کردەیی بوونی هەبوو، جا وەک کاری تیرۆریستی نمایش بکرێت، یان کورت کرابێتەوە تەنیا لەبڵاوکردنەوەی بیرۆکەی توندوتیژیدا؟
لە وەڵامدا دەڵێین: فەتوای دەستەجەمعی قورسایی زۆر دەکەوێتە سەر شانی لە بەهێزکردنی هەستی نیشتمانپەروەری و بەهێزکردنی تێگەیشتنی ئایینی و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەو کابوسەی لەپشتی ئەو ڕەوت و فکرەیەوە هەیە....هتد.
کەواتە چەندان کاری گرنگ هەیە کە واجبە لەسەر فەتوای دەستەجەمعی پێی هەستێت، ئەوانیش لەم بەشانەدا خۆیان دەبیننەوە:

**بەشی یەکەم**
**گرنگیدان بە کاری هەرەوەزی و گەورەپیشاندانی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی**

لەم کاتە هەستیارەدا پێویستە بەرەیەک دروست بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی توند و گومانی توندڕەوان، چونکە ڕێگە دروستەکە بەرەنگاربوونەوەی فیکری توندە، ئەوەندە بەس نییە بڵێین: ئەوەی دەیڵێن کۆمەڵە وشەیەکی پووچە. چونکە ئەو قسە پووچانە زۆر بەخێرایی لە ناو گەنجاندا بڵاو دەبنەوە، تەنانەت لەسەر ئاستی جیهانی، بۆیە بێگومان دەبێت ڕووبەڕووبوونەوەکەش لەسەر ئاستی جیهانی بێت. بە شێوەیەک بتوانرێت سۆزی جەماوەر بەدەست بهێنرێت و ئاراستە بکرێن بەرەو هۆکارە پێگەیشتووەکان بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوەکان، دەبێت بەرپرسەکانیش هانبدرێن بۆ ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە.

> **پێویستە بەرەیەک دروست بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی توند و گومانی توندڕەوان، چونکە ڕێگا دروستەکە بەرەنگاربوونەوەی فیکری توندە**

نابێت ڕۆڵی گەورەی دامەزراوە فەتواییەکان نادیدە بگیرێت لە بەدیهێنانی ئاسایشی فکری گەنجان و ڕێگرییان لە تەشەنەسەندنی فکرە تاریکەکان، ئەوەی ئەو ژینگەیە دەیخوازێت هۆشیارییەکی بەهێزە کە بتوانێت خۆڕاگر بێت لەبەردەم ئەو بیرۆکە وێرانکارانەدا، هەتا گەیشتن بەو ژینگە بەهێزە دەبێت پەیڕەوی پرۆگرامی تەواوکاری بگیرێتەبەر لەنێوان ئەو دامەزراوانەی گەشەی ڕەوشت و بەها و نوێنەرایەتی مزگەوت و قوتابخانە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان لێوە وەردەگیرێت، نابێت بەدیهێنانی ئاسایشی فکری کورتبکرێتەوە لەو دامەزراوە

ئاسایشیانەی ڕووبەڕووی توندڕەوی دەبنەوە، بەڵکوو دەبێت فراوانتر بکرێت بۆ سەرجەم دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هەناوی کۆمەڵگە.

پاشان دەبێت فەتوا دەستەجەمعییەکە لە ئاستی ڕووداوەکەدا بێت، چونکە لەو ڕێگەیەوە هەوڵدەدەین بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر بۆ کۆمەڵگە، لەچوارچێوەی گرنگیدان بە گیانی هەرەوەزی لەلای تاک و لێدان لە هەموو خۆپەرستییەک کە توندوتیژی لێوە لەدایک دەبێت، دواتر کەسایەتییەکی بەرژەوەندیخوازی لێ دروست دەبێت، لە کاتیکدا ئێمە دەمانەوێت مرۆڤ بگێڕینەوە بۆ سوودگەیاندن بە ئوممەت و کۆمەڵگە، تا ببێتە ئەندامێکی سوودبەخش، نابێت ببێتە بارگرانی بەسەر کۆمەڵگەوە، دەمانەوێت تاکێک بێت تێکەڵی چواردەوری ببێت و ئەوانیش تێکەڵی ببن.

لێرەوە ئەو بەرپرسیارێتییە پێویست دەبێت لەسەر فەتوای دەستەجەمعی کە وەڵامی خێرا و یەکلاییکەرەوەی هەبێت بۆ هەر گومانێک لەو کۆمەڵە توندڕەوانەوە دەرچێت، وەک گومانی دەسەڵات و کافرکردنی کۆمەڵگە، خیلافەت، دۆستایەتی و دوژمنایەتی، دروستی ڕشتنی خوێنی خەڵکانی بێتاوان، دەستدرێژی بۆ سەر دامەزراوەکانی دەوڵەت... هتد.

**بەشی دووەم**

**زیندووکردنەوەی بەهای ڕەوشتی و گەشەی هۆشیاری**

ئەم بەهایە سەرچاوەکەی ئایینە، بەو شێوەیە نییە کە توندڕەوەکان لێکدانەوەی بۆ دەکەن، چونکە ئەگەر دەرفەت بدرێت بە توندڕەوەکان دونیا پڕ دەکەن لە بیرۆکەی پووچ، زیندووکردنەوەی بەهای گیانی و مرۆیی ئەوەی کە لە پێناویدا ئیسلام هاتووە، بەردی بناغەی دروستکردنی مرۆڤە لەم جیهانەدا، ئەگەر ئەمە بەدی بێت شوێنێک نامێنێتەوە بۆ بیرۆکەی دۆگما و کاریگەری لەسەر کەس نامێنێت.

فەتوای دەستەجەمعی بەرپرسیارە لە گەشەی هۆشیاری و بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی هەتا نەبێتە نێچیری هزری خراپ، کە توندڕەوەکان پشتی پێدەبەستن، بەرپرسیارێتییەکە بەم شێوەیەیە:

- بەرپرسیارێتی زانستی و ڕۆشنبیری: (أَفَمَن يَعۡلَمُ أَنَّمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ ٱلۡحَقُّ كَمَنۡ هُوَ أَعۡمَىٰٓۚ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ) واتا: جا ئایا ئەو کەسەی کە دڵنیایە و دەزانێت بێگومان ئەم قورئانەی کە لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆت دابەزێنراوە حەق و ڕاستەقینەیە، وەکو ئەو کەسە وایە کە کوێرە لە ئاستیدا؟، بەڕاستی هەر خاوەن بیر و هۆشەکان لەڕاستی تێدەگەن و تێدەفکرن.

- بەرپرسیارێتی بەرامبەر ڕەسەنایەتی و ساغکردنەوەی ڕووداو و هەواڵەکان، خوای گەورە دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ

آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ) واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناون ئەگەر کەسێکی متمانە پێ نەکراو هەواڵێکی گرنگی بۆ هێنان، خێرا بڕوای پێ مەکەن، بەڵکو سەرنج بدەن، لێی بکۆڵنەوە تا بۆتان ڕوون دەبێتەوە، نەوەکو ئازار و ناخۆشی و گیروگرفت بۆ خەڵکی دروست بکەن بە نەزانی، جا دوای پەشیمان ببنەوە لەو کارەی کەپێی هەستاون. هەروەها دەفەرموێت: (وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِّنَ الْأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ ۖ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَىٰ أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنبِطُونَهُ مِنْهُمْ) واتا: هەرکاتێک هەواڵێکیان بۆ بێت دەربارەی ئاسایش و هێمنایەتی، یاخود ترس و بیم، بڵاوی دەکەنەوە، خۆ ئەگەر ئەو هەواڵەیان بڵاو نەکردایەتەوە و بیانگێڕایەتەوە بۆ لای پێغەمبەرو (صلى الله عليه وسلم)، یان بۆ لای کاربەدەستانێک کە لە خۆیانن، ئەوە ئەوانەی کە لە نهێنی هەواڵەکان تێدەگەن و دەکۆڵنەوە، نهێنی و ڕازەکانیان لێ دەردەهێنا.

- بەرپرسیارێتی لە کارلێککردن لەگەڵ کۆمەڵگەو دەوڵەت. ئێمە لەتەنیشت دەوڵەتەوە دەژین، هەر لەبەر ئەوە دەبێت هەڵبکەین لەگەڵ دەوڵەت و کۆمەڵگە، دەبێت ئەوپەڕی هاوکاری بکرێت لە شتانی تری وەک ڕێکارە گشتییەکان و مەبەستە بنچینەییەکان و سیستمی پارێزەر و دامەزراوە فێرکاری و ڕۆشنبیری و هۆشیاری و ئاراستەکارەکان و ....هتد.

- بەرپرسیارێتی لە زیندووکردنەوەی بەها گشتییەکان و ڕەوشتە بەرزەکانی وەک: پارێزگاری گیانی مرۆیی و ماڵی خەڵکی و ئارامی و ئاسایش و ڕێزگرتنی ئەوانەی هاوڕا نین، هەروەها وەفادار بەرامبەر پەیمان و گرێبەستەکان، هاوکاری لە کاری باشەدا، خۆشەویستی زانست و دوورکەوتنەوە لە ڕواڵەتگەرایی و ئامۆژگاری لەسەر حەق و ئارامگری.. جگە لەمانەش لە بەها و ڕەوشتە بەرزەکان کە ناوەڕۆکی ئایینن، پاش یەکتاپەرستی خوای گەورە.

**نابێت ڕۆڵی گەورەی دامەزراوە فەتوا ییەکان نادیدە بگیرێت لە بەدیهێنانی ئاسایشی فکری گەنجان و ڕێگریان لە تەشەنەسەندنی فیکرە تاریکەکان**

## بەشی سێیەم
## هەڵسەنگاندنی واقیعەکان بەگوێرەی شەرعی دروست

قسەکردن لەسەر واقیع بەبێ زانست سەردەکێشێ بۆ گومڕایی و گەندەڵی، ڕێبازی زانایانی ئوممەت ئاوا بووە: لە واقیع تێگەیشتوون و پاشان دەقی شەرعی خودایان دابەزاندووە بۆ سەری.

هەموو ئەمانە تێگەیشتنی دروست دەهێننە ئاراوە بەتایبەت بۆ خەڵکە ئاساییەکە، بۆیان ڕوون دەکرێتەوە

کە ئیسلام ڕەتکەرەوەی توندڕەوی و توندوتیژییە، ئەویش لەچەند لایەنێکەوەی وەک:
١- ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان جیهادی شەرعی کە ئیسلام هاندەرە بۆی و ڕێنمایی و بەرپرسیارێتی مۆڵەتدانی تێدایە، لەگەڵ توندڕەوی وەک کردەیەکی تاوانخوازی دژ بە مەبەستەکانی شەریعەت.
٢- ڕوونکردنەوەی ترسناکی کافرکردن و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگە.
٣- ڕوونکردنەوەی مافی پارێزراوان و پەیمانپێدراوان لە ناموسڵمانانی ناو کۆمەڵگە.
٤- ڕاستکردنەوەی هەندێک تێگەیشتنی هەڵە و لێکدانەوەی نادروست بۆ دەقە پیرۆزەکانی قورئان و سوننەتە دروستەکان کە پەیوەستن بە پەیوەندی موسڵمان بە شوێنکەوتوانی ئایینەکانی ترەوە.
٥- ڕوونکردنەوەی بنەما شەرعییەکان و هەڵوێستی موسڵمان بەرامبەر ئاشووب و بەرپرسیارێتی تاکی موسوڵمان لە ڕووبەڕووبوونەوەی.
٦- دەرخستنی هەڵەی هەندێ لە فەتواکان کە نابەرپرسیارانە هاندەرن بۆ کاری توندڕەوی و پشتیوانی کردن لێی.
٧- ڕوونکردنەوەی تاوانی هاوڕابوون لەگەڵ توندڕەوی، یان دڵخۆشی بە کردە تیرۆریستییەکانیان.
٨- پیشاندانی وێنەی ڕاستەقینەی هاوسەنگی لە چوارچێوەی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری گفتوگۆ و چاوپۆشی و کرانەوە بەڕووی بۆچوونە جیاوازەکاندا، پیشاندانی وێنە ناشیرینەکەی تیرۆر لەگەڵ شانە تیرۆریستییەکان و ڕێبازی فکریان و شێوازی کردەوەکانیان و سوودوەرگرتن لە نەشارەزایان بەرامبەر ئایین یان ڕق لە کۆمەڵگە کە لەلای هەندێ لە گەنجان هەستی پێدەکرێت.
٩- هۆشیاری هزری و ڕوونکردنەوەی ئەو وێنەیەی کە لای زۆرینە نادیارە ئەویش جیاوازی نێوان (ئایین) و (ئایینداری) یە، نێوان ئەوەی کە ئایینی دروست بانگەشەی بۆ دەکات، لەگەڵ ئەوانەی سەرسامی ڕواڵەتگەرایین بە هەڵپەی سیاسی و ئایدۆلۆجی و بوونگەرایی.
١٠- خاوەندارێتی پشکی شێر لە ستراتیژییەتی ڕوون بۆ بەرەنگاربوونەوە و لەناوبردنی توندوتیژی و تیرۆر.
ئەوەی لەم چوارچێوەیەدا گرنگە گۆڕینەوەی هەواڵە لە نێوان دامەزراوەکانی فەتوای دەستەجەمعی لە بواری ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی و تیرۆر، بەتایبەت ئەو دامەزراوانەی وڵاتەکەیان دەناڵێنێت بەدەست فکرەی لادەر و تاوانخوازییەوە.

## دەروازەی دووەم
## ڕێکرەکانی فەتوای دەستەجەمعی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و تیرۆر

فەتوا بە شێوە گشتییەکەی ڕاگەیاندنی بڕیارێکە لە بڕیارەکانی خوای گەورە، واژۆ کردنە لەبری خوا، دەربڕینی حەرام

و حەڵاڵ بەبێ بنەمای ڕاست و دروست درۆکردنە بەدەم خوای گەورەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَلَا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَٰذَا حَلَالٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ ۚ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ) واتا: نەکەن بەقاڵەی دەم و زمانتان بڵێن ئەمە حەڵاڵە و ئەمە حەرامە، بۆ ئەوەی درۆ بەناوی خودا و ئایینی خواوە هەڵبەستن، بەڕاستی ئەوانەی درۆ بۆ خودا و ئایینی خوا هەڵدەبەستن سەرفرازو سەرکەوتوو نابن.

لێرەدا چەند بنەما و ڕێکارێک هەن (جگە لەو ڕێکارە گشتییانەی پێویستن بۆ فەتوا) دەبێت هەر لەسەرەتاوە بوونیان هەبێت لە فەتوای دەستەجەمعیدا، بەتایبەت لەو بابەتانەی تایبەتن بە دژایەتی بیری توندڕەوی، ئەمە جگە لەوەی فیقهو ئوسووڵی فیقه دەیخوازێت، ئەم دەستەیە لە موفتی کە بێگومان دەبێت مەرج و بنەما سەرەکییەکانی فەتوایان بە شێوەیەکی گشتی تێدا بێت، جگە لەوانە دەبێت تایبەتمەندییەکی وردیان هەبێت لەو بابەتانەی وەک شارەزایی لە بنەماکانی فکری تەکفیری توندڕەو و سەرچاوەو پشتیوانی و بەهێزکەرەکانی... هتد، لێرەوە دەتوانین دەستەواژەی شایستەبوون "ئەهلییەت" بە کار بهێنین، کە سنووردار نییە بە زانیاری موفتی لە فیقهو بنەماکانی و زانستە پەیوەندیدارەکان کە یارمەتی دەدات لە دەرکردنی فەتوادا، هەر بۆیە ڕەنگە شایستە نەبێت بۆ دەرکردنی فەتوا لەسەر ئەو پرسانەی فیقهی نین، یان لایەنی تری هەیە نەک تەواو فیقهی بێت، کە پەیوەندیدارە بە سیاسەت و کۆمەڵگە و ئابووری و بەڵا و پێشهاتەکان لە زانستە جیاوازەکاندا.

لەبەر ئەوە دەکرێت لە فەتوای دەستەجەمعیدا زیاتر لە تایبەتمەندییەک بەشداری بکات، کورت ناکرێتەوە تەنیا لەسەر فەقیهەکان، بۆیە ئەگەر پێویستی کرد زانایانی بوارە تایبەتەکان بەشداری دەکەن.

**نابێت بەدیهێنانی ئاسایشی فیکری کورت بکرێتەوە لەو دامەزراوە ئاسایشیانەی ڕووبەڕووی توندڕەوی دەبنەوە، بەڵکو دەبێت فراوانتر بکرێت بۆ سەرجەم دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هەناوی کۆمەڵگا**

شایستەیی موفتی لەم بوارەدا گرنگترینە، ئەگەر فەتوا وەک باسمان کرد بڕیاردان بێت لە حوکمی خودادا، بێگومان دەبێت فەتوادەرەکان شایستەبوونی شەرعیان تێدا بەدی بێت، ئەمە جگە لەوەی ئوسووڵییەکان چەند مەرجێکیان داناوە بۆ موفتی، وەک: دەبێت متمانەدار بێت، بڕوا پێکراو بێت، دوور بێت لە هۆکارەکانی

لادان و لەکە لەسەر کەسایەتییان، چونکە ئەگەر وانەبێت قسەکانی جێی باوەڕ نابن، ئەگەرچی موجتەهیدیش بێت، لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێت وریاو شارەزاو ئاوەز دروست و فکر دامەزراو، هەڵسوکەوت و کنە و پشکنینی دروست بێت، لەبەر ئەوە زۆربەی ئوسووڵییەکان پێیان وایە موفتی موجتەهیدیشە، بۆ ئەوەی موفتییەکان شایانی ئەم کارە گەورەیە بن، جگە لەوەی دەبێت کۆمەڵێک ڕێکاری گشتی بگرنە بەر کە پێشتر باس کران، لەبەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و تیرۆردا، دەبێت کۆمەڵێک ڕێکاری تایبەتیش بگرنەبەر.

لەم بەشەدا تیشک دەخەینە سەر چوار لەو ڕێکارە گرنگانە، ئەوانیش:

- **ڕێکاری یەکەم:** شارەزایی فراوان بە دروستبوونی کۆمەڵە توندڕەوەکان.
- **ڕێکاری دووەم:** ئاگایی بەردەوام و نەپچڕاو دەربارەی ئەو کتێب و سەرچاوانەی بۆ توندڕەوەکان بووەتە مەنهەج و فکریان.
- **ڕێکاری سێیەم:** ئاگایی بەردەوام لەسەر توێژینەوە و فکرەی نوێی توندڕەوەکان.
- ڕێکاری چوارەم: ڕەچاوی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان.

**ڕێکاری یەکەم**

**شارەزایی فراوان بە دروستبوونی کۆمەڵە توندڕەوەکان**

ئەمەش لە ڕووی دەستنیشانکردنی سەرچاوەی گەشەسەندن و ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی و ئەو بنەما فیکری و عەقیدەییانەی کە دیدگای توندڕەوی لێیانەوە دەستیان پێکرد، ناسینی خاڵی دەستپێکی هزری ئەو ڕێبازە مێژوویە، هەروەها دەکۆڵێتەوە لەبارەی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بیرۆکەکە، هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە درێژایی سەدەکان بەسەریدا هاتووە، ئەمەش بە کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە سەرەتای یەکەمی سەرهەڵدانی ئەو بیرۆکانە بەدەست دێت، کە یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی دەنگدانەوەی ئەم بیرۆکانە و دەستنیشانکردنی ڕادەی کاریگەرییان لەسەر بۆچوونی گرووپەکان پاشان گەشەکردنیان لە ژیانی موسڵمانانندا، داخوازی زانیاری تەواو بە مێژووی دیاردەکە بابەتی فەتواکەیە.

گرنگی دەستنیشانکردنی سەرچاوە و پەرەسەندنی دیاردەکە بۆ موفتی وا دەکات کە ئاگاداری بناغەکانی بیرۆکەکە و پێکهاتەکەی بێت، بەم شێوەیەش دەتوانێت وەڵامی بداتەوە و بیگەڕێنێتەوە بۆ بنچینەی دروستی خۆی و پووچەڵکردنەوەی لەپێناو ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیەی لە بیری توندڕەویدا هەیە، ئەویش بە وردبوونەوە لە پرسی ململانێکان و پێکهاتەی پرسەکان، هەروەها لێکۆڵینەوە لەدروستبوونی وادەکات موفتی توانای ڕوونکردنەوەی دەرەنجامەکانی هەبێت لە دەقە دروستەکانەوە، ئەوەی کە دروستە ببێتە ئارگومێنتێک لە دەقەکانەوە

و ئـەوەشـی دروسـت نـیـیـە، هـەروەهـا دەتوانێت قسەی ئەوانە ئاشکرا بکات کە نەزانن بەرامبەر حەقیقەتی دەقەکان و ڕاستکردنەوەیان بە شێوەیەکی دروست، چونکە تێگەیشتنیان لە حوکمەکان زۆرجار لەهەڵە نزیکترن.

**ڕێکاری دووەم**

**ئاگایی بەردەوام و نەپچڕاو دەربارەی ئەو کتێب و سەرچاوانەی بۆ توندڕەووەکان بووەتە مەنهەج و فکریان**

ئـەم ڕێـکـارە تـەواوکـەری ڕێـکـارەکـەی پێشـووە دەربـارەی وەسـتـان لـەڕووی ئەو سـەرچـاوە فـکـری و عـەقـیـدیـانـەی کە بۆچوونی توندڕەووەکانی لێوە دەردەچێت، چـونـکـە نـاسـیـنی سـەرچـاوەی فـکـریـان و پشـتڕاسـتـکـردنـەوەیـان لـەسـەرەتـاوە، مەنهەجێکی قورئانییە خـوای گـەورە لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێداوەو دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ) واتە: ئەی ئـەوانـەی بـاوەڕتـان هـێـنـاون ئەگەر کەسێکی متمانەپێ نـەکـراو هەواڵێکی گرنگی بۆ هێنان، خێرا بڕوای پێ مەکەن، بەڵـکـو سـەرنـج بـدەن، لێی بکۆڵـنـەوە تا بۆتـان ڕوون دەبێـتـەوە، نـەوەکـو ئـازار و ناخۆشی و گیروگرفت بۆ خەڵکی دروست بکەن بە نەزانی.

نـابێـت مـوفـتـیـیـەکان ئـەوەی لـەسـەر توندڕەووەکان دەوترێت بە ڕەهایی بەڕاستی بزانن، بەڵکو هەر دەبێت بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە و بنەماکانیان، چونکە زۆربەی بـۆچـوونی تـونـدڕەوەکـان تێکەڵـەیـەکی سـەیـرە لـە بـۆچـوون و فـکـرەگـەلێـک کـە جـیـاکـردنـەوەی خـراپ لـە چـاک کارێکی زەحمەتە، بێگومان دیاریکردنی سەرچاوەی بیرە توندەکان بە وردی لە کارە گرنگەکانە، ئەمەش لەبەر چوار هۆکار:

**یەکەم:** گەیشتن بە مەنهەجی ئیلاهی بە پاڵپشتی وتەکان، گومانی تێدا نییە کە لێکۆڵینەوەی بەڵگەدار بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکان وا لە وەرگر دەکات دڵنیا بێت لـەو ئەنجامانەی کە موفتی پێی گەیشتووە، وا دەکات هەست بە ڕادەی ڕاستگۆیی زانستی موفتییەکە بکات، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ جیاکردنەوەی سەرچاوەی ڕەسەن لە نارەسەن.

**پێویست دەبێت لەسەر فەتوای دەستەجەمعی کە وەڵامی خێرا و یەکلاییکەرەوەی هەبێت بۆ هەر گومانێک لەو کۆمەڵە توندڕەو انەوە دەرچێت**

**دووەم:** زانینی تەواو دەربارەی فکرەیەک ئەگەر دروست گوازرابووەوە، یان بەش بـەش کـرابـوو لـە وتـەیـەکی درێـژ لـەبـەر گەیاندنی تەواوی فکرەکە، چونکە زۆرێک لە توندڕەووەکان دەقی زانایان پارچە پارچە دەکەن بۆ چاوبەست لەخەڵکی، دەقەکە

دەشێوێنن بە سڕینەوەی بەشێکی کە تەواوکاری واتاکەیە، وەک کەسێک بە کەسێکی نوێژنەکەری وتووە: بۆچی نوێژ ناکەیت؟ وتبووی: چونکە خوا بەڵێنی واوەیلای بە نوێژخوێن داوە دەفەرموێ: (فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ)، پێیوت: ئەوەی دواتری بخوێنەرەوە. ئەویش دەڵێت: من پێویستم بەوەی دواتر نییە، هەرئەوەندەی پێویستە بۆ دوورکەوتنەوە لەنوێژ، لەمشێوەیە بۆ زۆر کەس ڕوودەدات بە وەرگرتنی بەشێک لە دەقێک، یان تەنیا وشەیەک لە ڕستەیەک، ئیتر تەواوی ئەوەی تری ئەوەشی پەیوەندی پێوەیەتی وازی لێدێنن.

**سێیەم:** زانینی ئەوەی کە بۆچوونی ئەو توندڕەوە بدرێتە پاڵ زانایانێک کە جێمتمانەی خەڵکین بە جۆرێک قسەکە دەکەن کە قسەیەکی بە متمانەیە و جێمتمانەی زانایانیش بووە، لەو کاتەدا ئیشی موفتی ئاشکراکردنی ئەو دانە پاڵە چەواشەکاریانەیە.

**چوارەم:** تێگەیشتنی دروست لە دەقەکان، لەوانەیە دەقەکە دروست بێت، بەڵام تێگەیشتنەکە هەڵە و خراپ بێت، ئاشکرایە پیاوەکان بە حەقدا دەناسرێنەوە، نەک حەق بناسرێتەوە بە پیاوەکاندا، پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) دەفەرموێت: "با ئەوەی لێرەیە بیگەیەنێت بەوەی لێرە نییە، چونکە زۆرجار ئەوەی بۆی باسکراوە تێگەیشتووترە لەوەی بیستویەتی"

هەروەها دەفەرموێت: "خوا بەندەیەک ڕووسپی بکات گوێ لە قسەم دەگرێت و تێی دەگات، پاشان لەمنەوە دەیگەیەنێت، لەوانەیە فەقیهی وا هەبێت بەس فەقیه نییە، لەوانەیە فەقیهی وەها هەبێت دەیگوازێتەوە بۆ لەخۆی فەقیهتر" لەم دەقانەوە دەردەکەوێت کە لەوانەیە ئەو توندڕەوانە بێ ئاگا بن، جا بەئەنقەست، یان نەزانی.

### ڕێکاری سێیەم
### ئاگایی بەردەوام لەسەر تونێژینەوە و فکرەی نوێی توندڕەوەکان

لەمڕۆ و سبەیدا توندڕەوەکان بە فکرەی توندی نوێوە دەردەکەون، بەهۆی ئەوەی فکرە کۆنەکانیان لەکارکەوتوون و بۆ خەڵک ئاشکرابوون، دەیانەوێت سەرنجی خەڵک بە فکرە توندە نوێکانیان ڕابکێشن، ئەمەش ڕاڤە دەکرێت بە زۆری کۆمەڵەکانیان و جیابوونەوەی کۆمەڵە لە کۆمەڵەکانیان، خۆیان لەناوخۆیاندا ڕاجیان، بە فەتوایەک لە یەکتر جیا دەبنەوە بە توندتر لەپێشوو، لەبەر ئەوە دەبینیت لە ئاسانترین بەڵا کە ڕوویان تێ دەکات بە کەمترین کات گەنج و مناڵەکانیان دەکەونە کافرکردنی یەکتر.

### ڕێکاری چوارەم
### ڕەچاوی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان

کۆمەڵگە کۆنەکانی موسڵمانان یەک وێنە نەبووە وەک توندڕەوەکان دەڵێن،

بەڵکو هەموو وێنەکان گونجاون بۆ کۆمەڵگەکان، هەموو نەوەیەک بە گوێرەی نەریتی گونجاو داهێنان دەکەن لە سیستمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەڵام لەسنووری بنەما ئیسلامییەکان، بە جۆرێک کە وەڵامدەرەوەی پێویستی سەردەمەکەی خۆیان بێت بە ئیجتیهادی فیقهی وەستاو لەسەر بنەماکانی کۆلێژە شەریعەتەکان، بەو مەرجەی شوێن مەنهەجی دروست کەوتبن لە ئیجتیهادەکانیاندا، هاوڕا بێت لەگەڵ جەماوەری فەقیهەکانی ئوممەتی ئیسلامیدا لە هەموو نەوەیەکدا، تا نەبێتە گێرە شێوێنی و هەرکەس چی ویست ئەوە بکات.

بەرژەوەندی نیشتمان وەک نەریت دراوەتە دەست دەسەڵاتداری موسڵمان، ئەمەش مافێکی دروستە و شەریعەتی ئیسلامیش دانی بەوەدا ناوە وەک نەریت، بەڵام لە بنەمادا سەرچاوەکەی نەریتە، نەوەک شەرع، ئەمە هەروەک مافی پیادەڕەوە لەڕێگە و مافی ئاو خواردنەوە و هەرشتێکی نوێ بە مەرجێک دابونەریت کۆک بێت لەسەری و پێچەوانەی بنەماکانی شەرع نەبێت، ئەوەی سەیری دەقی فەقیهەکان بکات دەبینێت کە داب و نەریتی کردەیی، لە چوارچێوەی کردەوەی مرۆڤەکان و ڕەفتاری ئاسایی و مامەڵە یاساییەکانیاندا، دەسەڵات و سەروەری تەواوی هەیە لە سەپاندنی حوکمەکاندا، سنووردارکردنی کاریگەرییەکانی گرێبەستەکان و دیاریکردنی پابەندییەکان بەگوێرەی نەریت، لەکاتێکدا کە ئەو نەریتە پێچەوانەی دەقێکی شەرعی نەبێت، نەریت بەو شێوەیە پابەندکارە و وەک مەرجەعێک بۆ حوکمەکان و بەڵگەی شەرعی دادەنرێت کە جگە لەو بەڵگەی تر نەبێت.

## ئەگەر دەرفەت بدرێت بە توندڕەوەکان دنیا پڕدەکەن لە بیرۆکەی پووچ

بە هەمان شێوە یەکێکە لەو سەرچاوانەی کە حوکمەکانی سیاسەتی شەرعی لەسەر بنیات دەنرێت، لێرەوە بەڵگەی ڕوون هەیە لەسەر ڕۆیشتنی کاروانی ئەم سیاسەتە لەگەڵ ژیان و گونجان لەگەڵ ئەو تازەگەرییانەی کە پێشتر بوونیان نەبووەو لەسەر دابونەریت بوونیاد دەنرێن. پێویستە لەسەر موفتی ڕەچاوی ئەم بەرژەوەندییانە بکەن لە فەتواکانیاندا، کاتێک بەرژەوەندییەکان دژ دەبن بە یەک، بۆ پارێزگاری لە ڕووخانی کۆمەڵگە، ئەم ڕەچاوەش بەم شێوازانە دەکرێت:

**یەکەم: ڕەچاوی مەبەستەکانی شەریعەت و ئاسانکاری بۆ خەڵک و لابردنی قورسی لەسەریان**

ئەم شەریعەتە پیرۆزە بۆ ئەوە هاتووە کە بەرژەوەندی بهێنێت و زیادی بکات،

بەرپەرچی خراپەکاری بداتەوە و کەمی بکاتەوە، یەکێک لە بنەماکانی ئەوەیە ئەگەر کارێک بەرتەسک بوو فراوانی بکات، نارەحەتی کارئاسانی دەهێنێت، دروستە زیانی کەم هەڵبژێردرێت بۆ لابردنی زیانی گەورە، قورسکاری کەم و زۆری لە دیندا نییە: (وَمَا جَعَلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖ) واتا: لە ئایین و بەرنامەکەیدا هیچ جۆرە شتێکی نارەواو قورس و گرانی لەسەر دانەناون.

**دووەم: سەیرکردنی و اقیع**

گونجاو نییە بۆ کەسێک بڕیار دەربکات، بەڵام سەیری واقیع و پێویستییەکانی خەڵک نەکات، ببێتە هۆی کێشە بۆ خەڵکی، بێگومان پێویستە گونجان هەبێت لەنێوان واجب و واقیع، نێوان شەرع و حوکمەکانی، نێوان واقیعی موسڵمانان و کێشەکانیان، فەتوای دروست دەبێت دوو مەرجی تێدا بێت:

١) زانستی شەرعی بوونیادنراو لەسەر بەڵگە قورئانییەکان یان سوننەتە دروستەکان بە تێگەیشتنی ڕاست کە بکرێنە بەڵگە و ئەو شێوازە بێت کە لای زانایانی ئسوڵفیقە باسکراوە.

٢) تێڕوانینی دروست بۆ بابەتە لەناکاوەکان و ڕووداوە نوێکان، تێڕوانینێکی هەمە لایەنەو جیاکارییانە، کە ناوەرۆک و ڕواڵەتی بگرێتەوە. هەرلەبەر ئەوە زانایەن وتویانە: بڕیاردان بەسەر شتێکدا بەشێکە لە تێڕوانین بۆی.

**سێیەم: ئاسانکاری و لابردنی نارەحەتی**

چونکە نیشانەی توندڕەو و تیرۆریستان زبرییە لەگەڵ خەڵک و دەیانخەنە نەرەحەتی و قورسیەوە، لە کاتێکدا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) گەورەترین مرۆڤ بووە بۆ ئاسانکاری ئوممەتەکەی لە فێرکاریدا کە فێری کردوون، لە فەتوادا کە فەتوای بۆ داون، هەروەک دەفەرموێت: "خوای گەورە منی نەناردووە توند بم، نەشیناردووم ئازاردەر بم، بەڵکو بە مامۆستا و ئاسانکار ناردوومی" هەروەها دەفەرموێت: "نێردراوم ئاسانکار بم، نەنێردراوم قورسکار بم".

**چوارەم: میانگیرو هاوسەنگ**

ئەم شەریعەتە ئیسلامییە وەستاوە لەسەر میانگیری و هاوسەنگی لە هەموو شتێکدا، هەر ئەمەیە کە ئەم دینە بێگەردە بانگەشەی بۆ کردووەو خوای گەورە دەفەرمویت: (وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَٰكُمۡ أُمَّةٗ وَسَطٗا) واتا: بەو شێوەیەش ئێوەمان بە گەلێکی میانەڕەو گێڕاوە. قورئان ڕێنوێنی دەکات بۆ میانگیری و هاوسەنگی، سەرزەنشتی کەمهێنان و تێپەڕاندن دەکات لەهەموو کارێکدا.

**پێنجەم: ڕەچاوی چوارڕەهەندەکەی فەتوا**

ئەو بنەمایانەی کە دەبێت لە فەتوادا ڕەچاو بکرێن بریتین لە کات و شوێن و کەس و حاڵ، بێگومان فەتوا دەگۆڕێت

بە گۆڕانی شوێن و کات ئەگەر حوکمەکە بوونیاد نرابوو لەسەر دابونەریتی وڵاتەکە، پاشان نەریتەکە دەگۆڕێت بۆ نەریتی نوێ کە پێچەوانەی دەقی شەرعی نەبێت: پێشەوا قەرڕافی دەڵێت: "جێبەجێکردنی حوکمەکان کە لەسەر بنەمای دابونەریت بن کاتێک ئەو داب و نەریتانە دەگۆڕدرێن ئەگەر حوکمەکان نەگۆڕدرێن پێچەوانەی کۆدەنگی و نەفامییە لە ئاییندا، بەڵکو هەموو شتێک لە شەریعەتدا پەیڕەو لە دابونەریت دەکات: حوکمەکە دەگۆڕێت کاتێک دابونەریتەکە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی دابونەریتی نوێ داوای دەکات، ئەمەش نوێکردنەوەی ئیجتیهاد نییە بۆ تەقلیدکاران بۆ ئەوەی شایستەیی ئیجتیهادی تێدا بێت، بەڵکو ئەمە یاسایەکە کە زانایان بە پەرۆشەوە کاریان لەسەر کردووە و بە کۆدەنگی لەسەری ڕێکەوتوون، بۆیە ئێمە تێیدا پەیڕەویان دەکەین بەبێ ئەوەی پەنا بۆ ئیجتیهاد بەرین".

گۆڕانکاری لە فەتوادا دەبێت بەپێی بنەماکانی شەریعەت بێت و بۆ بەدیهاتنی مەبەستە شەرعییەکان بێت. گۆڕانی کات و گۆڕانکارییەکانی کاریگەری دەبێت لەسەر گۆڕانکاری فەتوا، شەریعەت ڕەچاوی ئەوەی کردووە کە گۆڕانی سەردەم گۆڕانکاری بەسەر حاڵی داوالێکراواندا دەهێنێت، واتا فەتواکە لەبەر ئەو گۆڕانکارییە دەگۆڕێت. بە هەمان شێوە گۆڕانی شوێنیش کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕانی فەتوا، ئەوەی دەگۆڕێت فەتواکەیە، نەک حوکمە شەرعییەکە، چونکە حوکمە شەرعییەکان چەسپاون و گۆڕانیان بەسەردا نایەت، دەبێت گۆڕانکاری لە فەتوادا بەپێی کۆمەڵێک بنەمای شەرعی بێت.

## فەتوای دەستەجەمعی بەرپرسیارە لە گەشەی هۆشیاری و بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی هەتا نەبێتە نێچیری هزری خراپ

شەرع ڕەچاوی کات و شوێنی کردووە، بۆ نموونە سزای دز دەستبڕینە، بەڵام عومەری کوڕی خەتاب لە کاتی قاتیدا دەستی دزی نەبڕی، هیچ کام لەهاوەڵانیش پێچەوانەی نەبوون، چونکە نارەحەتی داخوازی ئاسانکاری دەکات، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە عائیشەی فەرموو "ئەگەر گەلەکەت نزیک نەبوونایە لە سەردەمی نەفامی، گەنجینەی کەعبەم لەپێناوی خودادا دەبەخشی، دەرگاکەیم دەخستە سەر زەوی و لێوەی دەچوومە ژوورەوە بۆ لای بەردەکە".

**دەروازەی سێیەم**

**نموونەی کارپێکراو لەسەر رووبەڕووبوونەوەی فەتوای دەستەجەمعی بۆ توندوتیژی و تیرۆر**

لە سەرەتادا لە پێناسەی فەتوای دەستەجەمعیدا باسی ئەوەم کرد کە ئامانج تێیدا دروستکردنی جۆرێکە لە هاودەنگی نێوان دامەزراوەکانی، لەسەر هەموو ئەو فەتوایانەی لەو دامەزراوانەوە دەردەچن بەتایبەت دەربارەی تیرۆر و توندوتیژی.

دەکرێت ئەو هاودەنگییە بە جۆرێک بوونی هەبێت، بەڵام بەو شێوەیە نییە کە ئاواتی فەتوادەرانن لە جیهانی ئیسلامیدا، بەڵام هەست بەو دەستەجەمعییە رانەگەیانراوە دەکرێت، هاودەنگییەک لەو فەتوایانەدا هەیە کە لەو دامەزراوە جیاوازانەوە دەردەچن کە هەڵگری یەک ناوەرۆکن، ئەویش ئامانجەکەیان بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و توندوتیژییە.

لەم بارەیەوە تەنیا یەک نموونە دەهێنمەوە لەبارەی هاودەنگی و لێکتێگەیشتنی نێوان دامەزراوەی فەتوا دەستەجەمعییەکان، ئەویش:

**هەڵوێست بەرامبەر فکری ڕێکخراوی داعش**

لە فەرمانگەی فەتوای ئوردنیدا هاتووە: "داعش میلیشیایەکی تیرۆریستە، هاوسۆزبوون لەگەڵیان حەرامە، هەروەک چۆن حەرامە هاوسۆزی لەگەڵ هەر ڕێکخراوێک بکرێت کە خوێنڕێژی دەکەن و موسڵمانان کافر دەکەن و دەستدرێژی دەکەنە سەر ماڵ و ئابڕوویان، چونکە ئەو کردەوانە دژن بە ڕێنماییە ئیسلامییەکان کە جەخت دەکەنەوە لەسەر چاوپۆشی و لێبوردەیی کە نیشانەی دەروون پاکی و ڕەوشت بەرزین، ئەو ڕێنماییانەی بانگەشە دەکەن بۆ سۆزو خۆشەویستی و میهرەبانی، پێچەوانەی تیرۆر و توندوتیژی کە دەربڕی ڕق و کینەن بەرامبەر مرۆڤ.

ئەوەی هاوسۆز بێت لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستە ئەوە لە خودا و پێغەمبەرەکەی یاخی بووە و لەڕێگەی ڕاست لایداوە، لە گومڕاییەکی ڕوون و ئاشکرادایە، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلٗا مُّبِينٗا) واتا: ئەوەی سەرپێچی بکات لە فەرمانی خودا و پێغەمبەرەکەی ئەوە ئیتر بە ئاشکرا گومڕاو سەرلێشێواوە.

ئەوەشی بەشداریان بکات لە کوشتاریاندا ئەوە تیرۆریستە، تینووە بۆ خوێن و دزی سەروەت و سامان و تێکدەری ئابڕووە، خوای گەورە دەفەرمێت: (وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا) واتا: هەر کەسێک بەدەستی ئەنقەست ئیماندارێک بکوژێت، ئەوە تۆڵەی ئەو کەسە دۆزەخە، نەمرە تێیدا، هەروەها خوا لێی تووڕە بووە و نەفرینی لێکردووە و سزایەکی گەورە و بێ سنووری

بۆ ئامادە کردووە. پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: "خوێن و ماڵتان لەسەر یەکتر حەرامە وەک حەرامی ئەم ڕۆژەتان و ئەم مانگەتان و ئەم شارەتان". ئەوەی موسڵمانێک بکوژێت ئەوە گەورەترین تاوانی ئەنجام داوە وەک پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: "گەورەی تاوانە گەورەکان هاوەڵدانانە بۆ خودا و کوشتنی کەسێکە و دایباب ئازاردان و قسەی درۆیە".

بۆ ئەوەی بیانوو بهێننەوە بۆ تیرۆرەکانیان و چاوبەست لە شوێنکەوتوانیان بکەن، تاوان و کوشتوبڕەکانیان بەناوی ئایینەوە دەکەن کە ئایین بێبەرییە لێیان، بەڵکوو ئەو کارە دزێوانەیان شێواندنی ڕاستییەتی ئایینی پاک و درەوشاوەی ئیسلامە.

ئەوان موسڵمانان دەکوژن، بۆ ئەوەش جیاوازی نێوان گەورەو پچوک و نێرو مێ ناکەن، خراپە لەسەر زەوی بڵاو دەکەنەوە، ئەمە پێچەوانەیە بەو ئامۆژگارییەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کە سوپایەکی دەناردو پێی دەفەرموون: "بەناوی خودا و بۆ خوا وەک میللەتی پێغەمبەری خوا دەربچن، پیری کەنەفتەکارو مناڵ و ساواو ئافرەت مەکوژن، دەستدرێژی مەکەن و غەنیمەتەکانتان کۆبکەنەوە، چاکسازو چاکەکاربن، خوا چاکەکارانی خۆشدەوێت".

ئەبووبەکری سدیق ئامۆژگاری یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیانی کرد و وتی: "ئافرەت و مناڵ و پیر مەکوژن، داری بەردار مەبڕن، ئاوەدانی وێران مەکەن، مەڕو ماڵات و وشتر سەرمەبڕن تەنیا بۆ خواردن نەبێت، دارخورما مەسوتێنن و کەس مەخنکێنن و دەستدرێژی مەکەن".

ئەوەی ئازاربەخشە ئەم میلیشیایانە خۆشحاڵن بە کوشتن و ئازاردان و سوتاندنی موسڵمانان، ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەریان (صلی الله علیه وسلم) بەسەردا جێبەجێ دەبێت: "ئەوەی باوەڕدارێک بکوژێت و خۆشحاڵ بێت بە کوشتنەکەی، خوای گەورە فەرزو سوننەتی لێ وەرناگرێت".

**دەکرێت لە فەتوای دەستەجەمعیدا زیاتر لە تایبەتمەندییەک بەشداری بکات، کورت ناکرێتەوە تەنیا لەسەر فەقیهەکان، بۆیە ئەگەر پێویستی کرد زانایانی بوارە تایبەتەکان بەشداری دەکەن**

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: "ئەوەی دژی ئوممەتەکەم بوەستێتەوە لە چاک و خراپیان بدات، دەستی لە باوەڕدارانی نەپاراست، وەفای نەبوو بۆ پەیمانی پەیماندار، لەمن نییەو منیش لەو نیم".

بە هەمان شێوە ئەوەی هاوسۆزی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستە بێت ئەوە تێداچوو زەرەرمەندەو مردنێکی نەفامانە دەمرێت لەبەر فەرمودەکەی ئەبووهورەیرە، دەڵێت: پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: "ئەوەی لەژێر ئالایەکی

کوێریدا بکوژرێت، بانگەشەی دەمارگیری یان سەرخەری دەمارگیری بێت، کوژراوێکی نەفامە"

داعشی تیرۆریست میلیشیایەکی کوێرن، نازاندرێ لە بنەماوە چۆن دروست بوون، ئامانج نەزاندراون، سیاسەت نەزاندراون. داوا لە گەنجان دەکەین بە دروشمە بریقەدارەکانیان نەخەڵەتێن. پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: "ئایین ئامۆژگارییە" وتیان لەکێوە؟ فەرمووی: "لە خودا و پێغەمبەرەکەی و پێشەوایانی موسڵمانان و تێکڕایانەوە".

هەمان هاودەنگی و یەک ناوەرۆکی لە فەتوای خانەی فەتوای میسریدا دەبینرێت، کە لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا هاتووە: ڕاستی ئەو بڵاوکراوەیە چۆنە کە دراوەتە پاڵ ئەو کۆمەڵەی لە قاعیدە جیابوونەتەوە و لە ڕاگەیاندنەکاندا پێیان دەوترێت داعش، بە ناونیشانی: (دە بابەتی عەقیدەیی کە ناکرێت موسڵمان نەیزانێت و واجبە فێریان ببێت).

خانەی فەتوای میسری بەم شێوەیە وەڵامیان داوەتەوە: "ئەو بڵاوکراوەمان بینیوە کە دراوەتە پاڵ ئەو ڕێکخراوەی لە قاعیدەی توندڕەو جیابوونەتەوە، کە لە ڕاگەیاندنەکان بە داعش ناویان دەهێندرێت، بەناوی (دە بابەتی عەقیدەیی کە ناکرێت موسڵمان نەیزانێت و واجبە فێریان ببێت) ئێمە هەڵوێستەمان لەسەر چەند ڕستەیەکی ترسناک کردووە، هۆشداری لەبارەوە دەدەین و خراپییەکانی ڕوون دەکەینەوە: لە بابەتی دووەمدا هاتووە کە بنەمای ئایین، پەرستنی خودا و هاندان و دۆستایەتییە بۆی، و بە کافردانانی ئەوەی وازی لێدێنێت، هۆشدارییە بەرامبەر هاوبەشدانان و زبری و دژایەتی بەرامبەری، لەگەڵ بە کافردانانی ئەوەی پێی هەڵدەستێت. بەوەی کە دەڵێن بنەمای ئایینە وا لێی تێدەگەیت کە ئەو بنچینەیەیە کە ئایینی لەسەر وەستاوە، چونکە بنەما ئەوەیە کە شتی تری لەسەر بنیاتنراوە، بە نەمانی بنەماکە لقەکەش نامێنێت، ئەویش ئایینە، ئیتر ئەم بڵاوکراوەیە بەم قسە نارۆشنانە کۆتایی بەم باسە گەورەو ترسناکە هێناوە، هەرکەس بۆ خۆی چۆنی بوێت دەتوانێت بەو شێوەیە تێی بگات، پاشان پۆلێنی خەڵکی بکات بۆ موسڵمان و کافر لەسەر بنەمای تێگەیشتن و وەهمی خۆی.

## نابێت موفتییەکان ئەوەی لەسەر توندڕەوەکان دەوترێت بە ڕەهایی بە ڕاستی بزانن، بەڵکو هەردەبێت بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە و بنەماکانیان

پاشان ئەم نووسراوە عەقیدەی دۆستایەتی و دوژمنایەتی (عقيدة الولاء والبراء) کردووە بە لقێک لەوەی سەرەوە، دەڵێت: ئەوەی دەبێتە لقێک لەو بنەمایە عەقیدەی دامەزراوی دۆستایەتی و دوژمنایەتییە، بنەمای ئەم عەقیدەیە دادەمەزرێت لەسەر دوورەپەرێزی و جیابوونەوەی موسڵمان لە کەسانی تر

لەسەر بنچینەی ئایین نەک بنچینەی وڵات و نەتەوە، موسڵمانی یەکتاپەرست برامەو هاوکارو پشتیوانی دەبم ئەگەرچی زۆریش دوور بێت، دژایەتی کافرو پاشگەزبۆوە (المرتد) دەکەم ئەگەرچی نزیکترین بێت.

دەڵێین: بنەمای دۆستایەتی و دوژمنایەتی: خۆشەویستی و ڕقە، ئەویش دوو کاری دڵن، کەس ناتوانێت بیانزانێت، خۆشەویستی کوفرو ڕق لە ئیسلام ناتوانرێت خاوەنەکەی بە کافر دابنرێت، مەگەر ئەمە بە ڕاشکاوی دەرببڕێت لەگەڵ هاتنەجێی مەرجەکان و نەمانی ڕێگرەکان.

ئەوەی کە دەڵێین جیاکەرەوەی نێوان موسڵمان و ناموسڵمانە، دەبێت تەواو و گشتی بێت ئەگەرنا دەبێتە یەکتاپەرستییەکی ناتەواوو قسەیەکی نابەجێ، خوای گەورە دەفەرموێت: (لَا يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ إِلَّا أَنْ تَتَّقُوا مِنْهُمْ تُقَاةً وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ) واتا: نابێت ئیمانداران، کافران بکەنە پشت و پەناو یارو یاوەری خۆیان لەجیاتی ئیمانداران، ئەوەی کاری وا بکات، ئەو کارەی دەبێتە هۆی ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی ئیمانیی بە خوداوە نەمێنێت، مەگەر لەبەر ئەوەی خۆتان بە بێگومان لە شەڕیان بپارێزن و قوتاربن، خوای گەورەش بێدارتان دەکاتەوە بە سیفەتی تۆڵەسەندنەوەی خۆی دەتانترسێنێت، سەرئەنجام و گەڕانەوەتان هەر بۆ لای خودایە.

ڕووکەشی ئایەتەکە وەهایە کە ئەو دۆستایەتییە کاریگەرەی سەرزەنشتی کراوە ئەوەیە لەبەر کوفرەکە بێت، واتا ئەوانەی دۆستایەتییان دەکەن لەبەر ئەوە دەیکەن کە کافرن.


پێشەوا تەبەری لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا لە (جامع البیان) دا دەڵێت: ئەی بڕواداران سەرخەری کافران مەبن بە جۆرێک پشتیوانیانبن لەسەر ئایینەکەیان، زاڵیان بکەن بەسەر موسڵماناندناو پشتبکەنە باوەڕداران.

پوختەی قسان: ئەم نووسراوە پێکهاتووە لەچەند دەستەواژەی شێواوی فکری و بیدعەی ترسناک، کە پێچەوانەیە بەوەی زانایانی لەسەر بووە و لە عەقیدەدا پشتیان پێبەستووە، بووەتە هۆکاری ئەوپەڕی خراپەکاری و زیانێکی بێوێنە، سەریکێشاوە بۆ قسەکردن لەسەر ئایین بەبێ زانست، دامەزراندنی حوکمگەلێکی ترسناک لەسەر پێشەکی خراپ یان قسەی کورت و ناڕۆشن، لەگەڵ گومانخراپی بەرامبەر موسڵمانانی یەکتاپەرست و فراوانکردنی بازنەی بە کافرکردنیان، و هەڵگیرسانی ئاشووب و لێکترازان لەنێوانیان، هەروەها شەرعیەتدان بە ڕشتنی خوێنیان و شێواندنی ئاسایشی گشتی و ئارامی کۆمەڵایەتی، خوای گەورەش زاناترینە.

---

**سەرچاوە**

مؤتر مؤسسات الفتوى فى العصر الرقمى، تحديات التطوير واليات التعاون، ٢٠٢١.



# گفتوگۆ

## ئایینناسی

# د. ئەحمەد شافیعی: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شوێنی فەتوادان نین

## گفتوگۆی: ئیدریس سیوەیلی

لەم گفتوگۆیەدا د. ئەحمەد شافیعی ئەندامی ئەنجومەنی باڵای فەتوا باس لە گرنگی و پێگەی فەتوا دەکات، هەروەك باس لە مەرجەکانی موفتی و فەتوادان دەکات و سەرنجی خۆی لەمەڕ ئەو پشێوییەی لەمڕۆدا لە فەتوادانداندا هەیە، بە تایبەت لە تیقی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتەڕوو.

**ئاییناسی: لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆر باس لە فەتوا دەکرێت، دەمانەوێت بزانین فەتوا چییە؟ پێگەی لە ئاینی ئیسلامدا چییە؟**

د. ئەحمەد شافیعی: وشەی (فەتوا) لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (افتاء) دێت، کە چاوگی (مصدر) و وشەکەیە (الإفتاء مصدر أفتى)، کۆکەی بریتییە لە (الفتاوى - الفتاوى، فتاو) بە مانای ڕوونکردنەوەی شتە نەزانراوەکان دێت. خوای گەورە دەفەرموێت : (وَيَسْتَفْتُونَكَ فِي النِّسَاءِ قُلِ الله يفتيكم فيهن) (النساء: ١٣٧) واتە: خوای

گەورە ڕۆشنی دەکاتەوە بۆتان لەوەی ئێوە پرسیار دەربارەی حوکمەکەی دەکەن. (یفتیکم، أي: یبین لکم حکم ما سألتم).
وشەی فەتوا لە زاراوەسازی بە چەند شێوازێک پێناسە کراوە:
١- زانای گەورە (قەرافی) فەرموویەتی: فەتوا هەوڵدانە بە حوکمێک لە حوکمەکانی خوای گەورە، چ بۆ پابەندبوون بێت پێوەی، یاخود لە دروستی و ڕەوایی و ڕێگەپێدانی.
٢- زانای گەورەی کورد ئیبن سەڵاح شارەزووری فەرموویەتی: فەتوادان واژۆکردنە لەباتی خوای گەورە.
٣- ئیبن قەیم دەفەرموێت: فەتوا بریتییە لە هەوڵدان دەربارەی حوکمێکی شەرعی کە پرسیارکەر - المستفتي – و کەسانی تریش دەگرێتەوە.
٤- ئیمامی جوینی فەرموویەتی لە پێناسەی فەتوا: فەتوا دەقی وەڵامی موفتییە.
٥- ئیبنو حەمدانی حەرانی دەفەرموێت: ڕۆشنکردنەوەی حوکمە شەرعییەکانە لەگەڵ بەڵگەکانی بۆ کەسێک کە پرسیار دەکات.
فەتوا لە ئیسلامدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، لە ڕیزی فەرزەکانی کیفایە هەژمار کراوە، واجبە و پێویستە لە ناو هەموو گەلێکی موسڵمانی ئایینپەروەر هەندێک هەوڵ بدەن و دروست بن تا ئەو ئەرکە گەورەیە بە باشترین شێوە بگرنە ئەستۆ، کە هەموو مەرجەکانی فەتوادانیان تێدا بێت و حوکمە شەرعییەکان وەک پێویست بۆ موسڵمانان ڕۆشن بکەنەوە.
خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا كَافَّةً ۚ فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ)(التوبة : ١٢٢). واتە: ڕەوا نییە هەرچی ئیمانداران هەیە بە جارێک بچن بۆ غەزا، یان هەر کارێکی تری پێویست، دەی بۆچی لە هەر هۆز و دەستەیەک کەسانێک نەچوون بۆ خوێندن تا شارەزا بن لە ئایین، تێبگەن و فێر ببن و گەلەکەشیان تێگەیەنن و فێریان بکەن کاتێک کە گەڕانەوە بۆ لایان، بۆ ئەوەی ئەوان هۆشیار ببنەوە و خۆیان بپارێزن لە گوناهـ و خوا لێی ڕازی بێ لە خۆیان نەڕەنجێنن. ئیمامی نەوەوی دەفەرموێت: فێرکردنی فێرخوازان و وەڵامدانەوەی پرسە شەرعییەکانی خەڵکی فەرزی کیفایەیە. هەروەها دەفەرموێت: لەبەر گەورەیی و گرنگی و پڕپایەخی و فەزڵی فەتوایە کە زانایان فەرموویانە: موفتی لەبری خوای گەورە واژۆ دەکات. هەر بۆیە فەتوا بەرپرسیارێتی دونیا و هەم لێپرسینەوەی ڕۆژی دوایی تێدایە.

**ئایینناسی: ئایا فەتوا پێویستییەکی مرۆییە؟ یان دۆخی سیاسی و پاساوی تر وای کردووە ببێتە بەشێک لە ئایین؟**
د. ئەحمەد شافیعی: فەتوا پێویستییەکی شەرعی و مرۆییە، هەر کۆمەڵگەیەک خاڵی بوو لە کەسانی پسپۆڕ لە بواری

شـەرعی و فـەتـوا و ڕوونـكـردنـەوەی چەمكە ئایینییەكان، ئەو كۆمەڵگەیە كۆمەڵگەیەكی نـائـارام و ناتەندروست دەردەچـێـت. هـەمیشـە پـڕ دەبـێـت لـە كێشە و دووبـەرەكی و نارێكی و فـەوزا لە پرسە شـەرعییەكاندا. دەرەنجام خەڵكی سـەری لێ دەشێوێت و دەكەوێتە گومان و نازانێت بە گوێی كامیان بكات و كێیان ڕاسـت دەكـات. كـەوابـوو فـەتـوادان لـەو ئەركە گشتییانەیە كە ئوممەتی ئیسلامی پێویستی پێیـەتی بـۆ ڕوونـكـردنـەوەی چەمكە ئایینی و كێشەكانی ناو كۆمەڵگا.

گەر بە وردی تێبینی بكەین دەبینین خوای گەورە وەڵامدانەوە و نیسبەتدانی فەتوای داوەتـە پاڵ خۆی لەباتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فـەتـوا دەدات و وەڵام دەداتـەوە، كە ئەمەش ئەوپەڕی گەورەیی و ڕێز و شكۆی ئەوانەیە كە فەتوا دەدەن بۆ خـەڵكی، وەڵامی داوا و پرسیارەكانی خەڵكی دەدەنـەوە و ئاشنایان دەكـەن بە شـەریعەت و یاسای خـوای گـەورە، وەک دەفەرموێت: (يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِي الْكَلَالَةِ)(النساء: ١٧٦) واتـە: ئـەی محەممەد (صلى الله عليه وسلم) داوای فـەتـوات لێ دەكـەن دەربـارەی (كلالـة)، كە بریتییە لـە كەسێک بـاوک و نـەوەی نەبێت، تۆش بڵێ: خوا وەڵامتان دەداتەوە لەو بارەیەوە.

یەكەم كەسیش هەستا بەم ئەركە گەورە پێشـەوای مـرۆڤـایـەتی و دادپـەروەری حـەزرەتی (مـحـەمـەد) (صلى الله عليه وسلم) بـوو، كە تەنیا ئەو بۆ یەكەم جار بە وەحی خـودایی فـەتـوای دا بـۆ خـەڵكی و ژیان و ڕێی خـەڵكی ڕۆشـن كـردەوە. ئەم ئەمانەتە ئیمانییە لەویشەوە گوێزرایەوە بۆ تـەواوی مرۆڤایەتی، دەست بەدەست و چین بە چین هـەر لـە هاوەڵـەكانەوە تا شوێنكەوتوان و دواتر زانایانی پێشەنگ و پێشەوا. بۆیە هیچ دۆخێكی سیاسی پاڵنەر نـەبـووە بـۆ دروسـتـبـوونی فـەتـوا، بەڵكو پێویستی ئایینی و مرۆییە و بەس.

ئـەوەی لـە ژیـانی زانـایـانـدا زۆر كاریگـەرە و دونیا و دوارۆژی خـۆی و خـەڵكی پێوە گرێ داوە بریتییە لە بابەتی (فەتوادان) و بـڕیـاردان لـەسـەر داوا و پـرسـەكانی خەڵكی. دەتوانین بڵێین: مەترسیدارترین كار لـە ژیـانی زانـایـانـدا بـابـەتی فـەتـوا و ئاڕاسـتـەكـردنی خـەڵكییە بـۆ حـەڵاڵ و حەرام و دروست و نادروست، ڕێگەپێدان و ڕێگەپێنەدان. هەر بۆیە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی: (أجرؤكم على الفتيا أجرؤكم على النار).

**ئایینناسی: كێ مافی فەتوادانی هەیە لە ئیسلامدا؟ مەرجی موفتی چییە تا فەتوای لێوەرگیرێت؟**

د. ئـەحـمـەد شـافـیـعی: هـەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ كرد، ئەوەی فەتوا دەدات واتە لە شوێنی خوای گەورە بڕیار دەدات و واژۆ دەكات، بۆیە ئەو كەسەی وەڵامی پرسـە شـەرعییەكانی خـەڵكی دەداتـەوە و فـەتـوا دەدات، گـەر لـە ڕووی شـارەزایی

تەواو و زانستییەوە نەبێت بە یاسا شەرعییەکان ئەوە تاوانی ئەنجام داوە و گوناهی کردووە و حەرام و قەدەغەیە. وەکو چۆن پێشەوامان (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی (أجرأكم على الفتيا أجرأكم على النار). کەوابوو ئەو کەسەی دەیەوێت ئەو ئەرکە گەورەیە بگرێتە ئەستۆ و بێتە مەیدانی فەتوا، دەبێت مەرجی فەتوادانی تێدا بێت.

وەکو پێشەوا محەممەدی کوڕی سیرین فەرموویەتی: ئەم زانستەی ئیسلام، ئایینی ئیسلامە، کەواتە تەماشا بکەن ئایینی خۆتان لە کێ وەردەگرن؟ ئیبن مونکەدیر فەرمویەتی: زانای ئایینی لەنێوان خوای گەورە و لەنێوان بەندەکانی خوای گەورەدایە، کەوابوو دەبێت چاک بیر بکاتەوە و تەماشا بکات، چۆن دەچێتە نێوان خوا و بەندەکانی خوا، واتە دەبێت لە فەتوادان بترسێت.

زانایانی (ئوسووڵ فیقه) چەندین مەرج و سیفەتی گرنگیان داناوە بۆ ئەو کەسانەی فەتوا دەدەن، تا فەتواکەیان وەربگیرێت، لەوانە:

١- موسڵمان بێت.

٢- خاوەنی تەکلیفی شەرعی بێت، واتە: باڵغ و عاقڵ بێت.

٣- دادپەروەر بێت، واتە: پارێزراو بێت لەو شتانەی مرۆڤی باوەڕداری پێ فاسق دەبێت.

٤- ئەمانەتپارێز بێت و جێگەی متمانەی خەڵک بێت و کەسایەتییەکی گەورە و بەهێزی هەبێت.

٥- وریا بێت فێڵی لێ نەکەن.

٦- بیرکردنەوەی پەسەند و دروست بێت.

٧- تێگەیشتوو و شارەزا بێت بە دەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و ڕاو بۆچوونی زانایانی فیقهی ئیسلامی.

٨- توانای لێکدانەوەی دەقە شەرعییەکانی بە باشی ببێت.

٩- ڕەفتار و هەڵسوکەوت و کردەوەکانی دروست بن و جێگەی گومان نەبن.

١٠- شارەزاییەکی باشی هەبێت بە زمانی عەرەبی، چونکە قورئانی پیرۆز و فەرموودە شیرینەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەمووی بە زمانی عەرەبییە.

١١- شارەزایی بە زانستی (ئوسووڵ فیقه)، بەتایبەتی دەلیلە ئەسڵییەکانی ئەحکام، هەروەها ناسیخ و مەنسوخ، موتڵەق و موقەیەد، گشتی و تایبەتی.. هتد.

١٢- ئاگاداربوون لەو شتانەی جێگەی خیلاف و ڕاجیایی زانایانی فیقهی ئیسلامییە (الثوابت والمتغيرات). وەک گەورە زانا (یەحیای کوڕی سەلام) دەفەرموێت: هیچ حیسابێک بۆ فەتوایەک ناکرێت کە خاوەنەکەی شارەزا و ئاگاداری جیاوازی و ڕاجیاوازەکانی نەبێت، دروست نییە بە هیچ فەتوایەک بوترێت ئەوە لای باشترە تا ئاگاداری بەڵگە و دەلیلەکانی نەبێت.

١٣- موفتی پێویستە شارەزا بێت بە

تەواوی بە فیقهی واقیع و ڕۆژگاری خۆی و فیقهی مەئالات. واتە دەبێت ڕەچاوی کات و شوێن و حاڵی پرسیارکەر بکرێت، چونکە فەتوا گۆڕانکاری دێت بەسەریدا بە گۆڕینی شوێن و کاتی فەتوا، هەروەها دابونەریتی هەر نەتەوە و گەلێک کاریگەری لەسەر جۆری فەتوا دروست دەکات، بە مەرجێک پێچەوانەی هیچ دەقێکی شەرعی دروست نەبێت. ئەمانە پێیان دەوترێت مەرجە سەرەتایی و پێویستییەکان بۆ موفتی. پێویستە ئەم مەرجانە هەموویان لە کەسی (موفتی)دا بەرجەستە ببن و تێیدا ڕەنگ بدەنەوە.

هەرکەس فەتوا بدات و بیەوێت بێتە ئەو مەیدانە گەورەیە و ئەو مەرج و تایبەتمەندییانەی تێدا نەبێت ئەوە بە دڵنیاییەوە قسەکانی وەرناگیرێت و هیچ ئیعتیبارێکیان نابێت .

**ئایینناسی: جارجارێک دەبینین هەڵوێستێکی سیاسی پاڵپشت دەکرێت بە فەتوایەکی ئایینی، دەکرێت پرسیار بکرێت ئایا شتێک هەیە بە ناوی فەتوای سیاسی؟ مێژووی فەتوای سیاسی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

د. ئەحمەد شافیعی: فەتوا زەرورەتێکی ئایینی و پێویستییەکی مرۆیی هەموو تاکێکی موسڵمانە، ڕۆژانــەش شتە نوێیەکان ئەوەندە زۆرن و دێنە پێش بەردەوام پێویستیان بە پرسی شەرعی و دروست و نادروست هەیە. تا بزانرێت کامە ڕێگەپێدراوە و کامەش ڕێگەپێدراو نییە. بۆ وەڵامی ئەمەش پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان فەتوای سیاسی و فەتوای بە سیاسیی کراو (الفتوى السياسية و الفتوى المسيسة)، دەبێت فەتوای شەرعی دوور بێت لە هەموو ئەو ئاڕاستانە کە بیەوێت فەتواکە لە ڕێڕەوی دروستی خۆی بگۆڕێت و بە لاڕێیدا ببات . فەتوای سیاسیی بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی کە موفتی و موجتەهیدی ئەو سەردەمە گەڵاڵەی دەکات و پێی دەگات، لەو مەسەلانەی کە پەیوەندییان بە حوکمداری و بابەتە گشتی و شتە نوێیەکانی سەردەم هەیە، لە کاروباری حوکمڕانی و ڕێکخستنی کاروباری وڵات و شارەزاکردنی کۆمەڵگە لە حوکم و ڕای شەرعی لەمەڕ ئەو بابەتانە. ئەمەش کاتی خۆی پێی وتراوە سیاسەتی شەرعی.

## فەتوا بەرپرسیارێتی دونیا و هەم لێپرسینەوەی ڕۆژی دوایی تێدایە

ئیبن قەیم فەرموویەتی: موفتی و حاکم ناتوانن فەتوا بدەن و حوکم بکەن بە ڕاستی و دروستی تا بەتەواوی شارەزا نەبن لە دوو جۆر تێگەیشتن:

**یەکەم:** فیقهی واقیع و سەردەم.

**دووەم:** چی پێویستە و چی داوای ئەو کات و ئەو وەختەیە.

موفتی ڕاست و تەواو دەبێت لە ڕێگەی ئەم دوو جۆرە لە تێگەیشتن بگاتە ناسینی حوکم و بڕیاری ئیسلام لەو بارەوە.
بەڵام فەتوای بە سیاسیکراو (الفتاوی المسیسة) بریتییە لەوەی ئەو فەتوایە ڕێکدەخرێت لە بەرژەوەندی دەسەڵاتێک، یان گرووپ و تاقمێک کە ئاڕاستەی خۆی ناپێکێت و زۆر جار ملی دەقەکان دەشکێنرێتەوە و تەئویلیان دەکەن بە ویست و ئارەزووی ئەم دەسەڵات و گرووپ و تاقمە، ئەوانەش هەمیشە موفتی تایبەتی خۆیان هەیە کە پێیان وتراوە (مفتی السلاطین، أو علماء السلاطين). بەڵام زانای گەورە و خوداناس و موفتی ڕاستەقینە هەرگیز ڕێگە بە خۆی نادات یاری بە دەقە شەرعییەکان بکرێت و بە ویست و ئارەزووی کاربەدەستان و ستەمکاران ئاڕاستە و ڕێنوێنی بکرێن. هەر بۆیە زانایان زەوابیت (ضوابط) و یاسا و ڕێسایان داناوە بۆ فەتوا، بەتایبەتیش فەتوای سیاسی. کەوابوو هەر فەتوایەک لەو چوارچێوە و بازنەیە چووە دەرەوە ئیعتیباری پێ ناکرێت و لە ڕیزبەندی فەتوا شەرعییەکان هەژمار ناکرێت.
دوای تەواوبوونی خولەفای ڕاشدین، ئەو خەلیفە و دەسەڵاتدارانەی هاتوون ویستوویانە بۆ شەرعیەتدان بە کارەکانیان و مانەوەی دەسەڵاتیان، بەشێک لە فەتوا و زانایان بە کار بهێنن بۆ بەرژەوەندی مانەوەی دەسەڵاتیان، هەر بۆیە مێژوو تۆماری کردووە کە دەیان گەورەزانای وەک ئیمام ئەبو حەنیفە و ئیمامی مالیک و ئیمامی شافیعی و ئیمامی ئەحمەد و .... تاد، چەند ئەزیەت و ئازار و نارەحەتی و بەندی و دوورخستنەوە لە زێد و خاک و خەڵکی خۆیان چێشتووە، لەپێناو پاراستنی حەق و دادپەروەری و ڕاستی و لانەدان، بۆ چرکەساتێکیش فەتواکانیان بەکارنەهێناوە بۆ خزمەتی مانەوەی هیچ دەسەڵاتێک.
بۆ نموونە ئیمامی سەرخەسی، کە یەکێکە لە گەورە زانایانی ڕێڕەوی مەزهەبی پێشەوا ئەبو حەنیفە، لە بەرامبەر فەتوایەکدا کە پێچەوانەی مەیل و ویستی خەلیفە بوو، پانزە ساڵی بەردەوام خرایە بەندیخانە، بەڵام ئەو هەر لەسەر فەتواکەی بەردەوام بوو، تەنازولی نەکرد بە هیچ شێوەیەک. لە ناو بەندیخانە گەورەترین کتێبی لە مەزهەبی پێشەوا ئەبو حەنیفەدا نووسی بەناوی (المبسوط)، کە پانزە بەرگە، یەکێکە لە دیارترین کتێبەکانی فیقهی ئیمام ئەبوحنیفە.
پێشتر لە مەرجەکانی موفتی ئاماژەمان پێدا، یەکێک لە مەرجی فەتوادان دەبێت موفتی شارەزا بێت بە فیقهی واقیع و ڕۆژگاری خۆی، مەبەست بە فیقهی واقیعیش ئەوەیە موفتی بەتەواوی ئاگادار بێت بەو واقیع و ژینگەیەی کە تێیدا دەژی، بە واقیعی شارەکەی، واقیعی گەلەکەی، واقیعی کۆمەڵگەکەی، واقیعی ئەو تاکە، ئەو گۆڕانکارییانەی ڕوویان داوە لە کات و

شوێن و کاریگەریان لەسەر دابەزاندنی دەقەکان. هەر یەکێک لەمانە کاریگەریی لەسەر جۆری فەتواکە جێدەهێڵێت و دروست دەکات.

بە درێژایی مێژوو هەر موفتییەک دوور لە واقیعی ڕۆژگار و سەردەمی خۆی فەتوای دابێت، فەتواکانی کاریگەریان نەبووە، زۆر ئیعتیباریان پێ نەکراوە، دەبێت موفتی هەمیشە هەوڵ بدات هاوسەنگی دروست بکات لەنێوان فەتوا و واقیعی کۆمەڵگەکەی، بە مەرجی پێچەوانەی دەقێکی شەرعی نەبێت لە قورئان و سوننەی سەحیحە.

## فەتوادان لەو ئەرکە گشتییانەیە کە ئوممەتی ئیسلامی پێویستی پێیەتی بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکە ئایینی و کێشەکانی ناو کۆمەڵگە

**ئاییناسی: دەوترێت بە پێی کات و شوێن فەتوا دەگۆڕێت، بەڵام کەم نین ئەوانەی لە دووتوێی کتێبە فیقهییەکانی سەردەمانی زوو فەتوا بۆ پێشهاتەکانی سەردەم دەدۆزنەوە، زۆر جاریش ئەمە دەمارگیری و توندڕەوی بەرهەم هێناوە، ڕای تۆ لەو بارەوە چییە؟**

د. ئەحمەد شافیعی: بەڵێ فەتوا گۆڕانکاری دێت بەسەریدا، بە گۆڕینی شوێن و کات و ژینگە و خەڵک و کەسەکان لەو دەقانەی کە (ظني الدلالة)ن. وەک وتراوە: (الفتوى تتغير بتغير الزمان، والمكان، والشخص، والبيئة). بۆ نموونە ئیمامی شافیعی کاتێک عێراق بەجێ دەهێڵێت بەرەو میسر تەشریف دەبات، زۆربەی ئەو فەتوایانەی لە عێراق دابوونی لێیان پەشیمان دەبێتەوە، جارێکی تر بە ئیجتیهادی تازە و فەتوای نوێوە دەست پێ دەکاتەوە. هەر بۆیە فەتوای کۆن و نوێ (قديم – جديد)ی هەیە، فەرموودەی کۆن (القديم) ئەو فەرموودەیە کە ئیمامی (شافیعی) لە (عێراق) پێش چوونە میسر فەرموویەتی، ئیمام ئەحمەد کوڕی حەنبەل و (الزعفراني) و (الكرابيسي) و (أبو ثور) گێڕاویانەتەوە، بەڵام ئیمامی شافیعی لە فەرموودەی کۆن (القديم) پەشیمان بووەتەوە.

فەرموودەی نوێ (الجديد) ئەو فەرموودەیە کە ئیمامی شافیعی لە دوای چوونی بۆ میسر فەرموویەتی، ئیمامی (البويطي) و (المزني) و (الربيع المرادي) و (حرملة) و چەند زانایەکی تر گێڕاویانەتەوە. ئیمامی نەووی لە دەفەرمووێت: لە هەر مەسەلەیەکدا دوو فەرموودەی کۆن و نوێی ئیمامی شافیعی هەبن، ئەوە نوێیەکە ڕاستە ڕەفتاری پێ دەکرێت، چونکە لە فەرموودەکەی کۆن پەشیمان بووەتەوە. چونکە ژینگەی میسر جیاوازە لەگەڵ عێراق، خەڵکەکەشی جیاوازە، شێوازی بیرکردنەوەی ژیانیان جیاوازە.

ڕوونە کە ئەو موجتەهیدە گەورانە ئیجتیهادیان کردووە بۆ پێشهاتەکانی سەردەم. بەڵام جاری وا هەبووە توندوتیژی، یان دەمارگیری لێ دەکەوێتەوە. ڕاستە موفتیش وەک هەموو ئەو خەڵکە مرۆڤە، دەگونجێت هەڵەش بکات، یان لەو بابەت و مەسەلەدا وەک پێویست نەیپێکا بێت. جاری واش بووە دەمارگیری لەلایەن شوێنکەوتوانی مەزهەبێکەوە کێشەی ناوەتەوە و سەری کێشاوە بۆ ڕق و کینە و پاشان توندوتیژی. ئەمەش لە ئەنجامی کەمی ڕۆشنبیری خەڵکە بەرامبەر تێگەیشتنیان لەسەر مەزهەبەکانیان.

بە درێژایی مێژووی پەیدابوونی مەزهەبەکانی فیقهی ئیسلامی هەندێک جار ئەم جۆرە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتانە هاتووەتە ئاراوە. بۆیە پێویست بە ڕۆشنبیرییەکی باش و بەردەوام هەیە، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ فیقهی ئیسلامی بکەن، چۆن بڕواننە تەقلید و ئیجتیهاد و موجتەهیدە گەورەکان، ئەرێنی و نەرێنی تەقلید چییە، سەر مەزهەبەکان خۆیان چۆن دەڕواننە ئەم ئیشە گەورەیە. ڕوون و ئاشکرایە هەموو کەس ناتوانێت لە دەقەکانی قورئان و فەرموودە تێبگات. دەبێت بەردەوام کەسانێک هەبن لە هەموو کات و شوێنێک چەمکە ئایینییەکان بە شێوەیەکی جوان و تەندروست ڕۆشن بکەنەوە بۆ خەڵکی. بەتایبەتیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و ساڵ لە دوای ساڵ و چەندەها شتی نوێ و مامەڵەی تازە پەیدا دەبن، بەتایبەتی لەم چەرخی تەکنۆلۆژیا و زانست و عەولەمەیەدا کە جیهان وەک گوندێکی بچووکی لێ هاتووە. هەموو ئەو شتانە پێویستییان بە وەڵامی تازە و نوێ هەیە، بۆ ئەمەش بەردەوام پێویستمان بە نوێگەری هەیە لە فیقهی ئیسلامیدا .

دەبێت لە هەموو کات و شوێن و جێگەیەکدا ئەوەندە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ و تایبەتمەند هەبن لە بواری شەریعەتدا، بە تایبەتتر لە بواری فیقهی ئیسلامی و فەتوا تا وەڵامگۆی هەموو ئەو پرسە شەرعی و پێشهاتە نوێیانە بن، تا خەڵکی سەری لێ نەشێوێت و بزانێت کامە حەڵاڵ و ڕێگەپێدراوە، کامەش حەرام و قەدەغەیە و ڕێگەپێنەدراوە. هەر بۆیە وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد فەتوا پێویستییەکی ئایینی مرۆییە، پێویستە وەک فەرزی کیفایە لە هەموو چەرخ و ڕۆژ و شوێنێک کەسانێک هەبن چەمکە شەرعییەکان بۆ خەڵکی ڕاڤە بکەن و وەڵامی پرسە شەرعییەکان بدەنەوە.

**ئایینناسی: ئەوەی لە مرۆڤدا تێبینی دەکرێت فەتوای ئینتەرنێت، کە پێی دەوترێت فەتوای هاوردە، یان لە ڕادیۆ و تیڤییەکانەوە زانایانی ئایینی و بانگخوازەکان ڕاستەوخۆ فەتوا دەدەن لە بوارە جیاوازەکان، ئەمە حاڵەتێکی تەندروستە، یان مەترسیدار؟**

د. ئەحمەد شافیعی: ئەم پرسیارە زۆر گرنگە و جێگەی هەڵوێستەکردن و تێڕامان و لەسەروەستانە، چونکە مەترسیدارترین کار لە ژیانی زانایانی ئایینیدا بابەتی فەتوا و ئاراستەکردنی خەڵکییە بۆ حەڵاڵ و حەرام، دروست و نادروست، ڕێگەپێدراو و ڕێگەپێنەدراو. ئەم بابەتە بەرپرسیارێتی دونیایی هەیە و هەم بەرپرسیارێتی دوارۆژ بە بەهەشت و دۆزەخەوە، بە چاک و خراپەوە، ئەمانە هەمووی لەژێر ڕەحمەتی فەتوای زانایانە. گرنگ ئەوەیە بە چ شێوەیەک ئاراستە و ڕێنوێنییان دەکات کە خزمەت بە ئایین و خەڵک و خاک و نیشتمان و ئاسوودەیی و ئاسایشی تاک و کۆمەڵگە بکات، تا کۆمەڵگەیەکی یەکڕیز و تەبا و خۆشەویست و دوور لە کێشە و ناکۆکی و دووبەرەکی بێت، هەمیشە فەتوای زانایان بە درێژایی مێژوو کاریگەریی ڕاستەوخۆ، یا ناڕاستەوخۆی بووە لەسەر بیر و کار و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاک و کۆمەڵ.
ئەو کەسەی دەیەوێت لە گۆڕەپانی فەتوا ئەسپی خۆی تاو بدات، دەبێت زۆر هەستیار و وریا و ژیر و بیرتیژ بێت لە بڕیاردان و دیاریکردنی چاک و خراپ، حەڵاڵ و حەرام، وریای هەموو ئەو پێشهاتانە بێت کە لە دونیا و دوارۆژدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بە هۆی فەتوا دانییەوە.
لەبەر گەورەیی و مەترسیداری فەتوایە پێغەمبەری خۆشەویست (صلی الله علیە وسلم) فەرموویەتی: (أَجرؤكُمْ على الفتيا أَجروكُمْ على النار) واتە: ئەوانەی بوێری فەتوادان دەکەن بەبێ زانست و زانیاری ئەوە بوێری چوون بۆ ناو ئاگریان کردووە. پێشەوا ئیمام مالیک دەیفەرموو: هەرکەس دەیەوێت وەڵامی هەر پرسیارێک بداتەوە، پێش وەڵامەکەی با نەفسی خۆی بەراورد بکات لەنێوان بەهەشت و دۆزەخ، پاشان چۆنێتی ڕزگاربوونی لێی، ئەو کات وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە. سوفیانی سەوری فەرموویەتی: ئەوانەی زۆر سووربوون لەسەر فەتوادان، ئەوانەن کە زانست و زانیارییان زۆر کەم پێیە. پێشەوا مالیک جارێک نزیکەی پەنجا پرسیاریان لێ کرد، لە زۆربەیاندا فەرمووی: (لا أدرى) نازانم. ئەمەی ئێستا هەیە، ئەم هەموو فەتوادانە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتی و تیڤی و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بەڕاستی فەوزایە لە فەتوا، بووەتە مایەی دڵەڕاوکێ و سەرلێشێوانی خەڵکی نەخوێندەوار.

**دابونەریتی هەرنەتەوە وگەلێک کاریگەری لەسەرجۆری فەتوا دروست دەکات، بە مەرجێک پێچەوانەی هیچ دەقێکی شەرعی دروست نەبێت**

یەکێک دەڵێت فلانە شت دروستە، یەکێک دەڵێت حەرامە و قەدەغەیە، یەکێک دەڵێت فلانە کردەوە سوننەتە، ئەوی تر دەڵێت بیدعە و گومڕاییە، خەڵکە گشتییەکە نازانێت بە گوێی کامیان بکات. کامیان ڕاستە، کامیان دروستە، بەتایبەتی لە مزگەوتەکاندا جاری وا هەیە کێشە و دەنگە دەنگ دروست دەبێت. هەندێک جار سەردەکێشێت بۆ توندوتیژی و وشەی ناشیرین و نەخوازراو و پەلاماردان، ڕۆحی عیبادەت و مەعنەویەت دەکوژێت. بەڕاستی ئەوانە هیچیان فەتوا نین، زۆربەی کەسەکانیش شیاوی فەتوادان نین، زیانیان زیاترە تا قازانج و سوودیان.

جاری وا هەیە هەر لە یەک تەلەڤزیۆن، یان یەک ڕادیۆ دوو فەتوای دژ بە یەک دەدرێت، ئەمڕۆ ئەم مامۆستا هاتووە وتویەتی دروستە، بەیانی کەسێکی تر دەهێنێت و دەڵێت دروست نییە و حەرامە و قەدەغەیە. بۆیە داواکارم لە وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتیی زانایان و هەموو لایەنەکان، بەتایبەتی لایەنە ئیسلامییەکان، زانایانی ئایینی بەگشتی ڕێگە بگرن لەم جۆرە فەوزایە لە فەتوا و پرسە شەرعییەکان. ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شوێنی فەتوا و پەخشکردنەوەی فەتوا نییە. دەبێت فەتوا بگێڕینەوە بۆ ئەهلی تایبەتی خۆی. فەتوادان کار و ئەرکێکی قورس و گرانە کە دەبێت هەموو ئەو بەرپرسیارێتییە لە ئەستۆ بگرێت لە دونیا و دوارۆژدا کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. کێشە ئەوەیە دەیان پرسیاری لێ دەکرێت پێی نەنگە بڵێ: نایزانم، یا پسپۆڕی من نییە، یا بچۆرە لیژنەی فەتوا .

**ئاییناسی: ئایا ئەرکی موسڵمانە پابەند بێت بە فەتوای زانایانەوە لە کاتێکدا هەندێک جار فەتوای دژ بە یەک دەبینرێت؟ لە دۆخی وادا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو فەتوا دژیەکانەدا بکرێت؟**

د. ئەحمەد شافیعی: ڕوون و ئاشکرایە جیاوازی هەیە لەنێوان (فەتوا و قضاء)، هەمیشە بڕیاری دادوەر (قاضی – حاکم) مولزیمە، واتە: پابەند بوون پێوەی پێویستە، بەڵام فەتوا مولزیم نییە، واتە: ئازادە دەتوانێت پابەند بێت پێوەی، دەشتوانێت پابەند نەبێت. لە هەر مەسەلە و بابەتێکدا جیاوازی لە ڕا و بۆچوونی زانایان هەبوو، فەتوا ناتوانێت کێشەکە نەهێڵێت و بنبڕی بکات، بەڵام بڕیاری دادوەر و قازی بنبڕی کێشەکان دەکات. زانایان فەرموویانە: فەتوا تەبلیغ و پێ ڕاگەیاندن و ڕۆشنکردنەوەیە، بەڵام قەزا بڕیار و پابەندبوونە پێوەی.

هەر بۆیە لە مەسەلەی فەتوادا پێویست نییە موفتی لەلایەن (دەسەڵات – حکومەت)ەوە دانرابێت و دیاری کرابێت، بەڵام (قازی و حاکم) بڕیاریان دانامەزرێت و جێبەجێ نابێت تا لەلایەن حکومەتەوە بەشێوەی ڕەسمی و بڕیار دانەنرێت. لەم

سۆنگەیەوە ڕێدەکەویت هەندێک جار فەتوای دژ بە یەک هەبێت، ئەمەش سروشتییە.
پێشەوایان، ئیمام مالیک و ئیمامی شافیعی و ئیمام ئەحمەد لە یەک زەمەندا بوون، ئیمامی شافیعی شاگردی ئیمام مالیک بووە، ئیمامی ئەحمەدیش شاگردی ئیمامی شافیعی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە دەیان فەتوا و بابەتی جیا جیادا، بۆچوونیان زۆر جیاواز بووە، بەڵام ئەوەی گرنگ بووە لەو دۆخەدا ئەمەیە:
١- هەرگیز ڕاجیاییان سەری نەکێشاوە بۆ دژایەتی و ڕق و کینە و لێ خوێندن و تەکفیر و تەفسیق و نیسبەتدانی یەکتر بە بیدعەچی، بەردەوام یەکتریان خۆشویستووە و دوعایان بۆ یەکتر کردووە و ڕێزیان لە بۆچوونەکانی یەکتر گرتووە.
ئیمام شافیعی لە شیعرێکدا دەربارەی پێشەوا ئیمام ئەبو حەنیفە فەرموویەتی :
لقَدْ زان البلاد ومن عليها - إمام المسلمين أبو حنيفة
بامام وآثار وفِقْه - كَآيَاتِ الزبور على الصحيفة
فما بالمشرقين له نَظِيرٌ - ولا بالمغربين ولا بكوفة
فَرَحْمَةُ رَبِّنَا أَبَدًا عليْه - مَدى الأَيَّامِ ما قرئت صحيفة
واتە:
خاک و وڵات، سەنگ و جوانی و قورسایی هەیە کە ئەبو حەنیفەی تێدایە بە هۆی بەرهەم و فەتوا و زانستە گەورەکەیەوە، کە وەکو بەڵگە و بابەتەکانی (زەبور) لەسەر لاپەڕەکان پەخشان و درەخشانن. هاوتای ئەو زانایە نییە، نە لە هەر دوو لای ڕۆژهەڵات و نە لە هەردوو لای ڕۆژئاوای جیهاندا، بگرە لە شاری کوفەی عێراقیش، کە لەو سەردەمەدا مەڵبەند و پێگەی گەورە زانایان بووە. دەی خوایەگیان سۆز و بەزەیی و میهری خۆت بڕێژە بە سەر گیانی بەرزی ئەو زانا پایەدار و خواپەرستەدا کە بە درێژایی ڕۆژگار نووسین و لاپەڕەکانی دەخوێنرێن.

**دەبێت فەتوای شەرعی دوور بێت لە هەموو ئەو ئاڕاستانە کە بیەوێت فەتواکە لە ڕێڕەوی دروستی خۆی بگۆڕێت و بە لاڕێیدا ببات.**

سەیرکە بەم شێوە بەڕێز و گەورەیی و خۆشەویستی باسی پێشەوا ئەبو حەنیفە دەکات، هەروەها پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەفەرموێت: هەرکەس پەنجەکانی دەستی خامە و پێنووس و تێنووس بگرێت بە جۆرێک لە جۆرەکان قەرزار و منەتباری شافیعییە. لە شوێنێکی تردا دەفەرموێت: شەش کەس بەردەوام لە کاتی نوێژی بەیانیدا نزا و دوعای خێریان بۆ دەکەم، یەکیان شافیعییە.
پرسیاریان لە پێشەوا شافیعی کرد لەگەڵ ئیمام ئەحمەد سەردانی یەکتر دەکەن؟ فەرمووی: گەر من سەردان و

زیارەتی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بکەم ئەوە بەهۆی گەورەیی ئەوەوەیە، ئەویش سەردانی من بکات گەورەیی و ڕێزی خۆیەتی. لە هەردوو بارەکەدا گەورەیی و ڕێز هەر لەوەوەیە.

**فەتوای بەسیاسیکراو (الفتاوی المسیسة) بریتییە لەوەی ئەو فەتوا یە ڕێکدەخرێت لەبەرژەوەندی دەسەڵاتێک، یا گرووپ و تاقمێک کە ئاراستەی خۆی ناپێکێ و زۆر جار ملی دەقەکان دەشکێنرێتەوە و تەئویلیان دەکەن بە ویست و ئارەزووی ئەم دەسەڵات و گرووپ و تاقمە**

ئەو گەورە پێشەوایانە لە چ جیهانێکی ڕۆحی و مەعنەوی و عیرفان و خۆشەویستی و برایەتی و دڵسۆزیدا بوون.

٢- پێشەوایانی ئیسلام کاتێک کە فەتوایان داوە ئامانجیان ڕەزامەندی خوای گەورە و ڕۆشنکردنەوەی پەیامەکەی و ئاراستەکردنی موسڵمانان بووە بە شێوازێکی تەندروست. هەرگیز بانگەشەیان بۆ لای بۆچوونەکانی خۆیان نەکردووە و دەمارگیرییان نەبووە. هەمیشە خەمی گەورەی خەڵکیان هەڵگرتبوو، هەر بۆیە بوونە ڕابەر و پێشەنگ و پێشەوا، ئارەزووی هیچ پلە و پۆستی دونیایی و حاڵ و سامانیان نەبووە.

٣- دەمارگیریی مەزهەبی، نەخۆشییەکی کوشندەیە، هەر خۆت و بۆچوونەکانی خۆت بە ڕاست بزانی و خەڵکانی تر بە هەڵە و لادەر و سەرلێشێواو. ئەم بۆچوونە هەمیشە دوور بووە لە پەیامی ئیسلام و بۆچوونی پێشەوایانی هەر چوار مەزهەبەکە. حەسەن کوڕی عەبدولعەزیز جەرەوی کە شێخ و مامۆستای پێشەوا بوخاری بووە دەفەرموێت: شافیعی دەفەرموێت: لەگەڵ هەر کەس مونازەرەم کردبێت حەزم نەکردووە ئەو کەسە بکەوێتە هەڵەوە، حەزم کردووە هەمیشە خەڵکانی تر خۆیان زانا بن و زانست نەدرێتە پاڵ من و من بە خاوێنی نەزانرێم .

مێزگرد

ئایینناسی

# فەتوا لە نێوان واقیع و زانستدا

## گفتوگۆیەك لەبارەی دۆخی فەتوا لە هەرێمی كوردستان

ئامادەکردنی: ئایینناسی

یەکێک لە بابەتە گرنگ و هەستیارەکان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، مەسەلەی فەتوایە، واتە بڕیاردان لەسەر ئەو پرسانەی کە جێ مشتومڕن لە ڕوانگەی شەرعەوە، ئامانجی فەتوا ئاسانکارییە بۆ ڕێکردنی ژیان و لابردنی بەربەستەکان، هەڵبەت بەهۆی پەرەسەندنی کۆمەڵگە و زیادبوونی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پرسە نوێیانەدا، لە ئێستادا پرسی فەتوا ڕەواجێکی زیاتری هەیە و بووەتە بابەتێکی گەرمی ئەمڕۆی جیهانی ئیسلامی. لە هەرێمی کوردستانیش ئەم باسە تا دێت زیاتر قسەی لەسەر دەکرێت و تەنانەت نیگەرانییەک لەبارەی ئەم بابەتەوە هەیە بەوەی لە کوردستان جۆرێک لە پشێوی لە فەتواداندا هەیە، کێ مافی فەتوادانی هەیە و چۆن و کەی فەتوا دەربکرێت؟ وەرزنامەی ئایینناسی بەباشی زانی بۆ ئەم ژمارەیە گفتگۆیەکی کراوە بکاتەوە لەسەر پرسی فەتوا بەگشتی و فەتوا لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، بە میوانداری د. محەممەد پێنجوێنی سەرۆکی لیژنەی فەتوای سلێمانی، د. عەبدولفەتاح پێنجوێنی مامۆستای کۆلێژی شەریعە لە زانکۆی سلێمانی.

سەرەتا د. محەممەد پێنجوێنی سەرۆکی لیژنەی فەتوا لە سێمانی ئاماژەی بەوە کرد کە بابەتی فەتوا یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە لە شەریعەتی ئیسلامیدا کۆمەڵێک ڕێکخەر و مەرج و پێوەری تایبەتی خۆی هەیە. فەتوا کۆمەڵێک لە مانا هەڵدەگرێت، وشەی فەتوا، یان وشەی (إفتاء) لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا و لە دۆزی فیکری فەتوا و فیقهی ئیسلامیدا بە واتای شتە نوێ و تازەکانە. ئەگەر لە کۆمەڵگەدا ڕووداوێک، پرسیارێک ڕوو دەدات، یان کێشەی دێتە پێشەوە، پێویست دەکات زاناکان وەکو عەقڵێکی نوێ و خەمخۆر، کە بەدەم کێشەی خەڵکەوەن، پەلە بکەن بۆ ئەوەی ڕایەکی نوێ، یان پێشنیارێکی تازە، یان چارەسەرێک بۆ ئەو کارە بدۆزنەوە، کە ببێتە قازانج. لە ڕاستیدا فەتوا ئامانجەکەی بۆ ئەوەیە کە ئەو کێشانەی ڕوو دەدەن، یان ئەو پرسیارەی کە خەڵک هەیەتی، ڕێ لە ژیانی نەگرێت، نەبێتە ئەرک بە سەرییەوە، بەڵکو کاری بۆ ئاسان بکات، ژیان پێش بخات، ئەو ئاستەنگانەی بەردەم ژیان کە دروست دەبن چارەسەری بکات، وەکو پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: (إنما شفاء فتوا شفاء العی)، چونکە بە ڕاستی (إنما شفاء العی السؤال)، دەفەرموێت: چارەسەری کێشەکان و گرفتە دەروونییەکان پرسیارە، کەواتە موفتی وەڵامی دەداتەوە، چونکە چۆن پرسیار شیفایە، کەواتە فەتواش چارەسەرە بۆ ئەو گرفتانەی لە کۆمەڵگادا هەیە، بەڵام کاتێک فەتوا لەم ڕێگەی خۆیەوە گوزەری نەکرد، یا بڵێین هەر کاتێک فەتوا ئەو ئەهلەی خۆی کە پێویستە بیبێت و خاوەنی بێت، نەبوو بە خاوەنی، ئەو خەڵکانەی کە گرنگە لە بابەتی فەتوادا کار بکەن لە مەیداندا نەبوون، وەک عیزی کوڕی عەبدولسەلام، هەروەها ئیبنو دەقیقو عید قسەیەکی جوانی هەیە کە دەفەرموێت: ئێمە ئەگەر قسەیەکمان کردووە وتومانە پێویست دەکات موفتییەکانی سەردەمی ئێمە هەموویان موجتەهید بن، واتە پلەی زانایەتییان ئەوەندە قووڵ بێت لە پێشەنگی ئەوان لەو سەردەمەدا زاناتر نەبێت. دەفەرموێت: ئەمە خۆی بۆ خۆی هۆکارە بۆ ئەوەی کە فەتوا قورس بکەین، بۆیە ناچار بووین لەوە کەمێک ئاسانتری بکەین و بڵێین: هەر کەسێک شارەزا بوو لە مەزهەبی فیقهەکەی خۆیدا، دەتوانێت فەتوا بدات، دەڵێت ئێمە: (وأجمعنا على هذا النوع من الإفتاء). لەم سەردەمەی خۆماندا لەسەر ئەمە کۆدەنگ بووین، خەڵکێکیش ئەگەر هەبێت، لە یەک مەزهەبی فیقهیدا شارەزا بێت و ئاشنای فیقهی هەبێت، دەتوانێت فەتوا بدات.

**فەتوا تایبەتمەندییە**

لێرەوە دێمەوە سەر وەڵامی پرسیارەکە، بۆچی لەم ڕۆژگارەدا دەبینیت فەتوا جۆرێک لە پشێوی تێدایە؟ لە ڕاستیدا

یەکەم خاڵی سەرەکی ئەوەیە، کە ئەوانەی لە بابەتی فەتوا قسە دەکەن، خۆیان لە بنەڕەتدا ئەهلی فەتوا نین، خەڵکانێک نین کە ئاستی زانایەتیان لەو ئاستەدا بێت کە پێویست دەکات لە بواری فەتوادا کار بکات، هەر خۆی بۆ خۆی ئەمە دەردێکی گەورەیە، چونکە ئەگەر هەموو کەسێک ببێتە موفتی، ئەو کاتە کەس نامێنێت پرسیارکەر بێت، لەبەرئەوە ئێستا لەم سەردەمەدا زۆر کەس بوونەتە موفتی، ئەمەش بۆ خۆی گرفتێکە، فەتواش تایبەتمەندی خۆی هەیە، دەبێت ئەهلی فەتوا بێت فەتوا بدات، بۆیە ئەگەر سەرنجی مێژووی ئیسلامی بدەین لە هەموو سەردەمەکانی ئیسلامیدا، خۆ لە سەردەمی ئیمامی نەوەویدا لەوانەیە هەزار زانای خوێندەواری چاکە هەبووبێت، کەچی نەوەوی وەک زانایەک گەورە دەردەکەوێت، ئەی لە سەردەمی شافیعیدا کەس خوێندەوار نەبوو؟ لە سەردەمی ئەبو حەنیفە کەس خوێندەوار نەبوو؟ لە سەردەمی ئیمام مالیک و ئیمام ئەحمەددا کەس نەبوو خوێندەوار، زانا و فەقیهـ بێت؟ بەڵام بۆچی ئەوان دەردەکەون و دەبنە موفتی و زانایەکی گەورە و قسەکانیان ئێستاش لای ئێمە هەن؟! بەڵام خۆ سەدان زانای تریش لە پاڵ ئەواندا هەبوو، لەبەر ئەوەی ئەهلی پسپۆڕییە ئەم کەسە، ئەم بۆشاییەی پڕ کردووەتەوە، خەڵکی تر بۆشاییەکی تر پڕ دەکاتەوە، بۆ نموونە ئەوەی ئەبو حەنیفە لە هەندێک بابەتدا قسەی لێ دەکات، ئیمامی شافیعی لە هەندێکیان قسەی نەکردووە، هەندێک بابەتی تر هەیە فەقیهێکی تر دێت قسەی لێ دەکات، بۆ نموونە کەسێکی وەکو حەسەنی بەسری لە شام و بەسرە ژیاوە، کە سەرنج دەدەیت کۆمەڵێک بابەت لەوێ باس دەکات لە بنەڕەتدا لە عێراقدا بوونی نەبووە، ئەمانە وەک چۆن تایبەتمەندی شوێنەکان هەیە، کەواتە ئەهلی فەتوا کەسی تایبەتمەندە.

یەکێکی تر لە کێشەکان ئەوەیە، ئێمە لەم سەردەمەدا موفتیمان زۆرە و موفتی وەک خۆی بە ئاراستەی خۆیدا ناڕوات. کێشەیەکی تریش ئەوەیە کە دامەزراوەی ئایینی لە وڵاتی ئێمە، کە یەکێکە لە ڕێکخەرەکانی فەتوا، لاوازترین دامەزراوە و دەزگایە، لە ئەوقاف و زانایان، ڕەنگە هۆکاری ئەم لاوازییە بەشێکی بە مەبەست بێت، کە نەهێڵێت ئەم دامەزراوەیە ڕۆڵی خۆی ببینێت، من گەیشتبمە ئەو قەناعەتە، بە حوکمی ئەوەی خۆم لە وەزارەتی ئەوقاف بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵ نزیک بووم لە وەزیرەوە، نزیک بووم لە کاروباری ئەوقاف، دەیان پرۆژەی زۆر جوانمان دەدا بە وەزیر، یان دەمانویست جێبەجێی بکەین، دەچووە سەرەوە نەدەهاتەوە خوارەوە، زۆر جار گلەییمان دەکرد، دەچووینە لای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش، هەر دەیوت جارێ پەلە مەکەن، ئێستاش هەر

دەڵێت، جاریٚ پەلە مەکەن، هەر لەبەر ئەوەیە کە دەزگای ئایینییەکە بەهێز نییە، وا دەکات پرۆسەی دینداریەکە و ئاڕاستە ئایینییەکەش لاواز بێت.

لەبارەی ئەوەی بۆچی لیژنەی فەتوا و فەتوای دەستە جەمعی نەیتوانیوە ئەو کاریگەرییە دروست بکات بەتایبەت، دکتۆر محەممەد پێنجوێنی دەڵێت: موفتی کێیە؟ موفتی لەخۆوە نابێت بە موفتی، من لە خۆمەوە ناتوانم ببم موفتی، ئیمام مالیک دەفەرموێت: "ئەگەر کەسێک خۆی بینی ئەهلە بۆ ئیفتا، ئەوە خۆی گومڕا کردووە"، دەبێت خەڵک شایەتی بۆ بدەن کە بە کەڵکی ئەوە دێت، بۆیە دەفەرموێت: (لابد للإمام أن ینصب المفتی)، پێویستە ئیمام، مامۆستاکە، سەرکردەکە، ئەو کەسەی کە سەرۆکی وڵاتە، ئەوەی کە دەزگا ئایینییەکە بەڕێوە دەبات، ئەو بێت موفتی دیاری بکات بۆ وڵاتەکەی، لە نێوان هەموو ئەوانەی کە ئەهلی پسپۆڕین، نەک هەموو کەسێک ببێتە موفتی، کە موفتیشت دیاری کرد، ئیتر تەنیا ئەو موفتییە، بۆیە ئەگەر فڵانی کوڕی فڵان لە هەر شوێنێکدا فەتوای دا، دەبێت لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەیت، بۆ ئەوەی ئاژاوە و بێسەروبەری دروست نەبێت، هۆکارێکی سەرەکی ئەم دۆخە لە ڕاستیدا پەیوەستە بە لاوازی ئەو دەزگا ئایینییانەی کە هەمانە.

هۆکارێکی تریشی بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ جۆری سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و بە گشتی لە جیهانی ئیسلامیدا، ڕیتمە سیاسییەکە وای کردووە موسڵمانەکان دابەش بن بە سەر گرووپی جیاوازدا، ئەم دابەشبوونە بە سەر پارتی سیاسی و گرووپی جیاواز و جەماعەتی جیاوازدا، هەر کەسە شتی خۆی پێ چاک و ڕاستە، کەسمان ئەوی تر نابینین، هەموومان وای دەبینین تەنیا ئەوەی خۆم باشە، یەکێک لەو هەڵە گەورانەی کە کراوە، ئێمە ئێستا کردوومانە، پێویستە تەوبەی لیٚ بکەین، ئەوەیە کە ئیسلام دەئاڵێنین بە ئینتیمای سیاسی، یان ئینتیمای گرووپگەرایی، یان ئینتیمای جەمعگەرایی، ئیسلام ئایینێکە گەورەترە لە هەموو ئینتیماکان، بەڵگەشم چییە؟ بەڵگەم، یەکەم: ئەسڵەکانی ئیمانن، کۆمەڵێک ئوسووڵی ئیمانمان هەن، کاتێک کە مرۆڤی موسڵمان بڕوای پیٚ دەبێت، بڕوات بە ئیمان هەیە، بڕوات بەو بنەما شەرعییانە هەیە، کە بڕوا بوون بە خوای گەورە و بە پێغەمبەری خوا و بە شەریعەتەکەی، دواتر لەوێوە قورئان دەفەرموێت: لە نێوانی هەموو ئیمانداراندا پلەی جیاواز هەیە، لە نێوان ئەوانیشدا ئەهلی عیلم، (یرفع الله الذین آمنوا والذین أتوا العلم درجات)، کە وا بوو ئەهلی عیلم زیاتر لە ئەهلی ئیمان پلەیەک لەسەرترن، پلەکەی ئەمان پلەیەکە نابێتە ئەوەی پلەکەی ئەوان بچووک بکەیتەوە، چونکە پلەی ئەهلی عیلم نابێت بچووک

بکاتەوە بۆ پلەی خەڵکی تر، دوایی دەفەرموێت: (فوق كل ذی علم علیم). هەموو زانایان قاعیدەیەکی بۆ دابنێ، لە سەروو هەموو زانایەکەوە زانایەکی تر هەیە، کەواتە هیچ زانایەک نابێت بزانێت سەقفێکی موتڵەقایە و بنمیچێک لە سەروو ئەوەوە نییە، ئەمە کاتێک ئەگەر هات و ئێمە ئەمەمان نەبوو، ئەو کاتە سەر دەکێشێت بۆ ئەو جۆرە حاڵەتەی کە ئێستا هەمانە، بۆیە بە قەناعەت و تێگەیشتنی من، ئەم ئینتیما جیاوازانە وای کردووە گرووپی جیاواز دروست بن، من فەتوای تۆ قبووڵ ناکەم، تۆ فەتوای منت قبووڵ نییە، چونکە گرووپی خۆت جیاوازە، مادام ئینتیمام بۆ تۆ نییە، تۆش ئینتیمات بۆ لای من نییە، کەسمان یەکتری ناخوێنینەوە، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە کە وای کردووە فەتوا لە لای ئێمە کێشە دروست بکات.

**دابەشبوونی سیاسی و ناکاریگەری فەتوا**

دکتۆر محەممەد لەبارەی ناکارایی کاریگەری فەتوای دەستەجەمعی قسەی زیاتر دەکات و دەڵێت: دەستەجەمعییەکە، دەستەجەمعی ڕاستەقینە نییە، فەتوای دەستەجەمعی چۆن دەبێت، ئەوانەی کە دەکرێنە لیژنەی فەتوا و هەڵدەبژێردرێن دەبێت لەسەر بنەمای قەناعەت بێت و هەموومان قەناعەتمان پێیان هەبێت، بەڵام کاتێک ئەویش حزب، یان ئینتیمای سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە دیاری دەکات، ئەو دەستەجەمعییەی کە دروستکراوە دیسان بەپێی دابەشبوونی سیاسی دروست کراوە، خۆ ناکرێت هەرچی کۆمەڵگە دابەش بووەکە بە سەر ئینتیما سیاسییەکاندا هەمووی لە لیژنەکەدا هەبن، ئەو کاتە لیژنەیەکی حەفتا کەسی دروست دەبێت، کە وا بوو کاتێک کە دانان و هەڵبژاردنەکان لەسەر ئەو لایەنە شەرعییە نەبوو، ئەو کاتە ناتوانێت کۆدەنگی دروست بکات، ئەوانەی دادەنرێن لە لیژنە باڵاکاندا، هەمووی شوێنەواری سیاسییان پێوە دیارە، ئەمە یەکێکە لە گرفتەکان، بۆیە کە فەتوای دا، ناتوانێت کاریگەری هەبێت.

## فەتوا چارەسەرە بۆ ئەو گرفتانەی لە کۆمەڵگادا هەیە

ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەو لیژنە دەستە جەمعییانە، تا ئێستا نوێنەرایەتی هەموو کۆمەڵگەی ئیسلامی و ناوەندەکانی ئیسلام و هەموو تائیفەکان ناکات، چینێک هەن ئەسڵەن نوێنەریان هەر لەوێ نییە، بۆیە هەر متمانەیان بە لیژنەکە نییە، چونکە نوێنەری ئەوی تێدا نییە، ئەگەر لەسەر ئاستی نوێنەرایەتی دابمەزرێت، دەبێت نوێنەری هەموو گرووپەکانی تێدا بێت، بۆ نموونە ئێستا خودی خۆم لە لیژنەکەدا

دەمەوێت سێ ئەندام زیاد بکەم، کەچی دەڵێن دەبێت بوەستیت تا هەڵبژاردن دەکرێت، لیژنەی فەتوا چ پەیوەندییەکی بە دەنگدانی فلان و حزبی فلانەوە هەیە، من دەمەوێت ئەهلی عیلم بهێنم، ئیشم بە ئەهلی عیلمە، ئیشم بە کەسێک نییە لە ڕێگەی دەنگدانەوە بێتە ئێرە، دەنگدان و هەڵبژاردنی جەماعەتێک بۆ گرووپێک وا ناکات لەوەی زانایەکم بۆ بهێنێتە ئێرە. خودی خۆم ئەم ئیشکالەم هەیە، کاتێک کە بە هەڵبژاردنی خۆم لیژنەکە تەشکیل بکەم، لیژنەیەکی زانستی و ئەکادیمی پڕ دەبێت لە ئەهلی پسپۆڕی، ئەو کاتە ئەو لیژنەیەی کە دامانننا فەتواکانی لە سەدا هەشتا کاریگەری دروست دەکات، بەڵام کە دابەشمان کرد بەم شێوازە، هەر وا دەردەچێت کە ئێستا هەیە.

خاڵێکی تری کاریگەر ئەوەیە، کە ئەندامانی لیژنەکان ئەندامانێکی کارای ئەکادیمی زانستی نین، کە لەگەڵ ئەم سەردەمە بگونجێن، بەشێکیان نوێنەرایەتی ئەم سەردەمە ناکەن، تەنانەت بەشێکیان زمانی ئەم سەردەمەیان پێ نییە، بەشێکیشیان ئەسڵەن توانای خوێندنەوەی یەک لاپەڕەیان نییە، کاتێک کەسێکی وا دەکەیت بە ئەندام، فەتواکان و قسەکانیشی لەگەڵ ئەم واقیعەدا هەڵناکات. تەنها دوو شت دەزانێت، یجوز، یان لا یجوز، حەرام، یان حەڵاڵ، بۆ نموونە هەموو جارێک لە کێشەی تەڵاقدا، کە دێت بۆ لای ئێمە دەڵێت، سێ

بە سێ تەڵاقم خواردووە، مامۆستا دەڵێت کەوتووە و کۆتایی هاتووە، دەڵێم مامۆستا کەمێک بوەستە با بزانین ئەو کەسە سوێندێک، ترسێک، خەیاڵێک، لەوانەیە ئاگای لە خۆی نەبووبێت، دەڵێت نا مامۆستا، شتی وا نییە. ئەمە چییە، ئەمە ئاگا نەبوونە لە واقیع، کاتێک کە سەرنج بدەم پێویستم بەوە هەیە موفتییەکە دەبێت کەسانێکی شارەزا بن، قسەیەکی چاکی ئیبنو قەیم بۆ ئەم سەردەمە زۆر گونجاوە، دەفەرموێت: وەزیفەی موفتی لە فەتوادانا دوو شتە: یەکەم: فەهمی واقیع، دووەم: (فهم الواجب في الواقع)، قسەیەکی زۆر دروستە، بەس تا ئێستا کەمتر لە لای مامۆستایانی ئایینی سوودی لێ وەرگیراوە، ئەو مامۆستایەی کە لەو وڵاتەدا موفتییە، یەکەم دەبێت جارێ ئەو ڕووداوەی کە ڕووی داوە لێی حاڵی ببێت، چۆنە خۆی، بڕواتە ناوی، شافیعی ڕەحمەتی خوای لێ بێت ساڵێک لە میسردا لەناو بازاڕ و خەڵکدا بەس دادەنیشێت، یەک وشە ناڵێت، خۆی دەڵێت: چوومە هوزێل، یەک ساڵ لە ناو هوزەیلەکاندا بەس زمان فێر بووم، هیچم نەکرد، فەهمی واقیع زۆر گرنگە. دووەم: دەفەرموێت جا دوایی کە لە واقیعەکە تێگەیشت، فەهمی ئەوە بکات چی لەوێ واجبە ئێستا بیڵێ، چونکە لەوێدا دەگونجێت سێ و چوار بژاردە هەبێت، کام بژاردەیان واجبە ئێستا بیڵێت، نابێت یەک بژاردە بزانێت، ئێمە ئەندامەکانمان

ئەم ئاستەیان لاوازە، بۆیە ناتوانێت لە مەوقیعەکە باش حاڵی ببێت، نە فەهمی واجبیش لە مەوقیعەکە بکات، هەر یەک دوو شت دەزانێت، بۆیە لیژنەی فەتوا ناتوانێت کاریگەری دروست بکات. ئەمە خاڵی جەوهەری و سەرەکین.

**لەم سەردەمەدا زۆرکەس بوونە موفتی، ئەمەش بۆ خۆی گرفتێکە**

خاڵێکی تریش پشتگیری لیژنەی فەتوا زۆر زۆر لاوازە، ئێمە ئێستا خۆمان بە حوکمی ئەوەی لەگەڵ دادگاکان و دادوەرەکاندا بە حوکمی لایەنە عیلمییەکە، کە بەشێکیان قوتابیمان بوون، لە خزمەت بەشێک لە حاکمەکان بووین و خولیان هەبووە و ئوسووڵی فیقهمان پێ وتوون، بە حوکمی ئەوە ڕێزێکمان لێ دەگرن، لە هەندێک کەیسدا پرسمان پێ دەکەن، بەڵام بە گشتی دەوڵەت و حکومەت پشتگیری ئەم لیژنانە بە شێوازێکی زۆر بەهێز ناکەن، بۆ نموونە لیژنەی فەتواکان پێشنیاریان کردووە ڕێگری بکەن لە کۆمەڵێک فەوزا، یەکێک لەوانە مەسەلەی مارەبڕین، قانوونێکمان دانا بە ناوی (قانوونی مارەبڕینی ڕێپێدانی شەرعی)، لە هەشت بۆ نۆ ماددە پێکهاتووە، دامانە پەرلەمان، دوای ئەوەی کۆمەڵێک ڕێچکەی بڕی، دوایی کۆمەڵێک ڕێکخراو ڕێگریان لێ کرد، حکومەت بیر لەوە ناکاتەوە خۆ ئەمە ئەگەر بیکات چارەسەری کۆمەڵێک گرفتی گەورەی ناو کۆمەڵگا دەکات، ئەو هەموو فەوزای مارەبڕین و تەڵاق و شێوازە هیچی نامێنێتەوە و دەزگایەکی ڕەسمی دادەنێیت لە مزگەوتدا، مامۆستایەک هەڵدەبژێریت ئەو ئیشە بکات، یەک کەس لە گەڕەکێکدا، سەدان دەستبڕین کۆتایی پێ دێت، کە خەڵکێک کردوویەتی بە ناوی دینەوە، بیر لەوە ناکاتەوە، بەڵام ڕێکخراوێکی ژنان لەو لاوە دێ، داخوازییەکی هەیە، نابێت ڕۆڵ بدەن بە مەلا، ئیتر ئەوە ڕەت دەکاتەوە، لە کاتێکدا کە ئەمە مەنتیق نییە، کە وا بوو پێویست دەکات حکومەت و دەسەڵاتەکە پشتیوانی ئەم لیژنەیە بکات. لەسەر مەسەلەی خێزان، ئێمە دەزانین هۆکاری جیابوونەوەکان بە لای ئێمەوە کۆمەڵێک هۆکاری سەرەکی هەن، ئەم هۆکارانە چارەسەرەکانیان بەشێکیان نەبوونی زانیاری تاکەکانی کۆمەڵگەیە بە بابەتی هاوسەرگیری و ژن و مێردایەتی، دەمانەوێت ئەو خەڵکە فێر بکەین، پێشنیارێکمان کرد کە پێش هاوسەرگیری خولێکی سێ مانگی بۆ هاوسەرەکان بکەینەوە، هیچ نەبێت دوو مانگی بۆ بکەینەوە، مامۆستایەک تەرخان بکرێت لە لیژنەی فەتوا، هەموو هەفتەیەک دوو وانە، یان خولێکی چڕ و پڕ و کچ و کوڕەکە بهێنین، ڕێکوپێک پێی بڵێن ژنێتی و مێردیی، پیاوەتی و ژنیەتی، دایکایەتی

و باوکایەتی، خێزانداری چۆن دەکەن، هەرچی بنەماکانی مافە هاوبەشەکان و مافی تاک و یەکتریان پێ بناسێنین، پێیان بڵێیت مامەڵەی پیاو لەگەڵ ژن و ژن لەگەڵ پیاودا چۆنە، پێیان بڵێ کە جنێودان، لێدان و ئیهانە حەرامە، پێی بڵێ ئەمانە هێڵی سوورن، ئەمەمان کرد بە داخوازییەک دامانە سەروو خۆمان لە وەزارەتی داد، ڕەزامەندی لەسەر درا، بەڵام دیسان وتیان: نابێت زانایانی تێدا بێت، بۆیە کە تۆ پشتیوانیت نەبوو، بەردەوام ڕەت بکرێیتەوە دەبێت بزانیت کە کاریگەری ئەو دژ وەستانەوەیە چ جۆرە کاردانەوەیەکی هەیە.

**فەتوای هاوردە**

لەبارەی فەتوای هاوردە و کاریگەری لەسەر فەتوا لە هەرێمی کوردستان، دکتۆر محەممەد پێنجوێنی دەڵێت، دە ساڵ زیاتر لەگەڵ خودی وەزیری ئەوقاف و سەرۆکی حکومەت ڕاستەوخۆ لە پەیوەندیدا بووین لەسەر ئەم باسە، پێمان وتن کە وڵاتی دراوسێمان هەیە، دەیان کەسی هێناوەتە ئەم وڵاتە، قوتابخانە دەکاتەوە، بە پارەی خۆمان منداڵەکەی من فێری تورکی دەکات، فێری زمانێکی تری دەکات، کولتووری خۆشیت پێ دەڵێت، پەروەردەی دەکات، ئەی ئێمە ئەوەندە دواکەوتووین نەتوانین بچینە ئەو وڵاتانە زمانی خۆمان و کولتووری خۆمان فێری خەڵک بکەین؟ بۆ دەبێت هەر هی خەڵکی بهێنین، کۆمەڵێک کادیری وەها دروست بکەین، بتوانن ببنە مامۆستای سەدان خەڵکی تر لە سەدان وڵاتی تر. پێم وتن با ئێمە لە سەرەتاوە دەزگای ئایینییەکەمان، پەروەردەی خەڵک و مامۆستای ئایینی، قوتابخانەکانمان و دەزگا زانستییەکانمان بەهێز بکەین، تۆ دەزگای زانستییەکەت لە دوای دواوەیە، قوتابخانە ئایینییەکانی سەر بە ئەوقاف بێ خاوەنن، دەبێت سەرەتا دەستەکان و دەزگاکانی ئایینی بەهێز بکەین، کۆمەڵێک مەنهەجی باشی بۆ دابنێین، کۆمەڵێک خەڵکی زانای خوێندەواری ڕۆشنبیر پەروەردە بکەین، ئەو کاتە دەتوانین هەموو ئەو کێشانە چارەسەر بکەین. کەواتە پێویستمان بە پەروەردەکردنی تاکە، دەبێت تاک بۆ ئەم وڵاتەی خۆمان دروست کەین. ئەوەندەی ئێمە موعجیبین بە دەرەوەی خۆمان، ئەوەندە موعجیب نین بە خودی خۆمان، ئەوەندەی گەنج و لاوی ئێمە موعجیببە بە قسەی کابرایەکی ئەمەریکی، ئەوەندە موعجیب نییە بە زاناکە و ئەکادیمییەکەی ناو وەزارەتەکەی، کە ئەمە بەڕاستی بەشێکی هەڵەی سیاسەتەکەیە، خۆم خەمی میللەت و نەتەوەکەی خۆم ناخۆم، لە بیری ئەوەدا نیم کۆمەڵگەی خۆم پێش بخەم، ئەمە خۆمان بە دەستی خۆمان وامان لێ کردووە، کەواتە پێش هەموو شتێک باشترین چارەسەر بەهێزکردنی دەزگاکانی پەروەردەکردنە.

خاڵێکی تریشم هەیە هەر بۆ چارەسەری ئــەوە، هــەمــوو نــوێــیــەک مــەرغــووب و پەسەندە، دەبێت هەرچییەکمان کردووە چاودێری بەهێز بکەین و ئەو دەزگایانەی لـە دەرەوە بـۆمـان دەهـێـنن چـاودێـری لەسـەر دابـنـێـین، ئەوانـە بێتە نـاو وڵاتی ئێمە بتوانیت بیخوێنێتەوە کە خزمەت بە وڵاتی خۆمان دەکات، تۆ کە هەموو شـتێکت ئـازاد کـرد، دەرگـات کـردەوە، کەس نییە ڕێگەی لێ بگرێت، ئەو کاتە باش و خراپیش دێتە وڵاتەکەتەوە، وڵات هەیە بۆ نموونە کە دەگەڕێیت، کۆمەڵێک بابەت قەدەغەیە، نایکاتەوە، منیش دێم لەم وڵاتـەدا کۆمەڵێک خەڵکی ڕۆشنبیر دادەنێم، ئەوەی کە دەزانن فەتوایەک کە زیان بەم وڵاتەی خۆمان دەگەیەنێت، با نەتوانێت بێتە ئەم وڵاتەوە، هیچ نەبێت لە سەدا پەنجا، یا لە سەدا شەستێکی ئێمە ڕێگری دەکـەیـن، ئێمە ئەوەشـمـان نــەکــردووە، هــەنــدێــک دەزگــا هــەیــە فەتواکانی بەکەڵک نایەن، هەر قوفڵی دەکەم با نەکرێتەوە.

## موفتیمان زۆرە و موفتی وەک خۆی بە ئاڕاستەی خۆیدا ناڕوات

### گەڕانەوە بۆ دەق و فەرموودە

د. عـەبـدولـفـەتـاح پێـنـجـوێنی لـەبـارەی فـەتـوا و لێکەوتەکانی لـەسـەر گرووپە تونـدڕەوەکان ئاماژەی بەوە کـردووە، کە سەرەتا ئێمە ئەم ئایینە، ئایینی ئیسلامی پـیـرۆزە و سـەرچـاوەیـەکی دیـاریـکـراوی هـەیـە، کـە بـریـتـیـیـە لـە قـورئـانـی پـیـرۆز و فـەرمـوودەکـانی پێغـەمـبـەر (دروودی خـوای لـەسـەر بێت)، پێغەمبەر خەڵکی بەجێنەهێشتووە بێ خاوەن، کە نەزانێت چی بکات بەپێی ڕۆژگار و ئەو شتانەی کە دێتە پێش، پێمان دەفەرموێت: (تركت فيكم أمرين ما إن تمكستم به لن تضلوا أبدا)، من شتێکم لە دوا بەجێ هێشتووە ئەگەر دەستی پێ بگرێت هەرگیز گومڕا و سەرگەردان نابن، کە ئەویش بریتییە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)، کەواتە ئێمە یەکەم خاڵ دەبێت خـەڵکی وا تێبگەیەنین کە سـەرچـاوەی ئەم دینە قسەی خوا و قەولی پێغەمبەرە (د.خ)، نـەک قسـەی زانـایـان، چونکە ئەمڕۆ هـەر گرووپێک لـە سـەلـەف و لە سۆفی و لـە ئیسلامی و لـە ئیخوان و لە هەموو جۆرەکان، کاتێک قسەی لەگەڵ دەکـەیـت ئـەو دیـدگـای خـۆی دەڵـێـت، دەڵـێـت فـلان زانـا وا دەڵـێـت، ئـەم زانـا وا دەڵێت، هـەر یـەکـەیـان موعجیبە بە کۆمـەڵـێـک زانــا، ئــەوەی کــە داعـشـیـیـە و تـونـدڕەو و تـەکـفـیـرییـە موعجیبە بە کۆمـەڵـێـک کـە پێیـان دەوتـرێـت زانــا و ئەوان ئیعتیمادیان لەسەریەتی، لەسەر بنەمای قسەکانی ئەوان ئیش دەکەن، لە ڕوانگەی قسەکانی ئەوانەوە لە ئایەتەکە تێ دەگـەن، نـەک بگـەڕێنەوە بۆ ئەسڵی

ئایەتەکە، بزانین واتای چییە، زانایانی تەفسیر هەر لە سەردەمی سەحابە و تابیعین و ئیمامە گەورەکان، ئەو هەموو موفەسیرە گەورەمان هەیە، بزانن لە بارەی ئەم ئایەتەوە چی دەڵێن، ئەوان ئەوە ناخوێننەوە، ئەوە دەخوێننەوە کە فلان زانا وا دەڵێت.

بۆیە پێغەمبەر (د.خ) کە هۆشداریمان دەداتێ لەو جۆرە کەسانە، دەفەرموێت: (اتخذوا رؤساء جهالا فظلوا وأظلوا). کۆمەڵێک خەڵکی نەزان دەکەنە گەورەی خۆیان، پێشەوای خۆیان، (فظلوا وأظلوا)، خۆشیان گومڕا و خەڵکیش گومڕا دەکەن، ئەمڕۆ ئێمە کەوتووینەتە ئەم داوەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر بابەت زانا بێت، هەر کەسە و کۆمەڵێک زانا دەکات بە ڕێبەری خۆی، هەر کەسە و کۆمەڵێک شتی نامۆ دەهێنێت پەرتەوازەیی و دژ بە یەکی و نارێکی لە ناو یەکدا دروست دەبێت، توندڕەوی لە فیکر، سلوک، سیاسی و عەسکەری لە هەموو ئەمانەدا، ئێستا ئەمە جاری وا هەیە داعش نموونەیەکە بۆ توندڕەوی سەربازی و سیاسی، هەشمانە توندڕەوی لە ئەخلاق و هەڵسوکەوت و ڕەفتار و مامەڵەی کۆمەڵایەتیدا توندڕەوە، سەلامی هەموو کەس ناکات، ڕوو لە هەموو کەس ناکات، پەیوەندی لەگەڵ هەموو کەس ناکات، بۆ؟ چونکە بەپێی دینەکەی پێی وایە کە دروست نییە، هەموو ئەو فیکرە توندڕەوانە لەوەوە دروستبوون، ئەگەر ئێمە واز لە قسەی ئەم و ئەو بهێنین، نەهێڵین خەڵک بڵێت وەڵڵا فلان زانا وایە و ئەوی دیکە وەها، بێین لە ڕەوشت و ژیانی پێغەمبەر کە پێشەنگە بۆ ئێمە و چۆن مامەڵە بکەین، لەگەڵ هەموو بیر و ئایینە جیاوازەکاندا، لەگەڵ یەهوود و بتپەرستان و مونافیقەکاندا مامەڵەی هەبووە، پێغەمبەر لەگەڵ جولەکە، کە لە شارەکەی خۆیدا بوون کەمینەیەکی موستەزعەفی بێ دەسەڵات، چۆن مامەڵەی لەگەڵ کردوون، کە ئەو پاشای وڵات و گەورە و دەسەڵاتداری وڵات بووە، سەردانی ماڵی کردوون، ڕێگەی داوە هاتوونەتە ماڵی، هەڵەشیان کردووە زۆر بە هێمنی، بە جوانی وەڵامی داونەتەوە، کێشەکانی بۆ چارەسەر کردوون، لەگەڵیان بووە بێ ئەوەی بڵێ ئەمە جولەکەیە، جا ئەمە چینە کەمینەیەکن هەر پەراوێزیان بکەن، هیچ کات قبووڵی نەبووە لە ڕووی ئابوورییەوە پەراوێز بخرێن، بۆ ئەوەی ناچار نەبن بە هۆی برسێتی و نەبوونی داراییەوە ناچاری موسڵمانبوون ببن، فەرموودەیەک هەیە، کە دەفەرموێت: (توفی رسول الله صلى الله عليه وسلم وكان درعه مرهونه عند يهودي)، پێغەمبەر (د.خ) کاتێک وەفاتی کرد درعەکەی ڕەهن بوو لای کابرایەکی یەهوودی، بۆچی؟ چوو بوو خواردن و شتی لا هێنابوو بە کڕین، پارەی پێ نەبووە، درعەکەی داناوە بە بارمتە، باشە لە ناو مەدینەدا هەر

هەمووی موسڵمانە، چەندین سەحابەی وەکو عوسمانی کوڕی عەفانی تێدایە، کە هەموو مەدینە بەخێو دەکات، ئەم هەموو دەوڵەمەندەی تێدا بوو، پێغەمبەر چی پێویستییەکی بەوە هەبوو بچێت شتێک لای یەهوودییەک بکڕێت و درعەکشی دابنێت، ئەمە پەیامێکە بۆ هەموو سەدەکانی ئوممەتی ئیسلامی کە ئێوە دەبێت مامەڵەتان لەگەڵ غەیری خۆتان، لەگەڵ بێ بڕوایان بەو شێوەیە بێت، ئیحراجیان نەکەن بەوەی کە نەتوانن لەناوتاندا بژین، ئەگینا ئەوان هەر دەیانتوانی، تەنیا مامەڵەیان لەگەڵ نەکەن. بۆیە ئێمە بەردەوام دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دەقەکان و لە ڕوانگەی قورئان و فەرموودەوە شتەکان وەربگرین، نەک لە ڕوانگەی تێگەیشتنی فلان و فیسارەوە.

## جۆری سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بە گشتی لە جیهانی ئیسلامیدا، ڕیتمە سیاسییەکە وای کردووە موسڵمانەکان دابەش بن بە سەرگرووپی جیاوازدا

هەروەها دەسەڵاتیش دەورێکی باڵای هەیە لە یەکلاییکردنەوەی ئەم بابەتانەدا، چونکە ئەگەر بێت و دەسەڵات سەرپەرشتی بارودۆخی وڵاتەکە نەکات، سنوورێک دانەنێت، هەموو شت دێتە ناو وڵاتەوە، لە وڵاتانی دراوسێوە، لە نەیارەکانەوە هەموو فیکر و گرووپی دژ بە یەک و جیاوازت بۆ دەنێرێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەکەت هەڵبوەشێنێت، بیانکات بە گرووپی دژ بە یەک، نەک یەکانگیر بن و یەک بن، ئەمە پێویستە خاوەن دەسەڵاتی وڵات هەست بەم مەترسییە بکات، بتوانێت دەزگایەکی فەتوا دروست بکات، بەڵام فەتوای مەزهەب و بیرێک زاڵ نەبێت بەسەر ئەوانی دیکەدا، چونکە ئەمە ئەوەندەی تر توندڕەوی لێ دەکەوێتەوە، با نموونەیەک باس بکەین، پێش سی چل ساڵێک لەمەوپێش، زۆر دوور نەڕۆین، هەموومان دەزانین لە ڕووی سیاسییەوە کورد لەگەڵ عەرەبدا لە عێراقدا بەردەوام لە ململانێدا بوون، بەتایبەت لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراقدا، کە سەردەمی حزبی بەعس بوو، بەڵام بە درێژایی چەندین ساڵ، سەرۆکی ئەنجومەنی فەتوای عێراق، سەرۆکی دەستەی گەورە زانایانی عێراق پیاوێکی کورد بووە، کە مەلا عەبدولکەریمی مودەریس بوو، هەموو عێراق بە کورد و بە عەرەبەوە، بە مەزهەبە جیاوازەکانەوە، هەموو پابەندبوون بە فەتواکانی، ئەوپەڕی ڕێز و قەدریان دانا بێ ئەوەی حکومەت کەس پابەند بکات و بڵێت خەڵکینە مەلا عەبدولکەریم هەرچی وت دەبێت هەر وا بێت و دەبێت بە قسەی بکەن، نەخێر، پابەندییەکی ئەخلاقییە، نەک پابەندییەکی سیاسی، ئەمە لەبەر

چی، لەبەر ئەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس نەهاتووە تەبەنی مەزهەبێک، یان فیکرێکی دیاری کراو بکات، زاڵی بکات بەسەر ئەوانی تردا و ئەوانی تر لە خۆی بکات بە دوژمن، هەڵەی ئێمە لەوەدایە کە ئەمڕۆ ئەنجومەی فەتوای هەرێم، باسی ئەنجومەنەکەی سلێمانی ناکەم، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەم دوو ئەنجومەنە فەتوایەدا، بۆ نموونە ئەنجومەنی فەتوای هەولێرمان هەیە، کە بڵێین هی هەرێمە، باکگراوندێکی حزبی سیاسی دایناوە، واتە پێوەری زانستی لە دانانی سەرۆکی ئەنجومەنی فەتوا ڕەچاو نەکراوە، بەڵکو بەپێی پێوەرێکی حزبی کراوە، ئەمە یەک، خۆزگە کە هەر وەک پێوەری حزبی بەکارهاتووە، پێوەرە زانیستییەکەشی تێدابوایە، واتە با حزبی بێت، بەڵام لایەنە زانستییەکەی لەبەرچاو بگیرێت، دەیان و چەندین کەسمان هەیە کە زۆر لەو خوێندەوارتر و شارەزاتر و واقیعبینترن، بەڵام ئەوانە نەکراون، بەڵکو ئەو لایەنەیان زاڵ کراوە. سەرۆکی ئەنجومەنی فەتوا بە هەر شێوەیەک بێت، ئاستی عیلمی هەر چۆنێک بێت، گرنگە بیر لە بەرژەوەندی خەڵک و وڵاتەکە بکاتەوە، ئەگەر دیراسەی واقیعی کوردستان بکەین، چەندین بیر و مەزهەبی تێدایە، کە دەبێت ئەنجومەنی فەتوا، یان سەرۆکی فەتوا، کاتێک کە دەیەوێت فەتوایەک دەربکات، بە مەبەستێکی شەخسی، یان مەزهەبی بۆ دژایەتیکردنی ئەوانی تر نەبێت، چونکە ئەگەر ئەمە بکەیت ئەو کاتە هیچ حیساب بۆ فەتواکەی ناکرێت، کەواتە ئێمە هەست بەو بۆشاییە دەکەین، کە ئەنجومەنێکی فەتوا نییە لە هەرێمدا نوێنەرایەتی موسڵمانانی هەرێم بکات، مادام وایە من کە گرووپێکم، جیهادیم، ئیخوانیم، سەلەفیم، سۆفیم، دێم لە ناو خۆمان ئەنجومەنێکی فەتوا دروست دەکەم بۆ هاودیدەکانی خۆم، بۆ هەواددارانی بیروبۆچوونی خۆم، هەر کەسێک شتێکی هەبوو با بێت لە ئێمە بپرسێت، ئێمە دایدەنێین، دەبینین کۆمەڵێک ئەنجومەنی فەتوا لەناو هەرێمدا دروست بووە، هیچیان حیساب بۆ ئەوی تر ناکات، زۆربەی دژ بە یەکە، ئەو فەوزایە دروست بووە کە هەموومان دەیبینین، ئەمە هەم توندڕەوی لێ دەکەوێتەوە، هەم پەڕاگەندەیی، دواتر نەبوونی چاودێری وەک یەکەم خاڵ وتم سەرپەرشتیکردنی دەسەڵات، خراپترین ڕێگە بۆ دروستبوونی فەتوای زۆر، بۆ دروستبوونی چەندین فەتوای جیاواز و دژ بە یەک و توندڕەوی کەناڵە ئایینییەکانن، چونکە کەناڵە ئایینییەکان بەرنامەی تایبەتیان هەیە بۆ پرسیار و وەڵام و ڕاستەوخۆش.

**فەتوای ڕاستەوخۆی ناو کەناڵەکان**

دکتۆر عەبدولفەتاح دەڵێت، ئیمام ئەبو حەنیفە چل و هەشت پرسیاری لێ کرا

لە سێ و دوویاندا وتی نازانم، هەموو ئەو زانایانەی کە ئەهلی زانست و فەتوا بوون، وەڵامی نیوە زیاتری پرسیارەکانیان نەداوەتەوە. ئیمامی شافیعی ئەگەر پرسیارێکی لێ بکرایە، جارێ بێدەنگ دەبوو، ئینجا یان وەڵامی دەدایەوە، یا نا. دەیانوت ئەوە بۆ بێدەنگی، دەیفەرموو بیر دەکەمەوە بزانم بێدەنگ بوونم باشترە لە وەڵامی ئەم پرسیارە، یان وەڵامدانەوە؟ جار وابوو دەفەرمووێت پرسیاری وایان لێ کردووە و فەرموویەتی نازانم، شتێکی زۆر سادە بووە، وتوویانە ئەمە شتێکی سانایە؟ تووڕە دەبوو، دەیفەرموو: (لا یوجد فی العلم شئ خفیف) لە زانستدا ئاسان نییە، یان سووک نییە، هەموو شتێک قورسە، بەڵام لەم بەرنامە ڕاستەوخۆیانەی کەناڵەکانی خۆمان هەموو پرسیارێک دەکرێت و دەبێت مامۆستا وەڵامیش باتەوە، نازانم لە مەزهەبدا نییە، دەبێت بیڵێت، ئەگەر لە گیرفانی خۆشیدا دەریهێناوە، کەواتە ئەمە فەوزایە، سەیر دەکەیت ئەم کەناڵە جۆرێکە و ئەو کەناڵە بە جۆرێکی کە، هەر مەلایەکیش، بە خۆشمەوە با نەڵێین ئیتهامی مەلا دەکەین، هیچمان ئەهلی ئەوە نین تەنانەت لە کاتی دیکەشدا وەڵامی پرسیار و فەتوا بدەینەوە، مەگەر ئەو شتە سادانەی کە پەیوەندی بە لایەنی پەرستن و نوێژ و ڕۆژوو و ئەمانەوە نەبێت، کە ئەویش بە گواستنەوەی قسەی زانایان دەتوانین، نەک وەکو ئێستا کە پرسیار و فەتوای سیاسیش لە ئارادایە، حوکم لەسەر وڵاتان دەدەین، نابینیت ئەم فەوزایە ئەمڕۆ لەسەر غەززە دروست بووە، هەریەکە و لە لایەکەوە فەتوا دەدات بێ ئەوەی ئاگای لە غەززە بێت، نازانێت غەززە چییە، نازانێت غەززە چۆنە، دۆخی سیاسی و ئابووری و دینی ئەو وڵاتە چییە، نازانن، یەکێک دەڵێت وەڵڵا دەستیان خۆش بێت و جیهادە دەبێت بیکەن، یەکێکیش دەڵێت، نەخێر جیهاد نییە و ئەمە هەڵەیە، ئەمە لە کاتێکدایە لەناو خۆشیاندا ناتوانن فەتوایەک بدەن و دەبێت گەورە زانایانی ئەو وڵاتە و بە ڕاوێژ لەگەڵ گەورە سیاسی و عەسکەرییەکانیان بتوانن بڕیار لە واقیعەکەی خۆیان بدەن، ئایا چی بکرێت باشە، جا وەرە ئەوان خۆیان نەتوانن ئەوە بکەن، ئێمە لێرەوە هەر یەکە و لە شوێنێکەوە خەریکی فەتوایین.

**ئەوانەی دەکرێنە لیژنەی فەتوا وهەڵدەبژێردرێن دەبێت لەسەر بنەمای قەناعەت و هەموومان قەناعەتمان پێی هەبێت**

لەبارەی چارەسەر ئەو دۆخە دکتۆر عەبدولفەتاح ئاماژە بەوە دەکات، کە پێش چارەسەر دەبێت ئێمە بڵێین کێشەکە چییە، بۆ وایە، گەورەترین

کێشە ئەوەیە کە تەقوا نییە، ئەو کەسانە، بانگخوازەکان، مامۆستایانی ئایینی، ئەو کەسانەی کە بەم کارە هەڵدەستن، لایەنی تەقوایان زۆر زۆر کەمە، چونکە ئەگەر بێت و لایەنی تەقوا و دینداری و لەخوداترسان لەو کەساندا هەبوایە، تووشی ئەم فەوزایە نەدەبووین، ئەوەتا زانایانی پێشووتر ئەو لایەنەیان تێدا بووە، گوێیان بە کەسایەتی و پێگە زانستییەکەی خۆیان داوە، زۆر بە لایانەوە ئاسایی بووە کە دەستوەردان لە هەموو شتێک نەکەن، زۆر بەلایانەوە ئاسایی بووە لە وەڵامی پرسیارێک بڵێ نازانم، نە جارێک، نە دوو، ئەمە بۆچی، چونکە تەقوا زاڵ بووە، ئەم فەرموودەیەی کە پێغەمبەر دەفەرموێت: (أجرأكم على الفتوى أجرأكم على النار) بەجورئەترینتان لەسەر فەتوادان ئەو کەسەیە کە بە جورئەتە بۆ ئاگری دۆزەخ، یانی بەرەو ئەوەت دەبات، ئەوان لەمانە ترساون، لەبەرئەوە پەنای نەبردووەتە بەر فەتوادان، وەڵامدانەوە، ئیحراج نەبوون و زۆر دڵنیا نەبوبن وەڵامی پرسیاریان نەداوەتەوە و وتویەتی نازانم، وتویەتی عاقیبەتی خۆم بپارێزم باشتر، بەڵام ئەمڕۆ ئەوانەی کە بانگخوازن، ئەوانە جارێ ئیشی خۆیان تێکەڵ کردووە، بانگخوازێکە کۆمەڵێک شێوازی جوانی هەیە لە قسەکردندا، کۆمەڵێک شتی مێژووی خوێندووەتەوە، کاتێک کە قسە دەکات خەڵک موعجیبە پێی، کە خەڵک موعجیب دەبێت، کاتێک دەزانێت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێک جەماوەری بۆ دروست بووە، خەڵکیش وا دەزانێت ئیتر ئەمە لەبەر ئەوەیە دەزانێت قسە بکات، یان زاناشە، لەوێوە دەچێت پرسیارە شەرعییەکانی لە ئەو دەکات، ئەویش پێی عەیبە بڵێت ئەوە ئیشی من نییە، چونکە دەترسێت جەماوەرەکەی کەم بێتەوە، ئیشەکەی خۆی لە بیر دەچێتەوە. چوونە ناو زانستە شەرعییەکان ئیشی ئەو نییە و لێی نازانێت، ئەوە دەبێت بە دەیان ساڵ لەبەردەمی زانادا بخوێنێت، ئەو ئەوە نازانێت، لە خوا ناترسێت بڵێت ئاخر من گوناهبار دەبم لەسەر ئەمە، لەبەر ئەوە دەست دەکات بە وەڵامدانەوە.

هەموو بانگخوازێک لە بانگخوازەکان ئێستا بۆ خۆی موفتییەکە، بۆیە چەندین جار کە ئەسڵەن ئەوەی وتوویانە پێچەوانەی دەقی ڕوونی قورئانی پیرۆز بووە، بۆ؟ چونکە نازانن، نازانێت چوار ئایەت ڕاڤە بکات، لەبەرئەوە کێشەکانمان لەمەیە، تەقوا لەناو هەندێک مامۆستای ئایینی و بانگخوازدا نییە، پابەندبوونیان بە دینەکەیانەوە نییە، بووەتە کێبڕکێیەکی دونیایی و خستنەڕووی خۆیان، زیادکردنی لایک و کۆمێنت لە ناو فەیسبووک، ئەمە کێشەی ئەمڕۆی ئێمەیە.

# بیرمەندان

# ئایینناسی

# مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس گەوهەرێک لە حوجرەکانی کوردستان

د. عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد- ئەحمەدئاوا

**پێشەکی**

لە دوای کۆچی دوایی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، تا ئاستێکی باش خوێندەواران وتوێژەران کاریان کردووە لە سەر ژیان و کەسایەتی و بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی ئەم مامۆستا ناوازە و مەزنەی وڵاتەکەمان، بۆیە لەم باسەدا قسە لە سەر لایەنە شاراوەکانی ژیان و کەسایەتی شێخی مودەڕیس دەکرێت، ئەو لایەنانەی کە هەر باس نەکراون، یان کەمتر قسەیان لە سەر کراوە، بەڵام وەك خۆی نییە، یان بە نیوە و ناچڵی جێهێڵراون.

**باسی یەکەم: شوێنی لەدایکبوونی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس**

شوێنی لەدایکبوونی زانای پایەبەرز مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس تا ئێستاش بە تەواوەتی ڕوون نییە، بەڵام ڕای هەرە دروست ئەوەیە کە مودەڕیس لە ئاوایی (گوێزە کوێرە)ی سەر بە شاری (مەریوان)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە دنیا هەڵهێناوە(١)، ئەمەش بە چەند بەڵگەیەك:

١- مامۆستای مودەڕیس، خۆی لە پەرتووکی (ڕۆژگاری ژیان)دا، لاپەڕە (٣١) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: من خۆم لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لە بەر ڕەغبەتی باوکم لە خوێندندا، نراومەتە بەر قوتابخانە، بیرم دێ مامۆستا مەلا عەبدولواحید برای مەلا عارف کە لەو کاتەدا مەلای ئاوایی بوو، پاشان لە هەمان پەرتووکدا، لاپەڕە (٧٠) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: مامۆستا مەلا عەبدولواحید لە ساڵی (١٣٣١)ی کۆچیدا لە بیارە ئیجازەی وەرگرتووە و هاتووەتە مەریوان و بووە بە مودەڕیس و ئیمامی گوندی (گوێزە کوێرە)، "چونکە ڕاجیاییەکی زۆر لەسەر شوێنی لەدایکبوونی مامۆستا هەیە، ئەم بەڵگەیە زۆر ڕوونە کە بۆ خۆی گوندی (گوێزە کوێرە) وەك شوێنی بەدونیاهاتنی دیاری دەکات".

٢- ئەگەر وردبینەوە لە پەرتووکی (ڕۆژگاری ژیان) و ئەو جێگایانەی کە جەنابی مامۆستای مودەڕیس تێیاندا ژیاوە و دەرسی خوێندووە، بە تایبەتی سەرەتای تەمەنی منداڵی و مامناوەندی تێکڕایان ناوچەی مەریوانن، وەك ئاواییەکانی (بەیەڵە، ئەسراوا، لەنجاوا، بالك، کانی سانان ....) و تەنانەت بە شێوەی سەربەخۆ چووەتە سەر باسی ناوچەی مەریوان و بە ناونیشانی (ئاوڕێ بە لای مەریواندا – ئاو و هەوا و وەزعی تەبیعی – ئابووری ئەم ناحیەیە – ئیدارەی ئەم وڵاتە – گۆشەی ئایین و دینپەرستی) و هتد .....، کە لەم ڕوانگەیەوە مێژوویەکی زۆر جوانی ئەو دەڤەرەی نووسیوەتەوە و زانیاری زۆر ورد و گرانبەهای خستوونەتە بەرچاو، کە بێگومان ئەگەر خەڵکی ئەو ناوچەیە نەبوایە پێویستی بەو باسانە نەدەکرد و باسی ناوچەکەی خۆی دەکرد(٢)

دواجار پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە هۆکاری دەرنەبڕینی ئەم حەقیقەتە لە لایەن مامۆستا مودەڕیس خۆیەوە، بۆ ئەو زوڵم و ستەمە ناهەموارەی ڕژێمی سەدام دەگەڕێتەوە، کە هەیبوو بەرامبەر بە خەڵکی بە گشتی و زانا و کەسایەتییەکان بە تایبەتی، کە ئەگەر لەو سەردەمەدا ئەمەی بە سەردا ساغ بوایەتەوە ئەوا بە خۆی و ماڵ و منداڵییەوە تووشی کارەسات و گرفتی گەورە دەبوو، بۆیە زۆر خۆی لە (ئێرانی) بوون پاراستووە و شاردووەتەوە و بێگومان بە هۆی ئەم تۆمەتەوە خەڵکی زۆر و زانای زۆریش تووشی گرفت و تەنانەت دووچاری کوشتنیش بوونەوە، هەروەها لە لایەکی ترەوە ئەگەر ئەم زێدەی خۆی ئاشکرا بکردایە، دوور نەبوو ڕژێمی بەعس وەك بیانوو بە کاری بهێنێت تا ناچاری بکات بە پێی خواست و مەرامە خراپەکانی ئەوان بجووڵێتەوە و بەکاری بهێنن.

مامۆستای مودەڕیس ساڵی (١٨٩٨ز) لەدایکبووە و لە هەر دوو بەشی کوردستانی ئێران و عێراق خوێندویەتی و دواجار لە شاری سلێمانی لەلای زانای گەورەی کورد

(شێخ عومەری ئیبنولقەرەداغی) ئیجازەی عیلمی مەلایەتی وەرگرتووە، زیاتر لە ٧٥ پەرتووکی ئایینی، مێژوویی و ئەدەبی بڵاو کردووەتەوە. هەروەها تەفسیری قورئانی بە زمانی کوردی و عەرەبی هەیە. ساغکردنەوە و شیکردنەوەی چەندین شاکاری شیعری کلاسیکی کوردی لە کارە گرنگەکانی تری ئەم کەسایەتییەیە، ساڵی ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کردووە.(٣)

**باسی دووەم: مودەڕیس و یەکەم وتاری هەینی بە کوردی**

یەکێك لە داهێنانەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ئەوەیە کە بۆ یەکەم جار وتاری هەینی بە زمانی کوردی خوێندووەتەوە، چونکە تا ئەو سەردەمەش وتاری هەینی بە زمانی عەرەبی بووە، بێ ئەوەی گوێگران لێی تێ بگەن، لەم بارەیەوە دکتۆر مستەفا زەڵمی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: من لە ماوەی ئەو دوانزە ساڵەی کە فەقێ بووم و نزیکەی دە ساڵیش کە مەلا بووم لە مزگەوتەکانی کوردستاندا کە مامۆستای ئایینی دەچووە سەر مینبەر کتێبێکی دەگرت بە دەستەوە پێیان دەوت (خوتبەکانی ئیبنولنەباتە)، ئەم کتێبە بریتی بوو لە چل خوتبە بۆ ماوەی یەك ساڵ، هەر خوتبەیەك دانرابوو بۆ ڕۆژێکی هەینی، ئەم مامۆستایە کە دەچووە سەر مینبەر کتێبەکەی دەگرت بە دەستەوە وەك گۆرانی بڵێت خوتبەکەی ئیبنولنەباتەی دەخوێندەوە و دەیلەراندەوە بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە ئەم دانیشتوانە هەموو کوردن و زمانی عەرەبی نازانن، لە کاتێکدا خوتبە وانەیەکە دەوترێت بە نوێژخوێنان بۆ ئەوەی سوودێکی لێ وەربگرن لە بابەتی ئایینەوە، یان لە بابەتی ژیانەوە، و ئەو مامۆستا ئایینییە لە کەم و زۆر هەرچییەکی بوتایە لە چاك و خراپ، کەس لێی تێ نەدەگەیشت، چونکە بە زمانەکەی خۆی نەبوو.(٤)

شێخی مودەڕیس لەم بارەیەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لە مەوسیمی پاییزدا شێخی عەلائەددین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بە یاسای خۆی تەشریفی ڕۆیشت بۆ (شاوەیس) و (باوەیس) بۆ سەر مەرەزە و ماوەی مانگێک لەوێ مایەوە، جا لەو کاتەدا و لە مانگی ڕەجەبدا نامەی نووسی بۆم بۆ (بیارە) کە هەموو ڕۆژێکی جومعە مەعنای خوتبەی ڕۆژی جومعە بە زمانی کوردی بەیان بکەم بۆ موسڵمانان بۆ ئەوەی کە هەموویان لە مانای خوتبەکان حاڵی ببن و منیش لەو تەئریخەوە ئەو دەستوورەم بە جێ هێنا، جا لە دێی (تەوێڵە) و (خورماڵ) و (هەڵەبجە) و باقی شوێنەکان ئەم یاسایە دامەزرا.(٥)

شایەنی باسە کە شێخ عەلائەددین لە نامەکەیدا و لە پاش مۆر و ئیمزای خۆی، وەك جەخت لە سەر کردنەوە و زیادە بایەخدانێك بەم پرسە نووسیویەتی:"این أَمر حتمی أست، اِهمال ننمایید - عَلاءَالدّین عُمَر عُثمانِی". (٦)

مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە ڕاستە شەرەفی فەرمانێکی مێژوویی لەم جۆرە بە جەنابی شێخی عەلائەددین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بڕاوە، کە خۆی و خانەوادەکەی خاوەنی دەیان و سەدان هەڵوێستی ئایینی و نەتەوەیی و مێژوویی تری لەم جۆرەن، بەڵام گومانیشی تێدا نییە کە شەرەفی خوێندنەوەی یەکەم وتاری نوێژی هەینی بە زمانی کوردی بە شێخی مودەڕیس بڕاوە، بە تایبەتی لە جێگایەکی کەم وێنە و پیرۆزی وەك مزگەوت و مەدرەسە و خانەقای بیارە.

**باسی سێیەم: کەسایەتی ولێهاتوویی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس**

**یەکەم:** ڕەچەڵەکناس: نەژادناس (نَسّاب) حاڵەتێکی تری بێ وێنەیە لە توانای شێخی مودەڕیسدا، بۆ نموونە هەر کەس تەماشای پەرتووکەکانی (علماؤُنا فِي خِدمَة العِلْمِ وَالدِّين) و (بنەماڵەی زانیاران) و (یادی مەردان) و ئەوانی تریش بە تایبەتی سەرەتای پەرتووکی (ڕۆژگاری ژیان)(٧) بکات، ئەو ڕاستییەی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە شێخی مودەڕیس چەندە ڕەچەڵەکناس بووە و لە نەژاد و ڕەچەڵەکی زۆرینەی بنەماڵەکانی کوردستان و بە تایبەتی زاناکانیان زۆر بە وردی ئاگادار بووە، دواجار لە ڕەچەڵەکناسی بنەماڵەکەی خۆیدا گەیشتووەتە ترۆپك، کە بە ڕاستی کۆکردنەوەی ئەو هەموو ناوە لێکچووەی (ئەحمەد) کوڕی (مەحموود) ە، (حەسەن) برای (حسێن)ە، (عەلی) و (عارف) و (فەتحوڵڵا) و (قادر) و (مارف) ە، کە بە دڵنیاییەوە لە توانای مرۆڤی ئاساییدا نییە، بۆ خۆشیش لە ناویاندا ناوی (عارفی حسێن ژنکوژ)ی لە ناو بەرەبابی بنەماڵەکەی خۆیدا هێناوە.(٨)

**دووەم:** خۆش مەشرەبی و کوردەواری تەبیعەت بوونی مامۆستای مودەڕیس: زۆر جار مەلا و کەسایەتی ئایینی وڵاتی خۆمان لە بەر خۆش مەشرەبی و هەندێ وردە سوعبەت و دەمتەڕی بوونەتە جێگای ڕەخنە، وەك هەندێك لەو جۆرە شیعرانەی کە بە دەمی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا هاتوون، یان هەندێك لەو بەسەرهاتانەی کە مامۆستا عەلائەددین سەجادی لە پەرتووکی (ڕشتەی مرواری) دا هێناونی، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە موسڵمانی وشکە تەبیعەت و کاڵفامە ئەم جۆرە باس وخواسانەی تەحریم کردووە، نەوەك خودی ئیسلامەتی، مەلای وڵاتی کوردەواری مەلای خۆش مەشرەب و خۆش مەجلیس وخۆش قسە بوون و زۆریان لە وشکی و دۆگمایی و گۆشەگیری بە دوور بوون، کە لە نێوانیاندا مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس هەیە، کە هەر بۆ خۆی باسی سەفەرێکی لە ساڵی (١٩٢٩)دا بۆ شاری بەغدا دەکات و دەڵێت: لە بەغدا گەلێ جار لە خزمەتی شێخ بابا ڕەسوڵ و مەلا محەممەدی قزڵجیدا دەڕۆیشتینە دەرەوە بۆ ڕابواردن، زۆرتر مەلا محەممەدی قزڵجی

مەجبوری دەکردین سواری بەلەم بین و بە ناو دیجلەدا ڕابوێرین، بە ڕاستی ئەم سەفەرە لە زۆر ناحیەوە سەفا بەخش بوو، گەلێک شتی وا دەهاتە پێشەوە کە هۆی خۆشی و پێکەنین بوون و بۆ ئەوە ناشێن کە باسیان بکەم!

"مِنْ جُمْلَة" ڕۆژێک لە سەر دووکانێکدا دانیشتبووین بەعزێ لەوازیمات بکڕین، لەویا ئافرەتێ هات تەکی بە شێخ بابا ڕەسوڵ هەڵچنی، ئەویش بە کوردی وتی: خوشکم – کچم ئەوە هێشتا تۆزێ دووری لێم، فەرموو بێرە سەر ڕانم دانیشە، ئافرەتەکە هەرچەندە لە زمانەکەی حاڵی نەبوو، بەڵام لە شێوەی قسەکەی تێگەیشت، جا تۆزێ تەکی دا بەو لاوە!(٩) و هەروەها هاوڕێم (مامۆستا مەلا کەمال ئەمین گوڵپی) بۆی گێڕامەوە و وتی: لە دوای ساڵی (٢٠٠٠) قوتابی کۆلێژی شەریعە بووم لە شاری بەغدا و دوای عەسران خۆم وچەند برادەرێك دەچووینە خزمەت شێخی مودەڕیس و لە فەرمایشت و قسە و باسەکانی سوودمەند دەبووین و زۆر جاریش شیعرەکانی خۆیمان دەخوێندەوە بۆی، زۆر پێی کەیف خۆش دەبوو، جارێکیان فەرمووی: (ئیجارە لوایۆ پەی هەورامانی شریتێ عوسمانەیم پەی بارە، سیاوچەمانە و شێخانێ و ئانیشا، با چانیشاشا بۆ کە قاقبەو ژەرەژاش تێکەلا)، واتە: ئەمجارە چوویتەوە بۆ هەورامان، کاسێتێکی گۆرانی عوسمان هەورامیم بۆ بێنە، لە بەزمەکانی سیاچەمانە و شێخانە و ئەوانە و با لەوانەیان بێت کە دەنگی خوێندنی کەوی لەگەڵدا تۆمار کراوە!(١٠)

## یەکێك لە داهێنانەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ئەوەیە کە بۆ یەکەم جاروتاری هەینی بە زمانی کوردی خوێندووەتەوە

هەر سەبارەت بە خۆش مەشرەبی و کوردەواری تەبیعەت بوونی شێخی مودەڕیس دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو کاتانەی لە شاری بەغدا بووە سەرجەمی چین و توێژەکانی وڵاتی کوردەواری، هەر باکگراوەندێکی فکریان هەبووبێت، بێ جیاوازی سەردانی شێخی مودەڕیسیان کردووە و ئەویش بێ جیاوازی پێشوازی لێکردوون، هەر بۆیەش دوای وەفاتی تەواوی میدیاکانی ڕەوتە جیاوازەکانی کوردستان هەر لەمسەری پارتە نەتەوەیی وسیکۆلارەکان تا ئەوسەری ڕەوتە ئیسلامییەکان لە سەر کەسایەتی و بەرهەمەکانی ئەم زانا پایەبەرزە بە چڕوپڕی دوان، کە بێگومانە هەرگیز هیچ کەسایەتییەکی تری وڵاتی کوردەواری نەیتوانیوە بەم شێوازە و بەم گشتگیرییە و بە هۆی ئەم خۆش مەشرەبییەی خۆیەوە پشتیوانی تەواوی

چیـن و تـوێـژە جـیـاوازەکـان بـۆ خـۆی دەستەبەر بکات.

**باسی چـوارەم: مـودەڕیس، وزانستی فەرموودەناسی**

یەکێکی تـر لـەو داهـێـنـانـانـەی مـەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ئەوەیە کە زیندووکەرەوەی زانستێکی ترە لە زانستە ئیسلامییەکان لە ناو وڵاتی کوردەواریدا، کە ئەویش زانستی فەرموودەناسی (علوُم الحَديث)ە، کە بۆ چەند سەدەیەك دەچوو لە وڵاتی خۆماندا پێچرابووەوە و نەدەخوێنرا و سەرەڕای گرنگییەکەشی بایەخی پێ نەدەدرا، مامۆستا هات و بۆ یەکەم جار بە زمانی کوردی لەم بابەتەدا پەرتووکی (ڕێگەی ڕەهبەر)ی نووسی و سەرلەنوێ بزاوتێکی بەم زانستە پیرۆزە لە حوجرە ومەدرەسەکانی کوردستاندا بەخشییەوە و شایەنی وەبیر هێنانەوەیە کە یەکەم داهێنەری ئەم زانستە بە زمانی عەرەبیش هەر زانایەکی کورد بووە، کە ئەویش (ئیبن سەڵاحی شارەزووری)یە، توانی بابەت و زانیارییە پەرت و بڵاوەکانی ئەم زانستە لە قەوارەیەکی سەربەخۆدا کۆ بکاتەوە و ئافراندنێکی مەزن و مێژوویی لەم بوارەدا تۆمار بکات، بۆیە هەر لە پێشەکی پەرتووکەکەدا شێخی مودەڕیس دەفەرموێت: (زۆربەی ئەم ڕیسالەمە وەرگرتووە لە کتێبی (علوُم الحَديث) دانراوی (شيخ المُحدِّثين)، (ئەبو عەمر عوسمان) نازناو بە (ئیبن صەڵاح) و مەشهوور بە شارەزووری، (ئیبن صەڵاح) گەلێ تەئلیفی کردووە لە عولومدا، یەکێ لەوانە ئەم کتێبەیە کە ناوی: (علوُم الحَديث)ە و من کردوومە بە سەرچاوەی ئیستیفادەی خۆم.(١١)

**باسی پێنجەم: مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و پێشخستنی نووسین بە زمانی کوردی بە سەر نووسین بە زمانی عەرەبیدا**

هەر کەسێك خوێندەوارییەکی سادەی بواری عەرەبی و زانستە ئیسلامییەکانیشی هەبێت و سەرنج لە نووسین و بەرهەمەکانی شێخی مودەڕیس بدات، ئەو ڕاستییەی لا درەوشاوەیە کە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە زمانی کوردی زیاتر بە سەر زمانی عەرەبی و نووسینی عەرەبیدا زاڵ بووە و ئەم ڕاستییە زۆر بە ڕوونی لە تەفسیری (مَواهِبُ الرّحمن فِي تفسير القُرآن) لە حەوت بەرگدا، هەروەها لە پەرتووکی (الوَسيلَة)دا، کە ڕاڤەی شێخی مودەڕیسە لە سەر هۆنراوەی (الفَضيلَة)ی مەولەوی، ڕوون دەبێتەوە، بەڵام مامۆستا لەو بەرهەمانەی کە نووسیونی تەنیا نزیکەی (٣٠) کتێبیان بە عەرەبی داناون، بەڵام لە (٤٥) کتێب زیاتری بە زمانی کوردی نووسیون و لە لایەکی تریشەوە ئەگەر بە عەرەبی بینووسینایە، ئەوا زیاتر بڵاو دەبوونەوە و سنووری وڵاتی کوردەوارییان تێپەڕ دەکرد، لەم دواییانەدا سەرجەمی

بەرهەمە عەرەبییەکانی لە بەیرووت چاپکرانەوە و بە جیهانی عەرەبی وئیسلامیدا بڵاو بوونەوە، مەبەستمە بڵێم، شێخی مودەڕیس ئەوەندەی خەمی نەتەوەکەی خۆی هەبووە و هەستی بە بەرپرسیارێتی لە بەرامبەریاندا کردووە، ئەوەندە لە خەمی شتی تردا نەبووە، هەروەها لەم زەمینەیەدا توانیویەتی بەرهەم و دیوانی دەیان شاعیری بەرجەستەی کورد لە فەوتان بپارێزێت وبە ڕاڤەی زۆر زانستییانەوە بە چاپیان بگەیەنێت، هەر لەم بوارەشدا مودەڕیس زۆرترین خزمەتی بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردووە، هەروەها لە پاراستنی دەسنووسی زانایانی کوردیشدا ڕۆڵێکی زۆری هەبووە و توانیویەتی مێژوونامەی ژیان وبیۆگرافیای سەدان مەلا و زانای کوردیش بنوسێتەوە و لە دوو توێی چەندین پەرتووکدا بە چاپیان بگەیەنێت.

## باسی شەشەم: میتۆد و پڕۆگرامی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بۆ حوجرە و پەیمانگا و زانکۆ ئیسلامییەکانی وڵاتی کوردەواری

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس هەر لەو کاتەوەی لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا وەك مودەڕیس ڕۆیشتووەتە بیارە، خەمی بەردەوامی ئەوە بووە کە پڕۆگرامێکی خوێندن بۆ فەقێی وڵاتی کوردەواری دابنێت و قوتابی و فەقێکان لە حوجرەکانی ئەو سەردەمەدا ئەو پەرتووکە خۆماڵییانە بخوێنن و لەم کارەشیدا دوو مەبەستی سەرەکی هەبووە:

(١) بە زیندوویی هێشتنەوەی ناوی زانایانی کورد و بەرهەمەکانیان، وەك لە خوارەوە دەردەکەوێت کە لە وانە وتنەوەدا زیاتر پەرتووکی زانایانی کوردی بە دەرس وتووەتەوە و لە پڕۆگرامەکەی خۆیدا هەر بەرهەمی ئەوانی زیاتر ئاماژە پێداوە و ئەگەر کتێبی زۆر باشیشی دەست نەکەوتبن ئەوا خۆی بەرهەمی نایابی لە هەر بوارێکی پێویستدا داناوە و بە قوتابیانی وتووەتەوە و دواتریش لە پڕۆگرامەکەی خۆیدا جێگیری کردوون.

**لە نەژاد و ڕەچەڵەکی زۆرینەی بنەماڵەکانی کوردستان و بە تایبەتی زاناکانیان زۆر بە وردی ئاگادار بووە**

(٢) هەستی بەوە کردووە کە هەندێک پەرتووك و پڕۆگرام هەن تایبەتن بە ژینگەی خۆیانەوە و فکری هەندێک زانا هەن بۆ وڵاتی خۆیان باشن، بۆیە وای بە باش زانیوە بۆ دروستکردنی فیکرێکی ئیسلامیی میانەڕەو و سازاو و گونجاو لە گەڵ ژینگەی وڵاتی کوردەواریدا، پەرتووك و پڕۆگرامی زانایانی کورد و پەرتووکی خۆی بکاتە مەنهەج و فکری قوتابی کورد بپارێزێت لە هەندێک بیرکردنەوە کە بۆ وڵاتی خۆمان ناشێن!

ئەمەی لای خـــــوارەوەش میتۆد و پرۆگرامەکەی مودەڕیسە بۆ خوێندنگەکانی کوردستان، کە خۆی لە هەر دوانزە زانستەکەی حوجرەدا دەبینێتەوە، کە پێشتر بە (دوانزە عیلمە) دەناسران، شێخی مودەڕیس لە دوا لاپەڕەکانی کتێبی (الوردَة العنبَريّة فِي سيرة حَضرَة خَيْر البَريَّة)دا تۆماری کردوون.

**زانستی یەکەم: زانستی تەفسیر:** تێیدا ئاماژەی داوە بە خوێندنی (تەفسیری نەسەفی - مَدارك التنزيل وحَقائِق التأْويل)، و (تەفسیری بەیزاوی - أَنوار التنزيل و أَسرار التأْويل)، هەر خۆی بە زمانی عەرەبی تەفسیری: (مَواهِبُ الرّحمن فِي تفسير القرُآن)ی لە حەوت بەرگدا نووسیوە، هەروەها بە زمانی کوردی (تەفسیری نامی) لە حەوت بەرگدا و (خولاصەی تەفسیری نامی) نووسیوە، هەروەها لە زانستەکانی قورئانی پیرۆزیشدا کە زانستێکی پەیوەندیدارە بە زانستی تەفسیرەوە، پەرتووکی (نووری قورئان)ی نووسیوە، کە بە ڕاستی تا ئێستاش کتێبی وا باش و لێزانانە و چڕوپڕ لە زانستەکانی قورئانی پیرۆزدا و بە زمانی کوردی دانەنراوە!

**زانستی دووەم: فەرموودە:** لە بواری فەرموودەشدا تەنیا ئاماژەی بە شێوەیەکی گشتی داوە بە خوێندن و توێژینەوەی پەرتووکەکانی فەرموودە و بە شێوەیەکی تایبەت هیچ پەرتووکێکی دیاری نەکردووە، بەڵام بۆ قوتابیانی سەرەتایی (چل چرای ئیسلام)ی داناوە، کە مانا و ڕاڤەی چل فەرموودەی پێغەمبەرە (د.خ) و لە دوو توێی پەرتووکی (سەرچاوەی ئایین) دا چاپی کردووە و بێگومان بۆ پلەکانی باڵای خوێندنیش هەموو سەرچاوەکانی فەرموودەی لا گرنگ بوون، هەر لە صەحیحی بوخاری تا صەحیحی موسلیم و (رياض الصالحين) و ئەوانی تریش.

**زانستی سێیەم - زانستی سەرف:** کە لە پرۆگرامە تایبەتەکەی خۆیدا ئاماژەی داوە بە خوێندنی (پەرتووکی تەصریفی زەنجانی)، کە هەر خۆی بە زمانی کوردی شەرحی کردووە و چاپکراوە، هەروەها ئاماژەی داوە بە خوێندنی پەرتووکی (الصَّرفُ الواضح) کە ئەمیشیان هەر دانراوی خۆیەتی و پاشان ئاماژەی داوە بە خوێندنی کتێبی تەسریفی مەلا عەلی شنۆیی.

## زیندووکەرەوەی زانستێکی ترە لە زانستە ئیسلامییەکان لە ناوڵاتی کوردەواریدا، کە ئەویش زانستی فەرموودەناسییە

**زانستی چوارەم - زانستی نەحو:** کە لە پرۆگرامە تایبەتەکەی خۆیدا ئاماژەی داوە بە خوێندنی پەرتووکەکانی (عەوامیلی جورجانی)، (المقدمة الآجرومية) و (مِفتاحُ الآداب)، کە هەر دانراوی خۆیەتی

و (ئیظهاری ئیمامی بەرکەوی – بەرکێوی) (١٢) و(شَرْح أُنموُذج) و (قطرُ النّدى) و (شەرحی مەلا جامی) و (شذوُر الذّهب) و (المَواهِبُ الحَميدَة) كە ڕاڤەی شێخی مودەڕیس خۆیەتی لە سەر (المنظوُمَة الفريدَة - أَلفية الإمام السيوُطي فِي النّحو) لە دوو بەرگدا چاپکراوە.

**زانستی پێنجەم:** زانستی ڕەوانبێژی (عِلْمُ البَلاغَة): كە ئاماژەی داوە بە خوێندنی پەرتووكەكانی (مُختصر المَعاني) و (شَرْح المُطوّل)ی سەعدەدینی تەفتازانی و بۆ خۆی هەر دوو پەڕاوی (الخُلاصَة فِي الوضعِ والبَيان) و(التِبيان فِي الوضعِ والبَيان)ی لەم بوارەدا داناوە.

زانستی شەشەم: زانستی لۆجیك (منطق): كە لە پرۆگرامە تایبەتەكەی خۆیدا ئاماژەی داوە بە خوێندنی پەرتووكەكانی (المِفتاح) و (الورَقات) و (العَزيزَة) و (الوجيهَة) كە هەر چواریان دانراوی شێخی مودەڕیسن و دوای ئەمانە ئاماژەی داوە بە پەرتووكەكانی (تَهذيبُ المَنطِق)ی تەفتازانی و حاشیەی عەبدوڵڵا یەزدی و شەرحی شەمسییە و گەلەنبەوی بورهان.

**زانستی حەوتەم: زانستی فەرموودەناسی (علوُم الحَديث):** لێرەشدا ئاماژەی داوە بە خوێندنی پەرتووكەكانی (ألفية الحافِظ العراقي) و (المُقدِّمَة)ی ئیبن سەڵاحی شارەزوری، هەروەك پێشتریش باسمان كرد یەكێكی تر لەو داهێنانانەی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس ئەوەیە كە زیندووكەرەوەی زانستێكی ترە لە زانستە ئیسلامییەكان لە ناو وڵاتی كوردەواریدا، كە ئەویش زانستی فەرموودەناسییە، كە بۆ چەند سەدەیەك دەچوو لە وڵاتی خۆماندا پێچرابووەوە و نەدەخوێنرا و سەرەڕای گرنگییەكەشی بایەخی پێ نەدەدرا، مامۆستا هات و بۆ یەكەم جار بە زمانی كوردی لەم بابەتەدا پەرتووكی (ڕێگەی ڕەهبەر)ی نووسی و سەرلەنوێ بزاوتێكی بەم زانستە پیرۆزە لە حوجرە و مەدرەسەكانی كوردستاندا بەخشییەوە، شایەنی وەبیر هێنانەوەیە كە یەكەم داهێنەری ئەم زانستە بە زمانی عەرەبیش هەر زانایەكی كورد بووە، كە ئەویش پێشەوا (ئیبن سەڵاحی شارەزووری)یە و توانی بابەت و زانیارییە پەرت و بڵاوەكانی ئەم زانستە لە قەوارەیەكی سەربەخۆدا كۆ بكاتەوە و ئەفراندنێكی مەزن و مێژوویی لەم بوارەدا تۆمار بكات.(١٣)

**زانستی هەشتەم: بیروباوەڕی ئیسلامی (العقيدة الاسلامية):** لەم بابەتەشدا ئاماژەی داوە بە خوێندنی پەرتووكەكانی (شَرْح العَقائِد)ی تەفتازانی لەگەڵ حاشییەكانی (خەیاڵی) و (عَبدُالحَكيم)، (شَرْحُ المَواقِف) و (تَقريبُ المَرام فِي شَرْح تَهذيبُ الكَلام)ی مەلا عەبدولقادری تەختی سنەیی – موهاجیر و پەرتووكی (الوسيلة) كە ڕاڤەی شێخی مودەڕیس خۆیەتی لە سەر هۆنراوەی (الفَضيلة)ی مەولەوی، هەروەها بۆ خۆی پەرتووكەكانی (نوُر الإِسلام) و (نوُر الإِيمان) و (إِرشاد الأنام) و (جَواهِرُ الكَلام

فِي عَقائِد أَهل الإِسلام)ی داناوە، کە ئەم دواییەنەیان کتێبێکی نایابی عەقائیدە و خۆی هۆنیویەتییەوە و ڕاڤەشی کردووە و لە ساڵی (١٩٥٦)دا دایناوە و لە ساڵی (١٩٩٣) چاپکراوە.

**زانستی نۆیەم: شەریعەتی ئیسلام (الفِقه الإِسلامي):** لەم بابەتەدا ڕێنوێنی کردووین بە خوێندن و توێژینەوەی پەرتووکەکانی فیقهی مەزهەبی ئیمامی شافیعی و ئەگەر چی ئاماژەی بە هیچ پەرتووکێك نەداوە، بەڵام دیارە کە کتێبەکانی (فَتحُ القَريب) و (مِنهاجُ الطالِبين) و شەرحەکانی سەری وەك (مُغنِي المُحتاج) و (تُحفَة المُحتاج) و (نِهاية المُحتاج) و پەرتووك و حاشییەکانی تری لەم بابەتەن و لەم بوارەشدا ئینسکلۆپیدیایەکی زۆر گرنگی ئامادە کردووە، بە ناوی (جَواهِرُ الفَتاوى) کە فەتوا و کورتە نووسینە فیقهییەکانی زانایانی پایەبەرزی کوردستان و فەتواکانی خۆی تێدا کۆ کردووەتەوە و لە سێ بەرگدا بە چاپی گەیاندووە و (الأنوار القدسِيّة فِي الأحوالِ الشخصِيّة)یشی لە نیکاح و تەڵاقدا نووسیوە، شێخی مودەڕیس بۆ خۆی بە زمانی کوردی لە بواری شەریعەتی ئیسلامیدا پەرتووکی (شەریعەتی ئیسلام)ی نووسیوە، کە مامۆستا هێمنی شاعیر پێش نزیکەی چل ساڵ لەمەوبەر وتویەتی: "مامۆستایەکی زانا پێی ڕاگەیاندم کە تا ئێستا کتێبی وا باش و بەو لێزانی و چڕوپڕییە تەئلیف نەکراوە!"، بەڵام لە ڕاستیدا بە ئێستاشەوە و دوای ئەو چل ساڵەش هێشتا کتێبی وا باش و پسپۆڕانە لە فیقهی ئیمامی شافیعیدا بە زمانی کوردی تەئلیف نەکراوە!(١٤)

**زانستی دەیەم: زانستی ئوسووڵی فیقه:** کە لە پرۆگرامە تایبەتەکەی خۆیدا ئاماژەی داوە بە خوێندنی پەرتووکەکانی (جَمْعُ الجَوامِع)، (لُبّ الأصوُل) و (مُختَصَرُ المُنتَهى)ی ئیبن حاجبی کوردی، (المُستَصفى)ی ئیمامی غەزالی و هەر لەم زانستەشدا بۆ خۆی پەرتووکی (صَفوة اللّآلي) داناوە.

**زانستی یانزەیەم: ژیانی پێغەمبەر (د.خ) و مێژووی ئیسلام:** لەم بابەتەدا ڕێنوێنی کردووین بە خوێندن و توێژینەوەی پەرتووکەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ)، کە بۆ خۆی کتێبی (الوردَة العنبَريّة فِي سيرة حَضرَة خَيْر البَريَّة) داناوە و لە ساڵی (١٩٩٤)دا چاپکراوە و لە مێژووی ئیسلامیشدا بە تایبەتی ئاماژەی داوە بە مێژووی ئیبن خەلەکان و پەرتووکی (علماؤنا فِي خِدمَة العِلْمِ والدِّين)، کە دانراوی شێخی مودەڕیس خۆیەتی و مێژوو و ژیاننامەی زانا و باش مەلاکانی وڵاتی کوردەوارییە.

**زانستی دوانزەیەم: بیرکاری – الریاضیات، جوگرافیا و زانستە ئەمڕۆییەکانی تر:** کە لێرەدا هەم ئاماژەی داوە بە هەندێک لە پەرتووکە دێرینەکانی ئەم بوارە، وەك (تَشريحُ الأفلاك) و حاشییەکانی سەری، شەرحی (الإِدراك فِي شَرْحِ تَشريح الأفلاك)ی عەللامە مەلا

حسێنی پشدەری، (رسالة الحِساب)ی بەهائەدینی عاملی و شەرحی جەوواد لە سەری، هەروەها دەستیشی ئاوەڵا کردووین بۆ خوێندن و بایەخدان بە زانستە نوێیەکانی تر و تەنانەت زۆر ئاماژەی بە کتێبەکانی ئەم بوارە نەکردووە تا لە کاتی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیادا پرۆگرامی نوێتر بخوێنین، بێگومان ئەگەر شێخی مودەڕیس فریا بکەوتایە، چۆن بڕیاری لە سەر خوێندنی بیرکاری و گەردووناسی و جوگرافیا داوە، هەرواش ئاماژەی بە خوێندن و توێژینەوەی زانستە ئەمڕۆییەکانی تری وەك کیمیا و فیزیا و کۆمپیوتەر و تەنانەت زمانی ئینگلیزیش دەدا.

**توانیویەتی بەرهەم و دیوانی دەیان شاعیری بەرجەستەی کورد لە فەوتان بپارێزێت وبە ڕاڤەی زۆر زانستییانەوە بە چاپیان بگەیەنێت**

**دوا باس: تێڕوانینی دکتۆرمستەفا زەڵمی و زانای فەرموودەناس "عەبدولفەتاح ئەبوغوددە" دەربارەی زانایەتی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس**

دکتۆر مستەفا زەڵمی لە زۆر جێگای یادداشتەکانییەوە، واتە پەرتووکی (کاروانی ژیانم) باس لە توانا و زانایەتی شێخی مودەڕیس دەکات، بۆ نموونە دەڵێت: جارێکیان لە کۆڕی زانیاری داوایان لێکردم نووسراوێك لە سەر ژیانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بنووسم بۆ ئەوەی لە گۆڤارەکەیاندا بڵاوی بکەنەوە، منیش چوومە خزمەتی بۆ ئەوەی هەندێك شتی لێ وەربگرم لە بارەی ژیانییەوە:

وتم، مامۆستا پرسیارێکت لێ دەکەم پێت ناخۆش نەبێت، من دەزانم تۆ لە زانیاری و شارەزایی زانستە ئیسلامییەکاندا زۆر شارەزایت، بۆچی یەکێك پرسیارت لێ دەکات، بە ئیجتیهادی خۆت وەڵام نادەیتەوە، بەڵکو بە ناوی (شافیعی)، یان (حەنەفی)، یان (مالکی) وەڵام دەدەیتەوە؟!

و بە مامۆستام وت: ئیمامی شافیعی لەو سەردەمەدا تەنیا چوار عیلمی زانیوە کە عیلمی قورئان و عیلمی فەرموودە و عیلمی ئوصولی فیقهـ و عیلمی بەلاغە بوون، چونکە ئەو کاتە عیلمەکانی تر وەرنەگێڕدرابوونە سەر زمانی عەرەبی، وەك عیلمی مەنتیق و فەلسەفە و ئاداب، تۆ دوانزە عیلمت خوێندووە و زیاتر لە حەفتا ساڵە بە دەرس دەیڵێیتەوە، بە سەدان مامۆستای ئایینی ئەم عیلمانەی لای تۆ خوێندووە و ئیجازەت پێداون، بەڵام کاتێک خەڵکی پرسیارت لێ دەکەن، پەنا بۆ کتێبێك لە کتێبەکانی شوێنکەوتوانی ئیمامی شافیعی دەبەیت، وەك: (تُحفة) و (مغني المُحتاج) و (إِعانَة الطالِبين)، تۆ خۆت بۆ ئیجتیهاد

ناکەیت، وەك ئەوان؟ ئەویش فەرمووی: ڕاست دەکەی! بەڵام دەزانیت ئەگەر ئەمە بکەم، هەندێک خەڵك چی دەکەن و چی دەڵێن؟!(١٥)

بە ڕاستی زۆر لە مامۆستایان ئەم وەسف و وتانەی زەڵمی بەرامبەر بە شێخی مودەڕیس بە جۆرێك لە زیادەڕەوی دەهاتە بەرچاو، گێڕانەوەکەی دکتۆر عوسمان محەممەد غەریب هەورامانی کە یەکێکە لە موجازەکانی مودەڕیس دەڵێت، "ئەوەم دێتەوە یاد، کە دکتۆر عەبدولحەمید حەمەد شەهاب ئەلعوبێدی، چاودێر لەسەر تێزی دکتۆراکەم، لەبەردەم سەرجەم مامۆستایاندا و لەکاتی گفتوگۆی تێزی دکتۆراکەمدا فەرمووی: زانای عەللامە، موحەددیسی گەورە، شێخ "عەبدولفەتاح ئەبوغودە، سەردانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسی کرد لە بەغدا و دوای چاوپێکەوتنەکە هاتە دەرەوە و بە سەرسامییەوە وتی: قەت بە بڕوامدا نەدەهات لە بەغدا کەسانی وەك شافیعی هەبن لە زەمانی خۆیدا، بگرە لەویش زاناتر! (١٦)

**مودەڕیس زۆرترین خزمەتی بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردووە و لە پاراستنی دەسنووسی زانایانی کوردیشدا ڕۆڵێکی زۆری هەبووە**

**دەرەنجام**

١- ئەم پوختە توێژینەوەیە دەیسەلمێنێت، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، لەدایکبووی گوندی گوێزەکوێرەی ناوچەی مەریوانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەك هەر گوندێکی تر - کە لەبەر پێویستییەکانی ڕۆژگار- ناوی هێنراوە.

٢- مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چەندە خەمی ئایینەکەی بووە، ئەوەندە زیاتریش لە خەمی زمان و نووسینی کوردی و نیشتمانەکەی خۆیدا بووە و ئەم خەمەشی لەو بەرهەمە کوردییانەیدا دەردەکەوێت کە نووسیونی.

٣- مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یەکەم مەلای کورد بووە لە ناوەندێکی ئایینی و زانستیی گەورەی وەك خانەقای بیارەدا، وتاری هەینی بە زمانی کوردی خوێندووەتەوە.

٤- مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، لە زانستەکانی دوانزە عیلمەی حوجرەکانی جارانی وڵاتی کوردەواریدا، پەرتووکی تایبەت وسەربەخۆی داناوە، تا فەقێیانی کورد ئەو پەرتووکانە بخوێنن و هەمووشی داماڵیون لە هەر بیرێکی هاوردە و زاخاوی کوردانەی داون.

٥- مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس خاوەنی فیکرێکی ئاینییانەی کراوە بووە و لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی وڵاتی کوردەواریدا لەگەڵ هەڵگری هەموو ئایدۆلۆژیاکان پەیوەندی

دۆستانەی هەبووە.

٦- وەك چۆن زانای گەورە ئیبن سەڵاحی شـــارەزووری داهێـنـەری زانستـەکانی فەرمـوودەیە بە زمانی عـەرەبی، مامۆستا مـەلا عـەبـدولـکـەریـمی مـودەڕیـسیـش داهێنـەری زانستـەکانی فـەرمـوودەیە بە زمانی کوردی.

٧- شایەتیدانی زانایەکی نوێگەری خاوەن بڕوانامەی بـەرزی وەك، دکتۆر مستەفا زەڵـمـی، لـەسـەر کـەسـایـەتی زانستـی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس.. شایەتیدانێکە لە لووتکەدا و سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە تەنیا بوونی زانستێکی کـەم وێـنـە تـاکـە هـۆکار وپـاڵـنـەر بـووە بۆ ئـەوەی مامۆستا مـودەڕیس وەك موفتی هەموو عێراق دیاری بکرێت.

**وای بە باش زانیوە بۆ دروستکردنی فیکرێکی ئیسلامیی میانەڕەو و سازاو و گونجاو لە گەڵ ژینگەی وڵاتی کوردەواریدا، پەرتووك و پرۆگرامی زانایانی کورد و پەرتووکی خۆی بکاتە مەنهەج**

---

**پەراوێز و ژێدەرەکان:**

(١). کـاروانـی پـێـنـووس، فـاتـێح مـسـتـەفـایی - مـەریـوان، چـاپی یـەکـەم، (١٣٩٠هـەتـاوی – ٢٠١٢ز)، لاپەڕە (٨٢)، بڵاوکردنەوەی ئاراس – سنە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

(٢). بنـەماڵـەی زانـیـاران، نـووسـیـنی: مـامۆسـتا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چاپی یەکەم: (١٣٨٨ هەتاوی. ٢٠١٠زاینی)، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی کانی، سنە – ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

(٣). مـودەڕیس نـامـە، ئـامـادەکـردنی: ئـاوات ئـەبـوبـەکـر ئـەحـمـەد، ل١٨، چـاپی سلێمانی، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا - ٢٠٠٩

(٤). کـاروانـی ژیـانـم، یـادداشـتـەکـانی دکـتـۆر مـسـتـەفـا زەڵـمـی، ب١/ل٢٢٩-٢٣٠، چـاپی یەکەم، ٢٠١٤

(٥). (ڕۆژگاری ژیان)، یادداشت و بیرەوەرییەکانی مـامـۆسـتـا مـەلا عـەبـدولـکـەریـمی مـودەڕیـس، ئـامـادەکـردن و لـەسـەرنـووسـیـن: ڕەئـووف مـەحـمـوودی، لاپـەڕە ١٨٧، چـاپی یـەکـەم، (١٣٩٤-٢٠١٥)، (بڵاوکردنەوی کوردستان) – (سنە – ڕۆژهەڵاتی کوردستان).

(٦). (ڕۆژگاری ژیان)، یادداشت و بیرەوەرییەکانی مـامـۆسـتـا مـەلا عـەبـدولـکـەریـمی مـودەڕیـس، ئـامـادەکـردن و لـەسـەرنـووسـیـن: ڕەئـووف مەحموودی، نامەی ژمارە (٥١)، لاپەڕە ٣٤١

(٧). ڕۆژگاری ژیان، لاپەڕە ١٧ بە دواوە.

(٨). ڕۆژگاری ژیان، لاپەڕە ٢٣

(٩). (ڕۆژگاری ژیان)، لاپەڕە ١٨٠ - ١٨١

(١٠). ئەزموونی تایبەتی نووسەر.

(١١). زنجیـرە دیـدارێك لـە گـەڵ زانـای مـەزن، مامۆسـتا نـوری فـارس حـەمـەخـان (٢٠١٥ – ٢٠١٦)

(١٢). مامۆسـتا مـحـەمـەد عـەلی قـەرەداغی دەڵێت: ئەوەی من دەربارەی نازناوی ئەم زانایە دۆزیمەوە لە یەکێك لە دەسخەتەکاندا ئەوەیە نـووسـەرەوەیـەك سـەر و بـۆری بـۆ کـردووە و نـووسـیـویـە (بـەرکـێـوی) و ئـەم دانـراوانـەی لـەو کـتـێـبـخـانـەیـەدا، (واتـە دەسـخـەتـەکـانی کتێبخانەکانی هەردوو شاری پیرۆزی مەککە و مەدینە) لەنگەریان گرتووە، کە تیایاندا ناوی

(ئیظهار)ی، هێناوە، بڕوانە: بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، محەممەد عەلی قەرەداغی، بەرگی نۆیەم، لاپەڕە ٨٢، چ١:(٢٠١١)، چاپخانەی ئاراس – هەولێر.

(١٣). ڕێگەی ڕەهبەر، دانانی: مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ل١٥، چ١، بەغدا ١٩٨٥

(١٤). دیدار لە گەڵ جەنابی (مامۆستا شێخ جەلال، شێخ عەبدوڵڵا دەمەیەوی) لە ڕۆژی (٢٨ – ١٢ – ٢٠٠٩) لە ماڵی خۆیان لە شارۆچکەی (کانی دینار)ی، سەر بە شاری (مەریوان)ی، (ڕۆژهەڵاتی کوردستان).

(١٥). کاروانی ژیانم، ب١/ل١٧٥ - ١٧٦

(١٦). هەندێ لە یادگاریەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، کۆکردنەوە وئامادەکردنی: د. عبدالدائم هەورامانی، لاپەڕە ٢٠، چاپی سلێمانی، ٢٠١١، وهەروەها پەرتووکی: (العَلاّمَة عَبدُالكَريم المُدَرِّس، ومَنهَجُهُ فِي تَفسير القُرآنِ وعُلوُمه)، د.عبدالدائِم مَعروُف الهَوْرامانِي، ص٩٣، ط١: (١٤٣١هـ. ٢٠١٠م)، مَكتَب التّفسير، لِلنّشر والاعلان – أربيل.

ڕانانی کتێب

ئایینناسی




# ئایین و دەوڵەت جێبەجێکردنی شەریعەت

## ئیبراهیم میکە عەلی

ئەم کتێبە لە نووسینی بیرمەند و فەیلەسووفی گەورەی عەرەبی مەغریبی دکتۆر محەممەد عابد ئەلجابریە و لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا و لە دواساڵەکانی تەمەنیدا بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی. لەبەر بایەخی ناوەڕۆکەکەی، کتێبەکە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

بۆ ئەوەی بە وردی لە پەیامی ناو کتێبەکە تێبگەین، بە پێویستی دەزانم گەر بە کورتیش بێت تیشکێک بخەینە سەر کەسایەتی نووسەرەکەی و وێستگە گرنگەکانی ژیانی و گرنگترین بەرهەمەکانی.

**لە بارەی نووسەرەوە**

- ناوی محەممەد عابد ئەلجابریە.
- لە پاییزی ساڵی ١٩٣٥ لە ڕۆژهەڵاتی مەغریب و لە شارێک بە ناوی ئەلفەجیج لە دایک بووە.
- لە سەرەتای تەمەنییەوە باوک و دایکی جیابوونەوە و بەو هۆیەوە کەوتووەتە لای باپیرەی لە سەری دایکییەوە، بۆیە لە ماڵی باپیرەیدا و لەگەڵ خاڵ و پوورەکانیدا ژیاوە و باپیرەی نازی زۆری پێ داوە، بەو هۆیەوە قوتابییەکی وریا و زیرەک دەرچووە.
- لەو دەمەدا مەغریب لە ژێر داگیرکاری فەڕەنسییەکاندا بووە و فەڕەنسییەکان قوتابییە زیرەکەکانیان هەڵبژاردووە، محەممەد عابد ئەلجابریش یەکێک بووە لە قوتابییە زیرەکەکان و بەو هۆیەوە لە خوێندنگەی فەڕەنسیدا وەرگیراوە و لەو ڕێگەیەوە چووەتە دونیای نوێگەری و کرانەوە بە ڕووی جیهاندا و دواتر کەوتووەتە بیری خوێندنەوەی جۆری تێگەیشتن و پێکهاتەی کۆمەڵگە و ڕابردووی گەل و نەتەوەکەی.
- شەش خەڵاتی ڕێزلێنانی وەرگرتووە، یەکێکیان یونسکۆ وەک ئیبنورۆشدناسێک پێی بەخشیوە، پێنج خەڵاتیشی ڕەت کردوەتەوە، کە یەکێکیان هی موعەممەر قەزافی سەرۆکی ئەو کاتی لیبیا و یەکێکیشیان هی سەدام حسێن سەرۆکی ئەو کاتی عێراق بووە و بە هۆی هەڵوێستەکانیانەوە پێی باش نەبووە خەڵاتیان لێ وەربگرێت.
- لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٧ – ١٩٧٠ لە زانکۆی محەممەدی پێنجەم خوێندنی زانکۆیی خوێندووە.
- وەک بیرمەند و فەیلەسووفێک لە ماوەی ٧٥ ساڵی تەمەنیدا خاوەنی ٣٠ بەرهەمی چاپکراوە، کە دیارترینیان کتێبێکی چوار بەرگییە بە ناوی: نقد العقل العربی.
- ساڵی ٢٠١٠ کۆچی دوایی کردووە.

**لە بارەی کتێبەکەوە**

- کتێبی (ئایین و دەوڵەت جێبەجێکردنی شەریعەت) ساڵی ١٩٩٦ بۆ یەکەمجار بە زمانی عەرەبی نووسراوە و چاپکراوە، لە ٢٠٢٠ لەلایەن نووسەری ئەم ڕانانەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و هەر لەو ساڵەدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.
- لەم ڕانانەدا لە ڕووی هونەرییەوە تیشکمان لەسەر چاپە کوردییەکەیەتی و لە ڕووی جەوهەریشەوە قسەمان لەسەر ناوەڕۆکەکەیەتی.
- کتێبەکە بە گشتی لە سێ بەش پێک دێت، بەشی یەکەم کە نووسەر ناوی لێناوە بەرایی و ٥٥ لاپەڕەی بۆ تەرخان کردووە، هەروەها دوو بەشی تر، لە بەشەکاندا بە ١٣ بڕگەی سەرەکی و ٦ بڕگەی لاوەکی بە وردی باسی لە پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەت

و جێبەجێکردنی شەریعەت کردووە، لە بڕگەی دەیەم و کۆتایی بەشی کۆتاییشدا بە خێرایی و لە ٨ لاپەڕەدا جارێکی تر باس لە جێبەجێکردنی شەریعەت دەکاتەوە و چەند نموونەیەک دەهێنێتەوە.

ئەمەی ڕابوورد بە شێوەیەکی گشتی ناساندنی نووسەر و تیشکێک بوو لە سەر کتێبی (ئایین و دەوڵەت جێبەجێکردنی شەریعەت) کە ئەم ڕانانە دەیەوێت بە خوێنەری بناسێنێت.

دیدگایەکی گشتی لە بارەی کتێبەکەوە ئەوەیە کە پێی وایە، مەرجەعیەتی سەرەکی ئەگەر نەڵێین تاکە مەرجەع لە بواری پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەت و جێبەجێکردنی شەریعەتدا بریتییە لە عەمەل و کرداری هاوەڵان.

وەک خۆی لە بڕگەی یەکەمی بەراییەکەیدا و لە لاپەڕە ٧دا نووسیویەتی: "ئەو مەرجەعەش کە لە ئەزموون و مێژووی عەرەبی و ئیسلامیدا، بنەڕەتی و پێشتر و بەرتر لە هەموانە، بریتییە لە کردار و ڕەفتاری هاوەڵان لە سەردەمی جێنشینانی ڕاشدیندا، ئەویش لەبەر ئەوەی کە لە دەقەکانی پەڕاو و سوننەتەوە تەشریع و یاساسازیی نەدەکرد بۆ کاروباری حوکم و سیاسەت، هەروەها دەقەکانیش بە هەمان ئەو وردەکاری و ڕوونییەوە کە باسی پرسەکانی تری وەک پرسی میرات و هاوسەرگیرییان کردووە، قسەیان لە پەیوەندیی نێوان دین و دەوڵەتدا نەدەکرد، چونکە بە دڵنیاییەوە بنەوانی بنەڕەتی - ئەگەر نەڵێین تاکە بنەوان و مەرجەع - لە بواری پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەت و جێبەجێکردنی شەریعەتدا، بریتییە لە کردەوە و ڕەفتاری هاوەڵان" .

بۆیە نووسەر و کتێبەکەی پێیان وایە دەبێت لەم سەردەمەدا ئێمەش بگەڕێینەوە بۆ لای ئەو مەرجەعیەتە سەرەکییەی کە پێش سەرهەڵدانی ناکۆکییەکان و پەیدابوونی مەزهەبەکان، لە سەردەمی چوار خەلیفە و جێنشینەکەدا کراوە بووە و لە کاردا بووە.

نووسەر لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا کە خۆی ناوی لێناوە بەرایی و لە سێ بڕگە پێکهاتووە، لە بڕگەی یەکەمدا و لە ٥ لاپەڕەدا لە بارەی ئەو قسە و هەوڵانەوە دەدوێت کە لە ئارادان لە بارەی پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەتەوە و پۆلێنیان دەکات بۆ سێ چەشن بەم شێوەیە:

- سیمای ڕکابەری و کێبڕکێ و دەمەدەمێیان پێوە دیارە.

- هەندێکیشیان لە هەوڵدان ڕکابەرایەتی تێپەڕێنن و هەنگاو هەڵگرن بەرەو لێکۆڵینەوە، بەڵام ڕەخنەی قورس لەم چەشنەیان دەگرێت و دەڵێت: زۆربەی کات پشت بە چەند گریمانەیەک دەبەستن کە خۆیان گریمانەکان بە زۆر دادەتاشن، یان لە لێکدانەوە و تەئویلێکەوە بۆ هەندێک لە دەقەکان هەنگاو هەڵدەگرن، کە فشار دەخەنە سەر دەقەکان و لە ڕەواڵ و کۆنتێکستی خۆیان لایان دەدەن.

- هەندێک لە توێژەرانی هاوچەرخ پشت بە چەند مەرجەعێک دەبەستن، کە ئەوانیش بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ژێر کاریگەریی هەلومەرجی سیاسیی سەردەمەکەی خۆیاندا بوون.

لەم بارەیەوە نووسەر لە لاپەڕە ٥دا نووسیویەتی: "سەرنجی ئەوەشمان داوە زۆربەی ئەو نووسراو و گوتراوانەی کە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە باس لەم بابەتە دەکەن، ئیتر پاڵنەرەکەیان هەر شتێک بێت، هەموویان بە ڕاشکاوی، یان بە ئاماژە و هێما، سیمای ڕکابەری و کێبڕکێ و دەمەدەمێیان پێوە دیارە.

ئاشکراشە کە گوتاری ڕکابەریی گوتارێکە، پێش هەموو شتێک حەزی پووچەڵکردنەوەی بۆچوونی ڕکابەرەکەی ئاراستەی دەکات.

بە واتایەکی تر بڵێین: گوتاری دەمەقاڵێ و بەرپەرچدانەوەی یەکترە، هیچ مەعریفە و زانینێکی لێ ناکەوێتەوە و دەستی کەسیش ناگرێت بەرەو ڕاستی.

لەم بوارەدا هەندێک نووسەریش هەن لە هەوڵدان ڕکابەرایەتیی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو تێپەڕێنن و هەنگاو هەڵگرن بەرەو چەشنێک لە لێکۆڵینەوە لە دیدگایەکی تازە، یان خوێندنەوەیەکی هاوچەرخ .

ئەم بەڕێزانەش زۆربەی کات لەم کارەیاندا لەوەوە هەنگاو هەڵدەگرن و پشت دەبەستن، یان بە چەند گریمانەیەک کە بە زۆر دایاندەتاشن، بەبێ ئەوەی نە هیچ دەقێکی ئایینی، یان نموونەیەک لە ئەزموونی مێژوویی عەرەبی و ئیسلامی پشتگیریی بۆچوونەکەیان بکات، یانیش لە لێکدانەوە و تەئویلێکەوە بۆ هەندێک لە دەقەکان هەنگاو هەڵدەگرن، کە گوشار دەخاتە سەر وشە و ڕەواڵ و سیاقەکان و زیاد لە توانای خۆیان زۆریان لێ دەکات.

ئەم چەشنە ڕکابەری و خوێندنەوانەش زۆربەی کات - هەندێکیشیان بە مەبەستەوە - ئەو جیاکارییە پشتگوێ دەخەن لە نێوان ئەم هەوڵانەدا کە ئاخۆ: کامەیان مەعریفی و کامەشیان ئایدۆلۆژییە، یان کامانەیان ڕاستیی مێژووییین و کامانەشیان تەنیا خواستی خۆیی و تاکەکەسین، ئیتر جیاوازی نییە، نووسەر و لێکۆڵەرەکە لە نووسراو و گوتراوەکانی خۆیدا ئەمە بڵێت، یان لەو گوتارانەدا کە قسەیان لەبارەوە دەکات، یان کاریان تێدا دەکات، یان ئەو گوتارانەی کە لە دەور و پشتیدان، وەک گوتاری دەستە و پێڕەکانی سەر بە کەسە قسە ڕۆیشتوو و موجتەهیدەکان، بە کۆن و نوێیانەوە.

ئەمەش لە دیدی ئێمەوە هەڵەیەکی میتۆدیی مەترسیدارە، چونکە بابەتی - ئایین و دەوڵەت و جێبەجێ کردنی شەریعەت - لەو بابەتانەیە کە دەکەونە ژێر کاریگەریی سیاسەت و لە ژێر باری پێداویستی و لۆژیکی سیاسەتدان، لەوەش زیاتر دەکرێت بڵێین: زۆربەی ئەو مەرجەعانەی کە لێکۆڵەر و توێژەرانی

هاوچەرخ دەگەڕێنەوە بۆ لایان و پشتیان پێ دەبەستن، بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەوانیش لەژێر کاریگەری هەلومەرجی سیاسی سەردەمەکەی خۆیاندا بوون و لەوێوە ئاڕاستەیان وەرگرتووە، ئەگەر لێکۆڵەری هاوچەرخ خۆی خاوەنی هەواداری و دونیابینییەکی سیاسی بێت و بیەوێت بیسەپێنێت و بیکاتە باو، ئەوا بە دڵنیاییەوە حەقیقەت و ڕاستی، لە نێوان خەیاڵپڵاوەکانی سیاسەتی ڕابردوو و دۆڵ و نشێوەکانی سیاسەتی ئێستادا، گوم دەبێت و تێدا دەچێت.

ئەوەی کە دەمانەوێت لە ڕێگەی ئەو چەند تێبینییە خێرایەمانەوە بیخەینە ڕوو، بریتییە لە: پێداگری کردنمان لەسەر پێویستی بنیاتنانی مەرجەعیەتێکی ئەوتۆ کە پێشکەوتووتر و زیاتر متمانەپێکراوتر بێت لە مەرجەعییەتە مەزهەبییەکانی ڕابردوو، بە دیاریکراویی مەبەستم ئەو مەرجەعیەتانەیە کە لە بنەڕەتەوە وەک باری سەرنجی کەسێک بوون و بە مەبەستی پشتیوانی هەڵوێستێکی سیاسی دیاریکراو هاتوونەتە گۆڕێ".

نووسەر لە کۆتایی ئەم بڕگەیەدا باس لە دوو پرسی زۆر گرنگ دەکات کە بریتین لە:

- ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی (المَصْلَحَة).

- سەرلەنوێ داڕشتنەوە و بردنەوە سەر بنەوانی بنەماکان (تَأصِيل الأُصول).

لەم بارەیەوە لە لاپەڕە ١٠ نووسیویەتی: "بەڵکو ئەو بنەمایەی کە ئەوان - هاوەڵان - هەمیشە دەیانپاراست و مەبەستیان بوو ڕەچاوی بکەن، بریتی بوو لە بەرژەوەندی، نەک هیچی تر.

بۆیە دەبینین هەمیشە ئەوەیان کردووە کە بەرژەوەندی خواستوویەتی، ئەگەر هەلومەرجە تایبەتییەکە خواستبێتی چاوپۆشیشیان کردووە لە دەقەکان، تەنانەت ئەگەر ڕاشکاو و یەکلاکەرەوەش بووبن.

**هەندێک لە توێژەرانی هاوچەرخ پشت بە چەند مەرجەعێک دەبەستن کە ئەوانیش بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ژێر کاریگەریی هەلومەرجی سیاسی سەردەمەکەی خۆیاندا بوون.**

ئەم سەردەمەی ئەمڕۆشمان چەند خواست و پێداویستییەکی هەیە، جیاواز لەو خواستانەی کە لە سەردەمی فەقیە و موجتەهیدە دێرینەکاندا هەبوون و ناچاری کردوون تا بیر لەو بنەما و بنەڕەت و میتۆدی کارکردنانە بکەنەوە کە دایانڕشتوون".

لە بارەی پرسی دووەمیشەوە لە هەمان لاپەڕەدا نووسیویەتی: "خواست و سەرقاڵی و گرفتەکانی ئەم سەردەمەشمان دەخوازێت ئەو کۆت و بەندانە تێپەڕێنین کە لە ڕابردوودا زانینی ئایینیان پێ کۆت

و بەند کرابوو، مەبەستم ئەوەیە بە نەرموونیانییەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت و لەو گۆشەنیگایەشەوە سەیریان بکەین کە هەوڵێکی ڕێژەیی و مێژوویی بوون.

ئێمە لێرەوە کە بانگەواز بۆ ئەوە دەکەین، بۆچوون و ئیجتیهادە پێشووەکان بخەینە نێوان دوو کەوانەوە و ڕاستەوخۆ بگەڕێینەوە بۆ لای - کرداری هاوەڵان - ، چونکە ئەو بابەتەی ئێمە لە بیری چارەسەریداین لە لایەکەوە بابەتێکی ئایینییە و بابەتی ئایینیش سروشتی وایە دەبێت بگەڕێتەوە سەر بنەڕەت و بناغە سەرەکییەکەی، لە لایەکی تریشەوە -کرداری هاوەڵان - لەو ڕووەوە کە ئێمە قسەی لەبارەوە دەکەین سروشتی وایە کە بوارێکی ڕێژەیی و تیۆری و مێژووییە، ئەمەش وا دەکات کردەوە و کردارەکەیان کراوە و ئیلهامبەخش بێت و دەرگای لێکۆڵینەوە و نوێگەریش تێیدا هەمیشە کراوە بێت".

لە بڕگەی دووەمی بەشی یەکەمدا کە نووسەر ٢٥ لاپەڕەی بۆ تەرخان کردووە، بە وردی باس لە بابەتێک دەکات کە لە کۆتایی بڕگەی یەکەمدا ئاماژەی بۆ کردووە، ئەویش سەرلەنوێ دارشتنەوەی بنەوان و مەرجەعیەتی فیقهییە بە پشتبەستن بە کردای هاوەڵان بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەشی لەبارەی کرداری هاوەڵانەوە لە سەرەتای لاپەڕە ١١ دەنووسێت: "مەبەستمان لە - کرداری هاوەڵان - کۆی کردار و پیادەکردنە سیاسی و یاساسازی و تەشریعییەکانیانە، چ بە کردار بێت، یان بە گوفتار، ئاشکرایە کە ئەم پرسەش پەیوەستە بە ئەزموونێکی مێژوویەوە، کە ئەویش وەک هاوشێوەکانی تری بە پێدراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتورییەکان دەورە دراوە، کە بە هەموویانەوە بوونەتە ڕاگری مێژوو و کۆمەڵگەکەیان لەو سەردەمەدا.

کەواتە با بە دەرخستن و خستنەڕووی ئەو پێدراوانە دەست پێ بکەین، واتە: ئەو ڕاستییە مێژوویی و کۆمەڵایەتییانەی کە دەبوونە چوارچێوە بۆ بابەتی - ئایین و دەوڵەت - لەو سەردەمەدا، دوای ئەوەش دەگەڕێینەوە سەر بابەتی - جێبەجێ کردنی شەریعەت".

نووسەر لە ١٢ لاپەڕەدا و بە خستنەڕووی پێنج ڕاستی و زۆر بە وردی و بابەتیانە و بوێرانە قسە لەسەر ئەو ڕاستییە مێژوویی و کۆمەڵایەتیانە دەکات، کە لە سەردەمی سەرهەڵدانی پێغەمبەردا دەبوونە چوارچێوە بۆ بابەتی یاساسازی و ئایین و دەوڵەت.

دوابەدوای خستنەڕووی ئەو پێنج ڕاستییە مێژوویی و کۆمەڵایەتییە، نووسەر قسە لەسەر بابەتێکی حاشاهەڵنەگر دەکات، کە ئەویش بریتییە لە زەمینەی سەرهەڵدانی جیاوازی لە تێڕوانینە فیقهی و سیاسییەکاندا لەبارەی ڕابەرایەتی و ئیمامەت لە ڕوانگەی

پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەتەوە، قسە لەسەر بۆچوونی شیعە و سوننە و موعتەزیلە و خەواریج دەکات لەم بارەیەوە و دابەشیان دەکات بەسەر سێ هەڵوێستدا، وەک زەمینەسازییەک بۆ خستنەڕووی سێ هەڵوێستەکە لە لاپەڕە ٢٢ دا نووسیویەتی: "بەو پێیەش کە پرسی سیاسی لەو سەردەمەدا وەک بینیمان بابەتی ناکۆکییەکی فرە ڕەهەند بووە، بەو هۆیەوە دیدگا و ئاسۆکانی بیرکردنەوەش لەبارەی پرسی ئیمامەت و خیلافەتەوە، جیاوازبوون تا ئاستی دژبەیەکی، چونکە هەموو خاوەن دیدگا و بۆچوونێک، ئەوەی هەڵدەبژارد - لە سەردەمی ڕاشدیندا - کە بگونجایە و دەستی بدایە بۆ ئەوەی بیکاتە مەرجەع و بنەوانێک بۆ دیدگا و بۆچوونەکەی خۆی، واتە: ئەوەی کە بشێت بۆ ئەوەی هەڵوێستە سیاسییەکەی خۆی پێ بپەڕێنێتەوە و بیکاتە بەڵگە بە دەستییەوە لە سەردەمەکەی خۆیدا".

## بابەتی - ئایین و دەوڵەت و جێبەجێ کردنی شەریعەت - لەو بابەتانەیە کە دەکەونە ژێر کاریگەری سیاسەت و لە ژێر باری پێداویستیی و لۆژیکی سیاسەتدان

لە لاپەڕە ٢٩دا نووسەر لە سێ خاڵدا باس لە چییەتی مەرجەع و چۆنێتی سوود لێوەرگرتن و بەکارهێنانی لە لایەن موتەکەلمینەوە دەکات، وەک پێشگریمانەیەکیش لە دەستپێکدا دەنووسێت: "بە واتایەکی تر مەرجەع لێرەدا بریتییە لە ئەزموونی مێژوویی ئوممەت، نەک دەقی ئایینی".

لە کۆتایی ئەم بڕگەیەشدا و لە لاپەڕە ٣٤دا نووسەر بە ڕوونی و بێ پەردە باس لە (أولی الأمر) دەکات و قسە و بۆچوونێکی ئەبووبەکری ئیبنولعەرەبی (٤٦٨ھ/ ١٠٧٦م -١١٤٨م) دەگوازێتەوە و دەنووسێت: "لەم بارەیەوە ئەبووبەکر ئیبنولعەرەبیی، فیقهزانی ئەشعەریی ئەندەلوسیی ناسراو، دەڵێت: لە سەرەتای ئیسلامەوە حوکمڕانەکان زاناش بوون، ڕەعیەتیش سەرباز بوون، بەڕێوەبردن لەسەر ئەم شێوازە درێژەی کێشا تا کار گەیشتە ئەوەی خەڵکی ڕەشۆکی، پێڕێک بوون و حوکمڕانەکانیش پێڕێکی تر، تا دواتر خوداوەند بە توانای خۆی ئیشەکانی جیاکردنەوە و پرسەکەی یەکلایی کردەوە و زانایان بوونە دەستەیەک و حوکمڕانەکانیش دەستەیەکی تر، ڕەعیەت بوونە پۆلێکی دیاریکراو و سەربازیش پۆلێکی تر، کارەکان لێکئاڵان و ژیانی خەڵک ڕێکنەدەخرا، خەڵک ڕژانە سەر ڕێگەکان و بە حیسابی خۆیان داوای ڕێکخستن و ڕاستکردنەوەیان دەکرد و دەستیشیان نەکەوت، تا دونیاش دونیایە دەستیان ناکەوێت، چونکە ئەستەمە

کەسێک کە لە ڕێگەی گەیشتن بە مەبەستەکەی لای دابێت و بیەوێت پێی بگات.
هەرچەندە ئیبنولعەرەبیی پێی وایە جیابوونەوە و لێکدابڕانی زانایان و حوکمڕانەکان دوای جێنشینە ڕاشدەکان قەزا و قەدەرێکی خوداییە و هیچ هیوایەک لە ئارادا نییە بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ئەو حاڵەتەی لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە ئوممە لەسەری بووە، لە بەرامبەریشەوە بە پێویستی دەزانێت ڕاوێژ بکرێت بە زانایان و کار بکرێت بە فەتوا و ڕێنماییەکانیان.
لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا: ياأَيُّهَا الذينَ آمَنوا أَطِيعوا اللَّهَ وأَطِيعوا الرَّسول وأوْلِي الْأَمْر مِنْكُمْ. دەڵێت: بڕگەی وأوْلِي الْأَمْر مِنْكُمْ، دوو قسە و بۆچوون هەیە لە بارەیەوە:
یەکەمیان پێی وایە: مەبەست لەم دەستەیە، فەرماندەی یەکینە سەربازییەکانە، واتە: فەرماندە سەربازییەکان ئەوانەی کە پێغەمبەر داینان لەسەر یەکە سەربازییەکانی سوپاکەی، ئەمە دێرینترینی ئەو دوو قسە و بۆچوونەیە.
قسەی دووەمیش پێی وایە: مەبەست لەم دەستەیە - زانایانن - ئەمەش ڕاوبۆچوونی شوێنکەوتوان و پێشەواکانی ئەم دواییەن.
پاشان ئیبنولعەرەبیی قسە لەسەر ئەمە دەکات و دەڵێت: قسەی ڕاست بە لای منەوە ئەوەیە کە هەردووکیانن، هەم فەرماندە و حوکمڕانەکان و هەم زانایانیش. سەبارەت بە فەرماندە و حوکمڕانەکان، چونکە ئیشەکە ئیشی خۆیانە و بە دەستی خۆیانە.
زانایانیش، لەبەر ئەوەی پرسیار لێکردنیان واجب و ئەرکە لە ئەستۆی خەڵکدا و جێبەجێکردنی وەڵامەکانیشیان پێویستە، گوێڕایەڵیی فەتواکانیشیان واجبە.
پرسیاری گرنگ ئەمەیە کە ئایا کێ حوکمڕان و فەرماندەکان وادار دەکات تا پرسیار لە زانایان بکەن و کار بە فەتواکانیان بکەن؟ ئەمە پرسیارێکی هەڵپەسێردراوە، ئایا بەس بە ئامۆژگاریکردن وادار و ناچار دەکرێن تا پرسیار بکەن، ئەزموون سەلماندویەتی، تەنیا ئامۆژگاری سوودی نییە؟ یان پێویستە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە ناچار بکرێن بەو کارە، ئەویش بە ڕێکخستن و هاندانی خەڵکیی دژیان (ئەمە تاکە هێزە کە زانایان دەتوانن کاری تێدا بکەن و بەکاری بهێنن) لەم حاڵەتەدا کێ دەستەبەری ئەوە دەکات، ئەم کارە سەرنەکێشێت بۆ ئاژاوە و پشێوی، زانایان لە هەموو کەس زیاتر دەزانن زیانی پشێوی و ئاژاوە چەندە و لە هەموو کەسیش زیاتر مەبەستیانە کۆمەڵگەی لێ بپارێزن؟ ئەم پرسیارانە ڕاستەوخۆ دەستمان دەگرن بەرەو بەشی دواتر لەم لێکۆڵینەوەیەدا، مەبەستم ئەوەیە دەستمان دەگرن بەرەو باسی جێبەجێ کردنی شەریعەت".

لە دوا بڕگەی ئەم بەشەدا کە ١٨ لاپەڕەی بۆ تەرخان کراوە، لە لاپەڕە ٣٧دا نووسەر بە ڕوونی قسە لەسەر چییەتی هەریەکە لە ئایین و دەوڵەت و پەیوەندی نێوانیان دەکات و دەنووسێت: "ئەگەر پەیوەندیی نێوان ئایین و دەوڵەت لە ئیسلامدا، گرفتی ئەوەی هەبێت کە چەند دەقێک لە قورئان و سوننەدا نییە ڕوونی بکەنەوە کە ئایا دانان و دەستنیشان کردنی ئیمام و پێشەوا و - دامەزراندنی دەوڵەت – واجبە، یان نا، هەروەها باسی چۆنێتی هەڵبژاردنی و دەسەڵاتەکانی دەستنیشان بکەن... تاد.

## زۆربەی ئەو مەرجەعانەی کە لێکۆڵەر و توێژەرانی هاوچەرخ دەگەڕێنەوە بۆ لایان و پشتیان پێ دەبەستن، بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەوانیش لەژێر کاریگەری هەلومەرجی سیاسی سەردەمەکەی خۆیاندا بوون

ئەوا لە حاڵەتی واجب بوونیدا ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی کە ئیسلام لە عەقیدە و شەریعەت پێکهاتووە، ئەگەر عەقیدە و بیروباوەڕ تایبەت بێت بە باوەڕبوون بە خوداوەند و فریشتەکانی و پەیامەکانی و پەیامهێنەکانی و ڕۆژی دوایی، کە دەکرێت ئەم بەشە تایبەت بکرێت بە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و پەروەردگاریەوە، شەریعەتیش بێجگە لە سروت و دروشمە پەرستشییەکان، کە ئەمانیش دەچنە هەمان خانەی پەیوەندی نێوان خوداوەند و بەندەکانییەوە، بێجگە لەمانیش چەند حوکم و فەرمانێک لەخۆ دەگرێت کە سروشتێکی کۆمەڵایەتییان هەیە و پەیوەندییەکانی خەڵک ڕێکدەخەن لە نێوان خۆیاندا، ئەمەش پێویستی بە دەسەڵاتێکە تا ئەو حوکمانە جێبەجێ بکات، وەک سنوورەکان و سزاکان... تاد. بێجگە لەوەش ئەرکی پاراستنی قەڵەمڕەوی ئیسلام و سەنگەرەکانی پێشەوەی پارێزگاری، کە دەچێتە خانەی تێکۆشان و جیهادەوە و یەکێکە لە فەرزکراوەکانی ئایین، سەرەڕای ڕاجیایی فەقیهەکان لە بارەی چەشنی فەرزبوونەکەیەوە، ئایا فەرزی کیفایەیە، یان فەرزی عەینە، واتە: ئایا بە ئەنجامدانی لە لایەن چەند کەسێکەوە لە ئەستۆی ئەوانی تر دەکەوێت، یان پێویستە هەر کەسە و خۆی پێی هەستێت؟ لە هەردوو حاڵەتەکەدا پێویستی بە سەرکردایەتی و فەرماندەیەک هەیە تا هەستێت بە ئەرکی کۆ کردنەوە و ڕێکخستنی سەربازەکان و ڕەوانەکرن و هێنان و بردنیان و کێشانی نەخشەی سەربازی و داڕشتنی پلانی کورتخایەن و درێژخایەن بۆیان و... تاد" . دوابەدوای ئەم بابەتە و هەر لەم بڕگەیەدا و لە لاپەڕە ٤٠ بەدوا باس لەوە دەکات کە ئامادەبوونی پێغەمبەر (سڵاوی

لەسەر) و بەردەوامی وەحی، هاوەڵان بە گشتی و عومەری کوڕی خەتاب بەتایبەتی هاوبەشییان کردووە لە یاسارازی و داڕشتنی بڕیار و هەڵگرتنی هەنگاوەکاندا، کە ئەم حاڵەتە لە کەلەپووردا بە موافەقاتی عومەر ناو دەبرێن.

نووسەر بۆ ڕوونکردنەوەی دیدگاکەی خۆی بەڵگە دەهێنێتەوە و لە لاپەڕە ٤١ دا دەنووسێت: "لەم بارەیەوە باس دەکرێت کە عومەری کوڕی خەتاب خۆشی ئاگای لەم حاڵەتە هەبووە و هەستی پێ کردووە و بە دڵنیاییەوە شانازیشی پێوە کردووە و وتووشیەتی: لە سێ جێگەدا بۆچوونەکانم لەگەڵ بڕیارەکانی پەروەردگارمدا ڕێک هاتوونەتەوە، وتم:

- ئەی پەیامهێنی خوداوەند ئەگەر پێگەکەی ئیبراهیم بکەینە جێگەی نوێژکردن باشترە، ئەم ئایەتە دابەزی: وَٱتَّخِذوا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصلی.

- هەروەها وتم: ئەی پەیامهێنی خوداوەند، هاوژینەکانت خەڵکی چاکەکار و نالەباریش هاموشۆیان دەکات، فەرمانیان پێ بکە با پەردە بگێڕن بۆ حەرەمسەراکانیان و خۆشیان داپۆشن، ئایەتی حیجاب و خۆ داپۆشین دابەزی.

- هاوسەرەکانی پێغەمبەر لەسەر غیرە لە یەکترکردن لێی کۆبوونەوە و پێم وتن: وریا بن نەکا خوداوەند فەرمانی پێ بکات ئێوە تەڵاق بدات و چەند ژنێکی لە ئێوە باشتری بداتێ، دیسانیش وادەرچوو، ئەو ئایەتە دابەزی کە باس لەم بابەتە دەکات.

- گێڕانەوەیەکی تریش دەگێڕنەوە کە دانی بە ڕاستیی بۆچوونەکەی عومەردا ناوە، ئەویش لەبارەی دیلەکانی جەنگی بەدرەوەیە، کە دواتر لە بارەیەوە ئایەت دابەزی، هەروەها باسی چەندین ئایەتی تریش دەکەن کە بە هەمان ئەو شێوە داڕشتنە هاتوون، کە پێش دابەزینیان عومەر وتوونی و دەریبڕیون، بەو ئایەتانەشیان وتووە: ئەو بڕە لە قورئان کە لەسەر زمان و زاری عومەرەوە دابەزیوە.

ئەم موافەقات و ڕێک دەرچوونانەی عومەر، ئەگەر بەڵگە بن لەسەر شتێک، بەڵگەن لەسەر ئەوەی شەریعەتی ئیسلامی بەپێی خواستی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکەی ئەو دەمە دابەزیوە، مەبەستم لایەنی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانە تێیدا.

خۆ عومەر وەحی و نیگای بۆ دانەدەبەزی، بەڵکو ئەزموون و لێهاتنە کۆمەڵایەتییەکەی و هەستی یاساپارێزییەکەی و سووربوونی لەسەر ئەوەی لە پرس و پێشهاتەکاندا بە دوای بەرژەوەندیدا بگەڕێت، ئەمانە بوون وایان کردبوو ئاڕاستەی بیرکردنەوەکانی یەکیان دەگرتەوە و ڕاست دەهاتنەوە لەگەڵ مەبەستەکانی شەریعەتدا و لە یەک خاڵی بنەڕەتیدا یەکیان دەگرتەوە، کە ئەویش بریتی بوو لە بەرژەوەندیی گشتیی".

بەشی دواتریش کە نووسەر ناوی لێناوە بەشی یەکەم و لە لاپەڕە ٥٩وە تا لاپەڕە ١٢٧ی بۆ تەرخان کردووە، لە بڕگەی

یەکەمی ئەم بەشەدا و لە لاپەڕە ٥٩ و ٦٠دا لە ڕووی لۆژیکییەوە پرسیاری: ئایا ئیسلام ئایینە، یان دەوڵەت؟ دەخاتە ژێر نەشتەری ڕەخنە و دەنووسێت: "هیچ شتێک وەک پرسیارە بێ بنەما و ساختەکان بەرچاوی مرۆڤ تەڵخ ناکات و سەرگەردانی و سەرلێشێوانی هزری و فیکریی بۆ دروست ناکات.

پرسیاری بێ بنەما و ساختەش ئەوانەن: وەک پرسیارەکانی منداڵان، پرسیارگەلێک کە چەند گرفت و دژوارییەکی بێ بنەما و ساختە دەوروژێنن، گوایا گرفت و دژواریی ڕاستی و حەقیقین.

مەترسیی پرسیاری ساختە لەوەدایە کە بەدوای وەڵامێکی ساختەدا دەگەڕێت تا لەوێوە دژوارییەک، یان چەند دژواری و گرفتێکی تری پێ بوروژێنێت.

چونکە هەموو پرسیارێک کە دەکرێت، لەگەڵ خۆیدا پرۆژە وەڵامێک هەڵدەگرێت، کاتێک پرسیارەکەش لە دارشتەیەکی دوانەیی بەرامبەر بە یەکدا دەخرێتە ڕوو، وەک: ئایا ئیسلام ئایینە، یان دەوڵەتە؟ ئەو کات پرسیار لێکراوەکە و لەوێشەوە بیر و پرۆسەی بیرکردنەوەش، دەخاتە بەردەم دابەشبوونێکی لۆژیکی دوانەیی گەمارۆدراوی ئەوتۆوە، کە یەکێک لەم دوو بژاردەیە دەسەپێنێت، یان: - ئیسلام ئایینێکە بە بێ دەوڵەت - یان - ئیسلام ئایین و دەوڵەتیشە .

بەڵام گریمانەی سێیەم کە بریتییە لە: ئیسلام دەوڵەتە، نەک ئایین لە ئارادا نییە، چونکە ئیسلام بەو پێیەی کە ناسێنراوە، ئایینە.

هەروەها پرسیاری ساختە ئەو پرسیارانەن کە زۆربەی کات دژواری و گرفتەکەیان لە واقیع و هەلومەرجی ئێستای ژیانەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لە بیرێکی خەیاڵپڵاوییەوە، یان بیرێکی پاکتاوکراوی سەرووی دونیای مادییەوە سەرچاوە دەگرێت و تەعبیر لەو دەکەن، یان لە بوارێکی دیاریکراودا گرفتێک دەخەنە ڕوو، کە ناواخنی گرفت و پرسیارەکەی لە هەلومەرجێکی ترەوە هەڵگۆزیوە.

**خواست و سەرقاڵی و گرفتەکانی ئەم سەردەمەشمان دەخوازێت ئەو کۆت و بەندانە تێپەڕێنین کە لە ڕابوردوودا زانینی ئایینییان پێ کۆت و بەند کرابوو**

ئەو دوالیزمییەش کە ئێمە بە دوایەوەین و دەمانەوێت باسی بکەین، بریتییە لە دوالیزمی: ئایین و دەوڵەت لە بیری عەرەبیی نوێدا، کە ئەویش لەم چەشنەی کۆتایی گرفتەکانە.

چونکە پرسیاری: ئایا ئیسلام ئایینە، یان دەوڵەت، پرسیارێکە هەرگیز لە سەردەمی کۆندا و تا سەرەتای سەدەی ڕابردووش، نەکراوە و لە کەس نەبیسراوە، بەڵکو یەکەم جار لە ناوەڕاستی سەدەی

ڕابردووەوە بە ناوەرۆکێکەوە کە پەیوەست نەبوو بە کەلەپووری ئیسلامییەوە کرا و خرایە ڕوو، ناوەرۆکێکی بوژێنەرەوەی - نَهْضوی - ئەوتۆ کە ڕەگ و ڕیشە و لق و پۆپەکەشی لە نموونە ژیارییە ئەورووپییەکەوە بوون، ئەو ژیارەی کە تا ئێستاش عەرەبەکان بە ئاواتەوەن لە وڵاتەکانیاندا بیهێننە دی و بەرپای بکەن، بەتایبەت ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە پێشکەوتن و بووژانەوە و ژیانەوەوە هەیە".

لەم بەشەدا نووسەر بە وردی باس لە پرسی ئایین و دەوڵەت و پەیوەندی نێوانیان دەکات و بەو ئاکامە دەگات کە لە لاپەڕە ٧٣دا دەنووسێت: "پوختەی بابەتەکە ئەوەیە کە کاتێک پێغەمبەر پرسەکەی جێ هێشت بۆ هاوەڵەکانی تا دوای خۆی بە لایەکیدا بخەن، کەواتە هاوەڵان هەرچییان بڕیار دابێت و جێنشینان هەرچییان کردبێت و فیقهزانەکانیش هەرچییان وتبێت لەبارەی جێنشینایەتی و خیلافەتەوە، هەمووی لە خانەی ئیجتیهاد و بنکۆڵکردن و لێکۆڵینەوەدایە، لێکۆڵینەوەش لە بابەتێکدا کە ئیش لەسەرکردنی جێهێڵرابێت بۆ موسڵمانان، بە دڵنیاییەوە بە گۆڕانی هەلومەرج و سەردەمەکان، ئەو لێکۆڵینەوە و ئیجتیهادەش دەگۆڕێت".

دوا بەشی کتێبەکەش کە نووسەر ناوی لێناوە بەشی دووەم، لە لاپەڕە ١٣١وە دەست پێ دەکات تا لاپەڕە ٢٠٩، واتە ٧٨ لاپەڕەی بۆ تەرخان کردووە و لەم بەشەشدا نووسەر زۆر بە وردی و بابەتیانە باس لە چۆنێتی جێبەجێکردنی شەریعەت و ئەو لایەنەی کە ئەم ئەرکەی دەکەوێتە ئەستۆ دەکات.

سەرەتا ڕەخنە لە بەرزکردنەوەی چەند دروشمێک دەگرێت، لەوانە: بێداری و سەحوەی ئیسلامی، ئیسلام چارەسەرە و... تاد.

**نووسەر قسە لەسەر بابەتێکی حەشاهەڵنەگر دەکات، ئەویش بریتییە لە زەمینەی سەرهەڵدانی جیاوازیی لە تێڕوانینە فیقهی و سیاسییەکاندا لەبارەی ڕابەرایەتی و ئیمامەت لە ڕوانگەی پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەتەوە**

لەم بارەیەوە لە لاپەڕە ١٣١ دا دەنووسێت: "لەم ساڵانەی دوایدا و لە گۆڕەپانی گوتاری عەرەبیی ئیسلامیدا، دەستەواژەی بێداریی ئیسلامی بڵاو بووەوە. سەرەڕای پەیوەستبوونی ئەم دەستەواژەیە بە چەند ڕووداوێکی دیاریکراوەوە و لە سەرووی هەمووشیانەوە شۆڕشی ئێرانی و دەرکەوتنی هەندێک ڕێکخراو و ڕێکخستن کە کار بۆ بانگەواز و جێبەجێکردنی سیستمی ئیسلامی دەکەن لە بوارە

جیاجیاکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، سەرەڕای ئەمانەش هێشتا لە دیدی ئێمەدا دەستەواژەی بێداری – الصحوة - هەر نامۆیە بە فەرهەنگی ئیسلامی، یان لانی کەم ناگونجێت نە لەگەڵ ئەوەدا کە ئێستا هەیە و نە لەگەڵ ئەوەشدا کە پێویستە ببێت.

چونکە ناوبردن و وەسفکردنی ئەوەی کە لە ئێران ڕوویدا، یان ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی کە هەندێک لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان بە خۆیانەوە بینییان لە سەرهەڵدانی چەندین بزووتنەوە و تەڤگەر، کە کاریان دەکرد بۆ بانگەواز و جێبەجێکردنی سیستمی ئیسلامی، ناونان و ناوبردن و وەسفکردنی ئەم حاڵەتانە بە بێداریی ئیسلامی ئەوە دەدات بە گوێ و زەینی مرۆڤدا کە پێش ئەم ڕووداوانە ئیسلام لە خەودا بووبێت، یان ئامادە نەبووبێت و بزر بووبێت لە گۆڕەپانەکەدا، لە کاتێکدا کە ئیسلام چ وەک بیروباوەڕ و چ وەک شەریعەت و ڕێساش، یان وەک نموونە و بەهایەکی باڵا بۆ ژیان، هەرگیز نە - خەوتووە - و نە ڕۆژێکیش نادیار و بزر بووە، نە لە ناخی موسڵمانان و نە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی زۆربەشیاندا.

ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە لە دیدی ئێمەوە وشەی - بێداری - بەس نییە و ناتوانێت لە ئاستی ئەو خواست و داواکاری و پێداویستییانەدا بێت کە لەم هەلومەرج و ژیانە هاوچەرخەدا بە هەموو دیاردە و ڕووکارە ئاڵۆزەکانییەوە ڕووبەڕووی موسڵمانان بووەتەوە.

- بێداری - هەڵچوونە نەک کردار، موسڵمانانیش پێویستیان بە کردارە و خواستی کرداریان لەسەرە، نەک تەنیا هەڵچوون، تەنانەت با هەڵچوونەکە بۆ دەربڕینی ئەو شتەش بێت کە لە دەروونندا ڕوو دەدات.

ئێمە بە دووری نازانین وشەی - بێداری -ش، تەنیا وەرگێڕانێک بێت بۆ وشەیەکی هاوشێوە لە زمانە ئەوروپییەکاندا، چونکە ڕۆژنامە ڕۆژئاواییەکان، ئەو جووڵانەوە و بزاوتانەی کە هەندێک وڵاتی عەرەبیی و ئیسلامی - بەناوی ئیسلامەوە - بە خۆیانەوە بینییانن، بە دەستەواژەیەک ناویان بردن کە وەرگێڕانەکەی دەبێتە: بێداریی ئیسلام".

### ئایا ئیسلام ئایینە، یان دەوڵەت، پرسیارێکە هەرگیز لە سەردەمی کۆندا و تا سەرەتای سەدەی ڕابردووش نەکراوە و لە کەس نەبیسراوە

نووسەر ئەم بەشە لە کتێبەکەی کە دوا بەشیەتی، دابەش کردووە بە سەر ١٠ خاڵدا و لە هەر یەکێک لەو خاڵانەدا قسە لەسەر بابەتێکی سەربەخۆ دەکات وەک: چەمک و دەستەواژەکانی:

- بێداری.
- سەلەفییەت و ئەزموونی مێژوویی.
- توندئاژۆیی و پەڕگیری بە ڕاست و چەپدا.
- پەڕگیری لە نێوان بیروباوەڕ و شەریعەتدا.
- لەپێناو ئیجتیهاد و لێکۆڵینەوەیەکی هاوشان لەگەڵ سەردەمدا.
- پەسەندبوونی حوکمە شەرعییەکان لە ڕووی فام و ژیرییەوە.
- حوکمەکان و گەڕان و هاتن و چوونیان.
- هەموو سەردەمێک خواستە گرنگەکانی خۆی هەیە.
- بە شوبهە و ناڕوونییەکان سنوورەکان لادەن.
- لە بارەی جێبەجێکردنی شەریعەتەوە.

# زاراوەناسی

# ئایینناسی

# فەتوا

## ئامادەکردنی: وەرزنامەی ئایینناسی

وشـەی فەتوا لە بنەڕەتدا و لە ڕووی زمانەوانییەوە لە عەرەبیدا بە واتای ڕوونکردنەوە و ڕۆشنکردنەوەی شتێك، یان دیاردەیەكی نەزانراو دێت کە پرسیاری لەبارەوە دەکرێت، وەك زاراوەیەك لە کەلەپووری ئیسلامیدا ڕووبەرێکی بەرفراوانی داگیر کردووە، زانایانی بوارە جیاوازەکانی ئیسلام پێناسەی زۆریان بۆ کردووە و بە ئەرك و بەرپرسیارییەکی گەورە لێیان ڕوانیوە، ئەو کەسەش کە بەو ئەرکە هەڵدەستێت پێی دەوترێت موفتی، لە ڕوانگەی گرنگی فەتواوە چەندین مەرجی قورسیان بۆ ئەو کەسە داناوە کە فەتوا دەدات و پێی دەوترێت موفتی، بە جۆرێك دەستەبژێرێکی کەم لەناو زانایانی ئایینی دەتوانن بگەنە ئەو پلە و پێگەیە، دیارترین مەرجەکان، یەکەم: شارەزایی تەواو لە شەریعەت و وردەکارییەکانی پەیوەست پێوەی. دووەم: شارەزایی واقیع و ئەو دۆخەی فەتواکەی بۆ دەدرێت.

وەك زاراوەیەك فەتوا بە لای ئەهلی سوننەوە بەوە پێناسە دەكرێت كە ڕاگەیاندنی حوكمی شەرعی شتێك، ڕووداوێك، دیاردەیەك، هەڵوێستێك، كارێك و ... تاد، كە پرسیاری لەبارەوە دەكرێت و لە دەقە بنەڕەتییەكانی ئیسلام كە قورئان و فەرمودەیە بە تەواوی ڕۆشن نەكراوەتەوە. حوكمە شەرعییەكانیش بەسەر پێنج ئاستدا دابەش دەبن، واجب (فەرز)، سوننەت (موستەحەب)، ڕێپێدراو (موباح)، بێزراو (مەكروهـ) و قەدەغەكراو (حەرام). هەر فەتوایەك یەكێك لەو حوكمانەی بەسەردا دەسەپێت و لەمەشدا دەبێت موفتی تەواوی لایەنەكانی فەتواكە ڕۆشن بكاتەوە و بەرچاوڕوونی تەواو بداتە پرسیاركەر. بە لای ئایینزای شیعەوە فەتوا وا پێناسە دەكرێت كە هەڵوێستێكی شەرعی گشتگیرە یەكێك لە مەرجەعە ئایینییەكان لە حوكمی شەرعیدا دەریدەبڕێت.

مێژووی فەتوادان تەریب لەگەڵ هاتنی قورئان بۆ پەیامهێن (د. خ) دەست پێ دەكات، دواتر لەسەر دەستی هەر چوار ڕێبەرانی ئایینزایانی ئەهلی سوننە بە تەواوی جێ پێی داكوتا، بەجۆرێك هەریەك لەو ئایینزایانە و پابەندبوون بە فەتوای زانایانی ئایینزاكە بوونە ناسنامەی كۆمەڵگە و گرووپە كۆمەڵایەتییە جیاوازەكان. ئەوەی فەتوا لە قەزاوەت جیا دەكاتەوە ئەوەیە، كە قەزاوەت حوكمە و دەبێت كەسەكە پێوەی پابەند بێت، بەڵام مەرج نییە كەسەكە بە فەتواوە پابەند بێت.

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین لە گۆڤاری ئایینناسی

ئایینناسی گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە، دەخوازێت خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژوویی و سیاسیی بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی بکات.

## ڕێنمایی نووسین و وەرگێڕان

**١. ڕێنمایی نووسین**

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.
٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.
٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.
٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.
٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە.
١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.
١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.
١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ گۆڤاری ئایینناسی پارێزراوە.
١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنێردرێتەوە.
١٤.پادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

**٢. شێوازی نووسینی پەراوێزو سەرچاوە:**

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.
-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمانشێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.
-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.
-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسه بۆ عەرەبی، Ibid بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

**کتێب**

-ناویی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).

نمونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبداللە سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).
تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.
نمونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).
گۆڤار و توێژینەوە
-ناویی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).
نمونە: حضرتی، حسن و دیگران (١٣٩٥)، "جنگ ایران و عراق در گفتمان سیاسی نهضت آزاد اسلامی"، فصلنامە ژرفا پژوە، سال چهارم، شمارە ١٠، ل (لاپەڕە).
ڕۆژنامە
-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی رۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.
تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).
نمونە: کەنعان مەکیە (٦-٧/٣/٢٠٢٠)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.
ماڵپەڕ
-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.
نمونە: Adler, Katya(٢٠٢٠/٣/٢), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks", https://www.bbc.com/news/world-europe-٥١٦٥٧٠٨٤, (accessed: ٢٠٢٠/٣/١١).
نمونە: ئومێد رەفیق فتاح (٢٠٢٠/٣/٦)، "مەترسییەکانی رۆژئاوا لە ڕێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ٢٠٢٠/٣/١٤).
نمونە: الساقل، فراس (٢٠٢٠/٣/٣)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https://blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٦).
نمونە: محمد قراسویی، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، "محور مقاومت اسلامی، ابعاد

و مؤلفه¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسی: ١٣٩٦/١١/٣٠).

تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.

تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.

تێبینی٣: ئەگەڕ بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

**چاوپێکەوتن**

-چاوپێکەوتنی (ناوی دیدارکەر) لەگەڵ کەسی دیدارکراو، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.

نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.

ڤیدیۆ

-ناونیشانی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی ماڵپەڕ.

نمونە: یوتیوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

**٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:**

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.

-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.

-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی











































CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی


















Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی





































CFS

گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

# وەرزنامەی ئایینناسی

ژمارە (٥) ساڵی دووەم، کانوونی دووەمی ٢٠٢٤